زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# نۆستالۆژیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا
# بە نمونەی (نالی- سالم- کوردی)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە کراوە لە زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**ڤیان عباس اسماعیل**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا - زانکۆی سەڵاحەدین-٢٠١٤

بە سەرپەرشتیاری
**پ.د. نەوزاد وەقاس سعید**

هەولێر - کوردستان
تشرینی یەکەم ٢٠٢١

**بسم الله الرحمن الرحيم**

# {وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا }

سورة طه (114)

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە :**

- ڕۆحی دایکم و باوکم .
- باوکی بانوو کە هەموو هیوا و ئاواتێکم لەدوای خوای گەورە لە دەسگرتنی ئەودا دەبینمەوە.
- کچی جوانم بانوو خان و کوڕی ژیرم کاکە موحەمەد.

**پوختە**

نۆســـــتالۆژیا بە واتای غەمی دووری و دابڕان، پەشــــیمانی دڵتەنگی بۆ لەدەســتدانی ڕابردوو، حەســرەت و شـــەوق و دیدار، تاســـە و ئارەوزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دێت، کە لە نێو چەمک و زاراوە دەروونیەکانەوە بەرەو دەروازە ئەدەبیەکانەوە دزەی کردوو لە نێو دەق و بەرهەمە ئەدەبیەکان ڕەگی داکوتا و بووبە زاراوەیەکی ئەدەبی ئەگەرچی وەکو زاراوە نۆستالۆژیا لە بواری ئەدەبدا نوێیە، بەڵام وەکو مەبەســـــت و ناوەرۆک بابەتێکی کۆنی نێو دەقە ئەدەبیە زۆر کۆنەکانە، کە بەبێ درککردنی شـــاعیر بە شـــێوەیەکی

ئاشـكرايە و ئازار و حەسرەت و تاسـەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وێناكردووە و وەكو تەكنیكێكی شاراوەی هونەری لە شیعردا بەكارهێناوە.
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (نۆســـتالۆژیا لە شـــیعری كلاســـیك بە نموونەی شـــیعری نـالی و ســـــالم و كوردی) هەوڵێكە بۆ نـاســـــاندن و خستنەڕووی چەمك و زاراوەی نۆستالۆژیا بە گشـتی و دیاریكردنی دەقە نۆســتالۆژیەكان لە شــیعری كلاســیك و شــاعیرانی قوتابخانەی كرمانجی خواروو (نالی – ســـالم – كوردی) بە تایبەتی، كە لەو ڕێگایەوە لە ڕووی تیۆریەوە ئاماژە بە جۆرەكانی نۆســـتالۆژیا (نۆســـتالۆژیای تاكەكەســـی – نۆســـتالۆژیای گشـــتی) كراوە، لە ڕووی پراكتیكەوە هەموو جۆرەكانی نۆســتالۆژیا لەســـەر شــیعری شــاعیرانی ناوبراو پراكتیزەكراوە، كە تێیدا شــاعیران چەند ســەدەیەك پێش ئێسـتا و بەبێ مەبەسـت هەنگاویان بەرەو باوەشـی نۆسـتالۆژیا بردووە و هەسـتیان بە حەز و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو كردووە.
توێژینەوەكە جگە لە پێشـەكی لە دوو بەشـی سـەرەكی پێك دێت، بەشـی یەكەم تایبەتە بە خستنەڕووی لایەنی تیۆریی و ڕوونكردنەوەی مەبەست و ئامانجی نۆســـتالۆژیا، لە تەوەری یەكەمدا باســـی زاراوەی نۆســـتالۆژیا و چەمك و پێناسە و كورتەیەكی مێژوویی كراوە، تەوەری دووەم نۆستالۆژیا وئەدەب و ئەزموون و كاردانەوەی نۆستالۆژیا لە ئەدەبدا و تەوەرەی سێیەم تایبەتمەندیەكانی نۆستالۆژیا لە شیعری كلاسیك و تەوەرەی چوارەم تایبەتە بەو هۆكارانەی (نـالی – ســـالم – كوردی)یان بەرەو دەقی نۆســـتالۆژیا بردووە.
بەشی دووەمی توێژینەوەكە تایبەتە بە دابەشكردنی جۆرەكانی نۆستالۆژیا و ناساندنی جۆرەكانی تاكەكەسی و گشتی لە دوو تەوەر پێكهاتووە، كە لە تەوەری یەكەم و دووەمدا ڕوونكراوەتەوە و لە ڕێگەی پراكتیزەكردنی ئەو جۆرانە بەســەر شـیعرەكانی شـاعیرانی ناوبراو خراونەتەڕوو، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا تیشك خراوە سەر زمان لە دەقی نۆستالۆژی شیعرەكانی شاعیرانی ناوبراو.

## ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | پێشکەشە بە |
| III | پوختە |
| 2-4. | پێشەکی |
| **5-39** | **بەشی یەکەم** |
| 5-19 | تەوەرەی یەکەم: زاراوەی نۆستالۆژیا |
| 5 | لە ڕووی وشەییەوە |
| 8-13 | لە ڕووی زاراوەییەوە |
| 8-13 | چەمک و پێناسەی نۆستالۆژیا |
| 14-18 | کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی نۆستالۆژیا |
| 19-29 | تەوەرەی دووەم: نۆستالۆژیا و ئەدەب |
| 29-31 | ئەزموون و کاردانەوەی نۆستالۆژیا لە ئەدەبدا |
| 32-34 | تەوەرەی سێیەم : تایبەتمەندییەکانی نۆستالۆژیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا |
| 35-39 | تەوەری چوارەم : ئەو هۆکارانەی ( نالی – سالم – کوردی )یان بەرەو دەقی نۆستالۆژی بردووە. |
| **-52 193** | **بەشی دووەم: جۆرەکانی نۆستالۆژیا و پراکتیزەکردنی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی (نالی – سالم – کوردی)** |
| 52 | تەوەرەی یەکەم: نۆستالۆژیای تاکە کەسی (فردی) |
| 54 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی |
| 57 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجیەتی |
| 63 | نۆستالۆژیای حەسرەت و خەمی پیری |
| 70 | نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە مەعشوق |
| 71 | نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە خزم و کەس و کار و دۆست و ئازیزان |
| 83 | نۆستالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشتیمان |
| 91 | نۆستالۆژیای داهاتوو/ ئایندەسازی |
| 98 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سروشت |
| 103 | نۆستالۆژیای شاری نموونەیی (المدنیة الفاضلة) |

| | |
|---|---|
| 108 | نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبووگەڕان بە دوای ژیانی هەتاهەتایی |
| 114 | نۆستالۆژیای گشتی (جمعی – کۆ ) |
| 114 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان |
| 119 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ داستانەکۆنەکان |
| 124 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان |
| 130 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان |
| 136 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کلتور و داب و نەریتە باوە کۆنەکان |
| 142 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان |
| 153 | نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان |
| 166 | تەوەری دووەم : زمان لە دەقە نۆستالۆژیەکانی نالی و سالم و کوردی |
| 169 | لە ڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە |
| 177 | لە ڕووی ڕەهەندی ئایدۆلۆژیەوە |
| 184 | لە ڕووی مێژووییەوە |
| 194 | ئەنجام |
| -R197 R208 | لیستی سەرچاوەکان |
| أ | پوختەی نامەکە بەزمانی عەرەبی |
| A | پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی |

**ئەم کتێبە کە ناونیشانی (نۆستالۆژیا لەشیعری کلاسیکی کوردیدا (نالی – سالم – کوردی ) بەنموونە)ەیە، لە بنەڕەتدا نامەی ماستەر بووە و لەلایەن پ.د.نەوزاد وەقاص سعید سەرپەرشتی کراوە، کە بە پلەی  باڵا پەسەندکراوە،**

## پێشەکی

شیعر ئەو ژانرەیە کە بە گۆڕانی کات و سەردەم ناوەرۆکێکی سەردەمیانە و مۆدێرن وەردەگرێت و گۆڕانکاری بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، دەتوانرێت هەموو تەکنیکێکی تازەی لەسەر پراکتیزە بکرێت و ببێتە هەڵگری چەندین مەبەست و ئامانج و دیاردەی سەردەمیانە بۆ نموونە دیاردەی نۆستالۆژیا، کە دیاردەیەکی تازەیە و دەکرێت لەسەر شیعری شاعیرانی کلاسیک بەرجەستە بکرێت، نۆستالۆژیا چەمکێکی دەروونی و دواتر ئەدەبییە، کە بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و حەسرەت کێشان بۆ لەدەستدانی شکۆمەندییەکانی ڕابردوو دێت، کە وەکو حاڵەتێکی دەروونی غەریزەیی و هەستێکی ناهۆشیاری لەلای هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، وەکو هەستێکی نامۆیی و غەریبی و تەنیایی لە دڵ و دەروونیدا هەڵدەقوڵێت و لە ئەنجامی کارتێکراوێکی تایبەتەوە کاردانەوەی دەبێت ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا لەلای مرۆڤدا بە شێوەیەکی ڕێژەییە و ڕەهایەتی تێدا بەدی ناکرێت. نۆستالۆژیا وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە دەروونیەیە لە نێو دەقی ئەدەبیدا و بەرجەستە بوونی دیاردەکەیە کە بە شێوەیەکی کاریگەر، درککردن و هەستکردن بە نۆستالۆژیا لەلای شاعیر و نوسەر لە ئەنجامی دابڕان و جیابوونەوە لە زێدی نیشتیمان و کەس و کار و مەعشوق بە هۆکارە جیاوازەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی .....هتد، لە ئەنجامدا ڕەتکردنەوە و هەڵهاتنە لە زەمەنی ئێستایی و گەڕانەوە و هانابردنە بۆ ڕابردوو، ڕابردوویەک بۆ ئێستای شاعیر پڕبووە لە فاکتەرە سادەییەکانی ژیانکردن و هۆکارە جیاوازەکانی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی، زاراوەی نۆستالۆژیا لە ئەدەبدا بە گشتی و لە شیعردا بە تایبەتی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی نییە و مێژووەکەی بۆ سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە لەبەرئەوە وەکو دیارەدەیەکی نوێ لە ئەدەبدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام وەکو چەمک بە مانا و دەلالەتی گشتییەوە لە ئەدەبی کلاسیکی و شیعری کلاسیکیدا بوونی هەبووە، بە شێوەیەکی گشتی نۆستالۆژیا لە ئەدەبدا بریتییە لەو خەون و خەیاڵەی لە واقیعدا بوونی نییە و گەڕانەوەیەکی خەیاڵییە بۆ سەردەمی پڕ لە سەروەری ڕابردوو و کە شاعیر و نوسەر بە کەرەستە و وشە و وێنەی هونەری ئێستایەکی نموونەیی لەسەر پشتی ڕابردوویەکی واقیعی بنیاتدەنێن و هەنگاوی بۆ دەنێن.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (

نۆستالۆژیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نالی و سالم و کوردی بە نموونە )، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشـــانە و ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری گرنگ:

**یەکەم** : تاوەکو ئێســـتا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیە جیاوازەکاندا لێکۆڵینەوە دەربارەی نۆستالۆژیا و جۆر و بابەتەکانی بە گشتی لە ئاستێکی ئەکادیمی و زانستی دا لە شیعری کلاسیک بە گشتی و شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی بە تایبەتی نەکراوە، سەرەڕای هەبوونی چەندین لێکۆڵینەوەی زۆر و جیاواز لە شیعری کلاسیکدا بە گشتی و لە چوارچێوەیەکی کراوەی بێ سنووردا ، بەو پێیەی بابەت و جۆرەکانی نۆستالۆژیا لە سەرجەم بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکاندا ئامادەییەکی تەواو و بوونێکی دیاری هەیە.

**دووەم** : دەگەڕێتەوە بۆبوونی حەز و خولیایەکی ڕادەبەدەر بۆ قووڵبوونەوە و ڕۆچوون بە ناو شـــانە و خانەکانی دیاردەی نۆســـتالۆژیا و کارکردن لەســـەر حاڵەتێکی دەروونی و پەیوەســـت بە ناخ و دەروونی شاعیر، بە دیاریکراویش مەسەلە و بابەتەکانی نۆستالۆژیا کە خۆی لەخۆیدا بابەتێکە لەگەڵ هەســـت و شـــعووری مرۆڤەکان تێکەڵ بووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەم و بەسەرچوونی تەمەن درووست دەبێت.

**سـنوری توێژینەوەکە** : ئەم توێژینەوەیە زیاتر بۆ تیشـک خسـتنە سـەر دیاردەی نۆستالۆژیایە بەگشتی و لەشیعردا بەتایبەتی ، کە خۆی لە ناساندنی نۆســـتالۆژیا و بابەت و پەیوەندی بە چەند بابەتێکی تر دەبینێتەوە، هەروەها لایەنی پراکتیکی، کە تایبەتە بە ناوەرۆکی شـــیعر و وەرگرتنی نموونە بۆ جۆرەکانی نۆستالۆژیا لە چوارچێوەی قاڵبە جیاوازە شیعریەکان وشیعر و چامەکانی دیوانی شـــاعیران ( نالی – ســـالم – کوردی ) و جەخت کردن لەسەر ئەو دەقانەی دەخرێنە خانەی نۆستالۆژیا و بابەتەکانی، سەبارەت بە ســـنوری جوگرافیای شـــاعیران تەنیا لە چوارچێوەی شـــیعری کلاســـیکی کرمانجی خواروو وبەتایبەتیش شاعیرانی سەدەی نۆزدەم و تایبەت هەرسێ شـــاعیری ( نالی – ســـالم - کوردی ) یە، کە بە پێی ڕیزبەندی تەمەن و میکانیزمی کارکردنیان لە ئەدەبدا بووە.

**ڕێبـازی لێکۆڵینەوەکە** : ئەو ڕێبـازانەی لەم توێژینەوە ئەدەبیەدا پەیڕەو کراوە بریتییە لە ( وەسفی – شیکاری )، ڕێبازی وەسفی بۆ خستنە ڕووی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە بە شـێوەیەکی زانسـتی، کە خۆی لە ناسـاندنی چەمک و زاراوەی نۆســتالۆژیا و جۆرەکانی و پەیوەندی بە چەند بابەتێکی تر دەبینێتەوە، ڕێبازی شـــیکاریش بۆ شـــیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە

نۆســـتالۆژیەکان لەهەردوو جۆری تاکەکەســـی و گشـــتی لەلای شـــاعیران (نالی- سالم- کوردی ) بەکارهاتووە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لە پێشـــەکیەک و دوو بەشـــی ســـەرەکی پێک دێت، کە هەر بەشـــێکیش چەند تەوەرەیەکی ســـەرەکی لەخۆگرتووە، کە ئەوانیش چەند لق و پۆپەیەکی جیاوازیان لێ دەبێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :-

**بەشی یەکەم :** ئەم بەشە خستنەڕووی لایەنی تیۆرییە و لە چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باسی زاراوەی نۆستالۆژیا و چەمک و پێناســـە و کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی نۆســـتالۆژیایە، تەوەرەی دووەم باس لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و نۆســـتالۆژیا و ئەزموون کاردانەوەی نۆســـتالۆژیا لە ئەدەبدا دەکات، تەوەری ســـێیەم تایبەتە بە تایبەتمەندیەکانی نۆستالۆژیا لە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا، لە تەوەری چوارەمیش هەموو ئەو هۆکارانەی کە (نالی- ســالم – کوردی) یان بەرەوە دەقی نۆســـتالۆژیا بردووە خراوەتە ڕوو.

**بەشـــی دووەم** : ئەم بەشـــە پراکتیزەکردنی جۆرەکانی نۆســـتالۆژیایە لە شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی سـەدەی نۆزدەم ( نالی – سـالم – کوردی )، ئەم بەشـــە لە دوو تەوەری ســـەرەکی پێـک هـاتووە، تەوەری یەکەم نۆستالۆژیای تاکەکەسی و هەموو جۆرەکانی تایبەت بەم بەشەی نۆستالۆژیا دەگرێتەوە لە شـــیعری شـــاعیرانی نـاوبراو ، تەوەری دووەم بـاس لە نۆستالۆژیای گشتی و هەموو ئەو جۆرانەی کە پەیوەست بە نۆستالۆژیای گشتی کراوە، لەشیعری شاعیرانی ناوبراو.

# 1- بەشی یەکەم

## 1-1- تەوەرەی یەکەم:

## 1-1-1- زاراوەی نۆستالۆژیا(nostalgia)

نۆستالۆژیا یەکێکە لەو چەمک وزاراوانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا مێژوویەکی زۆرکۆنی نیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی دەربارەی نۆستالۆژیا بەگشتی و لە ئەدەبدا بەتایبەتی هەیە تازەیە، بۆ ڕوون کردنەوە و دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەی نۆستالۆژیا وەکو دیاردەیەکی دەروونی و ئەدەبی پێویست دەکات سەرەتا چۆنیەتی پێکهاتە و دروستبوونی زاراوەکە ڕوون بکرێتەوە لەوێوە ڕێڕەوێک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دروست بکرێت،بۆ ئەمەش دەکرێت زاراوەکە لە دوو ڕووەوە (وشەیی وزاراوەیی) شی بکرێتەوە:-

### 1-1-1-1- نۆستالۆژیا لەڕووی وشەییەوە:

بەپێی فەرهەنگە جیاوازەکانی زمان، نۆستالۆژیا لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی سادە دروست بووە کە بە هەردووکیان واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەدەن،((نۆستالۆژیا لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە و لە دوو پێکهاتەی یۆنانی یەوە وەرگیراوە(nostos) بەمانای گەڕانەوە و (algos) بە مانای حەسرەت و ئازار ودڵتەنگی دێت)) [شریفیان:١٣٨٦:٥٣]، ئەم حەسرەت و دڵتەنگیەش لەئەنجامی دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان و مەعشوق و کەس و کار و ئازیزانەوە دروست دەبێت، بێ گومان هەمان مانا و دەلالەت لەزمانەکانی تریش بۆ زاراوەی نۆستالۆژیا بەدی دەکرێت.

### 2-1-1-1- نۆستالۆژیا لە ڕووی زاراوەییەوە:

هەر زاراوەیەکی ئەدەبی لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە لە فەرهەنگی زمانێکدا جیاوازن لەگەڵ زمانێکی تر، لەگەڵ ئەوەی لە ناوەرۆکدا هەمان واتا و دەلالەت دەبەخشن، ئەگەرچی نۆستالۆژیا بەچەمکە فراوانەکەی دەلالەتە بۆ ماناکانی(گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ، غەریبی ،حەسرەت ، غوربەت، سۆزی گەڕانەوە...هتد)، بەڵام لە بنەڕەتدا ((نۆستالۆژیا ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە ئاماژەیەکە بەو ئازارەی کە نەخۆش لە ئەنجامی حەزی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو دەیچێژێت، یاخود ترسی لەوەی کەهەرگیز جارێکی تر بۆی نەگەڕێتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی زاراوەکە، ئەوا لەبنەڕەتدا بۆ زاراوەی(alienation)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بەواتای حەواڵە کردنی ماڵی کەسێك بۆ کەسێکی تر بەزۆرەملێ))[شاخت:١٩٨٠:٦٣]، لێرەدا ئاماژە بە واتای نۆستالۆژیا دەکەین بەپێی فەرهەنگە جیاوازەکانی زمانە جیاوازەکان، ئەگەرچی بەگوێرەی فەرهەنگ و زمانەکان واتای زاراوەی نۆستالۆژیا هەمان واتا و

دەلالەت دەبەخشێت، بۆنموونە:

بەگوێرەی فەرهەنگی زمانەوانی کامبرێجی بەریتانی نۆســـتالۆژیا (( بریتیە لە هەســـتێکی خۆش و تۆزێك خەمباری ئەو کاتەی کەبیر لەشـــتێك دەکەیەوە کە لە ڕابردوودا ڕوویـداوە))[smith:۲۰۱۷:۳]، فەرهەنـگـی کامبریجی بەریتانی ئەو هەسـتە نەرێنیە دەگۆڕێت بۆ ئەرێنی و پێی وایە لە بنەڕەتـدا بیرکردنەوە لەســـاتە بەســـەرچووەکـانی ڕابردوو جۆرێکە لە تێکهەڵکێشـان لەنێوان خەم و حەسـرەت و ئازار لەگەڵ دڵخۆشـی و هەسـتە ئەرێنییەکان، هەروەها لەفەرهەنگی ئۆکســـفۆردی ئینگلیزیدا بۆ زاراوەی نۆسـتالۆژیای وشــە و دەسـتەواژەکانی وەکو((حەسـرەت ، داخ، دڵتەنگی، یـادی ڕابردوو،خەمی غوربەت))هـاتووە[محمـد:۲۰۱۱:۳٦۷]، بەم پێیە کۆمەڵێك مانای هاوبەش گوزارشـــت لەزاراوەکە دەکەن و مانای هاوبەش دەدەن بەدەستەوە.

لە هەنـدێـک فەرهەنگی زمـانی فەڕەنســـیش هـاوشـــێوەی فەرهەنگە ئینگلیزیەکـان بەرامبەر بەزاراوەکە وشـــەکـانی ((خەمبـاری،دڵتەنگی، پەرۆشـی، شـەوق و دیداری نیشـتمان))[Marie-èva de:۱۹۹۸ ]۷۱۷: دانراون، دەکرێـت ئـامـاژە بەوەش بکەین لەهەنـدێك فەرهەنگی بیـانی و ئەوڕووپیەکان ، نۆسـتالۆژیا وەکو جۆرێك لەنەخۆشـی دەروونی ئاماژەی پێ دەکرێت وەکو((نەخۆشـــی خۆ بەســـتنەوە بە وڵات، کەبارێکی دەروونییە، بەغەمگینیەك دیاری دەکرێت، کەبەهۆی دووربوون لە وڵاتی دایك ، یان ئارەزووی لەنێو نیشـتمان بوون،سـەرهەڵدەدات))[عەبدوڵلا:۱٦: ۲۰۱٦]، دەکرێت بڵێین نۆســـتالۆژیا ســـەرەتا وەکو نەخۆشـــیەکی دەروونی خۆی دەنوێنێت، دووچاری ئەوانە دێت کە لە مەنزڵگا و زێدی باوك وباپیرانانەوە دوور دەخرێنەوە، ئینجا بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێك نیشـــانەی دیاریکراو و ســـەرقـاڵ کردنی ســـەراپـای هۆش و بیر بەڕابردوو و بیرەوەری و یادگاریەکانی، وا دەکات هەسـتەکە بگۆڕێت لەنەخۆشـیەکی دەروونییەوە بۆ نەخۆشـی جەسـتەیی لەڕووی تەندروسـتیەوە ((هەر لەبەر ئەوەش زاراوەی نۆســـتـالۆژیـا تـایبەت کرابوو بەبوارەکـانی زانســـتی دەروونـنـاســـی و چارەســـەرکردنی ئەو نەخۆشـــیانەی لەماڵ ونیشـــتمان و ئازیزانیان دوور خرابوونەوە))[عبـاس ابـاد:۱۳۸۷:۱٥٦]، هەروەهـا ئەگەر لە هەنـدێـك فەرهەنگی دەروونـنـاســـیش بڕوانین دەبینین هەمـان واتـا بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، فەرهەنگی دەروونناســـی بۆ زاراوەی نۆســـتالۆژیا دەڵێ : ((بیرکردنەوەی وڵات: زاراوەیەکی باوە بۆ ئەو کەســـانەی لەوڵات دوور دەکەونەوە و بـیـری وڵاتەکـانـیـان دەکەن و بـێ ئـارام دەبـن

))[شــــريف:١٩٨٥:١٤٣]، ئەمە جگە لەوەی فەرهەنگە پزیشــــکیەکانیش بەهەمان شـێوە نۆسـتالۆژیا وەکو نەخۆشـیەکی دەروونـی دەناسـێنن و وەکو نەخۆشێك مامەڵە لەگەڵ کەسی نامۆ یان ئەو کەسەی ئەو هەست و حەزەی بۆ گەڕانەوە هەیە دەکەن، بۆنموونە: لە فەرهەنگی پزیشـــکی (معجم مصـــطلحات الطب النفســـي) دەڵێ (( نەخۆشـــیەکە لە ترس و دڵەڕاوکێی دووری لە خزم و کەس و کار و گەڕانەوە بۆ زێد و شـــوێنی لەدایك بوون سـەرهەڵدەدات و بەواتای (nostalgia )دێت))[الشـربيني:١٩٩٩:١٢٣]، ئەو نەخۆشـــیە دەرئەنجـامی ترس و دڵەڕاوکێ و دوورکەتنەوەیە، کە بەهۆکارێك لە هۆکارەکان پێیدا تێپەڕبووە، لەگەڵ ئەوەش دەستنیشـانکردنی نیشانەکانی ئەو جۆرە نەخۆشیە ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە مامەڵە کردنە لەگەڵ نـاخ و نـاوەوەی مرۆڤ، ئەمەش دەبێتە هۆی بە ئەســـتەم تێگەیشـــتن لە جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشـــتن لە هەســـتە شـــاراوەکانی نەخۆشەکە.

زمـانی فـارســـی زاراوەی (نوســـتالژی)بۆ زاراوەی نۆســـتالۆژیـا بەکاردەهێنێت، دیارە ئەوەش بە کـاریگەری زمـان و ئەدەبیاتی ئەوڕووپی زاراوەکە وەکو خۆی دێت کە هەر هەمـان مـانـای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەدات، لەگەڵ ئەوەش پەیڤ و دەســـتەواژەکانی وەکو((جیابونەوە، دەردی دووری،دەردی جودایی هەســـت و ســـۆزی غەریبی، خەمی غوربەت، حەســـرەتی گەڕانەوە،خەونی گەڕانەوە))[منوچهر:٣٥٣٩:١٣٨] واتـای نۆسـتالۆژیا دەدەن، دیارە هەموو ئەو زاراوە و دەسـتەواژانەش بۆکەسـێك بەکاردەهێنرێت کە بەهۆکارێك لە هۆکارەکانی ســـیاســـی و ئابووری و کـۆمەڵایەتـی لە وڵات و مەســـکەنـی خـۆی دوور کەوتـبـێـتەوە یـان دوورخرابێتەوە.

نۆستالۆژیا لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەو پێیەی شـیعری چەندین شـاعیری سـەردەمی جاهیلی هەتاکو سـەردەمی هاوچەرخ لەڕووی نۆســتالۆژیاوە چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بۆ کراوە، هەتاکو ئێسـتاش چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی جیاواز لەسـەر(نۆسـتالۆژیا) دەنوســـرێـت ، ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی عەرەب بـایەخێکی زۆریـان بە دیاردەی نۆســـتالۆژیا داوە، ئەوەش بێ گومان بە کاریگەری ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەوڕووپی، نۆستالۆژیا لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر دەستەواژەی (الحنين الى المـاضـــي)دێت ،ئەگەرچی کۆمەڵێ زاراوەو دەســـتەواژەی جیـاوازی لەبەرامبەردا بەکـاردێت وەکو(الحنين الى المـاضـــي،الاغتراب،

الغربة، الحنين الى البلد، التعريب، الاستلاب...هتد)، لەفەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە مانای زاراوەی نۆستالۆژیا بەرامبەر بە ((گریانێکی زۆر بەحەماسەت)) [ابن منظور:١٩٨٨:٢٥٤]دێت ، لە لایەکی تر هەر لە زمانی عەرەبی و لە فەرهەنگی (ئەلمونجید)بۆ وشەی (حنین) کۆمەڵە وشەیەك هاتووە وەکو ((تاسەکردن ، دڵ بۆلێدان، بیرکردنەوە، سۆز بۆ جولان))[سوبحانی:٢٠١٠:٥٦٥]، لەناو میللەتی عەرەبیشدا وتەیەکی بەناوبانگ هەیە، کە زۆرباوە تێیدا بەخشندەیی و گەورەیی مرۆڤ لەوە دەردەکەوێت کە چۆن و بە چ شێوەیەك دڵسۆز وخەمخۆری نتیشتمانەکەیەتی (( ئەگەر دەتەوێت وەفای پیاو بزانیت، ئاکار و دلسۆزی، بەخشندەیی و میهرەبانی، دلسۆزی لە پەیمانەکانی، پاك و بێگەردی لە ساتی لەدایکبوونیەوە سەیری خۆشەویستیە تایبەتیەکەی بۆ نیشتمانەکەی بکە))[سبهان:٢٠٠٧:١٤]، کەواتە لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی نۆستالۆژیا هەمان واتا دەگەیەنێت.

لە زمانی کوردیشدا هەندێک وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆر بۆ ئەم زاراوەیە بەکاردێت، کە لە زۆربەی فەرهەنگە زمانەوانی و ئەدەبییەکاندا وشەکانی نامۆ و غوربەت ئەو مانایە دەدەن، بۆ نموونە هەژاری موکریانی لە فەرهەنگی(هەنبانە بۆرینە)دا چەند وشەیەکی ڕیز کردووە بۆ زاراوەی نۆستالۆژیا ((نامۆیی،بیانی، غەریبی، غەوارە،یان نامۆیی ، بێگانەیی))[موکریانی:١٣٥٩:٦٥٧]، لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێوستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەویش ئەوەیە، کە ئەو وشانەی موکریانی لە فەرهەنگەکەیدا ناوی هێناون بەگشتی واتای تەواوی زاراوەی(الاغتراب)ی عەرەبیە نەک مانای دەقاو دەقی نۆستالۆژیا، بەڵام لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا داهاتووە((نۆستالۆژیا nostalgiaوشەیەکی یۆنانی کۆنە و ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشیانە دەکات کە نەخۆش دوچاری دەبێت ، بەهۆی سۆزی گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی خۆی و ترس لەوەی نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگە بنەڕەتیەکەی. ئەم زاراوەیە بەمانا مەجازیەکەی ، بەواتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ، یان سۆز بۆ ڕابردوو، بۆ شوێنی یەکەم دێت))[ئەسوەد:٢٠١١:٣٣٨]، کەوابێ نۆستالۆژیا هەستێکی تێکەڵاوە لەنێوان دڵخۆشی و ئازار ودڵتەنگی و هەندێك جاریش پەشیمانی بۆ لە دەستدانی ڕابردوو، بۆ هاوڕێیانی سەردەمی کۆن ، بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ، بۆسادەیی ژیان، یان بۆ شێوە و ڕەنگ و ئاکارو ڕەفتار و ..... هتد، واتە بەگشتی بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی ڕابردوو، کەواتە بە

هەموو شـێوەیەك نۆسـتالۆژیا خۆی پەیوەسـت دەكات بەكاتی ڕابردوو و ڕەتكردنەوەی كاتی ئێستایی.

هەروەهـا لێژنـەی ئەدەب لە كۆڕی زانیـاری كوردسـتـان بۆ زاراوەی نۆستالۆژی دەستەواژەی (غەمی دووری)* یان داناوە، ئەوەش ئاشكرایە كە دووری بە واتـا فراوانەكەی كۆمەڵێـك واتـا دەگرێتە خۆی كە دوورییەكە لەوانەیە لەنیشـتمان یان لە كەسـە ئازیزو خۆشـەویسـتەكان یان دووری لەخەون و ئاواتەكان بێت، كە هەریەك لەو دووریانە فاكتەری سەرەكی غەم وخەفەت و دلتەنگیەكەن.

## 2-1-1- چەمک و پێناسەی نۆستالۆژیا:

هەوڵـدان بۆ دۆزینەوەی پێنـاسـەیەكی تەواوونەگۆڕبۆبـابەتێكی وەكو نۆسـتالۆژیا هەروا كارێكی سـانا نییە، لەبەر ئەوەی نۆسـتالۆژیا بابەتێكە پەیوەنـدی بە نـاخ و نـاوەوەی مرۆڤەوە هەیە، كە دەتوانرێت هەریەكێك لە خودی خۆیەوە پێناسـەیەكی بۆ دابڕێژێت بەو شێوەیەی كە خۆی هەستی پێ دەكات، بۆیە ئەمەش وا دەكات كە پێناسـەكان جۆراوجۆربن لە سـنوری چوارچێوەیەكی دیاریكراودا دەربچن.

نۆستالۆژیا لە بنەڕەتدا زاراوەیەكی یۆنانییە، وشەیەكی لێكدراوە لە دوو وشـەی سـادە، كە بەواتای گەڕانەوە بۆسـەردەمی ڕابردوو یان زێدی باب وبـاپیران دێـت، ئەگەرچی زاراوەكە هەڵگری واتـایەكی نێگەتیڤە، بەڵام لەبەرامبەریدا هەسـتێكی پۆزەتیڤ و ئەرێنی دەبەخشـێتە ئەو كەسـەی ئەم هەستەی لەلا بەرجەستە دەبێت و پەیوەستە بەهەست و سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر ڕابردوویەكی شیرین و خۆشی بێت.

لەسـەرەتـا ئەم زاراوەیە پەیوەسـت بوو بە زانسـتی پزیشـكی و دەروونناسـیەوە، دواتر بە تێپەڕبوونی كات جگە لە دەلالەتە بنەڕەتیەكەی وەكو حالەتێكی دەروونی خۆی ناساند ((نوستالۆژیا زاراوەیەكی دەروونییە دواتر بەپێی كات هاتە نێو ئەدەبیاتەوە، بەشێوەیەكی گشتی هەڵسوكەوتێكە لەكەسـایەتی نووسـەر یان شـاعیر خۆی بەرجەسـتە دەكات، كە هەسـتێكی گشـتی و سـروشـتی غەریزەییە، كە لەلای هەموو كەسـێكدا بوونی هەیە))[ممتحن وئەوانی تر:٢٠١٢:٣]، كەواتە نۆسـتالۆژیا هەسـتێكە لە

---

* زاراوە ئەدەبی كوردی -عەرەبی-ئینگلیزی، لێژنەی ئەدەب لەكۆڕی زانیاری كوردستان،٢٠٠٦،هەولێر.

کۆتەڵی مێشـــکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دڵ و لەوێوە ئاراســـتە دەکرێت، لە ئەنجامدا دەبێتە ســـەرچاوەی چەندین داهێنانی ئەدەبی کە تێیدا شـــاعیر و نووسەر کۆمەڵێک بیرەوری و یادگاری دەچنن و دەیخەنە دوو توێی دەقێکی ئەدەبییەوە.

قۆناغەکانی ژیان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەســـەر چەمك و تێگەیشـــتنە کۆمەڵایەتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەر قۆناغێك هەڵگری کۆمەڵێك ئامانج و بەها و دروشـــمی جۆراوجۆرە، ئینجا بەپێی گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، هەریەکە لەو ئامانج و دروشمانەش گۆڕانکاریان تێدا دروســت دەبێت، هەر بۆیە لەگەڵ ســەرەتای دروســتبوونی مرۆڤایەتی هەتــاکو ئێســـتــاش قۆنــاغ بە قۆنــاغی ژیــانی مرۆڤ گۆڕانکــارییەکــان بەرێژەیەکی زۆر و بەرچاو بەردەوامن، ژیانی ســـیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شـــــارســـتــانی هەر ســـەردەمێك جیــاوازە لەوەی پێش خۆی،بەتایبەت ســەردەمی ئێســتای مرۆڤایەتی کە ســەردەمی تەکنەلۆژیا و چــاخی خێرایە، ئەگەرچی تەکنەلۆژیــا هۆکــارێکە بۆ خۆشـــگوزەرانی و ئاســانکاری لە زۆر لایەنەوە، لەکاتێکیشــدا هۆکاری نارەحەتی و زەحمەتی مرۆڤە لە ئێســـتادا، مرۆڤ بەگشـــتی هیلاك و ســـەرقاڵی زەحمەتی ژیانی ئێســـتایە کە پڕاوپڕە لە نەهامەتی و هیلاکی و ماندووبوون ، بۆیە کاتێك مرۆڤ لە ژیانی ئێســـتای بێزار دەبێت و دەکەوێتە حالەتێکی ناجێگیرەوە، بەردەوام ســـەرکۆنەی ســـەردەم وژیان و شــوێن وکاتی ئێســـتای دەکات، حەســرەتی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دووبارە بوونەوەی قۆناغی پێشــووتری دایدەگرێت ((لەبەر ئەوەی ســەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی ســەردەمی بەرەو پێشچوون و پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیا و شــاری گەورەی ملیۆنین. ســەردەمی ئاڵۆزی ژیان و ڕاکەڕاکە و پەیداکردنی سەرمایەیە. بۆیەش ئەم سەردەمەی ئێستای مرۆڤ، هێندەی دیکە نۆستالۆژیا و خەم وحەسرەتی مرۆڤ قوڵتر دەکــاتەوە))[عەبــدوڵــلا:٢٠١٦:٢٧]، لەم قــۆنــاغە تــازەی ژیــانــدا ئەوە دەردەکەویت کە ژیانی کۆمەلایەتی وســیاســی و ئابووری گۆرانکارییەکی زۆری بەســـەردا هاتووە، دژیەک و پێچەوانەییەک دروســت بووە لە نیوان ســـەردەمی ئێســـتــاو ڕابردوودا، کە هۆکــاری ســـەرەکی تەکنەلۆژیــا و دەرکەوتنی هەندێ دیاردە وکلتوری تازە و نامۆیە بە نەوەی پێشـــوو، کە ئەوەش یەکێکە لەو هۆکــارانەی کە تــاکی ئێســـتــا ئــاوات بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و ڕابردووی سادەی بخوازێت.

بۆ پێناســـەکردنی نۆســـتالۆژیا و ڕوونکردنەوەی زاراوەی نۆســـتالۆژیا

بەشـــێوەیەکی کورت و پوخت، دەبێت بەپێی ڕاو بۆچوونی تیۆریســـت و دەروونناس و لێکۆڵەران پێناسەی زاراوەکە بکەین، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتادا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە نۆستالۆژیا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بابەتێکی گرنگی هەموو سەردەمێك بووە، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بەگشتی سنورێکی دیاری کراوی نەبووە، هەروەها وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی لە ئەدەبیاتدا بەگشتی و شیعر بە تایبەتی ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە گوزارشتکەری هەست و سۆز و نیشاندانی ناخ و دەروونی مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەش لە چەندین شوێنی جیاواز و لە فەرهەنگە جیاوازەکانی زمان، زاراوەی نۆستالۆژیا ڕوون دەکەنەوە، بۆ زانین و تێگەیشتنی دەقاودەقی چەمکی نۆستالۆژیا، پێویستی بە هەوڵ و گەڕانێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی واتا و مەبەستی ڕەسەن و بنەڕەتی چەمکەکە وەدەست بێت، چونکە هەندێك جار زۆری ڕاوبۆچوونی جیاواز لە پێناسەکردنی هەر زاراوەیەکدا تەم ومژی ولێڵیەك دروست دەکەن کە لە مەبەستی سەرەکی دووردەکەوێتەوە ((گۆڕانکاری و ئاماژەکان گەیشتوونەتە ڕادەی ئەوەی خوێنەر لە زۆر جێگا هەست دەکات کە ئەوانە باسی زاراوەی جیاواز دەکەن یاخود مەبەستیان حالەتێکی ترە))[نەقشبەندی:٢٠٠٤:٤٢]، هەر لەبەر ئەوەش جیاوازی شێوازی بەکارهێنانی زاراوەکان کار دەکاتە سەر تێگەیشتن لە چەمك وناوەرۆکی زاراوەکە.

فەرهەنگی (لاروس) کە فەرهنگێکی فەڕەنسییە لە سەدەی بیستەم لە ساڵی(١٩٣٢)چاپکراوە و لە چاپی شەشەمدا بۆ پێناسەی نۆستالۆژیا دەڵێت: ((نۆستالۆژیا وەڵامێکە بۆ کەسێك کە ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لەو شوێنە نوێیەی تێیدا نیشتەجێ بووە یان لەبارودۆخێکی نوێدایە چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی عەقڵیدا...، دەکرێت نۆستالۆژیا توشی ئەو گوندنشینانەبێت،کەهەرگیز گوندەکانی خۆیان، یان شارۆچکەی خۆیان جێ نەهێشتووە))[عەبدوڵلا:٢٠١٦:٢٨]، نۆستالۆژیا بەگشتی هەستێکە ڕەتکردنەوەی هەموو بارودۆخ و گۆڕانکاریەکانی ژیانە و سووربوونە لەسەر دانەبڕان لە زێد وکەلتور و بەها کۆمەڵایەتیەکان، لە هەمان کاتدا بێ توانایی و بێ هێزی ئەو کەسەیە کە توانای خۆگونجاندی نییە یان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی ئێستای بە هەموو گۆڕانکارییەکانەوە نییە.

لەلای ئینگلیزەکان چەمکی نۆستالۆژیا دەلالەتێکی فراوانتر وەردەگرێت، چونکە لەم دواییەدا لێکۆڵینەوەکان لەبارەی نۆستالۆژیا فراوانتربوون و

سنوری مانای زاراوەکە گەورەتربوون، "داڤیس" لێکۆڵەروشارەزای ئەمریکی نۆستالۆژیا بە ئەزموونێکی پۆزەتیڤی زیندوو پێناسە دەکات و دەڵێ: ((ئەزموونی نۆستالۆجیك ورێنە و جوانی ڕابردوو،چێژ،خۆشی، شادی، باشییە، هەستی نۆستالۆژیا بە زەحمەت ئەو هەستانە پڕ دەکاتەوە کە ئێمە هەمیشە پێمان وایە نێگەتیڤن، بۆ نموونە بێ هیوایی، بێ ئومێدی، ڕق، شەرم))[davis:١٩٧٩، 14]، بەدەستەواژەیەکی تر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەڵامێکی ئەرێنی ئێستاییە بۆ ئەزموونێکی لەدەستچووی نەرێنی، چونکە هەندێ جار وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەزموونە کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر ناخی کەسەکاندا جێ دەهێڵێت.

هەندێك جار بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی زەحمەتی ژیانکردن و سەرهەڵدانی ڕووداوی نەخوازراو و چەندین هۆکاری تر وا لە مرۆڤ دەکات هەوڵ بدات لە واقع ڕابکات وبیر لەچەندین بەسەرهات ویادگاری بکاتەوە کە بووە بەڕابردووی، مرۆڤ لەو کاتەی هەست بە بوونی خۆی دەکات ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کە هەستی حەزکردن بۆ گەڕانەوەیە، بۆیە چەمکی نۆستالۆژیا لەهەموو قۆناغەکانی ژیان هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە.

بەهەمان شێوە لای عەرەبیش نۆستالۆژیا بەشێوەیەکی گشتی باو و بڵاوبووە، بە جۆرێك کە لە شاعیرانی سەردەمی جاهیلییەوە هەتاکو سەردەمی نوێ چەندین شیعریان لەسەر نامۆبوون و غوربەت و غەریبیدا نوسیووە. زاراوەی نۆستالۆژیا لای عەرەب بەم شێوەیە پێناسەی بۆ کراوە:((نۆستالۆژیا بریتیە لە وشەی ڕق و حەسرەت و پەرێشانییەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات کاتێك لە نیشتمان و کەس و کارو خۆشەویستانی دووره))[بوریدم:٢٠٠٢:٢٤]، لەلایەکی تر هەر لەلای عەرەبەکان بەشێوەیەکی تر پێناسەی نۆستالۆژیا دەکەن ئەویش بەوەی تەنها لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا ئەو هەستە لەلای مرۆڤ دروست دەبێت ((لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا شاعیر هەست بەغەریبی و نامۆبوون دەکات و تاڵ تاڵ مووەکانی پرچی ئاوازێك دەژەنن کە وێنای بارودۆخی خۆی یان دۆخی نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات، لەکاتی ڕوداوێکی کاریگەر یان کارەساتێکی گەورە))[العتبانی:٢٠١٢]، واتە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت تاسە و شەوق و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تەنها لە کاتی ڕوداوێکدا یان دروستبوونی کارەساتێك دروست دەبێت، ئەگەرنا مرۆڤ لەسروشتی خۆی و لە هەڵوێستێکی ئاساییدا کەسێکی ئاساییە و هیچ حەزێکی گەڕانەوەی نابێت،

کەچی لەبنەڕەتدا مرۆڤ لەگەڵ یەکەم هەنگاوی جیابوونەوە و لە کەس و کار و خۆشەویست و نیشتمانەکەی ئەم هەستەی بۆ دروست دەبێت.
ئەگەر نموونەیەک لە شـــعری جاهیلی وەربگرین و شـــیکردنەوەیەکی دەروونیانەی بۆ بکەین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو هەسـتی نۆسـتالۆژیایە لە شـیعری جاهیلیشـدا بوونی هەبووە، بۆنموونە شـاعیر (امرؤ القیس) کە یەکێکە لە شاعیرانی سەردەمی جاهیلی دەڵێت:

**قفا نبكي من ذكرى حبيب و منزل بسقط اللوى بين الدخول فحومل**
**[ امرؤ القيس:؟:١١٤ ]**

لێرەدا شـــاعیر هەســـتی پڕ غەریبی خۆی دەردەبڕێت لە غوربەت و دووری، کە تێیدا داوا لە هاوڕێ و ڕەفیقانی دەکات وەکو وەفایەک لەگەڵی هەستنەسەرپێ و هاوبەش وبەشدار بن لە خەم و حەسرەتی ئەو یادگاریانەی لەگەڵ خۆشـەویسـت و ماڵەکەیدا هەیەتی، لەبەرئەوە پەرێشـانی شـەوق و دیداری مەســـکەن و خۆشـــەویســـتەکەیەتی، کە بەم دەقە یان بەم دێڕە دەریدەبڕێت.
هەروەها نوستالۆژیا یەکێکە لەو بابەتانەی لە شیعر و ئەدەبیاتی فارسیدا بایەخێکی گەورەی پێدراوە، لە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەدا وەکو بابەتێکی دەروونی و هەم ئەدەبی تیشـکی خراوەتە سـەر، هەر لەبەر ئەوەش لە ژێر ڕۆشـــنـایی و بە کـاریگەری ئەدەبی ئەوڕووپی پێنـاســـەی کراوە ، لە پێناسەیەکدا دەڵێ: (( نوستالۆژیا هەستێکی گشتی و سروشتی و غەریزەییە ، هەر کاتێک مرۆڤ گەڕاوە بۆ ڕابردووی خۆی هەست بە خەم و خەفەت و دڵتەنگی دەکات، لە هەمانکاتیشدا موژدەی خۆشییەکی هەیە )) [شریفیان :١٣٨٤ : ٥٢ ]، لێرەدا دەردەکەوێت کە نۆســـتالۆژیا غەریزەیە ولەلای هەموو کەسێک بوونی هەیە، بەڵام ئەو کاتە ئەو غەریزەیە ئاشکرا دەبێت، کە ئەو کەســـە دوور دەکەوێتەوە یان دادەبڕێت لە خاک و نیشـتیمان یان لە کەس و کار و ئازیزانی.
هەر کـاتێـک مرۆڤ بیر لە ڕابردووی خۆی بکـاتەوە جۆرە دڵتەنگیەک دایـدەگرێـت کە لە حـاڵەتی ئێســـتـای خۆی دووری دەخـاتەوە وبەرەو ڕابردووێکی دووری دەباتەوە، ئینجـا ئەو ڕابردووەش ڕەنگە ڕووداوێکی ناخۆش بووبێت بەڵام لە کاتی ئێستادا بۆ کەسێ کە هەستی نوستالۆژی هەیە دەبێتە ڕووداوێکی ئـاســـایی، لە لایەکی تریش لە کـاتی بیرکردنەوە لە ڕابردوو هەســـت بە جۆرە دڵفراوانییەک یان ئارامییەک دەکرێت کە لەگەڵ ئەو گەڕانەوەیە، ئەو کەســـە بـاری دەروونی ڕەحەت دەبێت و دەکەوێتە

حاڵەتێکی جێگیرەوە.، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە هەستکردنە یارمەتیدەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دڵتەنگییە، لە هەمانکاتدا چێژ وەرگرتنە لە ساتە تێپەڕبووەکان بۆیە (( لە ژیانی ڕابردوویدا هیچ شتێک نەماوەتەوە جگە لە هەندێ حاڵەتی تەماوی و نادیار، ئینجا هەر کاتێک ڕووبەڕووی بۆوە جۆرێک لە ئارامی و ڕەحمەت دەدۆزێتەوە بە شێوەیەکی خۆنەویستانە ،خەیاڵی یادگاریەکانی ئەو سەردەمە دەکات.))[هدایت:١٣٥٤ ب : ١٨]، کەواتە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ژێر پاڵەپەستۆی دەروونی و ماندووبوون و بێزاریدان بەرامبەر یادگاریەکانی ڕابردوو، هەست بە خۆشییەک دەکەن کاتێک بە خەیاڵ دەگەڕێنەوە بۆ ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی لەگەڵ کەس و کار و ئازیزانیان بەسەربردووە و لە ئێستادا لە دەستیان داوە و ناتوانن پێی بگەن، لەبەر ئەوە ئەو حاڵەتە یارمەتییان دەدات کە میزاج و هۆشیان لە حاڵەتێکی نەرێنی بگۆڕن بۆ ئەرێنی.

زاراوەی نۆستالۆژیا لە زمانی کوردیدا تاڕادەیەک زاراوەیەکی تازەیە، لەبەرئەوەش نووسین ولێکۆڵینەوەکان دەربارەی نۆستالۆژیا ڕێژەیان کەمە و زۆر نین،ئەمەش وایکردووە پێناسەی نۆستالۆژیا لە زمانی کوردیدا لێڵ و تەماوی بێت، چونکە وەکو لە پێشتردا باسکرا لە زمانی کوریدا زاراوەی نۆستالۆژیا کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکاردێت کە هەمان واتا و دەلالەتیان هەیە، وەکو (خەمی غوربەت ،حەسرەتی گەڕانەوە، یادی ڕابردوو، خەمی دووری.....هتد)، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە لێکۆڵینەوەکاندا بە هەمان واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە دوو توێی فۆڕمێکی تردا، واتە هەموو ئەوادەستەواژانە ئاماژە بە خودی گەڕانەوە دەکەن بۆ سەردەمێك کە بەسەرچووە ، لە پێناسەیەکدا ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت :((نۆستالۆژیا گەڕانەوەیەکی پڕ مەترسیە بۆ ڕابردوو )) [سیوەیلی:٢٠١١:١١] ، واتە گەڕانەوە بە هەموو پێوەرەکانی ترسناك و جێگای مەترسیە ، (سیوەیلی) لەوانەیە لە یەک گۆشەی چوارچێوەی نۆستالۆژیاوە ئەوبڕیارەی دابێت، چونکە هەندێك جار ئەو گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو سەرچاوەو فاکتەری داهێنانی گەورە گەورەن هەر بۆنموونە شاعیری کلاسیکی کوردی (نالی) بەگەڕانەوە بۆ سلێمانی و سەردەمی میر و پاشای بابانەکان و سەردەمی گەنجی و هاوڕێ و فەقێکان، چەند شاکارێکی مەزن و گەورەی داهێناوە بە چامە بەناوبانگەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم )، لەبەرئەوە ئەو گەڕانەوە پڕ مەترسیەی "سیوەیلی" باسی دەکات بۆ هەموو کەسێک وەکو یەک نیە و لەلای هەندێک کەس دەبێتە

سەرچاوەی بەختەوەری و ئارامی دەروون.
لەلایەکی ترهەندێ سەرچاوە و فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بۆ زاراوەی نۆستالۆژیا ئاماژە بە وشەکانی ((الغربە ،الاغتراب،الحنين الي الماضي،الحنين الى الوطن)) دەکەن[فيرو زابادی:١٤٠٦: ٣٨٣ ، ٦٣٠].کە بە بۆچوونێ ئێمە واتای دەقاودەقی زاراوەکە ناپێکێن، لەبەرئەوەی ئەگەرپێناسەی وشەکانی (الغربة ، الاغتراب) بکەین دەبينين کە لە بنەڕەتەوە مانای هەردوو زاراوەکە زۆر لە یەکتر جیاوازن ،چونکە (الغربة) بەزمانی ئینگلیزی (Alienation) ە و لە زمانی کوردیداشدا (نامۆبوون )ە ، لەپێناسەی نامۆبوونيش دەگوترێت ((نامۆگەرایی شتێکە پەیوەندی بە جوگرافیاوە نیە،بەڵکو حالەتێکی سایکۆلۆژی و پەیوەندی بە دەروونی لەبارو نالەبارەو هەیە)) [ئاغۆك:٢٠٠٢:١٨]،بەشێوازیکی تر نامۆیی مرۆڤی نامۆ لەهەر سنورێکی جوگرافیدا دابێت، دادەبڕێت لە خودی خۆی و کۆمەلگاکەی واتا پەیوەندی بە ئاوارەیی و غەریبییەوە نیە، هەندێ جار مرۆڤ لە وڵات و نیشتمانەکەی نامۆدەبێت بە هەندێ داب و نەریت و کللتور یان بە کەسانی دەوروبەر و ژینگە و ناوچەکەی،ئەمە لە کاتێکدایە کە نۆستالۆژیا ئەو هەستەیە کە تەنها و تەنها لەلای ئەوکەسە بەرجەستە دەبێت ،کە دابڕاوە لە کەس و کارو ئازیزان یان دوورکەوتۆتەوە لە لانەی باب و باپیران و بەتاسە و شەوقی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەژی.

**١-١-٣- کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی نوستالۆژیا:**

پێکهاتەی مرۆڤێکی کامل بریتییە لە بوونی جەستە و دەرونێکی دروست، ئاشکرایە دەروونيش بوونێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و هەروەک جەستە دووچاری نەخۆشی و پەشۆکاوی دێت، هەر بۆیە تەندروستی مرۆڤ و هەست کردن بە ئارامی تەنها پەیوەست نیە بەلایەنی جەستەیی، بەڵکو لایەنی دەروونی و سەنگەکەی کەمتر نیە لە لایەنی جەستەیی، ئینجا نامۆیی و هەست کردن بە غەریبی حاڵەتێکی دەروونی کۆنە چونکە هەموو ئەو ڕەوش و حاڵەتە دەروونیانەی پەیوەندی بە خود و ناخ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە کۆنن ، بۆیە لە سەرەتای بوونەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو بوونە دابەش دەبێتە سەر سێ ڕەهەند ، کە یەکەمیان زەوی و ئاسمانە دووەمیان ژیان و سێیەمیان مرۆڤە، هەر وەچەرخانێک لەو دوو ڕەهەندەی تر کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر خودی مرۆڤ دروست دەکات، دەکرێت بگوترێت درزکەوتن لەهەر کایەیەک لە کایەکی ژیان و سەردەم دەبێتە هۆکاری هەستێکی نەگەتیڤ و ناسروشتی بەو پێیەی کە مرۆڤ

بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا گوزەردەکات و پەیوەســـتە بە هەموو دیاردە ئاسایی و نائاساییەکانی ژیان.
هەستکردن بە غەریبی و غوربەت بە پێی هەندێ سەرچاوە دیاردەیەکی کۆنە ئینجا ئەو هەستەش کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نۆستالۆژیا لە بنەڕەتەوە هەبووە، بەڵام لە ژێر ناو و ناونیشـــانی جیاواز ، هەر بۆیە ئەگەر باســـی ســـەرەتایی نۆســـتالۆژیا بکەین لە ڕووی مێژووییەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆســـەرەتـای دروســـت بوونی بـاوکە ئـادەم و دایکە حەوا و چیرۆکی دەرکردنیان لە بەهەشـــت (( لە ڕووی مێژوویەوە دیاردەی نۆســـتالۆژیا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە حەزرەتی ئادەم و حەوا لە بەهەشـــت دەرکران ، ئەمەش تووشـــی خەم و ئازارێکی زۆری کردن، بۆیە مرۆڤەکان هەمیشـــە هەســـتی نامۆبوون لە نێو دەروونیاندا بوونی هەیە ، هەمیشـــە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شـوێنی مەبەسـت کە شـوێنی ڕەسـەنە ، دەکەنەوە کە ئەویش نیشتیمانی بەهەشتە )) [بینابی : ١٣٩٨ : ٢١١ ]، حەزرەتی ئادەم پێغەمبەر و نێردراوی خوای گەورە لەگەڵ دەرکردنی لە بەهەشت و دوورخستنەوەی لە شـوێن و مەنزڵی خۆی ئەو هەسـتەی لەلا دروسـت دەبێت، کە نامۆبوونە بە زەوی و ئەوەی لەسەر زەویدا هەیە ((واتە ئادەم و حەوا هەر لەسەرەتاوە هەســـتیان بە نامۆیی کردووە بەهۆی ئەوەی کە خوا شـــتەکانی لەســـەر فەرزکردوون دواتریش کە فڕێدراونەتە ســـەر زەوی ئەوا نـامۆییەکەیـان ســـەختتر بووە ))[ قادر :٢٠١١ : ٢٣ - ٢٤ ]، بۆنموونە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی ( البقرە ) ئایەتی ( ٣٥ ) و ( ٣٦ ) دەفەرموێت :
وَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ وَكُلَا مِنۡهَا رَغَدًا حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ عَنۡهَا فَأَخۡرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِۖ وَقُلۡنَا ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ﴿البقرة: ٣٥ - ٣٦﴾،

بە گوێرەی ئەم دەقەی قورئانی پیرۆز ، ســـەرەتاکانی هەســـت کردن بە غەریبی و نامۆیی ئەو کاتە بوو کە ئادەم زوڵمی لە خۆی کرد و خۆی بێ بەش کرد لەم هەموو ناز و نیعمەتە نەبڕاوەیە و خۆی خســـتە دونیای پڕ نەهامەتی و هیلاکەتی و ناخۆشی.

لەگەڵ ئەوەش بیرو بۆچوونی جیاواز بۆ ســـەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لە ئارادا هەیە، هەر یەک لە مێژوونووس و تیورست و ئەدیبان لە چوارچێوەی

لێکۆڵینەوە و بینینی تایبەت دەربارەی هەر بابەتێک ڕای خۆیان دەبێت، بۆنموونە هەندێک سەرهەڵدانی نامۆیی بۆ دوای ئادەم و حەوا دەگەڕێننەوە (( هەندێک لە مێژوو نووسان سەرەتای نامۆیی دەگەڕێننەوە بۆ ساتی کوشتنی هابیل لە لایەن قابیلی برای بۆ بەدەستهێنانی خوشکەکەیان )) [ محمود : ٢٠٠١ : ١٨٠ ]. کەوابێ نوستالۆژیا دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کۆنە و لە ژیانی مرۆڤی سەرەتایشدا بوونی هەبووە، وەکو دیاردە و هەستکردن بە خاسیەت و نیشانەکانی ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا بۆ ئەم زاراوەیە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا چەندین وشە و دەستەواژەی وەکو ( مەنفا ، نامۆیی ، غەریبی ، غوربەت ، .... هتد ) بەکار دێت، مەبەستیش لێرەدا ئەگەر سەیری مەنفا بکەین مێژوویەکی کۆنی هەیە ( د. موحسین ئەحمەد ) لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا دەڵێت (( مێژووی مەنفا لە ئەدەبی جیهان ئامادەگی و مێژوویکی کۆنی هەیە شاعیر ئۆڤید کە لە ساڵی ٨ ی زایینی لە ڕۆما دووردەخرێتەوە بە سەرەتایەکی ڕوون و کۆنکرێت دابنرێ کە بووەتە هۆی داهێنان بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر ناوێزە و قووڵ پڕ لە هەڵچوون و سوتان )) [ عومەر : ٢٠١٧ : ٦٩ ] سەرەڕای ئەوەش نوسەر لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە مەنفا هێشتا لەم مێژووەی کە هەیە کۆنترە بۆئەوەش نموونەکانی وەک ( داستانی گەلگامێش و کتێبە ئاینەکان و ئەدەبی یۆنانی و ئێرانی و هیندی کۆنی پێش زایین ) دەکاتە بەڵگە و دەڵێ (( هەروەکو لە کتێبە ئاینیەکان دا هاتووە ، مرۆڤ فڕێدراوەتە سەر زەوی، ئەم فڕێدانە هەمان فڕێدانە بۆ مەنفا ، دەرکردن دوورخرانەوەیە بۆ سەر خاکی مەنفا ، لەم حاڵەتەدا بەهەشت دەبێتە خاکی یەکەم ، خاکی ئاشنای مرۆڤ ، ئامانجیش گەڕانەوەیە بۆی ، ئەمەش دەبێ وەک مەنفای دووەم سەیر بکرێ )) [عومەر : ٢٠١٧ : ٦٩ - ٧٠ ]، لێرەدا بەهەشت خاکی یەکەم و ماڵ و شوێنی بنەڕەتیە کە مرۆڤ لە دوای فڕێدانی حەزی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی لە لابەرجەستە دەبێت، ئەنجامی ئەو حەز و ئارەزووەیش تەنها خەمۆکی و دڵتەنگییە، چونکە لە توانایدا نیە بگەڕێتەوە ، تەنها بە خەون و خەیاڵ نەبێ، لێرەدا ئەو خەون و خەیاڵەش یان ئەو بیرەوەریانەی کە لە سەردەمی ڕابردوودا ئەو لە واقیعدا خاوەنی بووە ، لە کاتی ئێستادا دەبێتە فەرامۆشیەک یان سەبووریەک بۆ دڵتەنگی ئێستاکەی.

ڕەگ و ڕیشەی نوستالۆژیا وەکو دیاردەیەکی پزیشکی و دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم ، لەو کاتەدا نۆستالۆژیا ببوە جێگای مشت و

مرێکی زۆری پزیشـکان چونکە لەو کاتەدا نۆسـتالۆژیا وەکو نەخۆشـیەکی جەســـتەیی هەژمار دەکرا (( لە ســـەرەتادا وا دەبینرا کە نوســـتالۆژیا یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نەخۆشیەکی دەماری پەیوەست بە پزیشکییە ))
(Green berg: ٢٠٠١: 201) : پاشـــان قوتابی بواری پزیشـــکی (یوهان هوڤر) ی ســـویســـری لە (١٦٨٨) لە وتارێکی خۆیدا نیشـــانە و خاسـیەتەکانی ئەم نەخۆشـیەی بۆ ئاشـکرا بوو ((هۆڤەر نوسـتالۆژیای وەک نەخۆشـــیەکی پزیشـــکی یان دەماری وێناکرد کە نیشـــانەکانی زیاتر بیرکردنەوەیەکی زۆر و پەیوەست بە ڕابردوو، هێرشی گریان، دڵەڕاوکێ، بێ هێزی، ونبوون، بێخەوی، هەوڵی خۆکوشـتن) [ wildschut , et al : 2008:3]، دوای دەسـتنیشـانکردنی نەخۆشـیەکە و نیشـانەکانی لە ڕێگەی زیاتر لێکۆڵینەوە و سەرنجدان لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاری ئەو نەخۆشانە ، بە ئامانجی تێگەیشـــتن لەو هۆکارانەی کاریگەری لەســـەر مرۆڤەکە دروســـت دەکەن "هۆڤەر"چەندین وتاری پەیوەســـت بە نۆســـتالۆژیا بڵاوکردەوە، هۆکاری ناولێنانی نۆستالۆژیاش دەگەڕێتەوە بۆ هەستی نامۆیی لای سـەربازە سـوێسـریەکان ((هۆکاری ئەم ناولێنانە بریتییە لە هەسـتکردن بە غەریبی کە سـەربازە سـوێسـریەکان دوور لە وڵاتی خۆیان هەسـتیان پێ دەکرد ، کە ئـارەزووی گوێگرتن لە گۆرانیە خۆمـاڵیەکـان و خواردنی خواردنە کللتوریەکـانی خۆیـان دەکرد، بەکـارهێنـانی ئەم زاراوەیەش لە وتاری ( نوســـتا لۆژیای پزیشـــکی ) کە تێیدا بۆ وەســـفکردنی حاڵەتە جۆراوجۆرە عەقڵیەکان بوو)) [ کلا هچیان : ١٣٨٤:١١]، " هۆڤر" ئەم جۆرە نەخۆشیەی بە نەخۆشیەکی ترسناک وەسف کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئەگەری چارەســـەرنەکردنی ڕەنگە ببێتە هۆکاری کۆتایی ژیانی کەســـەکە ئەوەش ڕوونە کە چارەســـەری کردنی ئەو نەخۆشـــیە لە ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ ماڵ و زێدی باوک و باپیران دیارە ئەم هەوڵەی ( هوڤر )یش لە نوســـینی نـامەکەیـدا بەدی دەکرێـت کە لە ڕێکەوتی ( ٢ ی یۆنیو ١٦٨٨)بووە (( ئەوکاتە یەکێک لە نەخۆشـــەکانی دکتۆر هۆڤەر قوتابیەکی خەڵکی بێرن بوو کە هاتبوو بۆ ( بازل ) لەگەڵ نەخۆشێکی تر کە کارەکەر بوو ، لە دوای گەڕانەوەی هەردوکیـان بۆ مـاڵ و نـاو کەس و کـاریـان بە تەواوی چـاک بوونەوە )) [محقر و ئەوانی تر: ١٣٩١ : ٤١ ]. کەواتە نۆسـتالۆژیا بەمانا ڕسـتەقینەکەی خۆشـەویسـتییەکی ڕادەبەدەرە بۆ ڕابردوو هۆکارەکەشـــی دابڕان و جیابوونەوەیە لە ڕابردوو ئەنجامەکەشـــی زۆرجار خەمۆکی و دڵتەنگی یە هەنـدێـک جـاریش دروســـت بوونی هەســـتێکی

ئەرێنییە، ئینجا لەدوای ئەو وتانەی " یوهاس هوفر " دیاردەکە بووە جێگای سەرنج و تێرامان ، دەروونناس و پزیشکان لە هەست و ناخ و دەروونی نەخۆشەکان زیاتر وردبوونەوە و تێگەیشتن، لە ئەنجامدا توانرا چارەسەرێک بۆ ئەو نەخۆشییە بدۆزرێتەوە و ئەویش لە ڕێگای گەڕانەوە (( لەنێوان سالانی ١٧٨٩ – ١٨١٥ بارودۆخەکە وایکرد کە ژمارەی سەربازانی تاراوگە ڕوو لە زیادبوون بکات و ژمارەی نەخۆشەکان ڕوو لە کەمبوون، ئەویش لە ڕێگای بەدەستهێنانی ئەزموونێکی زۆر لە لایەن پزیشکە سەربازیەکان و فێربوون لە ماوەی ئەو ئەزموونەدا لە چۆنییەتی دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییە و چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی بە بیرهێنانەوەی یادگاریە شیرینەکانی ڕابردوو )) [ محقر و ئەوانی تر : ١٣٩١ : ٤١ ]، ئەگەر پێشووتر ئەم دیاردەیە بە نەخۆشیەک دادەنرا بەڵام دوای ئەم هەوڵەی "هۆڤر" و پەیدا بوونی ئەزموون و شارەزایی لەلایەن پزیشکە دەروونییەکان ئەم نەخۆشییە گۆڕابۆ حاڵەتێکی دەروونی (( لە ئەنجامدا تا کۆتایی سەدەی ١٩ نوستالۆژیا هیچیتر بە نەخۆشی دەماری دانەنرا بەڵکو وەکو بارێکی دەروونی لەوپەڕی دڵتەنگی و تامەزرۆیی بۆ ماڵ بەرجەستە بوو گەیشتن بەو ئەنجامەی کە جۆرێکە لە خەمۆکی )) [ LASA TELA : 2 : 2013 ].شتێکی حاشا هەڵنەگرە مرۆڤی ئێستا بەشێوەیەکی جیاواز و لە ڕوانگەی سەردەمی تازەوە سەیری شتەکان دەکات کە لەگەڵ دید و بۆچوونی مرۆڤی کۆن جیاوازن ، ئەو گەشە و گۆڕانانەی لە دوای شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی ڕوویاندا لەگەڵ ئەوەی هەموو کایەکانی ژیانی گۆڕی، لەگەڵیشی گەورەترین کاریگەری لەسەر خود و دەروونی تاک دروست کرد، هەموو پەیوەندیەکی ئاسایی و لە باری لە نێوان تاکەکان لە بارووودۆخێکی ئاسایی بۆ بارێکی نائاسایی گۆڕی، ئەو زانست و تەکنەلۆژیایەی کە بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتە کایەوە بووە هۆکارێکی سەرەکی ئەو نامۆیی و هەستکردنە بە غوربەت و غەریبی ((بیرۆکەی پێشکەوتن لە ڕێگەی شۆڕش یان پێشکەوتنی پیشەسازی بووە بە ناوەندی کەلتووری سەدەی ١٩ کە لە سەدەی ١٧ وە تا سەدەی ١٩ کات نوێنەرایەتی خۆی گۆڕی)) [ salmose : 2012 : 104]، شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشێکی ڕامیاری و ئابووری بوو کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشە سنووری ناوچەکانی خۆی بەزاند و هەموو جیهانی گرتەوە ، دەرەنجامی ئەو شۆڕشەش ئەگەرچی کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بوو، بەڵام لە لایەکی تر بەهۆی زۆربوونی کارگە و

پیشەسازەکان ڕێژەی کرێکارەکان زیادی کردو بەمەبەستی کارکردن شوێن و مەنزڵگای خۆیان جێهێشــت، جا لێرەدا ئەو کرێکار و پیشـــەوەرانەی لە خاک و نیشــتمان دووركەوتبوونەوە و لە خزم و کەس و کاریان دابڕابوون بە جۆرێک هەســتی غەریبی و نامۆییان لەلادروســت ببوو، بووە هۆکاری ئەوەی کە شـــەوق و پەرۆشـــی گەڕانەوە بن بۆ زێدی باوک و باپیرانیان، هەروەها شۆڕشی فەڕەنسی هۆکارێکی ترە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەستی نۆستالۆژیا لای تاک (( شتێکی گومان هەڵنەگرە کە نامۆیی هەر لە ســەردەمی ڕووناکبیری و دوایی بەرپابوونی شــۆڕشــی جەنگی فەڕەنســا (١٧٨٩ز ) کە خۆی و مرۆڤ و کۆمەڵ و ژیان و تێکڕای جیهانی گۆڕیوە، نەک تەنیا وەک دیاردەیەک وەک بە شــێکی گرنگی ســروشــتی و ژیانی مرۆڤ ، وەک پەیوەندییەکی نالەبار و نەخۆشــی ئاســایی نێوان تاکە مرۆڤ و کۆمەڵ ، نێوان تــاکە مرۆڤ و دەوڵەت ، نێوان قــانونەکــانی دەوڵەت و ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ڕەوشت و کردار لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەر نەک هەر هەســتپێ دەکرێت ... ، بەڵکو ســروشــتی ژیانی ڕۆژانە و لایەن فرە ڕەنگ و پێوەندییە هەمە چەشنەکانی ڕشتووە )) [عەزیز : ٢٠٠٦ : ١٣٣]، هەردوو شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەڕەنسی وەچەرخانێکی بنچینەیی بوون بۆ کۆمەڵگـای ئەورووپی بە تـایبەتی و جیهـان بە گشـــتی ، لە ژێر دروشـــمی گۆڕینی ژیان و بارودۆخی تاک و پەرەپێدانی ئابووری وڵات ، بووە سـەرچاوەی یەکەمی دەرکەوتنی دیاردەی نۆسـتالۆژیا و دروسـتبوونی قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، کەوابێ تەکنەلۆژیـا و گۆڕانی خێرای ســـەردەم پەرەســـەندنێکی گەورە بوو کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ســیما ســـادەکانی ڕابردوو بشـــارێتەوە و ســـروشـــت و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگاکان بەرەو چارەنوســێکی تردا ببات، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی تاک هەســـتی نوســـتالۆژی لەلای بەرجەســـتە بێت و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بکات

.دواتر قۆنـاغ بە قۆنـاغ گۆڕانکاری ژیان و ســـەردەمی کۆمەڵگا، بووە هۆکـاری ئەوەی چەمکە مەعریفییەکـان، لێکدانەوە و تێگەیشـــتی جیـاواز وەربگرن، بۆدیاردەی نوســتالۆژیاش ئەگەر لەســەرەتا وەکو نەخۆشــیەکی دەماری نـاســـرا و بڵاوبۆوە، بەڵام دوای ســـەدەی نۆزدە چەمکێکی تری وەرگرت کە جیاوازبوو لەوەی پێشووتر (( لە ماوەی سەدەی ١٩ زاراوەکە مانا پزیشــکییەکەی خۆی لە دەســتدا ، بەشــێکی لەبەر ئەوەی ســەرهەڵدانی توێکـاری و مـایکرۆبـایۆلۆجی بە ســـادەیی وایکرد کەمتر لە بواری

پزیشکییەوە باوەڕ پێکراو بێت و گۆڕانکارییەکانی نێو خودی نۆستالۆژیاش لە ماوەی سەدەکانی( ١٨ و ١٩ )و گوازرایەوە لە نەخۆشیەکی جەستەیی چارەسەرییەوە بۆ بارێکی دەروونی بێ چارە ، جا لەوانەیە بە گۆڕانکاری ئەو کۆمەڵگایانەوە ببەسترێت کە بە ناوی پێشکەوتن بوونە هۆکاری پیشەسازیکردن و کۆچ و شارستانیەتەوە بوون بە ناوی پێشکەوتن) [ Kalinina : 2014 : 42 ] ، واتە زاراوەکە لە چوارچێوە و قاڵبە سنورداریەکەی هاتە دەرەوە و دابەش بووە سەر سەرجەم حاڵەت و لایەنە دەروونی و جەستەییەکان بەو پێیەی کە نۆستالۆژیا بارێکی دەروونیە بە کارتێکردن کاریگەری لەسەرلایەنی جەستەییەوە دەبێت، دواتر لە دوای سەدەی نۆزدەش زاراوەکە چەمکێکی فراوانی وەرگرت بووە جێگای باس و خواسی دەروونناسان (( لە سەرەتای سەدەی بیستەم نۆستالۆژیا بوو بە میحوەری گرنگی دەروونناسان، زیاتر پەیوەست بوو بە ڕۆح و گیان لە بری جەستە ، لەمەودوا زاراوەی نۆستالۆژیا ڕێگای بۆ خەڵک و قسەی ڕۆژانە کردەوە بە مانا گشتی و نوێکەی ئەم هەستە بۆ کەسێکی ئاساییش دەکرێت و پێویست ناکات تەنها سەرباز بێت)) [کامیاب، محمدی : ٢٠١٦ : ١١٧ ]،دواتریش دیاردەی نۆستالۆژیا لێرەوە لە نێو دەقە پزیشکیەکان پریشکەی هاوێشت، سەرەڕای گۆڕان لە بارێکی جەستەیی بۆ بارێکی دەروونی وردە وردە خزایە نێو دنیای ئەدەبیاتەوە و بوو بە دیاردەیەکی ئەدەبی.

## 2- تەوەری دووەم :
### 2-1- نۆستالۆژیا و ئەدەب :
ئەو گۆڕانکاریە خێرایەی جیهان لە سەدەکانی ڕابردوودا لە هەموو بوارەکانی ژیانداڕوویاندا، بواری زۆری بۆ دیراسەکردن و لێکۆڵینەوە تایبەتمەندەکان ڕەخساندووە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پیشەسازی بوو بە فاکتەری سەرەکی دەرکەوتنی بیر و ئایدۆلۆژیای جیاواز سەبارەت بە تاک و تێگەیشتن لە ناخ و ناوەوەی تاک، شایەنی باسە هەر ئاڵوگۆڕێکی باروودۆخی ئێستا، کرانەوەی ڕێڕەوی لق یان بابەت و دیاردەیەکی ئەدەبییە، واتە ئەدەب بە چەمکە گشتییەکەی لە چوارچێوەی یەک بابەت و جۆر و ژانردا ناخولێتەوە و پەی بە جۆرێک یان بابەتێکی ئەدەبی دیاریکراو نابات، بۆیە ئەگەر پێناسەی ئەدەب بکەین بە کتێبێکی سەد لاپەڕەیش دەرهەق نایەین و هێشتا هەقی تەواوی مانا و چەمکی ئەدەب نادەین، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەدەب نوسینەوەی ڕووداوەکانی ژیانە لە ئێستا و ڕابردوودا،هەڵگری پەیام و خەیاڵ و ئەندێشە و سۆزە، ڕەنگدانەوەی کلتور و نەریتە جیاوازەکانی نەتەوە جیاوازەکانە، لەبەر ئەوە لە پشت هەر دەقێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێک فکر و ئایدۆلۆژیا و ڕاو بۆچوون هەیە کە لەو ڕێگایەوە پەردەی لەسەر لادەدرێت و نمایش دەکرێت، ئەدەب جیهانێکی فراوانە و کۆگا و بەرهەم هێنی هەزارەها خانەی جیاوازە، نۆستالۆژیا ئەگەر لە سەدەکانی پێش سەدەی بیستەم وەکو نەخۆشیەکی جەستەیی و دەروونی ئەژمار دەکرا و چارەسەر دەکرا، ئەوا لە سەدەی بیستەم بە دواوە نۆستالۆژیا وەکو دیاردەیەکی تازەی ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئاشکرایە ئەو دیاردەیەش پەیوەستە بە کەسێتی نوسەر و ژینگەکەی لەو چوارچێوەیەوە تێکەڵی دونیای ئەدەب دەبێت و دەبێتە بەشێک لە پەیکەری دەقێکی ئەدەبی.

یەکێک لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، گەشەکردنی مرۆڤ لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هەر لە قۆناغی ژیانی سەرەتاییەوە هەتاکو قۆناغی ئێستا، مرۆڤ بە قۆناغی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و کێشە و کێشمە کێشمی بەرەنگاربوونەوەی کەون و ژیانکردن تێپەڕ بووە، سەرەتا بە ژیانکردن هاوشێوەی ئاژەڵ و دواتر وردە وردە گۆڕان بۆ ژیان لە سروشت و کێشکردنە دڵ و مێشک بەرەو هەوڵدان و بیرکردنەوە،دواتر دۆزینەوەی خۆی لە نێو جەنجاڵی و چڕی شار و کەوتنە ناو پێشکەوتن

وپەرەســـەندنەکانی عەقڵ و بیری مرۆڤ کە تەکنەلۆژیایە ، هەر یەک لەم قۆناغانە کاریگەری گەورەی لەســـەر هەســـت و هۆش و خەیاڵی مرۆڤ دروســت کردووە، دیارە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی لە هەســت و ســۆز و خەیاڵدا ببێ بە نوسین و بەرجەستە بێت و ببێتە بابەت یان دەقێکی ئەدەبی.
کرۆکی باســـەکەمان کە نوســـتالۆژیایە وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی، ئەوەی پێشتر باسکرا هەر یەک لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ ئەگەر دیراسەبکرێت دەبینرێت، کە هەر دەقێکی ئەدەبی پەیوەستە بەهەمان ئەو قۆناغەی کە لێوە بەرهەم هـاتووە، لەبەر ئەوەی ئەدەبیش بەرهەمی مرۆڤە و مرۆڤ خۆی داهێنەرە، دەقەکەش ڕەنگدانەوەی هەست و سۆز و ئەندێشەی مرۆڤەکەیە، نوستا لۆژیاش وابەستەیە بە بیکردنەوە و هەست و سۆزی ئەو مرۆڤە (( ئەگەر بۆ مێژووی مرۆڤایەتیشـــی بگەڕێنینەوە ، لە ئەدەبیاتی میللەتاندا لە هەموو کات و شـــوێنێک ، ئەو غەمانەی باســـیان لێوەکرا ، بە هۆکاری جۆراوجۆری زوڵم و ســـتەم و بە هۆکـاری گرانی و قـات و قڕی و بە هۆکـاری نەزانین و بە هۆکـاری لە یەکجیـا مرۆڤەکـان بەردەوام لە دوای ڕابردوویەکی خۆش کەوتوونەتە ئێستـایەکی ناخۆش ، ئەوەش هەمیشــە ئەو هەســـتە ســـروشـــتیە نۆســـتا لۆژیایە لە لایان دروســـت کردووە ، ئیدی ئەدەبیاتێکی گەورەی پڕ لەو بابەتە لای نەتەوەکان دروســـت کردووە)) [ عەبدوڵڵا : ٢٠١٦ : ٤٩ ].
مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن هزر و بیرە و کاریگەرە بە هزری سەردەم و قۆناغی ژیانی کە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ڕۆشـــنبیری دەوری تەنیوە ، ئەویش وابەســـتەی ئەو چوارچێوە دیـاریکراوەیە (( واقیعترینی جیهانی ئەدەب ئەوەیە کە نوســەر ناتوانێت لە سـروشـتی خۆی میزاجی خۆی و شـێوەی خۆی و بەکورتی هەسـتیاری خۆی بۆ وەرگرتنی شـتەکان ، خۆی دەرباز بکات، دنیای ئەدیب لەو کابووس و خەون و ئازار و ئومێد و وێنانە پێک دێت کە ئەو بەرجەســتە و ڕۆحی خۆی تێفڕیداون و لەســەر نەخشــەیەکی تایبەت بە خۆی و بە پێی ئەو یاســایانەی کە هەرگیز ڕاڤە ناکرێن ، بە نووســـین دایاندەڕێژێتەوە )) [ ســـیوەیلی : ٢٠٠٤ : ٦ ] لەبەر ئەوە هەر دەقێک دەربڕی ناخ و کەســـێتی نوســـەر یان ئەدیبە لە چارچێوەی جیهانێکی تایبەت بە خودی خۆی گوزارشـــت لە هەســـت و سـۆزی خۆی دەکات، ئەگەر چی د. محسـن عمر ڕای وایە کە ئەو کردەی نوســـینە کـاتێ دەکرێ کە ئەو هەل و مەرج و پەیوەندیـانە لە نـاو دەچن ((نوســـین لەســـەرەخۆ (( خود ، زات )) کە هەمان ئەزمونی نوســـەری

مەنفایە، ئەوســـا دەکرێ و بەرجەســـتە دەبێ کە پەیوەندیەکان لەناو دەچن ئەمەش وەک کارێکی هەڵکۆڵین و گەڕان وایە. نوسـین لەسـەرەخۆ (( خود ، زات ، من )) هەردەم خۆ دوورخستنەوەیە لە کۆمەڵ و شێوازی دەربڕینی ئەو کۆمەڵە کە نوسـەر یان ئەدیب لێی دەرهاتووە )) [ عمر : ٢٠١٧ : ٧٠ ]. نۆستالۆژیا یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە دەروونناسیەوە هاتە نێو دونیای ئەدەب و بوو بە حاڵەتێکی ئەدەبی و بابەتێکی شـیعری ، بە ئاوردانەوەیەک بە ئەدەبیاتی جیهانی ئەو شاعیر و نوسەرانەی غەمی دووری و غوربەت و ئاوارەیی بابەتی ســـەرەکی بەرهەمەکانیانە و بە نامۆیی دەورەدراوە، بە شـــێوەیەک کەوتوونەتە حاڵەتێکی نامۆبوون بە هەموو جۆرەکانیانەوە.(( خۆشەویستی ، ژیانی ڕۆمانسی و سەفەرەکان کە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەســـەر ژیانی تاک کردووە، هەموو ئەوانە یادەوەری کەســـین دووبارە دەبنەوە بەهۆی ناڕەزایی لە بارودۆخی ئێستا و دەیگەیەننە حاڵەتی هەســـتکردن بە نۆســـتا لۆژیا )) [ شـــریفیان : ١٣٨٤ : ٥٧ ] ئینجا ئەو ناڕەزاییەش نیشانەیە بۆ خودی نامۆبوون.

چەمکی نۆســتالۆژیا بەگشــتییەکەی لە بەرهەمە ئەدەبییە زۆر کۆنەکانیش بوونی هەیە، بۆ نموونە کۆنترین ئەفســـانەی جیهانی(گلگامێش)بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بوونی نیشانە و خاسیەتەکانی نۆستالۆژیا لەنێو ئەفسانەکاندا لەبەر ئەوەی بابەتی ســـەرەکی ئەفســـانەکە بریتیە لەگەڕان بەدوای نەمریدا، ئەم گەڕانەش ترسێکە بۆ لەدەستدانی گەنجی و ترس لە مەرگ و پیری هەروا داخ و حەســـرەتە بۆ ڕابردوو، لەلایەکی تریش((ئەوەشـــی ئەم ئەفســـانەیە دەکات بەدەقێکی نۆســـتالۆژیا، ئەوا ئەو هێزە خودییە یە، کە لە ناخی گلگامێشـدا پەنگی خواردۆتەوە و کردوویەتی بە کەسـێکی نۆسـتالۆژی، چونکە لەناخەوە خەریکی خۆ خواردنەوە و لەناوچوونە و تەواوی ژیانی پڕ دەبێت لە حەســـرەت خواردن وخەمی قوڵ و نەبڕاوەیی و ڕەشـــبینی و تامەزرۆیی و ئاواتخواســـتن بۆ گەیشـــتن بەو شـــتانەی، کەوا لە ڕابردوو هەبووە و لەدەســـتدانی خۆشـــەویســـت و ئازیزانی، وەکو یار – هاوڕێ – منداڵ – خێزان ..)) [عەبدوڵڵا:٢٠١٦:٩٨]. هەروەها(ئەلیادە)ەی شـاعیری نابینا(هۆمیرۆس) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایین، تێیدا ســـۆزی مرۆڤایەتی لەنێو قارەمانەکانیدا دەجوڵێنێ و(تروادە) بۆ ماوەی دە ســاڵ درێژە دەکێشـێت، ســەرباز و جەنگاوەرەکان تێیدا وەڕس دەبن هەســـتی گەڕانەوەیان بۆ دروســـت دەبێت هەتاکو لە شـوێنێکدا لەسـەر زمانی هۆمیرۆس دەگێڕدرێتەوە کە ((سـەربازەکانی(ئاگا

مەمنون) کە لەناو گیانی خۆیان وەڕس بون، هەر بیر لەگەڕانەوە دەکەنەوە بۆ نیشـــتمان و ماڵ و منداڵەکانی خۆیان، گلاراویان پێ کەوتووە، بەهیچ کلۆمبێک ئارام ناگرن))[فتاح:١٩٨٣:٩]، بەســەرنج و تێڕامان لەو شــاکارە ئەدەبییە مەزنانەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی نۆستالۆژین .

ئەگەر لەئەدەبیاتی کۆنی ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ بکەین، ئەدەبی عەرەبی فارسی و کوردی دەبینین کە نۆستالۆژیا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سەرچاوەی گرنگی شـــیعری شـــاعیرانی ئەو ئەدەبە بووە، لەنارەزایی و گلەیی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و پەشـــیمانی و حەســـرەتی گەڕانەوەیان کردووە، بۆ نموونە ئەدەبی عەرەبی قۆناغی سەردەمی جاهیلی کە زیاتر شـــیعر باوبووە و پلە وپایەی تایبەتی خۆی هەبووە لەنێو هۆزە جیاوازەکاندا کە زۆربەیان بەدەوی بوون و لە کۆمەڵێک شـــاعیری وەکو (أمرؤ القیس، عنترة، زهیر بن ابي سلمی، النابغة الذبیاني...هتد)پێکهاتبوون، لەناوەرۆکی شـیعرەکانیان جۆرێك لە پەشـیمانی و غەمی دووری و نامۆیی هەســتی پێ دەکرێت بەڵام وەک چەمکی نۆســتالۆژیا و لەنێو شــیعرەکاندا بوونی نەبووە،((نۆســـتالۆژیا لە ئەدەبیاتی کۆنی عەرەبیدا بەواتای دووری بوو لە نیشتمان، کەبنەمای سەرەکی شیعری شاعیرانی جاهیلی بوو، باس و خواســی گەڕانەوە و یادگاری و بیرەوەرەکانیانی زێدی باب و باپیران بوو، چونکە ئەو ســەردەمە ســـەردەمی نەزانینی تاکی عەرەبی و کۆچکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بووە، نموونەی زۆری بەدەویەکان لە هەندێک ماوەی جیاوازی ئەدەبی عەرەبی، کە لەســـەر ڕێبازی بەدەوی ڕۆیشـــتن، "امرؤ القیس"یەکێکە لەو شــاعیرە جاهیلیانەی لە شــیعرەکانیدا هەســتی بە نۆســتالۆژیای نیشــتمان کردووە))[ حاجی زادە:١٣٩٤:٣]، لەگەڵ ئەوەش ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە دەربارەی بوونی یان نەبوونی نۆســـتالۆژیا لەسەردەمی جاهیلی دا، (صالح زامل)لە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی دیاردەی غەریبی و غوربەت لە شـیعرەکانی شـاعیری عەرەبی(المتنبي)، بۆچوونی وایە کە لە پێش هاتنی ئیســـلام ئەو دیاردەیە بوونی نەبووە لەبەر ئەوەی ڕادەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بواری جیابوونەوە و دابڕانی بەرتەســـک کردبووەوە،دەڵێت: ((ناتوانین بەڕوونی هەست بەو دیاردەیە بکەین، چونکە پەیوەندیە پتەوەکانی خێڵەکی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی پتەو دروســـت دەکات تا بتوانێت پارێزگاری لە رۆحی کۆمەڵ بکات))[زامل:٢٠٠٣ : ؟] بەبۆچوونی هەندێك لەشـــارەزا و ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی لەدوای

پەیدابوونی ئیسـلام و چەرخە جیاوازەکانی ئەدەبی عەرەبی(سـەردەمی ئەمەوی ، سـەردەمی عەباسـی،سـەردەمی، مەملوکی،...هتد)دیاردەی نۆستالۆژیا دەرکەوت و پەرەی سەند، ئەمەش لەئەنجامی کرانەوەی ئەدەبی عەرەبی بەڕووی میللەتانی بێگانەوە و گواستنەوەی شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانی و هەروەها هێواش هێواش فراوان بوونی دەوڵەتی ئیسـلامی لە سنورێکی گەورەی جوگرافیدا، لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نۆسـتالۆژیا دیاردەیەکی زۆر کۆنە لە شـیعری عەرەبیدا یەکەم کەس کە ئەو هەستەی لەلای دروست بوو(ابن حذام)ە بە بەڵگەی ئەو دێڕە شیعرەی(امرؤالقیس):

**عوجا على الطلل المحيل لأننا    نبكي الديار كما بكي ابن حذام**

**[غميضي:٢٠١٥:٤٥]**

پاشـان لەسـەردەمە جیاوازەکانیش لە ئەدەبی عەرەبیدا نۆسـتالۆژیا و غوربەت و کۆچکردن لەلای شـاعیران زیاتر پەرەدەسـەنێت، هەتاکو سـەردەمی نوێی ئەدەبی عەرەبی، لەوسـەردەمەدا هەسـتی نامۆبوون و غوربەت و غەریبی لە نیشتمانی تازەدا بەدی دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کۆمەڵێک نوسـەر و شـاعیری عەرەب لە دەرەوەی وڵات بەهۆکاری جیاوازو ناڕەزایی لە دۆخی سـیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە زێدی باوک و باپیران دوورکەوتبوونەوە و ئەم دوورکەوتنەوەشـیان سـەرچاوەی سـەرەکی داهێنانیان بوو لە کاری ئەدەبیدا، ئەوەش ئاشـکرایە کە بە کاریگەری نووسەر و شاعیرانی ڕۆژئاوایی و لە ئەنجامی تێکەڵ بوونیان بە شـارسـتانیەت و کلتوری ڕۆژئاوایی توانیان کاریگەری گەورە لەسـەر شاعیر و نوسەرانی ئەدەبی نوێخوازی عەرەبی دروست بکەن، ئەوانیش پێکهاتبوون لە (جبران خليل جبران، ميخائيل نيعمة ، ايليا ابو ماضـي، رياض المعلوف، ميشال مغري، ..هتد) کە بەشاعیرانی(المهجر)ناسرابوون و ئەدەبەکەشـیان بە (الادب المهجر) کە ئەویش ((یەکێکە لە قوتابخانە شـیعرییەکانی بزووتنەوەی شـیعری لە سـەردەمی هاوچەرخدا کە خاوەن چەند خاسیەت و تایبەتمەندی جیاواز بوو، کە سەبارەت بە چەمکی شیعر پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی هەبوو))[الخفاجي:٢٠٠٢:١٧٣]، ئەم ئەدەبەش کرانەوەی ئەدەبی عەرەبی بوو بەڕووی دونیادا، هەروەها نوێبوونەوەیەکی عەقڵی و فکری تاکی عەرەبی بوو لەو سـەردەمەدا، شـاعیرانی ئاوارە

(المهجر)لەدوای دابڕان و جیابوونەوەیان غەریبی و غوربەت لە شـــیعر و نوســـینەکانیان ڕەنگی دایەوە بە تایبەتیش ئەو بنەما و خاســـیەتانەی کە پەیوەندی بەنۆســـتالۆژیاوە هەیە لەبەرهەمەکانیان بەزەقی دەرکەوێت و دەخوێندرێتەوە، بۆ نموونە شاعیری لوبنانی (فوزي المعلوف) بەئاوازێکی پڕ لەحەسرەت و خەمبارییەوە دەڵێت:

**قسما باهلي لم افارق عن رضي اهلي وهم نحري وكل عمادي**
**لكن انفت بان أعيش بـــموطني عبدا وكنـــت به مــن الاســـياد**

[المعلوف:٢٠١٠:١٠]

لێرەدا شـــاعیر ئەوەندە ڕاڕاو دوو دڵە لە تاو خەمی دووری و دابڕانی لە نیشـــتمانی دایك کەس و کار و ئازیزانی بە حەســـرەتی گەڕانەوەیە بۆ لی ئەوان، پێی وایە ژیانکردن لە نیشـــتمان و زێدی خۆی ئەگەر وەک کۆیلە بێت بۆ ئەو گەورەیی و خاوەن دەســـەڵاتە، بۆیە شـــاعیرانی تاراوگە جۆرە ڕەشـــبینی و بێ ئومێدیەک لە دەقەکانیان ڕەنگ دەداتەوە، کە پەیوەســـتە بە دەوروبەر و بارودۆخی ژیانی ئێســـتایی ((ئەوەتا (کەمال غەمبار) لەبارەی ژینگەی دەروونی شـــاعیرەوە دەنوســـێت: شـــاعیر بەحوکمی ئەو ژیانە پڕ مەینەت و ئازارەی تێیدا ژیاوە جۆرە تەمێکی ڕەشبینی بەسەر شیعرەکانیەوە بەدی دەکـــرێ و مـــرۆڤـــیـــش خـــۆی ڕەنـــگـــدانەوەی واقـــیـــعـــی ژیانە))[شـــەوڕۆ:٢٠١٣:١٦٨-١٦٩]، کەواتە کەســـایەتی شـــاعیر و جیهـــانبینییەکەی بۆ هەردوو ڕووی نـــاوەکی ودەرەکییە کە لەنـــاوەکیـــدا ڕووبەڕووبـــوونەوە و وردبـــوونەوەیە، لەڕووی دەرەکـــیـــش کـــردەوە و کاردانەوەکانە.

بەهەمان شێوە لە مێژووی ئەدەبی فارسی دیاردەی نۆستالۆژیا بە هەردوو جۆرەکەی(تاکە کەســـی) و (گشـــتی)بوونی هەیە لە شـــیعرەکانی شـــاعیرانی فارسی(رودکی ، سنایی، حافظ، مولانا،...هتد) دەردی دووری و حەسرەتی گەڕانەوە هەســـتیـــان پێ دەکرێت و لەمبـــارەشـــەوە چەنـــدین توێژینەوەی ئەکادیمیان لەبارەیەوە ئەنجامدراوە.

هەروەهـــا بە گەڕانەوە بۆ ڕێبـــازە ئەدەبییەکـــان دەبینین کە بنەمـــاکـــانی قوتابخانەی ڕۆمانســـیزم لە هەندێـک خاســـیـەت و بنەمای ئەدەبی لەگەڵ بنەماکانی دیاردەی نۆســـتالۆژیا یەکدەگرنەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو هەســـتە ســـروشـــتیەی نۆســـتالۆژیا کە گەڕانەوەیە بۆ ســـەردەمی منداڵی و ڕابردووی جوان و ڕووکردنە ســـروشـــت و مەفتەنی باوک و باپیران و ڕەشـــبینی بە حاڵی ئێســـتا بەرجەســـتە دەبێت ، لە هەمانکاتدا نیشـــانە و

خاسیەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە چواردەوری گەڕانەوە بۆ سروشت و هەڵهاتن لە شارستانیەتی و چڕی و جەنجاڵی شار ژیان لە لادێ و سروشت، کە ئاواتی پەیڕەوکەرانی ڕێبازەکەیە، چونکە بەلای ئەوان ژیانکردن و تێکەڵاوبوون بە دیاردە و دیمەنە جوانەکانی سروشت مانای تەواوی ژیان دەگەیەنێت.

لەبەر ئەوە هەندێک خاڵی هاوبەش لەنێوان حاڵەتی نۆستالۆژیا و ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا هەیە کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو شاعیرانەی ئەو هەستەیان لەلا بەرجەستە دەبێت و لەگەڵ شاعیرانی ڕۆمانسیزیم بەدی ناکرێت ((لەبنەماکانی قوتابخانەی ڕۆمانسیزم کە تێیدا بیرکردنەوەکانی نۆستالۆژیایی بەرجەستەدەبێت بنەمای هەڵاتن و سەفەرە، نائارامی و ژینگە و کات و هەڵهاتنی ئێستا بۆ بۆشاییەکان، بانگەشە بۆ سەفەری مێژوویی وجوگرافی، گەشتی ڕاستەقینە لەسەر باڵە خەیاڵیەکان نیشانەی کارەکانی ڕۆمانسیەکانن))[حسینی:١٣٤٤:٩٢]، شاعیری ڕۆمانسی لە واقعی ئەدەبی سەردەمی پێش خۆیان دوور کەوتنەوە، کە ئەوکاتە وابەستەی چەند یاسا و دەستورێك بوون و لەسەری دەڕۆشتن، تەنانەت شکاندنی ئەو ڕێسا و یاسایانەی کردبووە بنەمایەک بۆ قوتابخانەکە.

هەروەها لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی کۆندا، نۆستالۆژیا وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی بوونی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەبێ قوڵبوونەوەو جیاکردنەوەی جۆرەکانی ((سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، دەقە کۆنەکانی کە لەبەر دەستماندایە ئەوەی لێ دەردەکەوێ کە ئەم زاراوەیە لەلای ڕەخنەگرانەوە نامۆ نەبووە ، واتە کەرەستەکە لەبەر دەستدا بووە، بەڵام خودی زاراوەکە تازەیە و زیاتر لەم سەردەمەدا پەرەی پێدراوە ، ئەمەش بەهۆی ئاشنایەتیمان بە ئەدەبیاتی جیهانیەوە، بۆیە دەکرێت ئەم چەمکە لەنێو شیعری ئەدەبی کۆنی کوردیدا بەدی بکەین تا دەگاتە شیعری نوێی کوردی))[بینابی:١٣٩٨،٢١١]، لەبەر ئەوەی ئەدەبی کوردی بە هەردوو بەشەکەیەوە ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نوسراو خاڵی نەبووە لە تارمایی نۆستالۆژیا و جۆرەکانی.

ئەگەر لەسەرەتادا لە ئەدەبی نەنوسراوەوە دەست پێ بکەین واتە ئەدەبی فۆلکلۆ، چەندین شیعر و قسەی نەستەق وئەفسانە و حیکایەت و داستان ومەتەڵ وپەندمان هەیە کە بوونەتە بەردی بناغەی ئەدەبی نوسراو و لەهەمانکاتیشدا هەستە نۆستالۆژییەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە

((گۆرانی کۆنترین بەشـــی ئەدەبی فۆلکلۆرە.هەروەک بەشـــێکی دیاری هـــۆنـــراوەی لـــیـــریـــکە. ئەم هـــونەرە لەزۆر کـــۆنەوە پەیـــدا بووە))[رەســـول:١٩٧٠:٥٩]، کە لەم بەشـــە فۆلکلۆریەدا چەندین نموونە هەیە بۆنی غەریبی و ئاوارەییان لێدێت، ئەوەتا لەو دێڕەدا دەگوترێت:

**تۆ لە سلێمانی چە کراسی حەوت ڕەنگ**

**منیـــش لەتـــاران غەریـــب و دڵتەنـــــگ**

[رەسوڵ:١٩٧٠:٧٠]

یان هەر بەشـــێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆر تەماشـــا بکەین خاڵی نییە لە خاسیەت و نیشانە نۆستالۆژیەکان، ئەوەتا لە بەندیشدا چەندین نموونەی زەق بەرچاو دەکەوێت کە لەودیوی بەیتەکەدا حەسرەت و داخ و پەشیمانی خۆی دەنوێنێت بۆ نموونە:

**ئای گوڵێ! ...گوڵێ جوانێ ... گوڵێ!**
**دایک خدودەی، باب کەحلانێ**
**ئەو ساڵ حەوت ساڵە کەوتوومەوە بەندی بەندیخانێ**
**کورسی نشینم لێ دانیشتوونەوە لە هەیوانێ**
**بەچاوان دەکەونەوە ئیشارە**
**بە زوبان دەدەنەوە فەرمانێ**
**گوڵێ! بۆ خاتری حەزرەتی رەسوڵەڵایەو**
**بۆ خاتری جوزئەی دە قررئانێ**
**وەرە ناز رابپڕە و ... بەندیان نەجات دەلە بەندیخانێ**

[وەلیانی:٣٦]

دیارە بەندبێژ ئاخ و داخ هەڵدەکێشێت بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە یارەکەی و زیندانیکردنی، کە ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە شـاعیر یان نوسـەر ئەو هەستە نۆستالۆژیەی بۆ دروستت ببێت، لە هەمان دەقدا دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر(د.خ)کە ئەوەش جۆرێکە لە نوســـتـــالۆژیـای گشـــتی و جۆری گەڕانەوە بۆ کەسـایەتییە ئاینییەکان، لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێت کە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە هەموو بەش و پاژەکانی لێوان لێوە لە هەسـت و حەز و تاسە و شەوق وجۆرەکانی نۆستالۆژیا.

وەک ئاشـکرایە سـەرەتای ئەدەبیاتی کوردی نوسـراو بە شیعر دەسـتی پێ کردووە، هەروەکو زۆربەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر، بەرهەمی شـاعیرانی کۆنی کورد لە بابە تاهیرەوە هەتاکو شـاعیرانی سـەدەی بیسـتەم بە ئەدەبی کلاسیکی ناودەبرێت، ئەو ئەدەبەی پەیڕەوی عەرووزی عەرەبی و لەسـەر

بنەمای ترادیسۆنی ئیسلامی دامەزراوە ئەویش بەکاریگەری زمان و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی (عەرەب- فارسی -تورک)بووە، ئەدەبی کۆنی کوردی دابەش دەبێتە سەر چوار قوتابخانە شیعری کە هەریەک لەو قوتابخانانە چەندین شاعیری بەتوانا و لێهاتوو بەشێوازی تایبەت بەو قوتابخانەیە دەگرێتەخۆ، ئەگەر لە شێوازی (لوڕ) دەست پێ بکەین ئەوا پێویست دەکات ئاماژە بە(بابە تاهیری هەمەدانی)بکەین وەکو یەکەم شاعیری کلاسیک و شێوەزاری لوڕ، کۆنترین شاعیری کوردە کە بەر هەمەکانی بووبێتە سەرەتای دەستپێکی ئەدەبی نوسراو(( چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی(١٠٢٧ز -٥٣٥) بەسەرەتای شیعری کلاسیکی کوردی دادەنرێت))[حوسێن:٢٠٠٧:٥٩]، بەڕوانین و سەرنجدان لە چوارینەکانی بابەتاهیر لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەبینرێت پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆیان بە غەمی غوربەتی و نامۆیی و دوورییەوە هەیە، بە پۆلێنکردنیان دەچنە چوارچێوەی خانەی نۆستالۆژیای تاکە کەسی(فردی)و جۆری نۆستالۆژیای حەسرەت و دووری لە مەعشوق(یار) بەبەڵگەی ئەوەی لە چەند چوارینێکدا ئاماژە بەو دووریە دەکات:

**دلا! پۆشم ز هیجرت جامەیی نیل**
**کەشم باری غەمت چون جامە بەرزیل**
**دەم ئەز ویهرت زەندم هەم چون دەلی سوبح**
**ئەزین دەم تا دەمی سوڕی سڕافیل**

[بابەتاهیری هەمەدانی:٢٠١٠:١٤٢]

عەشق و خۆشەویستی بابەتاهیر بۆ یارەکەی کە دیارە مەبەست خوای تاک وتەنیایە، وەکو لە هەندێ سەرچاوە ئاماژەی پێ دەکرێت گڕوتینێکی زۆری هەیە، ئینجا ئەو دوورکەوتنەوە و دوورییەی لە یار، حەسرەت و خەم و ژان و پڕ چەرمەسەرییە بۆ ئەو، کە بەجۆرێک ژیان و روحی خۆی بەستۆتەوە بە جیانەبوونەوە و ئامەدەگی مەعشوقەکەی.

پاش ئەدەبیاتی لوڕ شیعر و ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران دێت کە چەند شاعیرێکی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە و سەر بەئەدەبیاتی گۆران بوون و بە دیالێکتی گۆران شیعریان دەنووسی.

لەبەر ئەوەیش کە شیعری کۆن بەگشتی ناوەرۆکێکی خودی هەیە و دەربڕی ناخی شاعیرە، بۆیە گەڕانەوە یان نۆستالۆژیا لەبەشێک لە شیعری شاعیرانی ئەدەبیاتی گۆران بەدی دەکرێت، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان نۆستالۆژیا و بەشی زۆری جۆرەکانی، بەتایبەتیش گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە

ئاپینی و مێژووییەکان بوونیان هەیە، بۆ نموونە لە شـیعرێکدا (پیرشـالیار) دەڵێت:

**ئەو ئاهـر خـانـــە ، ئەو ئاهر خانە**
**بارگــەی شام وەستەن ، ئەو ئاهر خانە**
**زەردەشت کیاســت ، پەری فەرمانە**
**بەگــوزەیــدەش کـرد ، نەڕووی زەمانە**

[خەزنەدار: ٢٠٠١: ٢٣٧]

شـاعیر لەم شـیعرەدا لە باسـی زەردەشـتی کەیخوسـرەو بەئاشـکرا نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکانی پێوە دیارە، بە بەکارهێنانی ناوەکە بەڵگەیەک دەداتە دەست خوێنەر کە ئەو حەسـرەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەو کاتەی کە زەردەشـت خاوەن فەرمان بووە، ئەمەش شـتێکی حاشـا هەڵنەگرە کە ئەم دەقە بخرێتە قاڵبی چوارچێوەیەکی نۆسـتالۆژی و دان بەوەدابنرێت، کە بوونی چەمکی نۆسـتالۆژیا لە دەقی ئەدەبی کلاسـیکی کوردیدا سـەد دەرسـەد بوونی هەبووە، چونکە ئەگەر سـەرنجی شـیعری شـاعیرانی تری ئەم قوتابخانەیە بدەین ئەوا دەبینین کە هەر یەک لەوان جۆرێك یان زیاتر لە شـیعری نۆسـتالۆژیا یان هەیە، بە شـێوەیەک لە شـێوەکان پەنا دەبەنە بەر ڕابردوو، بۆ هەڵهاتن لە واقیع و ڕەتکردنەوەی، ئنجا ئەو ڕابردووەی بووەتە هەوێنی لەدایك بوونی ئەو دەقە و لە ئەنجامدا دەیەوێت دووبارە ڕابردوو بگەڕێنێتەوە و تەواوی کاتی ئێستا بپچڕێنێت.

دوای ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران ئەدەبیاتی کرمانجی سەروودێت، شیعری شـاعیرانی ئەم ئەدەبیاتە خاوەن تایبەتیەکی شـیعری بوون، بەگەڕانەوە بۆ شـیعرەکانیان ئەوانیش وەکو شـاعیرانی قوتابخانەکانی تر هەسـت بە نۆستالۆژیای شیعر دەکرێت، ئینجا هەریەکێکیان بەبەکارهێنانی جۆرێک لە جۆرەکانی نۆسـتالۆژیا، دەتوانین نموونەیەک وەربگرین کە بەڕوونی دیاردەی نۆستالۆژی پێوە دیارە و ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە ئەحمەدی خانی ئەڵێت:

**شیـرین تەکرە شەکر ل پەروێز — فەرهاد ژ ڕەگێ ئەشکی خونریز**
**لەیلاتەکـرە بـەلال قەیســی — ڕامین ب ڕام بـوو ل وەیســی**
**یـووسف تە چرانا زولەیخـا — وامیق تە کوسا گـەهاندە عـەزرا**

[خانی:٢٠٠٥،٣١]

خانی لەباسی داستانی عەشقی مەجازی دێتە سەر باسی عەشقی زولەیخا بۆ یوسف و شیرین و فەرهاد بۆ یەکتر، لێرەدا کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە خانی لە پارچە شیعرێکدا گەڕاوەتە بۆ ئەو جۆری نۆستالۆژیایەی کە پەیوەستە بە گەڕانەوە بۆ داستانە کوردی و جیهانییەکان لەلایەک، لەلایەکی تر گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و ئایینییەکان، کە هەردوو جۆرەکەیان لە چوارچێوەی نۆستالۆژیای گشتین و دەلالەت لە هەستی نۆستالۆژیا دەکەن، شایەنی باسە لەم قوتابخانەیە و ئەوانی تریش ناوهێنانی یەک شاعیر و هێنانەوەی بەڵگە بە نموونەی شیعری یەک شاعیر مانای ئەوە نیە کە تەنیا هەر ئەو شاعیرە هەستی گەڕانەوەی لەلا بەرجەستە بووە، بەڵکو دیراسەکردن و پێداچوونەوەی شیعری هەموو شاعیرانی کلاسیک بەگشتی دەتوانرێت بوونی نۆستالۆژیا و جۆرەکانی بسەلمێنرێت، چونکە((لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا و بەوەش، کە بەکلاسیزمدا تێپەڕبووە دیارترین جۆری نۆستالۆژیا، نۆستالۆژیای ڕووحە لەناو دەقە عیرفانی و سۆفیگەریەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک دەقەکانی(بابەتاهیری هەمەدانی ، مەلای پەرێشان، جزیری، خانای قوبادی، فەقێ تەیران، خانی، مەولەوی ،بێسارانی، نالی و سالم و مەحوی، حەمدی و حاجی قادری کۆیی،..))[عەبدوڵڵا:٢٠١٦:١٧١]، ناوەرۆک و مەبەستە شیعریەکانی شیعری کلاسیک کە لە دەوری چەندین بابەت دەخولێتەوە، دیوی ڕووەکەی تریان غوربەتی روحە، غوربەت بابەتێکە پەیوەستە بەناوەرۆکەوە کە لەشیعری زۆربەی شاعیرانی سۆفیگەری بە تایبەتی و شاعیران بە گشتی بوونی هەیە.

لە پاشان قوتابخانەی ئەدەبیاتی کرمانجی خواروو (ناوەڕاست)کە لەسایەی میرنشینی باباندا سەری هەڵداوە و پەلی هاوێشتووە، هەندێ ناو لەو بزوتنەوەیە دەنێن(قوتابخانەی نالی)، هەندێکیش بەبزووتنەوەیەکی شیعری ناوی دەبەن ئەم ناولێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ڕەگەزپەرستی نالی و خۆشەویستی بێ سنوری بۆ نیشتمانەکەی نەک تەنیا خۆشەویستی نیشتمان، بەڵکو داهێنان و پلەی بەرزی شاعیری نالی بۆتە هۆی ئەو ناولێنانە کە ویستوویەتی بە زمانی کوردی شیعر بنوسێ و شانازی بە زمانی کوردی بکات، کە لەم دێڕەدا دەڵێت:

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکردییە، خۆ کوردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵبی مەعنا دەکا**

[نالی:۱۳۸۹:۱ .۳ ]

ئەگەر ســـــەرنجی شـــیعری شـــــاعیرانی ئەم قوتابخانە ئەدەبیە بدەین و شـــیعرەکان شـــی بکەینەوە، دەبینین کە پڕییەتی لە نیشـــانە و خاســـیەتی نۆســـتالۆژیا و حەســـــرەت و دڵتەنگی غوربەت و نامۆیی، هەر لە نالیەوە دەست پێ بکەین، دەبینین تا کۆتایی تەمەنی قوتابخانەکە دیاردەی نۆستالۆژیا لە زۆربەی شـــیعرەکانیاندا بوونی هەیە، لێرەشـــدا نموونەی شـــیعری شـــاعیرێکی وەکو (شـــێخ ڕەزای تالەبانی) بکەین بەبەڵگە، لەبەر ئەوەی شیعرەکانی هەرسێ شاعیری قوتابخانەی کرمانجی خواروو(نالی ، سالم ، کوردی) لەبەشـــی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بەچڕوپڕی شـــی دەکرێتەوە، خاسـیەت و نیشـانە و جۆرەکانی نۆسـتالۆژیای بەتێرو تەسـەلی لەسـەری پراکتیزە دەکرێت، لەبەر ئەوە پێویسـت ناکات هەمان سـەرنج و تێڕامان و کردار دووبارە بکرێتەوە، لێرەشـدا دەتوانرێت شـیعری چەند شـاعیرێکی تری قوتابخانەکە بەنموونە بهێنینەوە بۆ دیاردەی نۆستالۆژیا بەگشتی، شێخ ڕەزا لەو شیعرەدا هەستی نۆستالۆژیایانەی خۆی بەئاشکرا دەردەبڕێت و حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دایدەگرێت:

**لەبـیرم دێ سلێـمانـی کە دارولـمولکـی بـابـان بـوو**
**نە مەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەر قاپی سەرا سـەفیـان دەبەسـت شێخ و مـەلا وزاهید**
**مەتاعی کـەعبە بۆ ئەربابی حاجـەت گـردی سـەیوان بوو**

[تاڵەبانی:۲۰۰۳:۸۱]

شێخ ڕەزا وەکو شاعیرێکی پڕ لەحەسرەت و نامۆ ڕوو دەکاتە سەردەمی گەنجی و پێش داگیرکاری عوسـمانی، داخ بۆ ئەو سـەردەمەی سـلێمانی هەڵدەکێشێت کە بابان خاوەن و خاوەنداریەتیان کردووە، شاعیر لەناخ و دڵ و دەروونیدا هەسـت بە خەم و دڵتەنگی دەکات و تاسـەو تامەزرۆی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووخۆی و نیشـتمانەکەی، دیارە ئەم گەڕانەوەیەش بۆ سـەردەمی گەنجێتی و ڕابردوو نۆسـتالۆژیایە لە جۆری نۆسـتالۆژیای تاکەکەسی.

### 2-2- ئەزموون و کاردانەوەی نۆستالۆژیا لەئەدەبدا:

نۆسـتالۆژیا لەگەڵ ئەوەی جۆرێکە لەهەڵچوونی سـۆزداری بۆ ڕابردوو،

له هەمان کاتدا ئەزمونێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی ئەو هەستە نۆستالۆژیە تێپەڕبوونە بە ماوەیەکی بەسەرچووی ڕابردوو ئەگەر تاڵ ئەگەر شیرین، بەڵام گرنگ ئەوەیە بووە بە ئەزمونێک بۆ خاوەنەکەی، ، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دووبارە ئەزموونکردن و تێپەڕبوونێکی ترە بەئەزموونی ڕابردوو لە مێژوویەکی تردا، کە لەوێوە نۆستالۆژیا لەدایك دەبێت، لەبەر ئەوە هەردوو نووسەر و مامۆستای زانکۆ"ROUHEDGE – FIORITO" دەڵێن((نۆستالۆژیا لە کۆتاییدا ئەزموونێکی هەستبزوێنە کە بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت، نۆستالۆژیا چەقی بیرکردنەوەیە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بەڵام حاڵەت و ڕەفتار و ئامانجە سۆزداریەکان دەوورژێنێ لە پێناو چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە داهاتوودا)) [ROUTLEDGE-FIORITO:2020:?]، نۆستالۆیا ئەنجامی ئەزموونە سۆزداریەکەیە و سۆزداریەکانیش بەرهەم هێنن، بیر و هۆش بەکارلێك لەگەڵ زەنگە لێنەدراوەکانی نۆستالۆژیا کارلێک دەکەن و هەستەوەرەکان بەئاگادێنن، ئەنجامی ئەو کارلێکردنە بنیاتنانی ئەزموونێکە کە هەندێك جار دەبێتە هۆکاری پەرچەکردارێک یان داهێنانێک، گومانی تێدا نیە هەر دەقێکی ئەدەبی بەرهەمی سۆز و عاتیفەی خاوەنەکەیەتی، کە داهێنەرە و ڕەنگدانەوەی واقعی سەردەمێکی دیاریکراوە، ئینجا ڕابردووبێت یان ئێستا لە هەندێ کاتدا داهاتووش دێنێتە کاتی ئێستا و بەشداری پێ دەکات ((دواجار ئەم غوربەت و نامۆیی و نەهامەتی و دوورییە دەبێتە هۆکارێک بۆ داهێنان، چونکە نوسەر بۆ دەربڕین و خستنەسەر کاغەزی یا دەورییەکانی، بێجگە دەقی ئەدەبی و دنیای ئەدەب شتێك باوەشی بۆ ناکاتەوە))[عەبدوڵلا:٢٠١٦: ٧٨ -٧٩]، هەموو داهێنانێکی ئەدەبیش چارەسەرکردنی حاڵەتی دەروونی داهێنەرەکەیەتی و نیشاندانی کێشەو ئاریشەکانی کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی زمانەوە.

لە دوای بەدوا داچوونمان سەبارەت بە ئەزموونی نۆستالۆژیا و ئەزموونکەرانی گەیشتینە ئەوەی کە ئەزموونی نۆستالۆژیا دابەش دەبێت بۆ سەر دوو جۆری سەرەکی (دەرەکی – ناوەکی)، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە هەریەک لە ئەزموونی دەرەکی نۆستالۆژیا پەیوەستە بە ئەزموونی کۆمەڵێک یان میللەتێک بۆ نموونە بیرەوەریەکانی میللەتی کورد لەڕابردوودا، وەکو( سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین)، هەروەها سەبارەت بە ئەزموونی نۆستالۆژیای ناوەکیش پەیوەندی بە خودی تاکە

کەس و بیرەوەری خودی ئەو تاکەوە هەیە لە ڕابردوودا، واتە لە کۆمەڵەکەی جیای دەکاتەوە و دایدەبڕێت، ئەو بە ئەزموونێکی تایبەت تێپەڕبووە کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهات لە ژیانی ڕابردوویدا هەن کە جیاوازن لە ڕووداوەکانی ژیانی کەسێکی ترو کۆمەڵەکەی، ڕەنگە ژیاننامەی خودی(السیرة الذاتیة)نموونەیەک بێت لە ئەزموونی نۆستالۆژیای ناوەکی، لەبەر ئەوەی ئەم ئەزموونە پەیوەستە بە بیرەوەری تاک کە بریتیە لە ((نووسینی حاڵات و ڕووداو وبەسەرهارتگەلێک، کە لەئەنجامی بەبیر هاتنەوەیان و باسی چۆنیەتی ڕوودانیان لەلایەن خاوەن بیرەوەریەکە و باسکردنی کات و شوێنی ڕوودانێك، پەیوەستە بەخودی زەین و بیرەوەری تاکەوە، چونکە مرۆڤ لەمێشکی خۆیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو شتی خۆش و ناخۆشی بیردێتەوە))[عەبدوڵلا:٢٠١٦:١١٩]، بەشێوەیەکی گشتی هەستکردنی نۆستالۆژیا یان گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردوو بەگشتی ئەزموونی نۆستالۆژیای دەرەکییە، لە کاتێکدا گۆڕانی ئەو هەستە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەخرێتە چوارچێوەی ئەزموونی نۆستالۆژیای ناوەکی ئینجا خودی دابەشکردنەکەی ئەزموونی نۆستالۆژیا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١ – نۆستالۆژیای ناوەکی:

أ – نۆستالۆژیای بیرەوەری

ب- نۆستالۆژیای شوێنی

٢- نۆستالۆژیای دەرەکی:

أ – نۆستالۆژیای بیرەوەری

ب-نۆستالۆژیای میتافیزیکی

ج – نۆستالۆژیایی بوون .

لێرەدا هەردوو جۆری نۆستالۆژیای بیرەوەری و نۆستالۆژیای شوێنی لە جۆری نۆستالۆژیای ناوەکیدا لەسەر یەک هێڵی گەڕانەوەن بۆ ڕابردوو، بەرەوە یەک ئامانج ئاراستە دەکرێن، چونکە نۆستالۆژیای بیرەوەری جەخت دەکاتە سەر خودی تاک و ئەزموون و بیرەوەریەکانی خۆی لەگەڵ مێژووی بیرەوەریەکە، کە زۆربەی جار پەیوەستە بەشوێنێکی دیاریکراو بۆ نموونە ماڵە کۆنەکەی، بەهەمان شێوە نۆستالۆژیای شوێنی پەیوەستە بە شوێنێکی دیاریکراوە بەڵام تەنها خودی شوێنەکە نا بەڵکو شوێنەکە بەواتا گشتییەکەی، هەموو ئەو ڕەگەز و کەرەستانەی لە پێکهاتەی شوێنەکەدا

بوونیان هەیە وەکو هەســـت و ســـۆز و بیر و ئارامی و ئاســـایش و یان بە پێچەوانەوە شـــەڕ و ناخۆشـــی ئەو شـــوێنە، لەبەر ئەوە ڕووبەری شـــوێن و خودی شوێنەکە مەبەستدار نیە، لێرەدا لەو خاڵە هەردوو جۆری نۆستالۆژیا لەیەکتر جیادەبنەوە.*

## 3- تەوەری سێیەم :

### 3-1-1- تایبەتمەندییەکانی دەقی نۆستالۆژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:-

ڕێبازی کلاســـیزم بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی چەند پرانســـیپ و بنەمـــایەکی پەیڕەو دەکرد وەکو نەخشـــە ڕێگـــایەک بۆ دروســـتبوونی بەرهەمێـکی بەرز و بـــاڵای ئەدەبی، کە خۆی لە چوارچێوەی چەنـــد خاســـیەتێکی تایبەت دەدۆزیەوە، ئینجا بەشـــێک لەو خاســـیەت و بنەمایانە لەگەڵ بەشێك لەسـەرچاوەکانی دروستبوونی دەقێکی نۆستالۆژی یەکانگیر دەبن و دەبنە خاڵی هاوبەشـی نێوان ڕێبازەکە و دیاردەکە (( لەنێو قوتابخانە ئەدەبیەکانی ئەوڕووپیدا نۆســـتالۆژیا لە قوتابخانەی کلاســـیکی و ڕۆمانســـی

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

-Nostalgia:Content,Triggers,Functions, Tim
- Wilds Chut and Constantine Sedikides.
-Jamie Ardent, University of Missouri
-Clay Routledge, University of Southampton.

بەرجەستە دەبێت، لە بنەماکانی قوتابخانەی کلاسیکیدا لاسایی کردنەوەی سروشت و لاسایی کردنەوەی نەریتە کۆن و پێشینەکان، نوسەری کلاسیکی لاسایی کردنەوەی نوسەرێکی دێرین بەرهەمێکی نایاب وباڵا بەرهەم دێنێت))[سەید حسینی:١٣٨٧:١٠٠]، کەواتە لێکچونێک لەجەوهەری بنەماکانی ڕێبازی کلاسیزم و دیاردەی نۆستالۆژیا دا هەیە، بە جۆرێک کە نۆستالۆژیا بە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەرجەستە دەبێت و کلاسیزمیش بەگەڕانەوە بۆ یۆنانی و ڕۆمانی یەکان ئەدەبێکی بەرز وباڵا وە دەست دێت، کە ئەوەش مەرجی بنەڕەتی ڕێبازەکە بوو(( بە باوەڕی کلاسیکەکان نهێنی بەرزی یۆنان و ڕۆمان بوونی کەسانێکی وەکو هۆمیرۆس ، ڤێرجل، سۆفۆکلیس، ئۆڤید، ئەرستۆ، هۆراس،..بوو لەبەر ئەوە پێویستە لاسایی ئەمانە بکرێتەوە))[حوسین:٢٠١٨:٧٤]، کەواتە ئەدەبی کلاسیزمیش ئەدەبێکە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەکات بە شەوق و حەسرەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبیاتی کۆن و ئەدەبیاتی نوێ ،خاسیەت و بنەمای تازە بەهەموو شێوەیەک ڕەت دەکاتەوە، بەهەمان شێوەی کلاسیزمی ئەورووپی ئەدەبی کلاسیکی کوردیش پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی بە پرەنسیپ و بنەماکانی نۆستالۆژیاوە هەیە، بەشێوەیەک هەر دەقێکی ئەدەبی کلاسیکی وەربگرین بەدەرنییە لە حەسرەت و تاسەی گەڕانەوە بۆ سەردەمێکی دیاری کراو یان پەشیمانی و دەردی دووری لە مەعشوق و جیابوونە لە کەس وکار و خزم و ئازیزان یان سیما و خاسیەتی جۆرێکی نۆستالۆژی هەر پێوە دیاردەبێت، لەبەر ئەوەی ژیان و گوزەرانی سەردەمی کۆن بەشێوازێک بووە کە شاعیریش بەردەوام بەرەو خود و ناخ و کەسێتی خۆیان ڕۆچوون و هەستی گەڕانەوەیان بۆ دروست بووە، نووسەر و ڕووناکبیری کورد مارف خەزنەدار لە باسی ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی سەدەی نۆزدە و کوردستانی باشووردا دەڵێت : ((نالەباری ژیانی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی دەرەبەگی کۆندا هەمیشە شاعیری خستۆتە گێتیێکی سایکۆلۆجی ئەوتۆ ڕەشبینی دڵ و دەرونی داگیر بکا، نرخ بەدوا ڕۆژ نەدا، شاعیران وا خۆیان پیشان دەدەن لە یارەکەیان دوورن و هەرگیز دەستیان ناگاتە گەردەنیان. ئەم جۆرە شیعرە گەلێ زۆرترن لەو جۆرە شیعرانەی گەشبینی دەپژێنن، ئەو ڕاستیە لە شیعرەکانیاندا بەرچاو دەکەوێ کە بەشێوەیەکی جوان و سەرکەوتوو شاعیران باس لە ناگزووری ناو کۆمەڵ دەکەن، بیر لە نیشتمان دەکەنەوە، خاکی مەڵبەندی ژیانیان لە هەموو شتێک خۆشتر و جوانترە. لە هەموو جێیەک دڵگیرترە، بەهەشتی سەر ڕووی

زەمینە))[خەزنەدار:٢٠٠٣:٣٩]، بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی خەزنەدار کۆمەڵێک خاسیەت و نیشانەی نۆستالۆژیا لە دوو توێی دەقێکی کلاسیکی دا کۆبوونەتەوە و دەکرێت هەر دەقێک لە شیعری کلاسیکی کوردی دا هەڵگری تارمایی و دیدی نۆستالۆژی بێت.

ناوەرۆکی شیعری کلاسیزمی ئەوڕوپی بابەتییەو دەربڕینی کێشە و ئاریشە گشتییەکانی کۆمەڵگایە، لەکاتێکدا ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی کوردی زیاتر خودیە و دەربڕینی هەست وسۆزی ناخی خودی شاعیرە، ئەمەش وادەکات شیعری کلاسیکی کوردی زیاتر بچێتە ناو خانەی شیعری لیریك و مەبەستە شیعریەکانی لیریک ((شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەرۆکەوە خەسڵەتی نەتەوەیی زۆرترو غوربەت و دووری لە نیشتمان و وەسفی سروشتی تایبەتی کوردستانی پێوەدیارە))[عەبدوڵلا:٢٠١٦:١٦٧]، دیارە مەبەست و ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی کوردی دەمانگەیەنێت بەوەی، کە بڵێین زیاتر لە زۆر شێوە و جۆرەکانی نۆستالۆژیا هەڵدەگرن و هاوبەش دەبن، لەبەر ئەوەی خەسڵەتی نەتەوەیی و غوربەت و دووری لە نیشتمان سەرچاوە و بنەمای هەرە باوەکانی بەرهەمی کۆن و کلاسیزمی شاعیرانی کوردە و لەهەمان کاتدا خاسیەت و نیشانەی نۆستالۆژین.

بۆ ناسینەوەی ڕواڵەت و تایبەتمەندیەکانی نۆستالۆژیا لەدەقێکی کلاسیکیدا پێویست دەکات لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا زیاتر جەخت بکرێتە سەر چەند نیشانەیەک کە دەقەکە بەرەو دەقی نۆستالۆژی دەبات، ئەم نیشانانەش بریتین لە:-

**3-1-1-1-** خاک و نیشتمان ئەو بابەتە پڕ بایەخەی مەبەستی شاعیرانی کلاسیکە لە ڕێگەی مەبەستی شیعری(مدح – رثاء)ەوە شانازی بە خاک و نیشتمانی دایک دەکەن، ((خۆشەویستی خاک و نەتەوە و زمان و نیشتمان لەناو شیعری شاعیراندا پانتاییەکی فراوان و بەرینیان گرتووە چەندین شاعیری کلاسیکیمان هەیە ئاوڕیان لەم بابەتەدا داوەتەوە))[عەبدوڵلا:٢٠١٨:٤١]، ئەمەش زۆربەی جار بەهۆی غوربەتی و دوورە وڵاتی و تاراوگەوە ئەو هەستە پڕشانازی و سەروەریەیان بۆ دروست دەبێت.

**3-1-1-2-** سۆز وخولیا و لاواندنەوە بۆ لەدەستدانی یار و دوورکەوتنەوە یەکێکە لە خاسیەت و نیشانەکانی نۆستالۆژی، (( شیعری لاواندنەوە لە کاتی مردنی مرۆڤێک یان لەکاتی ڕووداوێکی جەرگبڕ و

ناخۆشـــی یان مەرگەســاتێکدا دەهۆنرێتەوە)) [عەبدوڵڵا:٢٠٠٥:٨٣]، هەر لەدەسـتدانێک یار بێت یان کەسـی ئازیز و خۆشـەویسـت، دەبێتە هۆکاری هەڵچونێکی دەروونی و کاردانەوەیەکی سۆزداری بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ئاشـکرایە ئەم جۆرە شـیعرە لە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا بەشـێوەیەکی بەرچاو و دیار بوونی هەیە.

**3-1-1-3-** وێنە یەکێکە لە کەرەستە و پێکهاتەکانی شیعر، نیشاندانی وێنەی شـــیعری بە کۆمەڵێـک پـارچەی تێکەڵ بە هەســـتی غەریبی و غوربەت و کەرستەی زمانی و وشـەکانی نامۆیی و غەریبی و شـەراب و یار و مەعشـــوق و یادگاری و بیرەوەری و مەفتەن وخاک ...هتد چەندین وێنەی نۆســـتاۆژی تەواو و تۆکمە دروســـت دەکەن و لایەنی دەروونی شاعیر و ناوەرۆکەکەش دەردەخەن.

**4-1-1-3-** خاســـیەت و بنەماکانی قوتابخانە ئەدەبییەکان بەهۆی جیاوازی باروذۆخ و ژینگە گۆڕانکاریان بەســـەردادێت، گەڕانەوە بۆ سروشت کە یەکێکە لە نیشانەکانی دیاردەی نۆستالۆژیا، بەڵام لە سەردەمی کلاسـیزمی کوردیشـدا بوونی هەیە ((گەڕانەوە بۆ سـروشـت و ڕاکردن لە شـارە گەورە و پیشـەسـازی یەکان))[پیربال:٢٠٠٤: ٦٤ – ٨٣] یەکێکە لە خاسـیەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانسـیزم، بەڵام لەسـەردەمی ئەدەبی کلاسـیکی کوردیدا شـاعیرانی کلاسـیک هانایان بۆ دەبرد و لە جەنجاڵی و قەرەباڵغی شـار دوور دەکەوتنەوە، بەمەش دەکەونە ژێر چەتری حەسرەت و شـەوقی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو هەروا ژیان و چۆنیەتی ژیانکردن لە سروشت.

هەموو ئەوانەی کە باسـکران لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی عاتیفی و پڕ لەسۆز و ویژدانی هەست و سۆزی خوێنەرەوە، زمانێک کە هەڵگری کـۆمەڵـێـک دەلالەتـی ئەســـەف و دوورکەوتـنەوە و لەدەســـتـدان و خۆبەدەسـتەوەدانی شـاعیران لەخۆ دەگرێت، کە بەشـێوەیەکی هونەری و بەلاغی زۆر پوخت خراوەتەڕوو کە ئەوەش بنەما و ســـەرچاوەی گرنگی دەقی نۆستالۆژیە.

کەواتە هەستی نۆستالۆژیا لەلای شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەڕوون و ئـاشـــکرا بەرچاو دەکەوێت و هەســـتی پێ دەکرێت، جـا هەریەکەیـان بە شـــێوازێک و بەگوێرەی بارودۆخی ژیان و پاشـــخانی فکری و ئایدۆلۆژی تایبەت بەخۆیان شـــیعری خەمناکی و ڕەشـــبینیان دەربارەی ڕابردوو پڕ سـەربەرزی و شـکۆمەندی نووسیوە، کە بەجۆرێك باسـی دووری مەعشوق

و نیشـــتمانی دایک و کەس و کار و لەدەســـتدانی ئازیزان و جێهێشـــتن و جیابوونە وە لە مەنزڵ و مەسـکەنی منداڵی، کە هەموو ئەوانە دەچنە خانەی بابەتی پەشیمانی و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

## 4- تەوەری چوارەم :

### 4-1-1- ئەو هۆکارانەی (نالی و ســـالم و کوردی)یان بەرەو دەقی نۆستالۆژی بردووە:

نۆســـتالۆژیا بە هەموو لق و تەوەر و چەمک و پێناســـە لە بەشـــەکانی پێشـــوودا بە تەواوەتی باســـکرا، وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی لە شـــیعری شـاعیرانی کلاسـیک (نالی – سـالم – کوردی)، لەم بەشـە و لەم تەوەرەدا پێویست دەکات باسی ئەو هۆکارانە بکرێت، کە شاعیران ڕادەکێشێت بەرەو باوەشـــی نۆســـتالۆژیا، لەبەرئەوەی گومانی تێدانییە هەندێک بارودۆخ لە ژیانی مرۆڤەکان ڕوودەدات، دەبێتە فاکتەری ســـەرەکی بۆ هەسـتکردن بەم دیاردەیە و بەتاڵکردنەوەی حەز و ئارەزووی مرۆڤەکان لە ڕێگای پەیبردن بە نۆســـتـــالۆژیـــا، ئەگەر لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی بڕوانین بەهەموو ژانرەکانیەوە لە ڕووی فۆڕم و ناوەرۆکەوە کۆمەڵێک پێوەری ئەدەبی هەن، کە دەبنە ئامرازی پێوانەیی بۆ لێکدانەوە و شـــیکردنەوەی ئەو بەرهەمە، سـەبارەت بە شـیعر لە ڕووی ناوەرۆکەوە چەندین مەبەسـتی شـیعری هەن شاعیران وابەستەی بوون و لە پشتی مەبەستە شیعریەکە مەبەستی تایبەتی و تاکەکەســـی خۆیانی پێ نیشـــان دەدەن، ئینجا نۆســـتالۆژیاش وەکو لقێکی ســـەرەکی و کاریگەر لەو مەبەسـتە شـیعریانە وەکو خوێن بەنێودەمارەکانی مەبەستی شیعری بڵاودەبێتەوە، بۆ ناسینەوەی ئەو دەقانەش بوونی هەندێک نیشـــانە و ڕەمزی تایبەتی ڕێگای دۆزینەوەکە ئاســـانتر دەکات لەبەرئەوەی ئەو شاعیرانەی چوونەتە ژێرباری چەتری نۆستالۆژیا شاعیری ئاسایی نین و هەسـت و سـۆز و جیهانبینی ئەوان بۆ ژیان و دیاردەکانی زۆر جیاوازە لەوانی تر چونکە ((ئەوانە مرۆڤی گەردوونین، ئەوانە هەڵگری پەیامێکی

ڕاســـتەقینەن هەڵگری کۆمەڵێ جوانی و داهێنانن کە بۆ هەموو میللەت و نەتەوەیەک دەشـــێت بیخوێنێتەوە، بۆیە ئێمە نـاو لەو بەرهەمـانە دەنێین (بەرهەمی گەردوونی). ئەو بەرهەمـانە جۆرێـک لە عەشـــقیـان تێـدایە، جۆرێک لە بەجیهانیبوونیان تێدایە، تایبەت نین بە یەک نەتەوە یان ئەدەبیاتی یەک نەتەوە، بۆیە تـایبەتمەنـدییەکی گەردوونیـان وەرگرتووە، زۆربەی زۆری ئەو کەسانە بەڕاستی لە جۆرێک لە نۆستالۆژیا ژیاون)) [مەنتک : ۲۰۰۹ : ٤٧]، گومانی تێدانییە شـــاعیران بە کۆمەڵێـک هەل و مەرجی تـایبەتی تێپەڕبوون، کە بووەتە هۆکـاری ســـەرەکی هەنگـاونـانیـان بەرەو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و هەڵاتن لە کۆت و بەنـد و بـازنە داخراوەکـانی ئێستایی، لەبەرئەوە لەم بەشەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە (نالی و سالم و کوردی)یان بەرەو دەقی نۆستالۆژیا بردووە:

**4-1-1-1- تاراوگە و دووری لە نیشتیمانی دایک :**

هۆکاری گرنگ و ســـەرەکی هەســـتکردن بە دیاردەی نۆســـتالۆژیایە ، دوورکەتنەوە لە نیشـــتیمان و هەڵبژاردنی تاراوگە وەکو نیشـــتیمانی دایک بەهەر هۆکـارێکەوە بێـت، دەبێتە هۆکـاری ڕۆچوون بەنـاو حـاڵەتە جۆر بەجۆرەکانی نۆســـتالۆژیا (( لە مەنفای نیشـــتیماندا مەســـەلەی نۆســـتالۆژیا (مەبەســـتم حـاڵەتی گەڕانەوە و ســـۆزی بەردەوامە بۆ ڕابردوو) کەمتر ڕووبەڕووی نوســـەر دەبێتەوە یان هەر تووشـــی نابێت))[ ئەمین : ۲۰۰۸ : ۷۸]، ئەگەری نۆســـتـالۆژیبوونـی دەق زیـاتـر لە تـاراوگە بەرۆکـی نوسەردەگرێت، بەهۆی هەستی پڕ لە سۆزی بۆ ئەو نیشتیمانەی شوێنی لە دایکبوون و گەورەبوون وچەندین یادەوەری شـــیرینە، بۆ نموونە نـالی لە تـاراوگەدا چامە بەنـاوبـانگەکەی "ئەی بـادی خۆش مروور" دەنوســـێت و دەینێرێتەوە نیشتیمان کە سەرانسەری چامەکە پڕە لە حەسرەت و شەوق و تاسەی دووبارە وگەیشتنەوە بە نیشتیمانی دایک، هەروەها سالم لە تاران و تـاراوگەدا چەنـدین دەقی شـــیعری نووســـیوە کە بـابەت و وێنەکـانی لە چوارچێوەی وێنەکانی نۆستالۆژیا خۆیان دەنوێنن.

**4-1-1-2- ئاوارەبوونی بەردەوام :**

مرۆڤ ئەوکـاتەی لە نیشـــتیمـانەکەی خۆیدا نـاگیرســـێتەوە و بەردەوام پەڕاگەندەی ئەم وڵات و ئەو وڵات دەبێت، شوێنێکی لێ پەیدا نابێت ببێت بە جێگرەوەی نیشـــتیمـانی دایـک و هەموو پێکهـاتە و تـاکەکـانی کۆمەڵگا و بارودۆخە جیاوازەکانی لە خزمەت ئەودابێت، بۆیە دووچاری ئەم هەســـتە دەبێت و حەز و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ مەســـکەن و زێدی بـاوک و باپیران

دەکات، ئەمەش بۆ نووسەر بارەکە بەرەو ڕێگایەکی تردا دەبات کە ئەکتیڤبوونی ئەندێشە و خەیاڵە فراوانەکەی دەخاتە خزمەتی ئەو هەستەوە ((ئەزموون و بیرکردنەوەی شاعیر زەمینەی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی هەستی نامۆیی لای شاعیری تەغریبی، کەوا لە ڕێی هەستی بە پێز و خەیاڵی داهێنەرانە ئەو هەستە لە نێو هۆنراوەکەیدا دەخاتەڕوو))[ عەبدولڕەحمان : ٢٠١٣ : ٣٧ ]، بێگومان ئاوارەیی بەردەوام کاریگەری دەخاتە سەر هەست و سۆز و تێڕوانینی نوسەر بۆ شتەکانی دەوروبەری، سالم کە سلێمانی جێ دەهێڵێت و ئاوارەی تاران دەبێت ئەم ئاوارەییە کۆتایی نایەت، دووبارە ئاوارەیی ناوچەکانی باشووری عێراق دەبێت ئەمە وا لە سالم دەکات ئەوەی لە ناخیەتی سەبارەت بەو تاڵی و تەنگی ئاوارەییە بە شیعر دەربېڕێت و تا ڕادەیەک ناخی لە سۆزە خراپەکان پاک بکاتەوە.

### 4-1-1-3- گۆڕانکاری بارودۆخی ئەوسای کۆمەڵگا و تاکەکانی :

پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان نوسەر و کۆمەڵگاکەی بە هەموو بارە جیاوازەکانیەوە هەیە، هەر گەشە و گۆڕانێک لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی کاریگەری دەکاتە سەر هەست و نەستی نوسەر و داهێنانەکانی، بە تێپەربوونی کات کۆمەڵگا لەیەک ئاستی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون ناوەستێت، ئینجا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەشداری ئەو گۆڕانکاریە دەکەن، لەوانەیە زۆربەی جار لەگەڵ بەرژەوەندی نوسەر یەکنەگرنەوە، ئەو گۆڕانکاریەش زیاتر لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخە ئابووری و سیاسیەکان دایە، لەبەر ئەوە لەو حاڵەتەدا نوسەر بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریە و بوونی ئەو کۆمەڵگایە بەم شێوازە ڕەتدەکاتەوە و لێ ڕادەکات ((هەموو ڕەتکردنەوەیەکی ئێستایش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕۆژێک لە ژیانی تاک ، یان لە ژیانی دەستەجەمعیدا هەبووە لە ئێستای بووەتر ، گەشتر و دادپەروەرانەتر و شکۆمەندتر )) [ حەسەن : ٢٠١٢ : ٣٧ ]، لەبەر ئەوە بۆ هەڵڕشتنی ئەو سۆزە نەگەتیڤەی ناخی لە ڕێگەی نووسینەوە دەیەوێت ئەو بارودۆخەی ئێستا سفر بکاتەوە و بگەڕێتەوە بارودۆخی جاران و بەدەستهێنانەوەی کۆمەڵگا بە هەموو ماناکانی جوانی و شکۆمەندی و شوناسە تایبەتییەکەی.

### 4-1-1-4- جیابونەوە لە خێزان و کەس و کار :

دورکەوتنەوە و دابڕان لە خزم و کەس و کار هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەی نوسەرە بۆ ڕابردوو، لەبەرئەوەی ئەوکاتەی نوسەر هەست بە تەنیایی خۆی دەکات لە نێو نوسینەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، کاتێک بە هۆکاری

جیاواز ســـالم و کوردی و ســـلێمانی و نیشـــتیمان جێ دەهێڵن و غەریبی و تاراوگە هەڵدەبژێرن بەرەو ئێران دەڕۆن، لە ئێرانیش وەنەبێ ڕوو لە بێگانە بکەن، ئەوان دەچنە لای خزم و کەســـــانیان لە ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر هەســـت بە تەنیایی و دابڕانی خۆیان دەکەن لە دووری کەس و کار و دۆسـت و ئازیزانیان لە سـلێمانی، ڕەنگە ئەوانەی بەجێ ماون لە سـلێمانی پلەی خزمایەتیەکەیان زۆر نزیکتر بووبێت لەوانەی ئێران، لەبەر ئەوەشـــە ئەو هەسـتە بەرەو شـەوق و تاسـەی دیدار و بەیەکگەشـتنیان بکات بۆ لای کەس و کار و هۆی گەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو بگات بە لوتکە، کە لە ئاکامدا لە بەرهەمهێنانی چەندین دەقی نۆستالۆژی خۆی دەبینێتەوە.

### 4-1-1-5- گۆڕانکاری سیاسی :

ئاشکرایە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئاستی ناوخۆییدا زۆربەی جار لە دوای چەندین ڕووداوی جەنـگ و کـارەســــــاتەوە دێت، کە هۆکـاری ماڵوێرانی و کاولییە بۆ چینی نزمی کۆمەڵگا بە پلەی یەکەم، ئینجا ئەنجامی ئەو شەڕ و شۆڕ و ماڵوێرانییە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر نوسەر و هەست و سۆزەکانی، بۆ نموونە لاوازبوون و دواتر لەناوچوونی میرنشینی بابان و داگیرکاری دەوڵەتی عوســـمانی و زوڵم و ســـتەمەکانی کاریگەری نەرێنی دەخەنە سەر هەست و نەستی هەردوو شاعیری کلاسیک سالم و کوردی و بەهۆیەوە ڕاپێچی وڵاتـانیـان دەکەن، هەروەهـا نـالی ئەوکـاتەی هەواڵی دۆخی سـیاسـی سـلێمانی پێدەگات هەوڵی نەگەڕانەوەی یەکجارەکی دەدات بۆ نیشـــــتیمـانی دایـک بە تـایبەتیش نـالی ڕابەری بزووتنەوە و قوتابخانەیەکی ئەدەبی و سیاسی بوو لەوسەردەمە چونکە (( هەندێ بەڵگەی مێژوویی – ئەدەبی دێنە گۆ کە بزوتنەوەی نالی و ڕەوتی شیعری کرمانجی ناوەڕاســـت هەڵقوڵاوی ســـەردەمێکی هەســـتیاری ســـیاســـی – ئەدەبی بۆ ڕەواندنەوەی دەسـەڵاتی میرنشـینی ئەردەلان )) [ محەمەد پوور : ١٣٩٩ : ٤٥٠-٤٦٥]، کەواتە خۆی لە بنەڕەتدا قوتابخانەی کلاسـیکی ئەنجامی پلان بۆ کێشراوی قۆناغێکی سیاسی بوو جا چ بگات بە بەرهەم و دەقەکانی نالی و ســــالم و کوردی و شـــــاعیران و پەیڕەوکەرانی قوتابخانەکە، کە لەژێر کاریگەری چەندین کارەســــات و جەنگ و ڕووداوی ســــیاســــی بوون بە خاوەنی چەندین بەرهەم و دەقی نۆستالۆژی.

### 4-1-1-6- ڕەشبینی و بێ هیوایی :

ڕەشـبینی لە ناوەرۆکی بەشـێکی زۆری بەرهەم و نوسـینەکانی شـاعیران دەبینرێت و هەستیپێدەکرێت، شاعیر زۆربەی جار بە هۆکارێکی دیاریکراو

تروســـــكايی هیوا و ئاوات لە دڵیاندا نامێنێت و ڕۆژی ڕووناكی لێ دەبێتە شــەوی تاریک، شــاعیران لە ڕێگای شــتێكی دیاریكراوەوە گوزارشــت لەم ڕەشــــبینی و بێ هیواییەی نـاخیـان دەكەن، بۆنموونـە كوردی ڕەنـگ دەبێتە ئاوێنەی ئەو ڕەشبینییەی چونكە لە زۆربەی شیعرەكانیدا ((ڕەنگی ڕەش لە هەموویان زیاتر دووبارە بۆتەوە، ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە، ئاماژەیە بۆ ناجێگیری باری دەروون و هەڵچونەكانی شـــاعیر، كە هەمیشـــە خەمبار و نائومێد و بێ هیوا بووە))[ســەعید : ٢٠١٧ : ١٠٤]، نیشــانەكانی ڕەشــبینی لەلای نوسـەران بە گشتی و شـاعیران بە تایبەتی ڕوون و ئاشـكران شـاعیر بە ڕەنـگ بە وێنە و وشـــــەی بەرتەســـــک و داخراو و تونـد نـاخی خۆی دەناســـێنێ بە تایبەتیش لەوكاتەی بیر لە ڕۆژانی لەدەســـتچووی ڕابردوو دەكاتەوە و داخی بۆ هەڵدەكێشـــی لەبەرئەوەی ((ئەو شـــتەی كە نۆســـتالژیا دەكات بە هەسـتێكی مەینەتباری تاهەتایی، خەمخواردنە بۆ نەبوونی هەل و دەرفەتەكانی ئەمڕۆ لە بارودۆخی دوێنێیدا، نەک هەر خەفەتی ئەو شـــتەی كە دوێنێ هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لە دەســت دەرچووە)) [ئەحمەدی : ٢٠١٤ : ١٣٣]، واتە بە هەر شـێوازێک بێت هەر داخ و حەسـرەت هەڵكێشــانە بۆ دوێنێ، ئینجا بەهۆی نەبوونی دەرفەت و هۆكارەكانی خۆشـبەختی بێت یان بەهۆی لەدەستچوونی كاتەوە بێت.

**4-1-1-7- نەخۆشی دەروونی و جەستەیی :**

شیعر بە گشتی بەتاڵكردنەوەی ناخی دەروونی شاعیرە لە هەست و سۆزە ئەرێنی و نەرێنییەكان، شــــاعیران بۆ ڕزگـاربوون لە حـاڵەتە جیـاوازە هەڵچونیەكان پەنا بۆ شــیعر دەبەن ((بەشـــێكی گرنگی نوســـینی شـــیعر پەیوەندی بە هەڵچوون و داچوونی دەروونی خودی شـــــاعیرەوە هەیە. ئەو بەشــەی دەمێنێتەوە پەیوەســتە بە ئاســتی ڕۆشــنبیری و پاشــخانی مەعریفی شاعیرەوە))[ سدیق : ٢٠١٧ : ١٩٨]، نوسین چارەسەری بەشێكی گەورەی نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەكانی شاعیرە، بۆ نموونە سالم لەبەرئەوەی بەشـێكی زۆری ژیانی بە نەخۆشــی و ناســاغی دەباتە ســەر، لەبەرئەوە بە خەیاڵ و ئەندێشـــەوە بیر لەو ڕۆژانە دەكاتەوە كە لەوپەڕی هێز و چالاكیدا بووە و بە لەشێكی ساغەوە بە نێو خۆشی و ناخۆشیەكانی ژیاندا تێپەڕبووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو بـارە دەروونیە نـاجێگیرەی بەهۆكـاری جیـاواز لە سـەردەمی ئەودا دووچاری هەرسـێ شـاعیرەكەی تر دەبێت و بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخ و ژینگە و تەواوی جوانیەكانی ڕابردوویان تۆزقاڵێک ئارامی دەبەخشنە دڵ و دەروونیان و خەمەكانیان دەڕەوێننەوە.

# بەشی دووەم:

## جۆرەکانی نۆستالۆژیا و پڕاکتیزەکردنی لە شیعرەکانی
## ( نالی – سالم – کوردی )دا

## 5- بەشی دووەم:
## جۆرەکانی نۆستالۆژیا و پڕاکتیزەکردنی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەنموونەی (نالی – سالم – کوردی)

### 5-1- تەوەری یەکەم:
### 5-1-1- جۆرەکانی نۆستالۆژیا

نۆستالۆژیا وەکو چەمك و زاراوەکانی تری ئەدەبی دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێك، هەموو گشتێك ورد دەکرێتەوە بۆ چەند پاژە و بەشێك، واتە سەرەتا کۆی پارچەکانی سەرتاپای گشتەکە دروست دەکەن ئینجا لەدوای پارچە پارچەکردن و دابەشکردنی ئەو گشتە چەند لق و پۆپێکی لێ جیا دەبێتەوە، سەبارەت بەدیاردەی نۆستالۆژیاش لەدوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەرچاوە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نۆستالۆژیا لە ئەدەبدا، وادەردەکەوێت کە دابەشکردنی جیاواز بۆ نۆستالۆژیا کراوە، کە هەر یەك لە ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەدەب بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی تر جۆرەکانی نۆستالۆژیا دیاری دەکەن، لێرەدا بەشێوەیەکی پوخت ئاماژەی پێ دەکەین:

١- "سڤێتلانا بویم" مامۆستای ئەدەبی سلاڤی و بەراوردکاری لە زانکۆی هارڤارد ئاماژە بە دوو جۆری نۆستالۆژیا دەکات، ئەوانیش بریتین لە:

(( أ- نۆستالۆژیای ڕامانی (التأملي)

ب-نۆستالۆژیای گەڕانەوە ))[Koch:2017:37-42]

٣- یەکێک لە نامە ئەکادیمیەکانی زانکۆی (soderton) دوو جۆری نۆستالۆژیا دەستنیشانکراوە کە ئەوانیش:

((أ- نۆستالۆژیای کات (الزمانی)

ب-نۆستالۆژیای شوێنی (المكاني)))[kalinina:2014:49-53]

٢- هەروەها لەئەدەبی نوێی عەرەبیدا بۆ دیاردەی نۆستالۆژیا توێژەر و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب لە توێژینەوە نوێکانی ئەدەبدا ڕاستەوخۆ جۆرەکانی نۆستالۆژیا دیاری دەکەن، بەبێ ئەوەی لەسەرەتادا بگەڕێنەوە بۆ پۆلین کردنی نۆستالۆژیا بۆ جۆرەکانی (تاکە کەسی) و (گشتی)، بۆ نموونە لە نامەیەکی ئەکادیمیدا ساڵی ٢٠١٥ زانکۆی (محمد بوضياف العسلية) پێنج جۆری نۆستالۆژیای دەستنیشانکراوە کە بریتین لە: (( أ- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمانی دایک.

ب- نۆستالۆژیای گەڕانەوە خزم و کەس و هاوڕێ.

ج- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ یار.
د- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ یادگاریەکانی ڕابردوو.
و-نۆستالۆژیای گەڕانەوەی ئاینی (الحنين الديني).)) [غميض:٢٠١٥::٨-٢٨]

بەڵام لە ئێستادا لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی خۆیاندا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکی (نۆستالۆژیا) یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دیاری دەکەن، ((لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیە نوێکاندا، نۆستالۆژیا دابەش دەبێتە سەر جۆرەکانی "تاکە کەسی، گشتی"))[شاملۆ: ١٣٧٥: ١١]
هەردوو جۆرەکەش بریتین لە:((یەکەم// نۆستالۆژیای تاکە کەسی(تاک،فەردی).
١-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی
٢-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی
٣-نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لەیار
٤-نۆستالۆژیای خەم و غوربەتی نیشتیمان
٥-نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە ئازیزان
٦-نۆستالۆژیای داهاتوو/ئایندەسازی(داهاتووی نموونەیی)
٧-نۆستالۆژیای شاری نموونەیی "المدينة الفاضلة"
٨-نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبوو و گەڕان بەدوای ژیانی هەتاهەتایی
٩-نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی پیری و ترس لە مردن
١٠-نۆستالۆژیا ی گەڕانەوە بۆ سروشت
دووەم// نۆستالۆژیای گشتی(کۆ، جمعی)
١-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان
٢-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتیە مێژوویی و نەتەوایەتیەکان
٣-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ داستانە کوردی و جیهانییەکان
٤-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆیەکان
٥-نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان))[عەبدوڵا:٢١٤-٢٠١٦:٣٩٢]، لێرەشدا هەردوو جۆرەکە بە تێر و تەسەلی باسدەکەین و ئاماژە بە لق و ئەو بەشانە دەکەین کە دەکەونە چوارچێوەی بابەتەکەوە.

### 1-1-1-5- نۆستالۆژیای تاکە کەسی (فردی):

ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا پەیوەستە بەخودی شاعیر و یادەوەریەکانی لە ڕابردوودا، شاعیر هەموو هەست و هۆشی چڕدەکاتەوە بۆ جەخت کردن لەسەر ڕووداوەکانی ژیانی تایبەت بەخۆی، واتە تیڕامانێکی قووڵی بۆ کونج و کەلێنەکانی کات و شوێنەکان دەبێت لە ڕابردوودا، کە لەوێدا تەرزێکی تازە دەخولقێنێت و جیهانێکی کۆن لەئێستادا تازە دەکاتەوە بە ڕوحێکی نوێگەر ئەو هەستەی ئاراستە دەکات، واتە ئەو غەریبی و غوربەتیە دەقۆزێتەوە بۆ هاتنە دونیای دەقێکی لێوان لێو لەهەست و سۆز و ئەندێشەی جوان و تێکەڵ بە کەرستە و وشەی زەقی نامۆیی و غەریبی و داخ و حەسرەت، کەواتە ئەو شاعیرەی خاوەنی ئەم حاڵەتە دەروونی و هەستە نۆستالۆژییە بە زەمەنێکی خاڵی لە خۆشەویستی و هەموو جوانیەکانی نیشتمان تێپەڕبووە، ئینجا لەبەر ئەوەی لە شیعری کلاسیکدا یەکێتی بابەت نەبووە و لەبری ئەوە یەکێتی دێر بووە، لەبەرئەوە شاعیر تەنها لەدوو توێی یەك دێڕی شیعریدا ئەو هەستە نۆستالۆژیەی دەربڕیوە، ئەویش جاری وادەبێت لەڕێگەی تەنها ئاماژەکردن بە وشەیەك ئەو تاسە و شەوقەی گەڕانەوەیە دەناسرێتەوە، بە پێچەوانەی شیعری نوێ و هاوچەرخ و بەهۆی ئەو ئازادی و سەربەخۆییەی دراوە بەشاعیر و لە شیعرێکی چەند لاپەڕەیی دا دەتوانرێت درك بە چەندین جۆری نۆستالۆژیا و حەزی گەڕانەوە بکرێت و شاعیر بەچەندین وشە و دەستەواژە و تەنانەت دێریش ئاماژە بەو هەستە نۆستالۆژیایەی خۆی بکات. نۆستالۆژیای تاکە کەسی چەند جۆرێکی جیاوازی لێ دەبێتەوە کە هەر جۆرێکیان خاوەنی چەند هێما و ڕەمزێکی تایبەت بەخۆیانن.

### 1-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی:

منداڵی جیهانێکی پڕ لەبەرائەت و پاکی و جوانی، ئەو جیهانەی پەراوێکی سپی و ڕوون پێشکەشی گەورەکان دەکات، بوێکی نەرم و نیان و گیانێکی پاك و دڵێکی ساف و ڕوون کە زۆر بەئاسانی دیوی شاراوەی دەبینرێت، هێشتا ڕق و کینە نەپرژاوەتە سەر ڕۆحی و ڕکابەرایەتی گەورەکانی لێ ونە، سەردەمی منداڵی جوانترین سەردەمی ژیانی هەموو کەسێکە، لەبەر ئەوەش نووسەر و شاعیر بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی خۆی سەردەمی منداڵی دەکاتە هەوێنی نووسینەکانی ((زۆرجار شاعیر خۆزگە بەگەڕانەوەی ئەو ژیانە دەکات و جوانیەکان بەرجەستە دەکات وەك بەشداری کردنی یادەوەری منداڵی لە پرۆسەی ئافراندنی شیعریدا، لەبەر ئەوەی منداڵی بۆ

خۆی ئەزموونێکی جوانە، کاتێك شیعر ڕێژ دەکرێت ئەو جوانیە دەبێتە هەوێنی ئێستاتیکای ئەو شیعرە و جوانیەکی ناوازە دەبەخشێت بەو شیعرە چ لەڕووی گواستنەوەیەکی وێنەی جوان یان مانا، یان فۆرمی شیعرەوە)) [ عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ١٧٨]، لەبەرئەوە وێنەی منداڵی نموونەیەکی کاریگەری ژیانی مرۆڤە و ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی ئەم ڕەگەزەیان وەکو کەرستەیەکی پێکهێنەر بەکارهێناوە، کە تێیدا قۆناغێکی گشتییە بۆ هەموو کەسێك کە پێدا تێپەڕیووە ((دەکرێت منداڵی، لای زۆر لە شاعیران تا باقی بوونی تەمەن هەمیشە زیندوو بێت و شوێنێك بێت بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی دونیا)) [ئەمین: ٢٠٠٨: ٤١]،((مرۆڤ لەو کاتەی کە دڵنیایە توانای نییە بۆ دەستەبەرکردنی حەز و ئارەزووەکان ناتوانێ بەسەر کێشە و ڕووداوەکان زاڵ بێت ، دێتەوە یادی کە لە دەورانی منداڵی ئەو بەربەست و کێشە و ڕێگرانە نەبوون ، لە کاتێکی خۆشتر و باشتر ژیاوە بۆیە بە پێویستی دەزانێ بگەڕێتەوە بۆ دەورانی منداڵی ))[وەند:٢٠٠٩:٧٣] ئەگەر لەلای کەسێکی ئاسایی قۆناغی منداڵی سەردەمێکی زێڕینی ژیان بێت، ئەوا لای شاعیران ئەو قۆناغە هەوێنی لەدایکبوون و دروستبوونی چەندین دەقی ئەدەبی بە چێژ و ناوازەیە.

**2-1-1-1-1-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی نالیدا:**

سەبارەت بە شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و شیعرەکانی نالی بەتایبەتی، لە دوای گەڕان و بەدوا داچوونمان بۆسەرجەم شیعرەکانی نالی، هیچ شیعرێکمان بەرچاو نەکەوت کە نالی تێیدا باسی سەردەمی منداڵی خۆی تێداکردبێت یان ئەو هەستەی بۆ دروست بووبێت و حەسرەت و داخی ئەو سەردەمە هەڵکێشێت، لەبەرئەوەی ((نالی شار دەکاتە تەوەری بناغەی یادەوری و نۆستالۆژیا و بینینەکانی نەك گوند، تەنانەت گوندی خاك و خۆڵ کە شوێنی خۆشەویستیەکەیەتی لەدەشتاییەکی دەرەوەی شاری سلێمانییە لە پەڕی ڕۆژئاوایە، تەنها یەك جار باس کراوە، تەنانەت شوێنی منداڵی و یادەوەرییەکانی منداڵی لەبیر چۆتەوە)) [حەمید: ٢٠٠٩: ١١]، هەروەکو ئاشکرایە نالی سەردەمی منداڵی هەر لە کوردستان و ناوچەی شارەزوور

بەڕێ کردووە، مارف خەزنەدار دەڵێت: ((مەڵبەند و نیشتمانی ڕاستی ئادەمیزاد ئەو جێیەیە کە سەردەمی منداڵی و مێرد منداڵی و لاویەتی تێدا دەباتە سەر خدر و خاك و خۆڵی شارەزوور و ماوەی منداڵی، فەقێ خدر و قەرداخ و ڕۆژگارانی مێرد منداڵی و لاویەتی)) [خەزنەدار: ١٩٨١: ٣٧]، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نالی هیچ شیعرێکی تەرخان نەکردووە بۆ قۆناغی منداڵی و هەموو ئەو یادگاریانەی کە لەو قۆناغەدا بوونیان هەیە و کە دەبنە کەرەستەی پەیکەری دەقێکی نۆستالۆژی.

**2-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لە شیعرەکانی سالمدا:**

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی سالم دەقاودەق وەکو حەز و ئارەزوو و تاسەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی بەدی ناکرێت، خوێندنەوەی دیوانەکەی و لێکدانەوەی دێڕ بەدێڕی شیعرەکانی تەنها تاکە دێڕێک وا دێتە بەرچاو کە باسی سەردەمی منداڵی خۆی تێدابکات، ئەمەش دیارە شاعیرانی کلاسیك بەگشتی و سالم بەتایبەتی بەهۆکاری سەرقاڵی و پابەندبوون بەچەندین بەرپرساریەتی و بارودۆخ و کێشمەکێشی ژیان و ئاوارەیی و... هتد نەپرژاونەتە سەر بیرەوەری و یادگارییەکانی منداڵی، یاخود لەوانەیە نەهامەتی ژیانی منداڵیان بەجۆرێك ڕەش بووبێت، کە بەخەیاڵیش ویستی گەڕانەوەیان بۆی نەبووبێت، لەم تاکە دێڕەشیدا سالم دەڵێت:

**خەمری خاکی من ئەووەل بەبارانی فەرەح نەکرا**
**جوانی و پیری و طفلیم سەراسەر جوملەگی غەمبوو**

[سالم: ١٩٧٢:١١٣]

مەبەستی سالم لەم دێرەدا ئەوەیە کە لە سەرەتای دروستبوون و هەستکردنی بەژیان ئەوخاکەی تێیدا دەژی بە ئاوی خۆشی و شادی ئاونەدرا، چونکە سەرانسەر ژیانم لەمنداڵی و جوانی و پیری نوقمی خەم و خەفەت و ئازار بوو، دیارە مەبەستیشی لەجوانی سەردەمی گەنجیە، واتە هەموو ژیانم بە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بەناخۆشی و چەرمەسەری بەڕێ کرد، شایەنی باسە دەکرێت لەدوای تێگەیشتن لەم دێڕە شیعرەی سالم ئەوە بڵێین، کە سالم هۆکاری نەبوونی شیعرێک یان دێڕێک تایبەت

بەسەردەمی منداڵی و جوانی و پاکی و بەرائەت تێیدا بە ویستی خۆی بووە کە نەیویستووە بەخەیاڵیش بۆ ئەو قۆناغە تایبەتەی خۆی بگەڕێتەوە، ئێمە وای بۆ دەچین ئەو قۆناغەی ژیانی پڕبووبێت لە نەهامەتی و دەردەسەری ژیانکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرێت بگوترێت ئەم دێرە شیعرەی سالم لەسنوری تەلبەندی نۆستالۆژیا نایەتە دەرەوە و دەقەکە یان دێرە شیعرەکە هەر دەقێکی نۆستالۆژی تەواو و تۆکمەیە، چونکە لەهەموو حاڵەتەکان هەر گەڕانەوەیە بۆ سەردەم وقۆناغی منداڵی.

**3-1-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی کوردیدا:**

کوردیش بەهەمان شێوەی نالی لە هیچ شوێنێکی دیوانەکەیدا ئاماژەیەکی زەق و دیاری بۆ کاتی منداڵی نەکردووە، واتە ناتوانرێت دێڕێک دیاربکرێت و بکرێتە بنەما بۆ دەقێکی نۆستالۆژی لەجۆری گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، دیارە ئەوەش بەبێ هۆکار نەبووە، یەکەمیان کوردی لەبەر جەنجاڵی ژیانی و ئاوارەیی وڵاتان و خەم و دەرد و حەسرەتی ڕۆژگار و زەمانە، هەموو کاتەکانی پڕ لەبەرائەتی و پاکی و جوانی سەردەمی منداڵی بیرچۆتەوە، لەلایەکی تر لەڕابردووی خۆیدا قۆناغی منداڵی قۆناغێکی شوم و ڕەش و بەدبەختی بووە و بەهیچ شێوازێك نەیویستووە بۆ ئەو دەورو زەمانە بگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردی لە تاکە دێڕێکدا بە ئاماژەکردنێکی لێڵ و ناڕوون بەلایدا دەڕوات، ئەویش تەنها لەڕێگەی ئاماژە کردن بە وشەیەك کە (جۆلانە)یە دەتوانرێت تای تەرازووەکە بەلای بوونی هەست و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەلای کوردی قورستر بکات کاتێك دەڵێت:

**لەجـۆلانەی(گرە)یزولفا،**
**بەسەرمەمکۆڵەدا،مەرخۆت**
**دڵەی شەیدام بدەی ئارام و**
**ڕام و بۆم بخەملێنی**

[کوردی:
٢٠١٠: ٢٤٣]

دیارە کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و تێدا باس لە ڕووداو هەڵسوکەوت و ڕێکەوتە لەبیرنەکراوەکان بکات، بەڵکو لەڕێگەی وشەی (جۆلانە) کە ئەویش بریتییە لە چەند پارچە پەت و گوریس و تەختەیەکی پان کە لە کۆندا بۆ کەیفخۆشی و ڕابواردن و دوورکەوتنەوەیان لە کۆڕ و دانیشتنی گەورەکان بۆ منداڵان بەکاریاندەهێنا، کوردیش بە

بەکارهێنانی ئەم وشـەیە کە وشـەیەکی پەیوەسـت و بەسـتراوە بە قۆناغی منداڵی ئەم گەڕانەوەیەی ئەنجام داوە، دیارە کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ سەردەمی منداڵی ناکات، بەڵکو لەڕێگەی چەند ئاماژە و نیشانەیەك بەخوێندنەوەی دێڕەکە بیروهزری خوێنەر بەلای ئەو قۆناغەدا دەبات.

**2-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی:**

گەنجێتی قۆناغێکی پڕ لە هێز و چالاکییە بۆ مرۆڤ، مرۆڤێکی تەواو لەو قۆناغەدا سـەرجەم ئەندامەکانی جەسـتەی لەباشـترین دۆخی کارکردندان و ئامادەگی تەواویان تێدایە بۆ ئاشکراکردنی بەهرە و تواناکان و پەرەپێدانیان، ئاشـکرایە سـەردەمی گەنجێتی سـەردەمێکە پڕە لە کەیف و خۆشـی و کامەرانی لەبەرئەوەی هێشـتا نوقمی دەریای تاڵی و ئازارەکانی ژیان و هەسـتی بەرپرسـیاریەتی گەورە نەبووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە و ئاوابوونی تەمەن و لەدەستدانی دۆست و هاوڕێی ئەو سەردەمە یان پچڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان بۆ سەردەمی گەنجێتی، چونکە مەودای دووبارە دروستبوونی ئەو پەیوەندیە و ئەو هاوڕێیەتییە و ئەو سەردەمە زێڕینەی بۆ ناڕەخسـێتەوە، (( مرۆڤ لەو سـەردەمەدا کانیاوی حەزو ئارەزووەکانی بەرەوە هەڵکشـان و بەرزبوونەوە دەچێت گەشـەی مێشـك و تەنانەت لە ڕووی جەسـتەشـەوە گۆڕانی بەسـەردا دێت و ئەندێشـە و خەیاڵی فراوان دەبێت ، بەمەش ڕامانی بۆ شـتەکان دەگۆڕێت ))[عەبدوڵلا:٢٠١٦:٢٢٨]، ئینجا لەبەرئەوەش شـاعیر و نووسـەران لەدوای هەڵکشـانی تەمەن و بەدەمەوە چوونیان بەرەو پیری و کەمبوونەوەی هێز و تاقەت و چالاکیان یان سـەرقاڵی و گرێدانیان بە پابەندیەکانی ژیان و کۆمەڵ وادەکات بکەونە بەر شـاڵاوەکانی هەسـتی نۆسـتالۆژیا، تێیدا بەشـیعر یان بەنووسـین بۆ سـەردەمی جوانی و کەیفخۆشـی و بەهرەمەندی سـەردەمی گەنجێتی بگەڕێنەوە، هەم لەڕووی زەمەن و هەمیش لەڕووی شـوێنەوە، لەگەڵ ئەوەش مەرج نییە ئەو سـەردەمەی کە شـاعیر باسـی لێوە دەکات و بە نووسـین بۆی دەگەڕێتەوە سـەردەمی پڕ شـانازی و هێز و شـکۆ بێت یان تەواوی ئەو قۆناغەی بە شـاهانەیی بەڕێ کردبێت، بەڵام ڕابردوو بەگشـتی بۆ سـەردەمی ئێسـتا چێژی تایبەتی خۆی هەیە و مرۆڤ بەگەڕانەوەی دڵخۆش دەبێت.

**1-2-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجییەتی**

**لەشیعرەکانی نالیدا:**

لێرەدا تیشـك دەخەینە سـەر نالی و پەیوەندیەکانی بە سـەردەمی گەنجێتی، کە جگەلە چامە بەناوبانگەکەی کە بۆ (ســـالم)ی ناردووە، لە دیوانەکەیدا چەندین دێڕە شیعری تێدایە کە بەلێکدانەوەی باسـی سـەردەمی گەنجی خۆی دەکات، جگە لە هەندێك دێڕی تر کە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەن بۆ قۆناغی گەنجییەتی، نالی لە چەند شـوێنێکی چامەکەیدا بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ باسـی شـۆخ و شـەنگی و لاوانی سـەردەمی بابانەکەن دەکات، ئەو کاتانەی عەشـــق و ئـارەزووی ژوان و دیـدار لەدڵ و دەروونی لاوانـدا پەنـگ دەخواتەوە، بۆ ئەمەش دەڵێت:

**ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،**

**یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورەلوور؟!**

[نالی: ١٣٨٩: ١٩٥]

دیارە کە (کانی ئاســکان) ئەو شــوێنە بووە کە لەســـەردەمی پاشـــایەتی بـابانەکانـدا تـاکە مەنزڵی ژوان و بەیەکگەیشـــتنی کوڕ و کچە شـــۆخ و شەنگەکان بووە، مامۆستا "عبدالکریمی مدرس" لە شیکردنەوی ئەو دێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شـوێنەی بەناوی (کانی ئاسـکان)ە ڕەنگە بەناوی کچانی شـــۆخ و شـــەنگ و چاوجوانی شـــار ناونرابێت، دیارە کچانیش بەمەبەسـتی ئاوهێنان بۆ ئەو کانیە چووبێتن و کوڕە لاوەکانیش بەمەبەسـتی بینینی ئەوان لەســـەر ئەو کانیە دانیشـــتوون گەرم و گوڕی عیشـــق زیاتر گیرۆدەی کردوون، بەو پێیەی کە "نالی" بەم شـێوەیە وەسفی ئەو شـوێنە و ئەو سـەردەمە و ئەو هەڵوێسـت و دیمەنەی کردووە، ئەبێت خۆشـی یەکێك بووبێت لە لاوانی ئەو ســـەردەمە و ئەو کۆمەڵە بۆیە جەخت لەســـەرئەوە دەکاتەوە و دەپرسێت ئایا ئەو شوێنە وەکو خۆی ماوە ؟یان ئەو شوێنە و ئەو شانۆیە بووە بە مەلعەبەی گورگ و لوورە لوور؟

لەلایەکی تر ڕێبوار ســـیوەیلی ســـەبارەت بە چامەی "قوربـانی تۆزی ڕێگەتم" دەڵێت: ((نالی بەباسـکردن و پێبەخشـینی ئەو خرۆشـی بزوتنەوەیە بەرەگەزی (بـا) نـاڕاســـتەوخۆ ســـەردەمی خرۆش و هەرەتی گەنجێتی خۆیشیمان بەبیر دەهێنێتەوە. ئەو وەسفی بەهارییانەی باس دەکات، هەروەکو چۆن هەموو وەســـفکردنێکی گەنجی و تـافی خوێن گەرمیش، بەهـارین)) [سیوەیلی: ٢٠٠١: ٥٣ ــ ٥٤]، بە بۆچوونی سیوەیلی وەسفی بەهارییانەی ئەو بایە ڕێك وەکو وەسـفی کەسـێکە لە هەرەتی لاویدایە و گڕی عەشـق و خۆشـەویستی لەدڵ و دەروونی بەربووە جا ئەو عەشقەش عەشقی نیشتمان

و مەنزڵگای باب و باپیرانیەتی، بۆیە دەڵێت:

**ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان!**
**تۆفانی دیدە و شەرەری قەڵبی وەك تەنوور!**

[ نالی: ١٣٨٩: ١٨٥]

لەلایەکی تر نالی لەچەند دێڕێکی بەدوایەکدا لە وەسفی جوانی و عیشوە و نازی یارەکەیدا باسی دڵداری سەردەمی گەنجییەتی خۆی دەکات و دەڵێت:

**سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە، نیوە هەودایە**
**چ هەودایە؟ کە هەر حەلقەی دووسەد زەنجیری سەودایە!**
**برۆت تیــغێــکە وسمەی سەیقــەل و مەسلوول ومووکارە**
**کە عیــشــوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاویمەودایە**
**بــە نــەشئــەی و مەستی وەهــا مەســتوور و مەخموورە**
**نـــزانــم خـــەو لە چاوتـــدایـــە یا چـــاوت لـــە خـــەودایە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٥٢ ــ ٥٥٣]

وادیارە نالی لەم چەند دێڕەدا لەباســـــی دڵدارانەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجیی و ئەوکاتەی ئەو لەبەهاری تەمەنی دا بووە و عاشقی ئەو کەســە بوو کە بەم شـێوەیە وەسـفی کردووە، مامۆسـتا "مەسـعود محەمەد" دەڵێت: ((نـالی لەم هەڵبەســـتەدا، پاتە و پات، بزۆزێـک دڵدارانەی کـاتی گەنجــایەتی خۆیمــان بۆ دەگێڕێتەوە)) [محمەد: ٢٠٠٧: ١٩١]، کەواتە هەر دێڕێکی شیعری مەبەستی دڵداری لەلای نالی گەڕانەوەیە بۆ تافی لاوێتی و کات و شـــوێنی ڕابردوو لەئێســـتادا بنیاد دەنێتەوە، ئەم دەربڕینانە جەخت لەسەر پەیوەندیەکی توند و تۆڵ دەکاتەوە لەنێوان خودی شاعیر و سەردەمی گەنجی و بەسەرهات و یادەوەریەکانی، سەردەمی گەنجی بۆ هەموو کەسێك سەردەمی بەدیهێنانی ئاوات و حەز و خولیایە، سەردەمی دەرخستنی بەهرە و توانا شـــاراوەکانی قۆناغی پێش گەنجیە، مرۆڤ لەو ســـەردەمەدا دەگاتە ترۆپکی هێز و توانا و چالاکی ئەویش لەگەڵ هەبوونی ئیرادە و خواست بۆ هەر کارێك کە ئارەزووی دەکات.

## 2-2-1-1-2-2- نۆســتالۆژیای گەڕانەوە بۆ ســـەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی سالمدا:

ســـالم وەکو شـــاعیرێکی پڕ لەحەســـرەت و بارکراو بەخەم و ئازار و

نەگبەتی، بەردەوام لەشـــیعرەکـانیـدا گلەیی لە بەھەدەرچوونی تەمەن و ھەڵکشـانی ھەیە، کە پڕاوپڕ بووە لەخەم و ئازار و تاڵاوی و چەرمەسـەری ژیان، واتە ســالم لەشــیعرەکانی خۆیدا گەڕاوەتەوە بۆ ســەردەم و قۆناغی گەنجی بەڵام گەڕانەوەکەی لەســەر ھێڵی نەرێینی بووە و بەشـــێوەیەک زۆربەی دەقە شـــیعریەکانی نەبوونەتە ڕێگایەک و ھەنگاوێکی شـــادی و خۆشبەختی، وەکو لەم دێرەدا دەڵێت:

**قەت نەبوو نەشئەو نماکا مەزرەعەی عومرم بەھار**
**لـێی نەدا بای خوڕڕەمی تا کەوتــە ھەگنامــی درەو**

[سالم: ١٩٧٢: ١١٧]

مەزرەعەی عومری ســالم بەردەوام لە وشــکبوون و لەناوچوون دایە و زەردی و خەزانی پاییزی لێ ئاوا نابێ، ئەوەکەی؟ ئەوکاتەی سالم خوڕەم و تەڕ و تازە و جوان بووە، واتە لەقۆناغی پێش کەوتنی بۆ ناو ھەڵاوھۆریای ژیان و شەڕ و ئاشوب و کارەسات، بەکارھێنانی دەستەواژەی (مەزرەعەی عومر) خوێنەر بەرەو ئاراستەی تەمەنی گەنجی و بەھاری تەمەنی مرۆڤ دەبات، چونکە دیارە مرۆڤ بەگشـــتی لەبەھاری تەمەنی لەوپەڕی ھێز و چالاکی و بەرگری دایە، کە لە لای شاعیر و نووسەران ھاوشێوەی بەھارە لەســـەوزبـوون و تــازە بـوونـەوەی گەڵا و دار و درەخــت و تەڕی و گەشـــبوونەوەی زەوی، ئەمە وچەنـدین دێڕی شـــیعری لەنێو چــامە و غەزەلەکانی بەتەریبی لەگەڵ دەســـتەواژەکانی عومری دڵ، چرای عومری شیرین، عومری عاشق، ڕێ دەکەن کە ھەموویان دەلالەتن لە کۆی تەمەنی ســـالم بەگشـــتی و قۆناغی گەنجییەتی بەتایبەتی، لەبەرئەوەی عەشـــق و عاشقبوون خۆی دەلالەتێکی ھەستییە بۆ سـەردەمی گەنجی لە ژیانی ھەموو مرۆڤەکاندا، جگە لەمانەش سـالم لەدێڕێکی تردا لە چامەکەیدا کە دەربارەی زۆرداری و زوڵم و ستەمی مرۆڤەکان دەڵێت:

**فرعی ناکامڵ دەبینێ مادەری پیری فەلەك**
**حاڵەتم وەختی شەبابیش شێوەی پیرانە بوو**

[سالم: ١٩٧٢: ١٠٧]

دایکی پیری فەلەك و ئاســـمان و کەون و ئەفلاك حاڵی ســـالم وەکو لقی ناتەواو و کامڵی درەخت دەبینێت، ســالمیش لەتەمەنی گەنجیدا کە قۆناغێکی پڕ لە ســـەرکێشـــی و جووڵە و چالاکی جۆراوجۆری گەنجانەیە، بەڵام لای

ئەو شێوەی پیرانەی هەبووە و وەکو ئەوان لەڕەفتار و کرداردا جوڵاوەتەوە و هەمان دونیابینی ئەوانی هەبووە بۆ ژیان و بارودۆخە جیاوازەکانی، دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستەواژەی "فەرعی ناکامڵ " دەروونی شاراوەی سالممان بۆ ڕوون بێتەوە کە بووەتە هۆکارێک بۆ داهێنان چونکە ((کاتێک مرۆڤ هەست بە کەمکردن، یان نزمی دەکات شوێنێک لە دەروونیان بە چۆڵی جێدەهێڵێت.ئەو تاکە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو هەستەی دەدات، یان بە واتایەکی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو شوێنە چۆڵەی نێو دەروونی دەدات.زۆر ڕێ بۆ ئەم قەرەبوو کردنەوەیە هەیە، یەک لەو ڕێیانە داهێنانە))[کۆمەڵێ نوسەر:٢٠١٤:٥٥]، کەواتە سالم بەم چەند دێرەی کە باسی بەهاری تەمەن و تەمەنی گەنجییە هەم ترسی خۆی بۆ پیری و هەمیش هەست بەکەمکردن لە دووتێی دەروونشیکاریدا دەخاتەڕوو.

## 2-1-1-1-2-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی کوردیدا:

هەندێك ئاماژەی دیار و بەرچاو هەن لە شیعردا، کە بواری گەڕانەوەی شاعیر بۆ ڕابردوو ئاشکرا دەکەن، بەتایبەتیش گەڕانەوەی شاعیران بۆ سەردەمی گەنجییەتی، وەکو عەشق و عاشقبوونی شاعیر و ناوهێنان و یادکردنەوەی مەعشوقەکەی کە ئەوەش بەبێ شك و گومان لەسەردەمی لاوێتیدا تیری عەشق دڵی پێکاوە و عاشق بووە هەروەکو پێشتر لەلای (نالی)یش باسکرا، کوردیش بەهەمان شێوە ئەو شیعر و غەزەلانەی بۆ خۆشەویستی و مەحبوبەکەی نووسراون دەکاتە بەڵگەیەك و دەیداتە دەست بۆ گەڕانەوەی بۆ سەردەمی گەنجیەتی، چونکە لە ((گەرمەی لاوێتیدا ئەوین تەنگی پێ هەڵدەچنێ و وردە وردە لە تەنکاوییەوە بۆ قوڵایی دەڕوات و هەندێ دەڵێن پتر پەرۆشی دیوەکەی تری عەشق بووە)) [ئەحمەد: ٢٠١٣: ٥٧]، عاشقبوونی کوردی دەبێتە بنەمایەك بۆ باس و خواسی سەردەمی گەنجیەتی و گەڕانەوەی بۆ ئەو سەردەمە، بەم پێیەش شیعرەکانی گەواهیدەری ئەوەن کە لە چەندین شوێندا باسی خۆی و خۆشەویستەکەی و دابڕان و دوورکەوتنەوە و سوتانی دەکات، بۆ نموونە دەڵێت:

**گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەست و فەتنانت**
**بریندارم بەزەبری سینە دۆزی تیری موژگانت**
**بەزولف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە نێو چاهی زەنەخدانت**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٠]
لێرەدا دەبینین کوردی گرفتار و برینداری چاو و موژگانی زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەی یارەکەیەتی، واتە بەجۆرێك عاشقی بووە کە هەست و هۆش و دڵەکەیشی لەدەستداوە، کوردی شارەزایانە دەستی داوەتە هەڵبژاردنی وشە و دروستکردنی وێنەی شیعری بەرزی هونەری و بەزمانێکی سادە و ڕەوان مەبەستێکی قووڵ و واتادار شیعرەکانی داڕشتووە، ئینجا کە دێت باسی ئەڤین و خۆشەویستی خۆی و زوڵم و جەور و ستەمی معشوقەکەی دەکات ڕاستەوخۆ دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی و گێڕانەوەی چیرۆکە دڵداریەکانی خۆی لەو سەردەمەدا.
کوردی لەهەڵبەستی "دڵ لە میحنەت کەیلە" کە لە (٣٧) دێڕ پێك دێت، تێیدا باسی کۆبوونەوەیەکی هونەریانەی سەردەمی گەنجی دەکات، ئەم کۆبوونەوەیەش لەبەشێکی زۆری گۆرانبێژ و موزیکژەن و هونەرمەند پێك هاتووە، کە کوردی یەکە یەکە ناوی هەموویان بەپێی هونەر و بەهرەکانیان دەهێنێت، ئەمە جگەلەوەی کە زۆر لێهاتوو و شارەزایانە وەکو مامۆستایەکی بەشی موزیك ناوی چەندین ئامێری موزیکی و بەش و جۆری موزیکی وەکو (تەپڵ، دەف، ساز، تەنبوور، قەتار، صول..هتد) دەبات کە لەئاستی بەرزی هۆشیاری و زانایی کوردی بەرانبەر بەم هەموو زانست و مەعریفەی بۆ هەموو بوارەکان بەگشتی و هونەر و موزیك و ئەدەب بەتایبەتی شتێك بۆ گوتن جێگەی نابێتەوە، مامۆستا عەلائەددین سەجادی دەڵێت: ((ئێمە لێرەدا ئەبێ بکەوینە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر سۆزی عەشقی کوردی نەبوایە نەمان ئەتوانی ئاگادار بین بەسەر مقام و مۆسیقا و چۆنیەتی ئاهەنگی زیاتر لەسەد ساڵ لەمەو پێش تر لە کوردەواریدا)) [سەجادی: ١٣٨٩: ٣٣٣]، ئینجا لەم هەڵبەستەدا کوردی باسی سات و کاتی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و جۆرە جۆش و خرۆشیەکی دەداتە بەر کە خوێنەر هەست بکات لەنێویدا مەست و سەرخۆشە و نقومی کەیف و سەفای کۆبوونەوەکە بووە ئەو کاتەی دەڵێت:

**فرصەتە یاران شەوێکە و ئەمشەوە سا وەرنەوە**
**بێنە جۆش، دەرچن لەطەوری پیسی دونیای حوققەباز**

**دەستی (بار) و گەردنی قەڕڕابە لێوی جامی مەی کوردی**
**فیش و تەرلك بگری دەوری دیدەکانی میثلی باز**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٥٨]
کوردی باســی ئەو کۆڕە و بەزم و ڕەزم و گۆرانی و موزیك و ســەما و کەیفخۆشی ئەوانەی ئامادەی ئەو کۆڕەن دەکات، لەبەرانبەریدا ئارامبوونەوە و خاڵی بوونی دڵ و دەروون لە ژەهر و تاڵاوی خەم و خەفەت و ئازار و ناخۆشــی، مەبەســت لە (شــەوێکە و ئەمشــەو) ئەوەیە ((لەشــەوە ڕەش و ناخۆشەکانی ژیاندا، شەوێکی خۆش و شادی و بە ئارەزوو گەیشتن هەیە و ئەویش ئەمشـــەوە، بەهۆی ئەو کۆڕە خۆشـــەوە کەیــار و یــارانی تیــا کۆبووینەتەوە چاومان بە دیمەنی جوانی هونەرمەندانەی ســـەمای کوردانە ڕووناك بکەینەوەو، بیســتنی گۆرانی و مۆسـیقای کوردییانەوە زەمینە قرچ هەڵهاتووی دڵ و دەروونمان تەڕ و پاراو بکەینەوە)) [کوردی: ٢٠١٠: ١٩٥]، کوردی لەم هەڵبەســتەدا و تایبەت لەم دوو دێڕەدا بەهیچ شـێوەیەك ئاماژەی بە وشەی گەنج یان لاو نەکردووە، بەڵام بەشیکردنەوەی تەواوی هەڵبەستەکە ودەرهێنانی وشـــە و واتاکانی، دەزانرێت کە کوردی باســـی کاتێك دەکات لەڕابردوودا و وردتریش لەســـەردەمی گەنجی خۆیدا، لەبەرئەوەی کوردی لە قۆناغی دوای گەنجی ئاوارەی ئێران بووە لە ســلێمانی ئامادەگی نەبووە، لەلایەکی تریش لەنێو کوردەواری و کۆمەڵگەی ئێمەدا زیــاتر گەنجــان ســـەرقــاڵی بەزم و ڕەزمی کۆڕ و کۆبوونەوە و گۆرانی و موزیکن، کە ئەمەش ئاماژەیەکی تەواوە کە کوردی باسـی سـەردمی گەنجی خۆی دەکات لەم هەڵبەســـتەدا، لەبەرئەوەش دەتوانرێـت ئەم شـــیعرە بکرێتە بەڵگەی نۆستالۆژیبوونی ئەم دەقە لەلایەن کوردییەوە.

### 2-1-1-1-3- نۆستالۆژیای حەسرەت و خەمی پیری:

پیری قۆنـاغێك لەدوای هەردوو قۆنـاغی منداڵی و گەنجێتی، بە کۆمەڵێك خاسـیەت و نیشـانەوە هەر لەگەڵ دروسـتبوونی مرۆڤایەتی و گەشـەکردنی مانەوەی هەر کەسـێك ئاکامەکەی پیرییە و دواتر مەرگ و مردن، پیربوون ئەو قۆناغەیە هەر لەگەڵ هەستکردنی مرۆڤ بەژیان لێیدەترسێت و خەمی بۆ دەخوات، شاعیرانیش حەسرەتی ئەو پیرییە دایگرتوون و لەشیعرەکانیاندا گوزارشــتیان لێکردووە، چونکە هەندێك گۆڕانکاری لەڕووی جەســتەیی و دەروونییەوە بەســـەر مرۆڤـدا دێـت لەمـاوەی گەشـــەکردنـدا کە بەرەو باشـچوونێکی زۆری دەبات، بۆیە ئەوانیش قۆنـاغی لاوی بە بەهاری تەمەن و پیریش بە چوونەژوورەوە بۆ نـاو زســـتـانی ســـاردی پیری دەزانن، لەبەرئەوە هەر لەسەردەمی گەنجێتی دەبینین کە جۆرێك لەترس و دڵەڕاوکێ لەناوەڕۆکی شـــیعرەکاندا بەدی دەکرێت، بەئەندێشـــە و خەیاڵ دەربڕی ئەو

ترس و خەم و داخ و ژانە بوون و بیریان لێکردۆتەوە، واتە ئەوان هەستی نۆستالۆژیای خۆیان بەرەو داهاتوو ئاراستە دەکەن، ئەگەرچی قەدەری هەموو کەسێك نووسراوە لەوانەیە ئەو داهاتووەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە بەشێوازێکی تر نەخشەی بۆ کێشرابێت، کەواتە هەستکردن بە نۆستالۆژیا و بەدەستهێنانی ئارامیەکی دەروونی دەکرێت پیوەست بکرێت بەزەمەنی داهاتوو چونکە بەگشتی ((نۆستالژی چۆنایەتییەکی پتر بەسۆزە و هێندێکیش ئاوەزی تێدایە؛ هەم بەستراوەتەوە بەهەستی تاکەوە لەمەڕ ڕابردووەوە هەمیش بەستراوەتەوە بەجۆری ڕوانینی ئەو لەمەڕ دنیای بگۆڕ و ژیانی کاتی خۆیەوە لەنەبوونی دەروەستەیەکی هەنووکەیی و ئامانجیش لەداهاتوودا، دەشێ لەخەیاڵی ڕابردوودا بژیت)) [ئەحمەدی: ٢٠١٤: ١٣٧]، کەواتە هەندێ جار شاعیر هەموو جوانیەکانی ئێستا ڕەتدەکاتەوە و بەرەو داهاتوو ڕادەکات، ڕەنگە هەندێ جار بەهۆی ستەم و زوڵم یان بارودۆخی جیاوازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بێت، داهاتوویەك بەئامانجی ماڵێکی شاهانە بنیاد دەنێت، لەگەڵ ئەوەش ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە زۆربەی زۆری مرۆڤەکان تاڕادەیەکی زۆر بەترسەوە بیر لە پیربوون و مردن دەکەنەوە ((بۆیە پیری و بیرکردنەوە لەتەمەنی گەنجی و ڕۆژگاری پڕ لەسەختی و مووی سپی و هەڵکشانی تەمەن، یەکێکە لەبنەما دیار و بەرچاوەکانی نۆستالۆژیا و خەم و حەسرەتێکی گەورەی مرۆڤ)) [عەبدوڵلا: ٢٠١٥: ٢٣٤]،ئەو نیشانە و خاسیەتانەش لە شیعری شاعیرانی کلاسیک بەدیدەکرێت.

**1-3-1-1-1-2- نۆســــتـالۆژیــای حەســـــرەت و خەمی پیری لەشیعرەکانی نالیدا:**

حەسرەتی لەدەستدانی گەنجی و بێ ئومێدی لەبوونی مەنزلگا و مەسکەنێکی ئارام و پەشیمانی و گلەیی و ناڕەزایی لەدەوروزەمانە لەهەندێ لەشیعرەکانی نالی ڕەنگیان داوەتەوە، پیری و مردن ئەو دەردەی هەمیشە لەبیرو خەیاڵیدا وەکو پارچەیەکی گرنگی داینەمۆیەك وایە لەگەڵ بووونی هەر ڕۆحێک ڕۆحێکی تری پیری هەیە لەدوای تێپەڕبوونی ئێستادا، بۆ نموونە دەڵێت:

**بەقییەی عومری زایع گەر موورادت پێ تەدارەک بێ**
**حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقسانە**

[ نالی :١٣٨٩: ٤٩٢ ]

نـالی لەو دێڕەدا بە شـــێوەیەکی نـاڕاســــتەوخۆ ئـامـاژە بە پیربوونی و هەڵکشـــانی تەمەنی خۆی دەکات، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕینی (بە قییەی عومری زایع) دەزانرێت کە تەمەنی گەنجی لەلای نالی بەسـەرچووە و بۆ دوا وێســـتگەکانی تەمەنی هەنگـاودەنێت، لەبەرئەوەی هەر بەخۆی ئـامۆژگـاری خۆی دەکـات کە هەتـا ئەو تەمەنەی مـاویەتی فریـای خۆی بکەوێت تا لە کیســـی نەچووە، بۆ ئەوەی ڕوو لە مەککە بکات و لەوێدا لە خزمەتی مەرقەد و مەککەی پیرۆز ماڵئاوایی لە ژیان بکات، دیارە هەموو ئەو ئاماژەپێکردنانە لەلای نالی ئەوە دەردەخات کە پیری و قۆناغی دوای گەنجی کاریگەری بەسەریەوە هەبووە لە ژیانی ئاسایی و ئەدەبیدا، بەردەوام ئەو ترس و نیگەرانیە بەشێک بووە لە ژیان و گوزەرکردنی بە نێو دونیای پڕ لە جوانی و خەیاڵ و خۆشـــیەکانی، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر قۆناغی پیری وەك دێوەزمەیەك بووبێت بۆ مرۆڤ بەگشــتی و شـــا عیر و نووســـەران بەتاییەتی، بەڵام ســــەردەمێکی زۆر گرنگی هەموو مرۆڤێکە، لەبەرئەوەی لەم قۆنـاغەدا مرۆڤ کۆمەڵێ ئەزموونی جیـاوازی تێپەڕانـدووە، کە لە قۆناغێکی وەهادایە بەها وهەیبەت و کەســـایەتییەکی ئەوتۆی هەیە لە ناو خەڵکی شـــایەنی ڕێزگرتن و بایەخ پێدان بێت، هەروەها لە دێڕێکی تردا دەڵێت :

**سەوادی توڕڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان**
**بەیازی غوڕڕەیی ئەم ئینتیباهی سوجدەیــی پیر**

[ نالی : ١٣٨٩ : ٤٩٥]

نالی لەو دێڕە و  لە ڕێگەی وشەی (بەیاز) و ڕەنگی سپییەتی قژ ئاماژە بەسەردەمی پیری و پیربوونی خۆی دەکات چونکە (( سپێتی کە زیاتر مەبەسم سپێتی قژە خاسێتی چونە پێشەوەی تەمەنە و  و بەرەو پیری چونە)) [ قەرەداخی:٢٠٠٦: ٦٢]، کەواتە تەنها وشەیەک لە شیعری نالیدا دەبێتە بناغە بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانێکی ئەدەبی و دروستبوونی دیاردە جۆربەجۆرەکانی نۆستالۆژیا بەتایبەت لێرەدا ((سپێتی کە زیاتر مەبەست سپێتی قژە خاسیەتی چوونە پێشەوەی تەمەن و بەرەو پیری چوونە لە هەمانکاتدا دەرکەوتنی مووی سپی لەگەڵ خۆیدا مانای ژیری و بە ئاگایی وسەردەرچوون و ئەزموونداری و بوونی ویقارە))[قەرەداخی:٢٠٠٦:١٦]بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەدیوانی "نالی" چەندین شیعری هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەپیربوون و کەوتن و هاوار و ناڵەی پیری و وەسف و باس و نیشانە و خاسیەتەکانی دەکەن، جگە لەوانەی کە لە دیوی پشتەوەی دێڕەکە ئاماژەن بۆ ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی بسەلمێندرێت کە نالی هەتاکو کوێ شاعیرێکی نۆستالیژییە؟ وشیعرەکانی بەتەواوی دەکەونە ناو چوارچێوەی دەقی نۆستالۆژی؟ ئەمانەی سەرەوە وەڵمێکی دروستن بۆ ئەو پرسیارانە. . نموونەی چەند دێڕێکی تر بۆ ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا لەلای نالی:

**شەوی بـەهـاری جـوانـی خـەوێ بوو پـڕتـەشویر**
**لـە فـــەجـــری پایـزی پـیری بـەیانـی دا تـەعبیـر**

[ نالی : ١٣٨٩: ٢١٤ ]

**هەر چەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو**
**چونـکە ئەمەلـت زۆرە،چ عـومرێکی کەمـت بوو**

[ نالی : ١٣٨٩ : ٣٧٨]

**عومـرت نەفەسێکـی کە هەمـوو عالـەمی دێـنا**
**بـمرە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو**

[نالی : ١٣٨٩ : ٣٧٩]

مرۆڤ ئەوەندەی لە ژیانی دونیایدا بێت، تەواوی چرکەساتەکانی ژیانی، هەڵوەدای ئارەزووەکانییەتی، لەبەرئەوەش کە ئارەزووەکانی چەند بارتەقای تەمەنیەتی، کەواتا نە دەتوانێ بە تەواوی ئارەزووەکانی بگات، نە ماوەی ڕێپێدراوی تەمەنیشی بەشی گەیشتن بە ئارەزووەکانی دەکات، ئاخر مرۆڤ سروشتێکی چاوچنۆکی و چڵێسیشی هەیە، تا تەمەنی لە هەڵکشاندابێت، ڕێژەی ئارەزووەکانی زیاتر و زیاتر دەبێت. لێرەدا و بەتایبەتتر لە دێڕی دووەم، دێت خەم لەو نەفەسە کورتانەش دەخوات کە سەرفی دەرد و خەم و ناڕەحەتییەکانی ژیانی کردووە، سەرفی ئەو ئارەزووانەی کردووە و نەیتوانیوە بیانگاتێ، چون ئەو چرکەساتانەی دەکرا بە شتی دیکەوە سەرف بکرایە، وەک ئەوەی لەم بەشیی شیعرەکەی ئاماژەی پێکردووە(هەمـوو عالـەمی دێـنا).

**2-1-1-1-3-2- نۆستالۆژیای بۆ حەسـرەت و خەمی پیری لە شیعرەکانی سالمدا:**

سالمیش هاوشێوەی نالی خەمی هەڵکشانی تەمەن و کەوتنی بە بەرشەپۆلی بێ بەزەیی پیری و هەڵکەوتەکانی دایدەگرێت، بەتایبەتیش سـالم بەردەوام نەخۆش و لاواز و ناسـاغ بووە هەرلە سـەرەتای تەمەنی تا دوا قۆناغەکانی ژیانی، لەبەرئەوە لە شـیعرەکانیدا ناڕەزایی زۆری لەدەسـت عەشـق و مەعشـوقەکەی هەروەها ڕەوشـی کۆمەڵگا و حوکمڕانی و دەسـەڵات دەربڕیووە، کە بوونە هۆکاری سـەرەکی بەسـەرچوونی تەمەنی و پیربوونی و لەدەستدانی گەوهەری بەنرخی عومری، سالم دەڵێت:

**فەرەج بـۆ دڵ لە طالیـعمـا، چ کـەمبوو!**
**بە تەڵخی عومری شیرین صەرفی غەم بوو!**

[سـالم: ٢٠١٥: ٥٣٩]

سـالم نەك هەر لەم دێڕە بەڵکو لەچەندین شـیعری تردا بەردەوام گلەیی و ناڕەزایی لە چۆنیەتی ژیانکردن و بەڕێکردنی تەمەنی دەکات، کە هەمووی

نوقمی دەریای خەم و ئازار و ناخۆشــی بووە بەهۆکارە جیاوازەکانی ژیان، ســەرەڕای ئەوەی بەردەوام نەخۆش و نەســاغ بووە لەژیانیدا، بۆیە پێی وایە دڵخۆشــی و فەڕەحی کەم بووە لە طالیعی و هەموو عومری شــیرین هەتاکو پیری لە غەمخواردندا بەسەر بردووە.

سالم بەشێوەیەکی بەردەوام ئەگەر کەسێکی خێر لەخۆ نەدیوو و بەدبەخت یان نەخۆش و کەســاد بووە، بەڵام تیری عەشــق و دڵداری هەمیشــە دڵی پێکاوە و لەنێو دەریای عەشقی دڵدارەکەیدا نقوم بووە بەشێوەیەك دووچاری چەندین دەرد و بەڵای کردووە، کەچی ئەو دەســتی لێ بەرنادا و پەشــیمان نابێتەوە، ئینجا بێ گومانیشـە ئەم پێداگریەی بەرەو بیابانی تاریك و تەنهایی دەبیات و لەســایەیدا گەڵا گەڵا درەختی عومری دەوەرێت، ســالم لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

**ڕەهنـــــی کۆی دڵـــبــــەرم دوورە بە (ســـالــم) نـــاگــەمـــــە**
**مەقصەد لە پەروازی طلب دا گەر بە تیژی وەک کەبووتەر بم**
**قـــــەت تـــــەواو نـــــابـــــــــێ ئـــــــارەزووی یـــــــــــــارم**
**ئــــــــــاخــری عـــــــــومـــــرە ئـــــەوەلـــــــی کــــــــــــــارم**

[ســالم: ۱۹۷۲:
۸۰ - ۸۱]

ســالم ســوڕدەزانێت ئاســمانی ئەم عەشــقەی دوورە و بێ دەرد و بەڵا ڕزگــاری نــابێــت، ئەگەر وەکو کۆترێکی تیژڕەویش وابێــت لەفڕینـدا ئەم ئارەزووی عەشقەی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت، ئەگەرچی لەکۆتــایشـــــدا بەرەو چــاڵی تەنگی پیری دەبیـات و دەیفڕێنێـت، بەڵام ئەو لەکۆتایی عومریشـــدا یان لەقۆناغی پڕ شـــەکەتی و هیلاکەتیشـــدا هەر ئارەزووی یارەکەی دەکات، کەواتە خەم و حەســـرەتی پیری لای ســـالم لەدەســـتدانی دروســـتی باری دەروونی و جەســـتەی نییە و ناگاتە خەم و حەســرەتی لەدەســتدانی مەعشــوقەکەی، بەواتایەکی تر لەلای ســالم هەواو حەزی عەشــق لەتەرازووی ژیاندا قورســترە لە لاســەنگی ژیان و گیانی مرۆڤەکە خۆی، بە هەر جۆرێك بێت ئەم خەم و حەســرەتە لای ســالم لق و پۆپە دەکات، چەند لقێکی لەجۆرەکانی نۆســتالۆژیا دەئاڵێت و گرێ دەدرێت و دەبێتە حاڵەتێکی نۆستالۆژیایی کە سالم درکی پێ دەکات.

### 2-1-1-1-3-3- نۆســـتالۆژیای حەســـرەت و خەمی پیری لەشیعرەکانی کوردیدا:

ترسـان لە پیری و بەسـەرچوونی تەمەن خەمی قووڵ و گەورەی کوردی

بووە لەچەند  شیعرێکدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لەو ترسەی خۆی دەکات بەرامبەر بەپیری و مەرگ و مردن، زۆربەی جار شاعیران لە هەڵوێستێکی نەخوازراو ڕووداوێکی نەویستدا ئاواتخواز و حەسرەتی مەرگ و گیانگێشان دەکەن نەك گەیشتن بەو قۆناغەی تەمەن، کە پڕیەتی لەدەردەسەری و دەستکورتی و بێ توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ، لەبەر ئەوەش ((مردن بۆتە بابەت و پرسێکی گرنگ لای مستەفا بەگی کوردی، لەشیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، زیاتر وشەی (مەرگ)ی بەکارهێناوە وەك لەوشەی (مردن)، ئەمەش دەلالەتە بۆ خۆشەویستی، واتە وشەی مەرگ خۆویستیە، خۆت مەیلی مەرگ دەکەیت، بەڵام مردن خۆسەپێنەرە بەهۆی نائارامی و ناڕەزایی کوردی لەژیان و گوزەرانی خۆی" نەگەیشتنی بەئامانج و هیواکانی، گلەیی زۆری هەیە، بە بەردەوامی شکایەت دەکا، ئاواتە خوازی مەرگ و مردنە)) [سەعید: ٢٠١٧: ١٥٠]، سەرەڕای خەمی پیربوون کوردی ترسی مردنیش بووەتە مۆتەکەی ژیانی.

کوردی لە پارچە شیعری "چاوەکەم" ڕووی گلەیی و شەکوای لە یارەکەیەتی و لەهەڵس و کەوت و ڕەفتاری ناڕازییە و وەسفی بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی پیربوونی خۆی بۆ دەکات و دەڵێت:

**من لەبەر پیری قەدم خەم نەبووە گەر باوەڕدەکەی**<br>**قەد خەمیدەی فیرقەتی باڵای وەکو لاو لاوی تۆم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٤٣]

کوردی لەئاکامی زوڵم و ستەمی یار و بێ هیوایی مەعشوقەکەی، نیشانە و خاسیەتەکانی پیری لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە دەرکەوتون و کاریگەریان لەسەری دروستکردووە ، چونکە ئەو لەبەر پیری و گەورەیی پشتی نەچەماوەتەوە، بەڵکو لەدەست بێ ڕەحمی و بێ بەزەیی بەرامبەری بە قەد و باڵای لاو لاوەکەی پشتی چەماوەتەوە و توانای ڕاستبوونەوەی نییە، هەروەها مستەفا بەگی کوردی لەدێڕێکی تردا دیسانەوە پیر و پەککەوتەی دەستی یارەکەیەتی و عەشقی یارەکە بووەتە تیرێك لە دڵی کوردی دا گیر بووە و دەڵێت:

**جان، (پیر)ی کە هەر بۆتە،**<br>**تەن (پیری) لەدەستتۆیە**<br>**دڵ برسی دوو گۆیە، تیرێکە لە**<br>**پوستانت**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۸۰]

مەبەسـت لە (پیر)ی یەکەم گەورە و شـێخی تەریقەتە، (پیر)ی دووەمیش ئەو قۆناغەی تەمەنە کە سـەرجەمی مرۆڤەکان لەسـەرەتای هەسـتپێکردن بەژیان ترسـیان لێی هەیە، لێرەدا کوردی لەپشـتی تاکە وشـەیەك دوو مەبەست دەپێکێت وەکو لە کوردەواری دەگوترێت (بەگولەیەک دوو چۆلەکە دەکوژێت)، کوردیش لەم ڕێگەیەوە هەم یارەکەی بەگەورە و ڕابەری خۆی دەزانێت هەم خۆیشـی بەپیر دەزانێت بەهۆکـاری ڕەفتـار و کرداری یارەکەی، واتە وشـەی (پیر) و خاسـیەتەکانی لە هەردووکیاندا بوونی هەیە بەڵام هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز.

جگە لەو دێڕانەی سـەرەوە مسـتەفا بەگی کوردی لەچەندین شـوێنی دیوانەکەی بەڕێگەی جیاواز باس و خواسـی پیری دێنێتە گۆڕێ و پەردە لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی و لایەنە شاراوەکانی دەروونیدا هەڵدەداتەوە، بەم کارەشی ئەو ڕێگایەی ئێمە ئاسان دەکات بۆ گەیشتن بە دەقێکی نۆستالۆژی تەواو، چونکە ترس لە مەرگ و حەسـرەتی و خەم و دەردی پیری یەکێکە لەخاسیەت و نیشانەکی جۆری نۆستالۆژیای تاکەکەسی، هەروەها دەڵێت:

**شـیختنی بهجـرك والله**
**یاصـبی**
**رەحـمەت بـراله بـۆکەی و،**
**جەورت هەتـاکەی؟**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۲۵۵]

**تەرحـی چـوون ڕووبـایی پیـر و چـاوی**
**وەك هـی کویرەمـار**
**پرچـی کلکـی کەمتیـار و، لـۆچی لاچـاو**
**چـرچ و شـین**

[کوردی: ۲۰۱۰: ٤١٨]

### 4-1-1-1-2- نۆسـتالۆژیای خەم و حەسـرەت و دووری لەمەعشوق:

خۆشـەویسـتی هەڵچوونێکی سـۆزداری بەهێزە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر،

ئاکامی ئەو خۆشەویستیەش گەیشتنە بەدڵخۆشی و کامەرانی، سۆز و خۆشەویستی لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە و خاڵێکی گرنگی جیهانی مرۆڤەکانە و مانایەکی تایبەت بەژیان دەبەخشێت و کاریگەرییە ئەرێنی و جوانەکان بۆ سەر دڵ و دەروونی کەسەکان جێدەهێڵێت ((ئەو هەموو خۆشەویستیەش تەنها ئاماژە نییە بۆ مەعشوق، بەڵکو بۆ هەر شتێك و کەسێك کە مرۆڤ خۆشی بوێت بەرێگای جیاواز)) [روشنفکر و اسماعیلی: ١٣٩١: ٥٥]، خۆشەویستی دنیایەکی فراوان و بڵاوە تێیدا عەشق سەرچاوە دەگرێت، عەشق و خۆشەویستی دوو دوانەی لەیەکچووی دوو دایکن، یەکەمیان بۆ هەموو شتێکە کە دڵ خواستی دەکات و دەیەوێ بەدەستی بێنێ، دووەمیان تەنها بۆ شتێك یان کەسێکی دیاریکراوە، کە جیای دەکاتەوە لە هەموو کەسەکانی دەوروبەری، عەشق لەناخ و ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەقوڵێت و جۆش دەدات بەشێوەی گڕی ئاگر لەناو بورکانەکاندا، لە دڵی کەسی عاشق بەردەبێت و دەیکڕوزێنێتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرێنی بێت دەگەیەنێتە ئامانج و هەستکردن بەبوون و دڵخۆشی و سەرفرازییەکانی خۆی، خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی نەرێنی بوو ئاکامەکەی سوتان و خەم و ژان و یاخیبوون و بێ ئومێدی و ڕەشبینییە.

بابەتی عەشق و سوتان و خۆشەویستی، بابەتێکە ئەوەی پێی دەگوترێت شاعیر پێداتێپەڕ بووە و بووە بەمەبەستێکی شیعری کە شاعیران زۆربەیان ڕێچکەی شیعری خۆیان لەم بابەتەدا دۆزیوەتەوە، ئەگەرچی هەر شاعیرێك بەشێوازی جیاواز دەڕوانێتە بابەتەکە و بڕیاری لەسەر دەدات ئەوەتا مەولانا ڕۆمی دەڵێت: ((ئەگەر ئەم ئاسمانە عاشق نەبووایە، سینەی ساماڵ نەدەبوو، ئەگەر خۆریش شەیدا نەبووایە، لە جوانییەکەیدا ڕووناکی نەدەبوو، زەوی و شاخ ئەگەر عاشق نەبوونایە لە ناخی هیچ کامیاندا گیایەك نەدەڕوا، ئەگەر دەریا ئاگای لەعەشق نەبووایە دواجار لەجێیەکدا ئۆقرەی دەگرت)) [مەنمی: ٢٠١٨: ؟]،مەولانا عەشق دەکاتە بناغەی دروستبوون و دڵخۆشبوون و جوانبوونی هەموو شتەکان، واتە سەرچاوەی ڕووناکی و جوانی و بوونی هەرچی شتە دەگەڕێتەوە بۆ عەشق و خۆشەویستی، هەندێ شاعیری تریش بەپێچەوانەوەوە دەڕواننە عەشق بەتایبەت ئەوانەی لەم مەسەلەیەدا دۆش داماون یان کەوتوون و توانای هەستانەوەیان بەهیچ شێوەیەك نەبووە،دەکەونە حاڵەتی ڕەشبینی و دیووی ناشرینی عەشق بەزەقی دەبینن.

ئینجا دووری لە عەشق و مەحبووب بابەتێکی نۆستالۆژیە، لەجۆری نۆستالۆژیای تاکە کەسی ((لەم جۆرەی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو

(نۆستالۆژیا) شاعیر یان نووسەر هەست بەداخ و پەژارەیەکی زۆر دەکات لە دووری خۆشەویستەکەی یان ڕۆژگارە پڕ کەیف خۆشەکان، سەرەڕای چەندین ساڵ هێشتا ئەو یادەوەریانەی بەبیر دێتەوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانە، هەندێك جار لەشیعری چەند شاعیرێکدا ئەم خۆشەویست و مەحبوبە سوفیا و ئاسمانییە)) [کامیاب؛ محمدی: ١٣٩٥: ١٢١]، شاعیر لەم هەستەیدا ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ سەردەمی عاشقبوون و نزیکبوونی لەیار و خۆشەویستەکەی بەجۆرێك ئەگەر عەشقەکە لێوان لێویش بوو بێت لەخەم و ئازار و ژان، ئەو لەم گەڕانەوەیدا چێژی لێ وەردەگرێت و دونیایەکی تر بۆخۆی دەخولقێنێت بەشیعر و پەیڤی پڕاوپڕ لە جوانی و حەسرەت و تاسە و شەوق و ئارەزوو.

### 2-1-1-1-4-1- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەت و دووری لە مەعشوق لە شیعرەکانی نالیدا:

نالی لەسەرەتای دیوانەکەیدا هەتاکو کۆتایی عیشق بابەتێکی سەرەکییە لەنێو وشە و واتا و دێڕەکاندا،عەشق لای نالی مەجازییە ، چونکە وەکو ئاشکرایە عەشقە مەجازیەکەی نالی زیاتر لەوەهم و خەیاڵ نزیکە وەك ئەوەی کە ڕاستی بێت، لەبەرئەوەی هەتاکو ئێستاش ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر هەبوونی (حەبیبە) یارەکەی نالی لەئارادا هەیە و یەك لانەبۆتەوە. دیوانەکەی نالی شاکارێکی مەزنی عەشق و خۆشەویستییە، ماناکانی (خۆشەویستی و دۆست و یار... هتد) هەموو کون و کەلەبەرێکی دیوانەکەی پڕ کردۆتەوە، ئەمە جگەلەوەی هەندێ وشە هەیە واتای شاراوە دەدەن بەدەستەوە ((شیعر بەلای نالییەوە مانای دیار و ئاشکرای هەیە، هەروەها مانای نهێنی و شاراوەشی هەیە، ئەمە دەبێ کە بەخەیاڵی شیعر تۆمار دەکرێ ئەو خەیاڵە دەبێ مەجازی تێدا بێ، واتە وشەیەك لەجێی ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهێنرێ، بەڵام دەبێ پێوەندییەك بەمانا بنچینەییەکە بیانبەستێتەوە... ئەمەیە نهێنی شیعر... کەس لەم نهێنییە نەگەیشتووە نالی نەبێ)) [خەزنەدار: ١٩٨١: ١٢٧]، واتە بە وردبوونەوە و تێڕامان لەهەر وشەیەکی نالی دەیدات بەدەستەوە کۆمەڵێك مانا و دەلالەتی جیاواز دەبەخشێ و چەند ئامانجێك دەپێکن، هەر دێڕێکی نوقمی کۆمەڵێ ڕەمز و نیشانەیە.

ئینجا لەبابەت سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دوور نەکەوینەوە و بگەڕێینەوە سەر عاشق بووونی نالی و دوورکەوتنەوەکانی لە عەشقەکەی، ئەگەر نالی تامی عەشقی چەشتبێت و بەناویدا گوزەری کردبێت، حەتمەن تامی دوور کەوتنەوە و دابڕانی چەشتووە و حەسرەتی گەڕانەوەی کردووە بۆ ئەو

ڕۆژانە وەکو لە هەندێك لەشـــیعرەکانیدا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**لە دووری تۆیە ئەی خورشـــیدی پڕ**
**تەو بەخشـــــــی شـــــەو گەردان**
**کە ((نالی)) وا لەحاڵاتی میحاقی ماهی**
**نەودایە...**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٥]

نالی لە دواندنی کەسی بەرامبەر کە دڵدارەکەیەتی باسی بێزاری و ئازار و نیگەرانیەکانی خۆی دەکات، ئەویش بەبەکارهێنانی وشـــەی (میحاق) کە بەواتای کزی و لاوازی و تاریکی دێت، نالی دەقێکی تەواو نۆســـتالۆژی بەرهەم هێناوە، چونکە بەهۆی دووری لە عەشـق یان یارەکەی هاوشـێوەی حاڵەتی میحاق کەوتۆتە باری کزی و لاوازی و بێ هێز و توانایی، ئەمە لەوکاتەی (خورشـــیدی پڕتەو)ی لێ دوورە و نایبینێ کە ســـەرچاوەی ڕووناکی و بەخشـینی هێز و توانایە بە مرۆڤ، بۆیە لێرەدا شـاعیر لەناخی خۆیدا هەست بەخەم و دڵتەنگی و تاسە و چاوەڕوانی دەکات کە لە ئەنجامی ئەو دووریەوە دروست بووە، کەواتە (نالی)یش وەکو هەر کەسێکی ئاسایی لەدووری مەعشـــوقەکەی خەم دایدەگرێت و ئارەزووی زوو بەکۆتاهاتنی ئەو دووریە دەکات کە ئەوەش جۆرێکە لەجۆرەکانی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، لەلایەکی تر نالی لەدووری یارەکەی خۆی وەکو یەکێك لەئەهلی دۆزەخ هەژمار دەکات و ژیانی خۆی بە دۆزەخ دەشـــوبهێنێت لەئەنجامی دووری لەعەشقەکەی، دەڵێت:

**دوور لەتۆ مەپرسە، قوربان**
**حاڵی نالی کە نەمرد و نەژیا**

[نالی: ١٣٨٩: ١٢٤]

واتە لەدووری تۆ ئەی یار ژیانی من لەدۆزەخدایە و وەکو ئەوانم لێ هاتووە لە دۆزەخی دووریدا نالی ئەو دووریەی ئەوەندە بۆ ســـەختە کە بە دۆزەخی دەچوێنێت، کەواتە دووری مەعشـــوق لای نالی هێندەی ســـوتان بەئازار و پڕ ژانە((لێرەدا نالی لە ڕێگەی ئەم جۆرە شـــیعرە کە وێنەیەکی ســـۆزداری و خۆشـــەویســـتی بەرجەســـتە دەکات ،نالی لەم دەرچەیەوە گوزارشـــت لە پێوســـتییە عاتیفی و دەروونییەکانی خۆی دەکات، لێرەدا بە

تەنگ لایەنی دەروونییەوەیە))[مەلازادە :٣٩٢:٢٠١٦]، کەواتە نالی خاوەن هەست و سۆزێکی بەگوڕ و تین، بەردەوام لەشیعرەکانیدا ئاماژە گەلێك هەن ئیشارەت بۆ عەشق و خۆشەویستی و جوانی دەکەن، لەگەڵیشدا دووری و دابڕان گوشارێکی زۆری خستۆتەسەر دید و خەیاڵ و ئەندێشەی، بەجۆرێك لەناخەوە دەیهەژێنێ و هەست بەو کزی و لاوازی و بێ دەسەڵاتییەی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوەش لەچەند دێڕێکی شیعرەکانی ئەو دووری و جیابوونەوەیە بەخەیاڵ کۆتایی پێ دێنێت و نالی دەگات بە مەحبووبی دڵی و دونیا بەئەندازەی جوانی ناخی نالی و جوانی مەعشوقەکەی جوان و ڕازاوە دەبێت، ڕۆژی تاریکی لێ ڕووناک دەبێت و خۆری خورشیدی لێ هەڵدێت، نالی لەم چەند دێڕەدا دەڵێت:

**(دڵ) شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، خەرەقی بوو**
**مەکسوری ڕقی بەو دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو**

[نالی: ١٣٨٩: ٣٨٥]

**دڵ کەوا هەم قاسیە و هەم عاصییە، دوورە لەتۆ**
**مونزەجیر نابێ، کە حوبیی تۆ لەقاصی دانیە**

]

نالی: ١٣٨٩: ٥٩٤]

**دوور لەتۆ هێندەی بێ ئارام و بێ حاڵ کەوتووە**
**ئەی مەسیمای عەصر! لەو نێوانە دەرمانی دەوێ**

[نالی: ١٣٨٩: ٧٠٨]

### 2-4-1-1-1-2- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە مەعشوق لەشیعرەکانی سالمدا:

دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یار بابەتی سەرەکی شیعری زۆربەی زۆری شاعیرانە، دەردێکی بێ دەوایە، ژەهرێکی کوشندەیە کە ئازارەکەی هێواش هێواش دڵی عاشق لەت لەت دەکات، سالم ئەو شاعیرەی لەزۆربەی شیعرەکانیدا لەهیجرەت دایە و ناگات بە ویساڵ، ویساڵی ئەو روخسار و چاو و دەم و لێوی یارە، ژوان و دیداری یارە، ویساڵی دڵی یارە، سالم لەدیوانەکەیدا لەچەندین شوێن حەسرەت و داخ بۆ باوەشی یار هەڵدەکێشێت،

هەوڵــدەدات لەم واقیـعەی تێـیـدا دەژی کە پڕاو پڕە لەنەهـامەتـی و چەرمەســـەریەکانی ژیان ڕابکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمانەی مەعشـــوق سەرچاوەی یەکەمی ژیانی ئەو بوو، تاکە ئیلهامی شیعرەکانی بوو، کە ئێستا حاڵ و ژیانی لەســـایەی فیراقدا وەکو ژیانی دۆزەخیان وایە، ســـالم لەدێرە شــیعرێکدا هەســتی پڕ حەســرەتی گەیشــتن بەیار و کۆتا هاتن بەو دابڕانە دەبینرێت کە دەڵێت:

**دەزانی**
**چـــۆنە**
**ئەحـوالـم**
**لەهیجرە**
**ت**
**وەکـــــو**
**تەشـنەم**
**لەنـــــاو**
**بەحـــری**
**زەقوومـا**
**لەپیریش**
**دا**
**عەروس**
**ی یــادی**
**وەصـلت**
**بـیـروون**
**نـــــایە**
**لەپەردە**
**ی**
**ئـارەزوو**
**مــــــا**

[سالم: ۱۹۷۲: ۳۳]

ســـالم ڕووی دەمی لەیار دەکات و ئەحواڵی خۆی بۆ باس دەکات کە لەچ تـاڵاوێکی نێوان ژیـان و مـان دایە بە هۆکـاری دووری لە یـار، کە تێنووی ئـاوی زەقوومە ئەگەرچی خۆی لەنـاو بەحری زەقوومـدایە، ســـــالم هەر

لەئێستادا شەوق و تاسەی حەسرەتی دیداری مەعشوق ناکات بەڵکو ئەو لەپیریشدا یادی وەسڵ و گەیشتن لەبیر و هۆش و خەیاڵی دا ناچێتەدەرەوە، دێرە شیعرێکی دیکەی سالم ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سالم عەشقی مەعشوقەکەی وەکو پڕوشکی ئاگر بڵێسە دەکات لەدڵ و دەروونیدا و بەردەوام لەزیکر و یادی مەعشوقەدایە، بەردەوام نزا و پاڕانەوەی لەکردگاربۆ گەیشتن و بە کۆتاهاتنی فیراق دایە، دەڵێت:

**لەبی**
**تەشنەم**
**خەریکی**
**زیکری**
**تۆیە**
**هەتا**
**ڕووحم**
**لەتەن دا**
**دێتە سەر**
**لەب**
**طەلەب**
**ناکەم**
**لەقاپی**
**کردگارا**
**بەغەیرەز**
**وەصلی**
**دولبەر**
**هیچ مطلب**

[سالم: ١٩٧٢: ٤٣]

سالم بەردەوام لێوی تێنوی یادی ناوی یارە، هەتا ئەوکاتەی ڕووحی لەجەستەی جیا دەبێتەوە، بەردەوام دوعا و داوای پەروەردگار گەیشتنیەتی بە مەعشوق و یارەکەی، کەواتە سالم بە دروستکردنی چەند وێنەیەکی دڵدارانەی جوان و تێکەڵکردنی بەچەند دیمەنێکی واقیعی دەقێکی پڕاوپڕ لەحەسرەت و تاسەی بینین و گەیشتنی بەیار و لێوان لێو لە رەمز و هێمای نۆستالۆژی بەرهەم هێناوە.

### 3-4-1-1-1-2- نۆستالۆژیای دووری له مەعشوق لەشیعرەکانی کوردیدا:

کوردی یەکێکە لەو شـاعیرە کلاسـیکیانەی کە عەشـق و خۆشـەویستی بابەتی هەرە گرنگ و سەرەکی شیعرەکانیەتی، عەشق لای کوردی ڕۆحی دووەمی جەستە شەکەت و ماندووەکەیەتی، ئەو عەشقەش سەرەتا عەشقێکی مەجازییە و دواتر لەگەڵ هەڵکشـانی تەمەن و بەسـەرچوونی و تێپەڕبوونی بە تاقی کردنەوە جیاوازەکانی ژیان ئەو عەشـقە زیاتر قووڵ دەبێتەوە بۆ عەشـقی حەقیقی، کە لێوان لێوە لە تێگەیشـتنی عرفانی و دەرکەوتنی نهێنی پڕ لە ڕەمز و هێما شـاراوەکان و پەیبردن بە بوونی تاك و تەنهایی خودا و (علم الغیب)ەکەی، بەڵام لێرەدا ئێمە ئەو شـیعرانە نیشـاندەکەین کە ئاراستەکەی بەرەو عەشـقی مەجازییە و باس و خواسـی کەسـێکە، ئینجا یارەکەی بێت یان سـالمی شـاعیر و ئەوانی تر ((چارەنووسـی دڵداری (عیشقی) شاعیر و مەبەستی هونەر لەداهێناندا وەك بەرهەم لەوەدایە دڵدار و یاری نەگەنە یەکتری، هەمیشـە لەیەکترییەوە دوور بن زۆربەی شـیعری مسـتەفا بەگی کوردی خەریکی دوورییە، لەهەندێ بەرهەمیدا ئەم ئامانجەی شـاعیر لەبەرچاوە، ئەگینا سـیفەتی دوورییە، گشـتی لەدڵداری ناو شـیعر دووربوون و دوورکەوتنەوەیە لەیەکتری)) [خەزنەدار: ٢٠٠٣: ١٨٤]، واتە لەلای کوردی دووری و دووربوون لە مەعشوق مەبەستێکە لەناو مەبەستی شیعری دڵداری، لەبەر ئەوەشـە بەشـی زۆری دیوانەکەی باسـی جودایی و دابڕان و دوورکەوتنەوەیە لەمەعشوق، کوردی دەڵێت:

**لەژێر باری غەما واشانی صەبرم ڕیشیە ئێستاکە**

**فیراقی یار، لەبەر ئاخر شەڕی لێم بووەتە سەرباریٚ**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٣٧]

کوردی نوقمی دەریای خەم و دەردی دووری مەعشوقە و شـانی سەبری بریندار و زامدارە ئێستا، دووری یارەکەی بووەتە کۆڵێکی گران بەسەرشان و کۆڵیەوە، دوورکەوتنەوە لە مەعشوق بۆ هەموو کەسێك خەم و بەدبەختی و ئازار و نەهامەتیە بەڵام لای کوردی جگە لەوانە ئارامی لێبڕاوە و توانای بەرگە گرتنی ئەو فیراقەی نەماوە، لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

**(ناخودا)ی عاشق، سەفینەی عەشقەکەی**

**(ئەمــــــــــــــــارە) بــــــێ؟**
**(مارە)ە، کەشـــتی کون ئەکا، تاغەرقی کاو،**
**ڕزگـــــــــــــار ئەبـــــــــێ**
**نـاخرێتە ڕیزی عوشـــشــــاقـان و خـانەی**
**عەشـــــــــــــــــــــــــقەوە**
**تــاوەکـو (هـیجری) بەهـیجران و خەفەت**
**دووچــــــــــــــار نەبـــــــــێ**

[کوردی: ٢٠١٠: ١١٨]

هەموو وشـــەکانی (هیجر، هیجران، هیجری، وەســڵ، فیراق، گەیشــتن، ویســاڵ...هتد) لەشــیعری کلاســیکی کوردیدا ئاماژەن بۆ دەردی دابڕان و جودایی عاشـق لەمەعشـوق یان شـاعیر لە مەحبووبەکەی، ئەمە جگەلەوەی کە کوردی نــازنــاوی (هیجری) بۆخۆی هەڵبژاردووە بەشــــێکی زۆری شــیعرەکانی پڕاوپڕن لەم وشـــەو دەســـتەواژانەی پەیوەســـتن بە دووری و دابڕان، کوردی لەشـیعری ئەو "ســەرەســەر بۆچییە" کە باســی عەشـق و خۆشـــەویســتییە و نقوم بوونیەتی لەو دەریایەدا، کە لەدێڕی یەکەمدا باســـی نەفس و هەوا و حەزی مرۆڤە بۆ دنیا و ژیان و پێچەوانەکەشــــی هەوا و حەز و هەســـتی خواناســـی و خواپەرســـتییە، کوردی پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە و ئەو عەشــقە حەقیقیەی بەعەشـــقی ڕاســـتەقینەی دڵ و دەروونی دادەنێت، بەڵام دێڕی دووەم عـاشـــق بوون دەکـاتە مەرجێك بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان دەڵێن عاشـــق ئەویش ئەوەیە هەتاکو ئەوان وەکو (کوردی) تامی تاڵاوی دەردی دووری و دابڕان و جیابوونەوە نەکەن ناچنە ڕیزی عاشـــقان و پێیان ناگوترێت عاشـــق، لەبەرئەوەی کوردی ئەوەندە سەختی و نەهامەتی دەردی دووری کێشا و حەسرەتی بەگەیشتن و وسیاڵی یارەکەی بووەتە هۆکاری ژیانی تا ئەو ڕادەی لەشـــیعری "ناوی عاشـــق" دەڵێت خۆزگە عەشق و خۆشەویستی لەدونیادا بوونی نەبووایە:

**ناوی عەشق**

**ناوی عــەشـق، هـــەرگـیز لەو دونــیادا نەبووبا، کـــاشــکــــی**
**(تۆ)ی لـــە بـــــۆ دەرمـــانـــی چاو، نەبـــووایــە پەیدا، کاشـــکی**

**هـــەر لـــە ئەووەڵ، (قـورقـوشـم) بكرايـــە**
**چەشـــمەی مەنبەعـی**
**ريــشەيــی (گيا)شـــــی، كە نـــەڕوايە لە (صەحرا)،**
**كـــاشـــكی**
**كـــەس لە (ڕەويە)ی عـــــەشـق و ڕێگەی عاشقی**
**(موخەبير) نييە**
**شـێـــــت و شــــەيـدا تر بـــبوايــە؛ (زولەيـــخا)**
**كـــاشـــكــــی**
**(حـــاڵ)ی (صەرف)، خۆ، لەڕێــی عەشقا،**
**ئــــەبووغەيــرەز ستــەم**
**عومری، (صەرف)ی (بـوت) دەكرد، لەجيـــاتــی (لەيلا)**
**كاشـــكـــی**
**(عـــەشـــق)؛ ئـــەگــەر؛ (ئەصل)ە، (دل)؛ مايەی**
**فەساد و فيتنەيە**
**ڕيـــشـــەكـــەی، بايە، لـــەسـينەم، بـــــــە(مـــەودا)**
**كـــاشكــــی**
**(دڵ) لــــە (سيـــنــــــــەم)دا نـەمــاوە، (چـــاو)؛**
**گرفــتاری دەكـــا**
**كــــوێـرو نـــابــينا بــوومـايە ،ئــــەی خودايـــــــا!!،**
**كـــاشكـــی**
**(كوردی)!!، ئەو وەختەی كە؛ زانيت: (چاو) و (دڵ)**
**دوشمی بەتۆن**
**خــــۆت (كەنار) گــرتــايــە تا؛ نــــەبووايـــــی**
**ڕيــــسواكاشـــكی**

[كوردی: ٢٠١٠: ١٩٧]

كەواتە بوونی هەموو ئەو دەقە شـــيعريانە دەبنە بەڵگە بۆ بوونی دیاردەی نۆستالۆژیا لە جۆری نۆستالۆژیای تاكەكەسـی و نۆستالۆژیای دووری لە مەعشـــوق لەشـــیعرەكـانی كوردیـدا، لەبەرئەوەی لەم دەقـانەدا كوردی بەحەسرەت و تاسە و شەوقەوە باسی ئارەزووی دیدار و گەیشتن بەیارەكەی و كۆتاهێنان بەو دووری و دابڕانە دەكات.

**-5-1-1-1-2 نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لەخزم و کەس و کار و دۆست و ئازیزان:**

دووری بە دەلالەتە جیاوازەکانی (فیراق، دابڕان، جیابوونەوە، جێهێشتن... هتد) کۆتا دیدارێکی بەئازارە بۆ ئەو کەســـەی بەو ئەزموونە تێپەڕدەبێت، ئینجا ئەو دووریە بۆ هەریەکێك بێت لەخۆشەویست و کەس وکاروئازیزان، ئەوجێگـایـانەی کە پڕبوون لە دۆســــت و هـاوڕێ و ئـازیزان و بۆنی خۆشــەویســتی و وەفاکانیان لەگەڵ نەبوونی ئەوان جێگاکانیش نامێنن وەکو جێگایەکی وێرانە دەمێننەوە، لەگەڵ هەستکردن بە غەریبی و چەشتنی تامی تاڵی غوربەت دەروونی کەسەکان دووچاری بیرکردنەوە دەکەن، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە نە چارەسەرە ونە ئامانج، ئەگەرچی لەلای نووسەر و شاعیر دەبێتە کردەیەکی داهێنـانی فکری و گۆڕانە فکریەکـان، ئەو ســـەختی و چەرمەســەرییەی مرۆڤ بەهۆی دووریەوە دەیبینێت یان هەستی پێ دەکات تەنها بە کۆتاییەکەی سەخت و چەرمەسەر بەکۆتا دێت، بەڵام لەلای شاعیر بەجوانکاری و وردەکارییەوە خەریك دەبێ و ئەدەبێك دەخولقێنێت ((شـاعیر هەر دەبێت ســەرەتا بەکۆمەکی یادەوەری ئاماژەکانی دەرەوە بڕوانێت، هەتا جوولە و ڕەوتی خۆی بگۆڕێت بەئاراســـتەی پێچەوانەی ئەوەی لە یادگەدا ئـامادەی هەیە.... جـارێك شـــیعر بەگەرووی دەروون ئـاوازەکـانی خۆی دەچڕێـت و جـارێـك دەروون بەگەرووی شـــیعر خۆی داوێتە نـاو گەمە زمانەوانییەکانی شـــیعرەوە)) [عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ٧٧]، لێرەوە شـــاعیر لەگەڵ کەسێکی ئاسایی جیادەبێتەوە، شاعیر بە تاکڕەوی خۆی لەنێو بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان گوزەر دەکات و بەتێڕوانینی خۆی هاوکێشـــەکانی ژیان شیکار دەکات.

دووری لە خزم و کەس و کار و خۆشەویستان، هەوێنی شیعری زۆربەی شـــاعیرانی کلاســـیکە، لەبەرئەوەی هۆکارەکانی دابڕان لەکەس و کار و دۆســـت و ئازیزان لەو ســـەردەمەدا زیاتر بووە، بەهۆکاری ســـیاســـی و ئـابووری فیکری و کۆمەڵایەتی شـــــاعیران لەشـــوێنی خۆیـان دوور خراونەتەوە، ئەو شـــوێنەی تـاکە مەڵبەنـدی ژیـان و لەدایـك بوون و گەورەبوونیان بووە لەنێوەندی ئازیزانیان، وەکو ئاشـــکرایە ئەو زەمەنەش زەمەنی تەکنەلۆژیا و عەولەمە نەبووە تاکو ماوەی دابڕان و جیابوونەوەکە

کورت بکاتەوە و ئاسانکاریان بۆ بکات، لەبەر ئەوە ئەوان نوقمی بیرەوەری و غوربەت و لەدەستدان و هەستی گریان و ژان و ئازار و زام بوون، هەموو ئەوانەش بووە بە بەشێك لەناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی.

### 1-5-1-1-1-2- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی دووری لە خزم و کەس و کار و دۆست و ئازیزان لەشیعرەکانی نالیدا:

بەپێی توێژینەوە ئەدەبیە جیاوازەکان و سەرچاوە ڕەسەنەکان، هەندێک لە ئێمە شارەزا و ئاگاداری ژیان و سەربوردەی (نالی)ین هەر لەسەرەتای لەدایك بوونی و گەورەبوونی و جێهێشتنی شار و وڵات، دیارە کە وەکو دەگوترێت کە نالی بەهۆکاری سیاسی و ناڕەزایی لە حوکمداریەتی سلێمانی شار جێدەهێڵێت و تاراوگە بۆ ژیانی ئەدەبی و ئەبەدی هەڵدەبژێرێت، ئەو ژیانەش کە سەرچاوەی سەرەکی و گرنگی هەستکردنی (نالی)یە بە نیشانە و دەلالەتەکانی (نۆستالۆژیا)، دوورکەوتنەوە لەزێدی باوك و باپیران و دابڕان لە خزم و کەس و کار و ئازیزان جۆرێکە لەجۆرەکانی نۆستالۆژیای تاکە کەسی و نۆستالۆژیا بەگشتی، سەرچاوەی داهێنان و خەلقکردنیشە ((ئەگەر مەنفا بۆ داهێنەر وەکو مرۆڤێکی ئاسایی نەگەتیڤ بێت، ئەوە وەکو نوسەرێك لەبەرهەمهێنانی تێکستدا پۆزەتیڤە، ئەدەبی مەنفا Exileteratur چ لای ئێمە و چ لەدەرەوەی خۆیاندا ڕاکردن نەبوو لەشوێن بەڵکو خۆ دەربازکردن بووە لەدەسەڵاتێك، کە بەقەدەر زەمان، دەستی بەسەر شوێنیشدا گرتووە)) [ئەمین: ٢٠٠٨: ٣٠]، هەروەکو نالی غوربەتی کردووە بە تاکە مەڵبەندی داهێنانەکانی، دوورنەکەوینەوە چامە بەناوبانگەکەی هەر لەگەڵ یەکەم وشە و نیوەدێڕەکەی هەستی غەریبی غوربەت و حەسرەت و گەڕانەوە داخ و پەژارە هەتاکو کۆتایی قەسیدەکەی داپۆشیووە، هەر دێڕێکی بۆنی غەریبی و بیر کردنی خزم و کەس و کار و شار و وڵات و هەموو ئەو پەیوەندی و بارودۆخانەی پەیوەندی بە مەسکەن و مەفتەنەوە هەیە لێ دێت، ئەمە جگە لەو شیعرانەی بەدەر لەچامەکەی باسی دووری و دابڕان و جیابوونەوە لەکەس و کار و خۆشەویستانن، بۆ نموونە لەو دێرەدا دەڵێت:

**بە کوێری دوور لە (نووری) مایەوە "نالی" لەمێ، یارەب! دووری**
**فیووزی تۆزی ڕێگەی کەحلی چاوی ئەشکباری**

بێ!

[نالی: ١٣٨٩: ٥٤٣]

نالی لە دووری ئەو زۆر گریاوە هەتاکو ئاوی چاوی نەماوە و کوێر بووە، دوعا دەکات ئەو تۆزەی بیابانی مەککە بکات بە چاوی پڕ لەفرمێسک بەشکە ڕووناک ببێتەوە، مەبەستی ئەوەیە ئەو لەتاو دووری کوێربووە و دونیای ڕووناکی لێ تاریك بووە بەڵکو ئەو تۆزی بیابانە کە مەبەستی شادبوونەوەیە بە ئازیزانی ببێ بەکل و چاوی چاك ببێتەوە، لەتەفسیر کردنی ئەو دێرە لێکۆڵەری دیوانی نالی (مودەڕڕیس) دەڵێت: ((بەبۆچوونی ئێمە لەوە ئەچێ نالی ئەم پارچە شیعرەی بۆ دۆستێکی تازە پێگەیشتووی خۆی وتبێ کە بەفەرمانڕەوایی دوورکەوتبێتەوە بۆ قەڵاییێك، چونکە لەپارچە شیعرەکەدا ناوی (قەلعە) و (بورج) و (قوللە) هەیە و، بەمانەوە بە (مەجلیس) و (راو) و (سواری)یشدا لەوە ئەچێ ئەو دۆستە شیعر بۆ وتراوەیەکی بووبێ لە میرانی بابان)) [نالی: ١٣٨٩: ٥٤٤]، کەواتە سەرچاوەی نووسینی ئەو شیعرە هۆکاری دوورکەوتنەوە و دابڕانیەتی لە دۆستێکی خۆی کە لەوانەیە ئەویش میرێك بووبێ لە میرەکانی بابان، بۆیە هەر لەو شیعرەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجیبورووومی!**
**وەی قوللەیی دووریکە دەڵێی قامەتی عووجی!**
**وەك قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تەرەققی...**
**وەك بورجی سەما لایقی ئیقبال و عوووجی!**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٤٤]

دیارە ئەم چەند دێڕە لەچواردەوری باسی ئەو دۆستەی نالی دەخولێتەوە، کە بەشانازی کردن بە پلە بەرزی و شکۆمەندی و پایە بەرزی وەکو کێوی قاف و بورجی ئەستێرەکانی ئاسمان دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دێنێت، ئەمە جگە لەوەی باسی زەحمەتی و زەبری دووری ئەو هاوڕێ و عەزیزەی دەکات کە ماوەیێکی زۆرە لێی دوورکەوتۆتەوە، نالی هەر لەچامەکەیدا کە بۆ "سالم"ی شاعیر و هاوڕێی دەنێرێت، کە چەندین پرسیاری دەربارەی سلێمانی و خانەقا و شارەزوور و مزگەوت و فەقێیان دەکات، بۆ نموونە

لێرەدا دەڵێت:

**ئەو غاری یارە ئێســـتە پڕ ئەغیارە، یا نەخــۆ**
**هــەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار وموور؟**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٠٥]

لەم دێڕەدا نالی هەم پرسیار دەربارەی حوجرەکەی دەکات و هەمیش دەیەوێ هەواڵی هاوڕێ و فەقێکانی بزانێت، کە دووری ئەوان و سەربوردە و یادەوەریەکانیان بووە بەتیرێك و دڵی پێ شەق کراوە، دەڵێ ئەو حوجرەیەی من وەکو ئەشکەوتی سەور بوو بۆ خۆم و هاوڕێکانم ئێستاش هەر دۆست و هاوڕێی تێدایە یان بووەتە جێگای مار و زیندەوەر و شتی ترسناك.

کەواتە ئەم بیرەوەریە شیرینانەی نالی کە لە سلێمانی و ناو دۆست و ئەحباب هەیبووە بۆ ئەو ئێستا سۆزی غەریبی هەڵدەستێت و بیر و هۆشی بەرەو ئاراستەی غوربەت و غەریبایەتی دەبات، ئەگەرچی بۆچوونی جیاوازیش لەئارادا هەیە "نەجات حەمید" دەڵێت: ((شار لەناخ و گەوهەر و بیرکردنەوەی نالیدا خۆشەویستی و ژیانی نواندووە و نۆستالیژیای ئەو تەنها بۆ چێژ و خۆشی و کامەرانی و پەیوەندییەکانی نێو شارە، نەك کەس و کار و خۆشەویستی و منداڵی و دەسەڵاتدارانی بابان)) [حەمید: ٢٠٠٩: ١٤]، واتە هەست و سۆزی نالی تەنها بۆ شوێنە یان بۆ سلێمانی نەك بۆ ئەوانەی لەو شوێنەدا بوون و ژیاون، بەڵام بەڕاوبۆچوونی ئێمە نالی ناوی کۆمەڵێك شوێنی ڕێز کردووە وەکو (شارەزوور، شیوەسور، سەرچنار، بەکرەجۆ، داری پیرمە سوور، شێخ هەباس، کانی با .... هتد) بۆ هەر شوێنێك یادگاریەکی تۆمار کردووە و ئەو شوێنەش جێگا و مەنزڵی دۆست و خزم و کاری بووە، لەبەرئەوەش ناوی ئەو شوێنانەی بردووە ((کەواتە سلێمانی بۆ نالی تەنیا شوێنێکی دڵبەر و خۆش و جێی یادگاریەکانی نییە، بەڵکو خەڵکەکەشی ئومێدی شاعیرن، خەڵکێکی زیرەك و بیرکەرەوە و خوێندەوار و ئەهلی زانستن)) [پیرۆت: ٢٠١٧: ١٣٥] بۆ نموونە کە دەڵێ:

**ئــەهـلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن**
**هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور**

[
نا

لی: ١٣٨٩: ١٩٣]

دواتر "نەجات حەمید" دەڵێت: ((پرسیاری لە "رەفیقاتی سەربەسەر کردووە" واتە ئەو هاوڕێیانەی خۆی کە لە خانەقا و کۆشکەکەی پێکەوە ژیاون و پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان بەیەکەوە هەبووە)) [حەمید: ٢٠٠٩: ١٤]، کەوابێ لە چامەکەی و لەچەندین دێری شیعری تریشدا خەم و حەسرەتی خزم و کەس و کار و دۆست و هاوڕێکانی دایدەگرێت و ئەو هەستە نۆستالۆژیای بۆ دروست دەبێت کە ئارەزووی گەڕانەوە بکات بۆ لایان.

### 2-1-1-1-5-2- نۆستالۆژیای خەم و دووری لە خزم و کەس و کار و دۆست و ئازیزان لەشیعرەکانی سالمدا:

سالمیش هاوشێوەی نالی بە هۆکاری سیاسی و بەهۆی ڕوخانی میرنشینی بابان و داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە ئاوارە و دەربەدەری وڵاتان بووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری جیابوونەوەی لە کەس و کار و ئازیزانی، کە ئەم دابڕانەش هەندێك جار بووەتە هەوێنی بەرهەم هێنانی چەندین وێنەی جیاجیای دابڕان و دەستبەردان بە هەموو ئازارەکانیەوە، لەبەرئەوەی غەریبی و ژیانکردن لە تاراوگە تەنها دیوێکی شادی و خۆشبەختییە، دیوەکەی تریشی لە ئازار و غەریبی و بێ کەسی و بێ سۆز و بێ بەزەیی دەوروبەر نقوم بووە، ئینجا هەموو ئەو ئازارەی بەهۆکاری دووری چەشتویەتی هەوڵدەدات لەژێر چەتری نۆستالۆژیادا بڕەوێنێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو و خەم و حەسرەتی دووری دامرکێنێتەوە، بۆیە لێرەدا دەڵێت:

**ئەی ڕەفیقی کۆن لەکوێن ساوەك**
**حەسار دەورم بدەن**

**بێ جڵەو سـوارم وەرن سـەیرکەن لەبـارگـیـری قضـا**

[سالم: ١٩٧٢: ٣٧]

بەکـارهێنـانی دەسـتەواژەی "ڕەفیقی کۆن" و قوڵبوونەوە بەمـانـای دەستەواژەکە ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ئێستا لەحاڵەتێکی نەخوازراوی وەهادایە، کە هاوار بۆ ڕەفیقانی کۆنی بەرێت، لێرە ئەگەر سـەرنج بدەین لەوردبینی و وردەکاری شـیعرەکە لەبەرچی سـالم نەیگوت ڕەفیقان وەرن فریام بکەون؟ بۆچی ڕەفیقانی کۆن؟ دیارە کە هەموو کەسـێك لە هەموو کاتێکدا بارودۆخ و ژینگە و دەوروبەرەکەی بەراوردەکات بەوانەی ڕابردوو ئەنجامی بەراوردەکەش بۆ ئێسـتا نەرێنییە و بۆ ڕابردوو ئەرێنییە، کەواتە لێرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە هەموو حاڵەتەکاندا گرنگ و بەهای ڕابردووی لەلا زیاترە وەك لەئێسـتا، سـالمیش ڕەفیقانی کۆن دەکاتە فریادڕەس و رزگارکەری نەك ڕەفیقانی ئێستای.

سالم لەدێرە شیعرێکی ڕەشبینی تردا سۆزی دەروونی گڕ دەگرێت و کڵپە دەستێنێت لەدووری پشت و پەنا و سێبەری ژیانی کە باوکیەتی، بێ ئومێدی و بێ هیوایی دەسـتبەرداری ژیانی نابێت لەئەنجامی دووری و دابڕان لە باوك و برایانی، بۆ نموونە دەڵێت:

**وا موقیمی سـەری کۆنە وەکو خـاکـی قەدەمـت**
**"سـالم"ی غەمزەدە مەحرورومە لەئـیـخـوان وپـودەر**

[سالم: ٢٠١٥: ٣٥٢]

سالم دوورە لە نیشتمان و مەنزڵی کۆنی، دوورە لەکەس و کار و دۆست و خۆشەویستانی دوورە لە مەعشوق، سالم دەڵێت منی غەمبار و خەمناك مەحروومم و بێ بەشم لە سۆزی باوکم و براکانم بێ کەس و غەریب لێرە بەتەنیام، بەڵام مەنزڵ و ماڵی یار دەبنە سـەبر و ئارامی بۆ دڵ و دەروونم، واتە سـالم مەعشـوقەکەی دەکاتە جێگرەوەیەك بۆ لەدەسـتدانی یان دووری لەباوك و براکانی، لێرەوە لەڕێگەی دەقەکەوە لایەنی دەروونی سـالم دەردەکەوێت کە دوور لە کەس و کـاری لە چ بـاروودۆخێکی خراپـدایە

لەبەرئەوەی بەپێی قوتبخانە دەروونیەکان ((کاری ئەدەبی وەک نیشانەیەکی نەخۆشی نوسەرەکە/هونەرمەندەکە تەماشا دەکرێت،کە بە هۆیەوە لایەنە دەروونیەکانی نوسەرەکە دەردەکەوێت،کە نوسەرەکە بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت لە ڕێگەی نەستیەوە لە هێما شیعرییەکانی دەقەکەیدا چنیویەتی هەر ئەم بۆچوونەشە بووەتە هۆی ئەوەی کاری ئەدەبیی وەک فەنتازییایەک تەماشا بکرێت))[عەلی؛عەزیز :٢٠١١:١٧٦-١٧٧]، کەوابێ سالم ئەم دووریە تەنگی پێ هەڵچنیوە و بەشێوەیەك دڵتەنگ و بێ چارەیە لەدووری ئازیزانی کە ئەوکاتەی بەخەیاڵ و ئەندێشە ورد و بیرە جوانەکانی یادی ئەو ئازیزانە دەکاتەوە لەهەمان کاتیشدا ڕووە ئاراستەی باوەشی نۆستالۆژیا هەنگاو دەنێت.

**3-5-1-1-1-2- نۆستالۆژیای حەسرەت و دووری لەئازیزان لەشیعرەکانی کوردیدا:**

کوردی بەشێك لە شیعرەکانی پەیوەست کردووە بەفیراق و دابڕانی دۆست و ئازیزان یان بەشێوەیەك دەکەوێتە حاڵەتی بێ هۆشی و مەستی بەرانبەر لەدەستدانیان، هۆکاری ئەو دووری و دابڕانەی کوردی دیارە دوورکەوتنەوەیە لە مەسکەن و وڵاتی خۆی و ئاوارە بوونی وڵاتان، بەهۆکاری ڕوخانی میرنشینی بابان و دەسەڵات و حوکمڕانی عوسمانیەکان، کوردیش وەکو نالی و سالم ئامادەیی خۆ بەدەستەودانی نەبووە و بەرگەی زوڵم و جەوری سوڵتانی عوسمانی نەگرتووە و پەڕاگەندەی وڵاتی ئێران بووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری دابڕانی لە دۆستی و کەس و کار و ئازیزانی، بەپلەی یەکەم "سالم"ی شاعیر و ئامۆزای کە لە چەندین شیعردا ئاماژەی پێ کردووە و چەندین نامەی شیعریان گۆڕیوەتەوە، ئەمە جگەلەوەی لەچەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئاماژە بە دوورکەوتنەوە و دابڕانی لە ئەحمەدا پاشای بابان دەکات و جگە لە چامە بەناوبانگەکەی "زەمانی فیرقەتی یارانە" کە لە سێ بەش پێك هاتووە و سەرلەبەری بۆ فیراق و دابڕانی لە ئەحمەد پاشا و دار و دەستەکەی تەرخان کردووە، لەچامەی

یەکەمدا دەڵێت:

**زڕەی زنجیری دڵ**
**پەیوەستی عەرشە**
**لەدووری ڕوویی**
**دڵدارانەئەمشەو**
**زڕەی زنجیر و کۆتی دڵ کە**
**هەڵسێ**
**نیشانەی کۆچی شا و یارانە**
**ئەمشەو**
**عەجائب نامرێ (کوردی)**
**ڕەفیقان**
**کە وەختی ڕیحلەت و هیجرانە**
**ئەمشەو**

[ ▪ کوردی: ۲۰۱۰: ۵۲۱ ]

هەموو دەستەواژەکانی (دووری ڕوویی دڵداران، کۆچی شا، ریحلەت و هیجران) ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کوردی ئەو چامەیەی بە بۆنەی دوورکەوتنەوەی لە ئەحمەد پاشای بابان و دار و دەستەکەی نووسیوە، کە بۆ کوردی وەکو قوفڵ و زنجیرێك کراوەتە دەست و قاچی و تێیدا کۆت و بەند بووە، لەبەرئەوەی دووری ئەو ئازیزە لەلای ئەوەندە سەخت و بەئازارە

وەکو ئەوەیە لەدوای ئەو ژیانی هاوشـــێوەی بەندیەك بێت و ئازادی و سەربەخۆیی لێ زەوت کرابێت، هەروەها لەچامەی دووەمدا دەڵێت:

**زەمـانی فیرقەتی یـارانە**
**ئەمشـــــــــــــەو**
**ئوفوولی زوهرەیی بـابـانە**
**ئەمشـــــــــــــەو**
**بڵێســـەی ئاگری شـــەوقی**
**دەروونـــــــــــم**
**وەکو دۆزەخ ســـزای طۆفانە**
**ئەمشـــــــــــــەو**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۵۲۵]

هەروەها لەچامەی سێیەمدا دەڵێت:

**حەریری زەرد و ســووری ڕەنگ**
**و ئەشـــــــــکــــم**
**خەتای کاروانی غەمبارانە ئەمشـــەو**
**حەیات و مەرگ و، وەصڵ و هیجر**
**جـــــــــووتـــــــن**
**دەڵێی بوحران بێســـارانە ئەمشـــەو**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۵۳۰]

کوردی لەتــاو دووری ئەحمەد پــاشـــــا ڕەنگی وەکو ڕەنگی زەردی ئاوریشـمی لێهاتووە و غەمبارە، حەیات و وەسـڵ بەرانبەر یەك و هیجر و مەرگ وەکو دوو تــایەکی تەرازوو دادەنێـت، هۆکـاری ژیـانکردن و بەردەوامبوون گەیشـــتنە بەئـازیزان و بەپێچەوانەوەش هیجر و فیراق و دابڕان کۆتایی پێهاتن ومردنە، ئینجا ئەو مردنەش مەرج نییە بە کۆچکردنی یەکجارەکی بێت، بەڵکو پەشـێوی و غەمباری و حەسـرەت و تاسـەی دیدار وادەکات تەنها هەناســـەدان ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکات، ئەگەر نا ژیان کۆتـایی هـاتووە، کوردی جگە لەو چامانە چەندین پارچە شـــیعری هەیە لەدووری خزم و کەس و ئازیزان، یان ئەو نامە شـــیعریانەی بۆ (ســـالم)ی نـــاردووە لەتــاراوگەدا کە هەمــووی پــڕن لە هەســـــت و ســــۆزی دیداروبەیەکگەیشـتن وتێیدا گوزارشـت لە ئەشـك و ئازار و خەمی دەردی

جودایی دەکات، کە لە دڵ و دەروونیەوە هەڵدەقوڵێت و دەبێتە دەقێکی لێوان لێوی نۆستالۆژی، لەبەرئەوەی بەشەوق و تاسەوە حەسرەت بۆ ڕۆژانی بەیەکەوە بوون و سەربوردە و یادەوەریە پڕ لە خۆشی و کەیف و سەفاکان دەکێشێت وبە خەیاڵ، بۆ زەمانی پێشووتر دەگەڕێتەوە.

### 2-1-1-1-6- نۆستالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشتمان:

نیشتمان وشەیەکی سادە و مانایەکی قووڵ، نیشتمان ناسنامە و پێناسی هەموو تاکێکە، سەرچاوەی سەرەکی گوزەران و خۆشبەختی مرۆڤ بوونی نیشتمانێکە تێیدا بەئازادی و بەئارامی بژیت، هەڵگری کۆمەڵێك بیرو ئایدۆلۆژیای جیاوازی کۆمەڵ و نەتەوە و خەڵکە کە لە پێکهاتەکەیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت: ((وشەی نیشتمان چ وەك چەمك و چ وەك مەدلوولێکی فەرهەنگی یەکجار دەوڵەمەند و فرە ڕەهەندە، لەدنیای ئەدەب و هونەردا، جاخۆ ئەگەر شاعیر و هونەرمەندەکە لەپلەی داهێنەر بن، ئەوا واتای نیشتمان چەند بار بەرگی ئەو فەرهەنگە ئەستوورتر و فراوانتر دەکات و دەروازەی زۆر و والا بۆ تەوەر وهۆبە و بەندی تازە دەخاتە سەرپشت)) [شەوڕۆ: ٢٠١٣: ٤٩]، سەرچاوەی ئیلهامی داهێنانی هەر هونەر و ژانرێکی ئەدەبی نیشتمانە بەپلەی یەکەم بۆ داهێنەر، چونکە نیشتمان تەژییە لەسۆز و خۆشەویستی کەس و کار و ئازیزان و جوانیەکانیان دەگوترێت ((سودی نیشتمان بۆ نووسەر و داهێنەران چییە، کە ئەوان نەتوانن داهێنانی تێدا بەرپا بکەن و هەردەم گەردەنیان لەژێر ڕەحمەتی شمشێری میر غەزەبەکانی وڵاتدا بێ؟)) [حەسەن: ٢٠٠٨: ٤٣]، زۆربەی جار شاعیر و نووسەر لە خاك و وڵاتی خۆیان بزرن و وەکو کەسانێکی ئاسایی دەردەکەون، واتە لەدوای تاراوگە و مەنفی بوونیان بەرهەمەکانیان تێکەڵ بەهەستی سۆز و خۆشەویستی و حەسرەتی نیشتمان دەکەن.

خەم و غوربەت و دووری نیشتمان حاڵەتێکی دەروونییە بۆ ئەو کەسەی لەتاراوگەدا دەژی، کە بە بارێکی ناخۆش و تەنگ و غەریبی دا تێپەڕدەبێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە بگەڕێتەوە زێدی خۆی، گەڕانەوە بۆ نیشتمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە کە هیچ کەسێك ناتوانێت لێ بپەڕێتەوە، ئەگەر لەحاڵەتێکی زۆرباشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیش دابێت، مرۆڤ لەو ساتەوەی هەست بەژیان و بە بوونی خۆی دەکات لەناخەوە هەست بەخۆشەویستی نیشتمان دەکات و پێیەوە دەلکێت، گەڕانەوە بۆ نیشتمان بۆ کەسێك کە دڵ و دەروونی پڕاوپڕە لەسۆز و خۆشەویستی خاك

و نیشـــتمانی دایك، بارێکی دەروونی پۆزەتیڤە، لەبەرئەوەی بەگەڕانەوەی ئەو هەرچی خەم و دڵتەنگی و ژان و ئـازاری ئـاوەرەییە دەڕەوێتەوە و نامێنێت، بەڵام ((لێرەوە ئەگەر بەرزترین سـتایشـکردنی تاراوگەکراو بۆ نیشـتمانی دایك، بۆ نیشـتمانێك کە زمانی زەگماك و خەونی گەورەبوون و یەکەمین پێ بەخشـیوە، لە گەڕانەوەدا بەرجەسـتە ببێـت، ئەوا هیچ گەڕانەوەیەکی تاراوگە کراو بەبێ سـتایشـکردنی نیشـتمانی دووەم، ئەو نیشتمانەی زمانێکی دیکە و یادەوەری و عەشقەکانی تری پێبەخشیووە مانای نابێت)) [سـیوەیلی: ٢٠٠٢: ١٥٥]، بەو واتایەی نیشـتمانی دووەم بۆ کەسـی تـاراوگەکراو دەبێتە مەلبەنـدی بیرکردنەوە و حەسـرەتی گەڕانەوە بۆ نیشـتمانی یەکەم، ئەگەر نیشـتمانی یەکەم نیشـتمانی کەس و کار و حەز و خولیا و خەون و ئومێد بێت، ئەوا نیشـتمانی دووەم شـوێنی ئارام و مانەوە دەبێت.

سـەبارەت بە نووسـەر و شـاعیرانیش هەر هەمان تێڕوانین و بۆچوونە، زۆربەی جار شـاعیران لەنیشـتمانی خۆیاندا ئەوەندە ناپرژێنە سـەر جوانیەکانی ناو نیشـتمان بە کلتور و داب و نەریت و بارودۆخە جیاوازە هەمەڕەنگەکان، تاکو ئەو کاتەی هانا بۆ نیشـتمانی دووەم دەبەن ئەوکاتە دەبنە داهێنەر (مبدع) و ئەسـپی خۆیـان لەو بوارەدا تـاو دەدەن، لەوێوە بەرهەمگەلێك دەخولقێنن بەهەموو بابەتەکانیەوە بەرەو سۆز و خۆشەویستی نیشتمان ئاڕاستەی دەکەن، بۆ هەر دێڕێک چەندین شوێن و شار و دێ یان دیاردە و کلتور ئاوێتەی گریان وفرمێسـك و ئەشـك ڕشـتن و سـۆز و لاواندنەوە دەبێت، بۆ ئەمەش لەئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردیدا نموونەی زۆر هەن کە بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانیان ڕاسـتەوخۆ لەوە تێدەگەین کە نووسـەر لە ژێر چ فشـارێکی دەروونی و چەرمەسـەری ئاوارەییدا ئەو بەرهەمەی خولقاندووە.

## 2-1-1-1-6-1- نۆسـتالۆژیای خەم و دووری و غوربەتی نیشـتمان لەشـیعرەکانی نالیدا:

نالی هەر نووسینی شیعر بەزمانی کوردی بەڵگەی ئەوە دەداتە دەست کە تا چ ڕادەیەك ڕەگی شەوق و خۆشەویستی نیشتمان لەدڵیدا داکوتراوە، بگرە بەشـاعیرێکی ناسـیۆنالیزمیش دادەنرێت و شـانازی بەکوردبوونی خۆی دەکات ((ئەوانەی کە ئینکاری شیعری نیشـتمانی نالی دەکەن جۆرە ستەمێ لەشـاعیر دەکەن، چونکە تەنیا نووسـینی شـیعر بەکوردی بۆ نالی بەسـە کە

زمان و میللەت و نیشتمانەکەی خۆشدەوێ، شاعیر رێچکەی بەفارسی و عەرەبی نووسینی شکاندووە و شانازی بەخۆی و زمانەکەی کردووە)) [شوان: ٢٠١٢: ٢٩٠]، بابەتی نیشتمان و نەتەوە لەلای نالی ئەرکێکی پەیامداری وەرگرتووە، سەبارەت بەمەسەلەی نۆستالۆژیا و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان بۆ نیشتمان و زێدی باب و باپیران، تەنها چامەکەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم"بەسە بۆ ئەوەی دان بەوە دابنرێت کە نالی شاعیرێك بووە چووەتە ژێرباری حەزەکانی نۆستالۆژیا، ((نالی بەو قەصیدە نایاب و گران مایەی کە لەشامەوە بۆ سالمی شاعیر و هاوڕێی نووسیوە، توانیویەتی تۆوی بیر و هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری لەسەردەمی قەیران و داگیرکاریدا لە هۆش و هەستی گەلەکەیدا بچێنێت)) [حمەئەمین: ٢٠١٤: ٤٩]. ئەو چامەیەی نالی پڕاوپڕن لەبیرەوەری و یادکردنەوەی ناوچە و شار و دێ و کونج و کەلەبەری نیشتمان، نالی لەناوهێنانی هەر شوێنێك سۆز و میحببەتێك دروست دەکات گوێ ناداتە ئەوەی ئەو شوێنە سەوزاییە یان بیابان، ئاوەدانە یان چۆڵ، بەشێوەیەك هەست و شەوق و حەنینی خۆی دەردەبڕێت و تێکەڵی دەکات، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی چەندین ساڵی لەم شوێنە بەڕێکردووە و چەند شتگەلێکی زۆری لێوە فێر بووە،(( لێرەدا کاتێ نالی تەنیایە ئەوا پاڵنەری بەرگەنەگرتنی تەنیایی فشار دەخاتە سەر نالی و بەمەش نالی لە ڕێگەی میکانیزمی خەیاڵکردن و گوزارشت کردن لە حاڵەتە دەروونیەکەی خۆی لە ڕێگەی شیعرەوە لەم تەنیاییە خۆی ڕزگار دەکات))[مەلازادە ٢٠١٦:٤١٦]لەبەرئەوە سۆزی دەجولێ، کاتێك دەڵێت:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)!**

[نالی: ١٣٨٩: ١٨٤]

زێد؛ بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی تاک، نالیش وەک مرۆڤێکی خاوەن شعور و تێگەیشتنێکی باڵا لە بابەتە، ئەو کاتەی دووری لە نیشتمان؛وەک هەورێکی ڕەش خۆی لە دەروونی دەئاڵێنێ، دێت و(با)ی سروشت بەرجەستە دەکات، وەک پەیامنێرێک تێیدەگەیەنێت پێویستە بە وردی سەرنج بداتە دیمەنی گەورە و بچوکەکانی سروشتی کوردستان، رێبواری سیوەیلی دەڵێت:((لەدێری یەکەمی ئەم قەسیدەوە، نالی ستراتیژی بیرەکەی دادەڕێژێ ئەو لاری لەسیفەتی سروشتیەکانی (با) نییە، بەڵام ناشیەوێ لێمان بشارێتەوە

که بای خەیاڵە شیعرەکەی لە (با)ی سروشت جیاوازە، پرسینەوە و هەست و سۆزەکانی نالی گەرم و گوڕن، بای سروشتیش ناتوانێ ئەم گەرم و گوڕیە بەرێتەوە بۆ نیشتمانی نالی...)) [سیوەیلی: ٢٠٠١: ٥٠]، نالی (با)ی سروشت بەرجەستە دەکات، لەڕێگەی بەکەسکردنەوە رۆح وەبەر (با)دا دەهێنێت، بەشێوازێك ئەو (با)یەی کە خەیاڵی شیعریەکەی زۆر جیاوازە لەو (با)یەی سروشت، نالی دەیەوێ لەڕێگەی (با)وە ئاگاداری هەواڵی دارو بەردی نیشتمان بێت، بەشێوازێك ڕێنوێنی دەکات وەکو ڕێبەرێك قۆناغ بە قۆناغی چۆنیەتی داخلبوونی بەدەروازەی شار بۆ شی دەکاتەوە، دەڵێت:

**وەك ئـــاهەکەم دەوان بە هەتا خـاکی کـــۆی یار**

**وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسوور)** [

نالی: ١٣٨٩: ١٨٧]

نـالی و نیشـــتمـان دوو ڕەگەزی ئـاوێتەی یەکترن، نـالی لەنـاو ئەو بیرەوەریانەدا دەژی کە لەنیشـــتمان تۆماری کردبوون، ئەو بە گەڕانەوەی دەیەوێت ئەم بیرەوەریانە زیندووە بکاتەوە، هەم گیانیش وەبەر نیشـــتمان دابهێنێت، ئەو گەڕانەوەیە تێکەڵی ئەو ئازار و ژان و حەسرەتانەی نیشتمان دەکات کاتێك لەغیابی (نالی)دا چەشـــتوویەتی و بە دوو ڕێگا گەڕانەوە دروســـت دەکات، یەکەمیان گەڕانەوە بەدڵ و دەروون و خەیاڵ بۆ ئەو بیرەوەریانە دووەم شەوق و پەرۆش و خۆشەویستی بۆ نیشتمان، دەڵێت:

**زارم وەکـــو هیـــلال و نەحیـــفم وەکـــو خـــــەیاڵ**

**ئایـــا دەکتـــەومە سەر زار و بەدڵدا دەکـــــەم خطور**

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**

**دڵ رەنـــگە بێ بەئـــاو و بە چـــاوا بکـــا عبـــوور**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٠٥ ـ ٢٠٥]

دووری لە نیشتمان، نالی تەواو هیلاک و لاواز و شپرزە کردووە، ترس لەوەی ئایە تۆبڵێی لەبیری خەڵکی بمێنێتەوە؟! یان تا هەتایە لەبیر دەچێتەوە و جارێکیتر ناوی نایەتە سەر زاران و

دەسڕدرێتەوە لە بیرەوەری خەڵکی، شاعیر وەک هەموو ئادەمیزادێک سۆز و یادی نیشتمان، لە دەرەوەی نیشتمان و سەردەمی ئاوارەییدا هەڵچووە،((ئەم بەیتانە، ئەگەرچی دەربڕی بەکوێرە ڕێ گەیشتنی ڕۆحی نالین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبڕی کوێرە ڕێ گەیشتنی بیرەوەرییەکانی مرۆڤی کوردن ئەو مرۆڤەی نزیك بەدوو سەدەیە لە دووڕیانی (کەوتنە سەرزار و بەدڵدا خوطور) کردندا هەمان پرسیاری نالی دووبارە دەکاتەوە:

**ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە**
**یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخیصوور؟))**

[سیوەیلی: ٢٠٠١: ٥٨]

واتە نالی هەم گوزارشت لەناخ و ڕۆحی خۆی دەکات، هەمیش وەکو شاعیرێکی خەمخۆر گرێی دڵ و دەروونی بۆ هەموو تاکێکی کوردی دەکاتەوە، کە ئەوانیش هەمان ئەو ئازار و ناڵەی نالی چەشتویەتی هەستی پێ دەکەن و لەگەڵیدا دەژین، لەم بوارەدا نالی شاعیرێك بوو لە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەوەی لە هەردوو دیوی لایەنەکە زۆر شارەزا بووە.

لەم چامەیەدا نالی ناوی چەند شوێنێکی ناسراو دەبات لەشار و گوند و گرد و کانی و ... هتد، بەمەش بەبۆچوونی ئێمە نالی لەپشتی ئەوەوە دوو مەبەستی هەبێت بۆ ئەو ناو بردنە، یەکەمیان: نالی وەکو شاعیرێکی نەتەوایەتی چۆن ویستویەتی هەر بەزمانی کوردی بنوسێت و بیکاتە زمانی نوسین و زمانێکی زیندوو، بەهەمان ڕەفتاری ئەوەی دەیەوێ ئەو شوێن و جێگایانەی کە ناوی بردوون، نەمریان پێ ببەخشێت و بەزیندوویی بیانهێڵێتەوە، ئەوەتا لەدوای چەند سەدە ئەو ناوانە هەر ئەوانەن کە ئێستا هەن و بەکاردێن، دووەمیان مەبەستی هەواڵ پرسین و ئاگادار بوونە لەبارودۆخ و گوزەرانی ئەو شوێنانەی کەناوی هێناون، لەگەڵ ئەوەش دەستکورتیەتی لەئاست گەیشتن بەو شوێنانەی کە پڕن لەیادگاری و بیرەوەری و لە یادگەی ئەودا تۆمار کراون، نالی دەڵێت:

**ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەیینی (سەرچنار)**
**ئاوێـــکـە پڕ لەنـــار و چـــنار و گوڵ و چـــنوور**

[نـالی: ١٣٨٩:
١٨٨]

**دەم وت دووچاوی خۆوە ئەگەر (بەکرەجۆ)ی ئەشك**
**نەبوایـــە تیژ و بێ سەمـــەر و گەرم و سوێر سوور**
**داخڵ نەبـــی بەعەنبەری سارایـــی (خاك و خۆڵ)**
**هەتـــــا نەکەی بەخاکـــی (سولەیمان) یـــا عوبور**

[ نالی: ١٣٨٩:
١٩٠]

**داخۆ دەروونی شـــەق نەبوو (پـــردی سەر شەقام)؟!**
**پیر و ئوفتـــادە تـــەن نەبـــووە (داری پیرمەســـوور)**
**ئێستەش بەبەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەبـــاس)،**
**یا بـــێ نەواو بەرگـــــە، گەڕاوە بـــۆ شەخسی عوور؟!**
**ئایـــا بـــە جەمـــع و دائیرەیـــەدەوری (کانـــی با)،**
**یاخـــۆ بووە بـــــە تەفریـــقەی شـــۆرش و نوشوور؟!**
**(سەیوان) نەزیری گونبەدی کەیوانــــە سەبـزو ساف،**
**یاخــــۆ بووە بەدائیـــــرەی ئەنجومەنـــــی قوبـــوور؟!**
**ئـــــێستەش مەکـــانی ئاسکـــەیە (کانی ئاسکان)،**
**یاخــــۆ بووە بە مەلعەبەیــــی گـــورگ و لـــوورە لوور؟**

[نـالی١٣٨٩::
١٩٤ ـ ١٩٥]

نالی تەواو پەیکەری چامەکەی لە کەســـایەتی و ڕووداو شـــوێن و کات، تەرخانکردووە بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵێك بیرەوەری و بەســـەرهات کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت بڕیار لەســـەر نۆســـتالۆژیبوونی ئەو چامەیە بدرێت، لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتای چامەکە نالی حەسرەت و ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ناوی هێناون و شەوق و پەرێشانی بینیانە، بەڵام ترسێکیش لەدەروونیدا دروست دەبێت کە بواری گەڕانەوەی نەدات، ئەمەش دیارە لەبەر هۆکاری نەمانی ئەحمەد پاشـــا لەدەســـەڵات و گومانی

تێکچوون و شـــلەژانی بارودۆخ و جێگە و مەکانی لە نیشـــتمان، دەکرێت بگوترێت تەنها بوونی ئەو چامەیە بەســـە بۆ ئەوەی بڵێین نـالی لەژێر دروشـــمەکانی نۆســـتالۆژیا دەقێکی جوان و بەرزی نۆســـتالۆژی بەرهەم هێناوە، ئەمە جگەلەو تاکانە یان دێرانەی تر کە بێ شـــك و گومان دەکەونە ژێر باری دیاردەی نۆستالۆژیا.

### 2-1-1-1-6-2- نۆســـتالۆژیای خەم و غوربەتی نیشتمان لەشیعرەکانی سالمدا:

سـالم بەهۆی ئەوەی پەراگەندەی وڵاتی ئێران و غوربەت بووە و هەستی غەریبی و بێ کەسی لەشیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمە جگەلەوەی هەستی نیشـــتمانپەروەری لەشـــیعرەکانیدا بەزەقی دەردەکەوێت، ســـالم دوای داگیرکردنی وڵات لەلایەن تورکەکان و کوژرانی چەندین هاوڕێ و بەدیل گیران و دوورخرانەوەی کەس و کار و میر و کەســـایەتییە ناودارەکان هەست بەنامۆبوونی خۆی دەکات لەنیشتمانی دایك، لەبەرئەوە بڕیار دەدات وڵات جێ بهێڵێت و ڕووبکاتە تاران، بۆیە لەم پارچە شیعرەدا دەڵێت:

**"الـوداع" ئەی مـوڵـکـی "بـــابـــان"، "الـــوداع"**
**"الوداع" ئەی جانی جانانا، "الـــــــــــوداع"**
**موســـتەعیـدم بۆ بیلادی ڕافـــــــیضـــــــی**
**"الوداع" ئەی ئەصلی ئیمان، "الـــــــــــوداع"**
**وەك ئەســـیری توکرمـان دەمـــــبەن بە زۆر**
**"الوداع" ئەی شاهی خۆبان، "الـــــــــــوداع"**
**دەشـــتی هیجرت تـارە وەك دەریـــــای قـــیـــــر**
**"الـوداع" ئەی مـیـهـری ڕەخشـــــان، "الـــوداع"**

[ســالم: ١٩٧٢: ٧٥]

سالم به وشەی "الوداع" دەست پێ دەکات، ئەو وشەیەی کە لەڕووی دەروونیەوە شی بکەینەوە هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی جیاوازی لێکدابڕان و دەستبەردان و جیابوونەوەیە، تەنها وشەکە خۆی ئەگەر سەیری کۆنتێکیستی وشەکە بکرێت دەزانرێت بکەر یان نووسەر لەچ بارودۆخێکی دەروونی ناتەواودا گوزەر دەکات، دووبارەکردنەوەی چەندجارەی وشەکە و بەکارهێنانی ناوی شوێن و کەسایەتی و سیفەتەکانیان سۆزی دەروونی خوێنەر جۆش دەدات، جا چ بگات بەنووسەر کە نوقمی دەریای واقیعەکە بووە، لەپاشان سالم لەم بڕیاردانەی پەشیمان دەبێتەوە چونکە بەرەو ڕووی کزی و بێ دەسەڵاتی و لاوازی زیاتری دەبات، چونکە لەلایەك دڵتەنگ و گوشراوی شارەکە شوێن و مەسکەن و جێگەی باوك و باپیرانە، لەلایەکی تریش چارەنووسێکی نادیار بەرەو هەڵدێری دەبات کە نازانرێت چییە و چۆنە؟ لەبەرئەوە ی تاراوگە نەبوو بە ئارامگەیەکی بەرجەستەکراو لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، بۆیە هەر زوو هەست بەبێزاری و غەمباری دەکات لەژیانی عەریبی ئێستایدا بۆیە دەڵێت:

**خۆزگە دەمزانی لەتارانێ نەجاتم کەی دەبێ؟!**
**کوێی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ؟!**
**طەیی ئەرضم بۆنەکا، ڕۆحی شاهی نەقشبەند**
**کەی بەپێی پڕ ئابڵەم وادی فیراقت طەی دەبێ؟!**

[سالم: ٢٠١٥: ٩٨٣]

سەرەتا کە سالم بڕیاری جێهێشتنی شاری دا لەتاو هەستکردن بەغەریبی لەوڵات و مەسکەنی خۆی چونکە دەسەڵات و حوکمڕانی عوسمانی ببون بەهۆکاری ئەو هەستە لەلای سالم و ئەویش ڕێگای غەریبی هەڵبژارد بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخەی تێیدایە، بەمەزەندەی ئەو تاراوگە دەبێتە نیشتمانی یەکەمی و جێگرەوەی نیشتمانی دایك، بەڵام مەزەندەکەی وادەرنەچوو، چونکە هەرزوو هەست بەبێزاری دەکات و دڵتەنگی دایدەگرێت، خۆزگە دەخوازێت کە لە تاران رزگاری بێت ئەم دەربەدەری

و ئاوارەییە کۆتایی پێ بێت، بۆیە هانا بۆ شـای نەقشـبەندی دەبات یارمەتی بدات و ئەو ڕێگا دوورەی بۆ نزیك بکاتەوە و بەزێدی خۆی شـاد بکاتەوە، ئەم تامەزرۆییەی سـالم دوای سـۆز و هەڵچوونێکی زۆر دێت بۆ نیشـتمان واتە بیرکردنی نیشـتمان و حەسـرەتی دووری لێی قوڵپ دەدات بەجۆرێك هانا بۆ کەسانی تر دەبات بۆ رزگارکردنی.

## 3-6-1-1-1-2- نۆسـتالۆژیای خەم و غوربەتی نیشتمان لەشیعرەکانی کوردیدا:

شـەوق و تاسـەی گەڕانەوە پانتاییێکی فراوانی هەیە لە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا بەگشـتی و شـیعرەکانی مسـتەفا بەگی کوردیدا بەتایبەتی، کوردی دوای ڕوخانی میرنشـینی بابان و دوورکەوتنەوەی "ئەحمەد پاشـا"ی بابان ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، شـتێکی ئاسـاییە کە کۆچکردوو لە تاراوگەدا حەسـرەت و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشـتمانی دایك بکات، چونکە دەبینین کە نیشـتمان تاکە مەنزڵێکە تا کۆتایی ژیان باوەش بۆ ڕۆڵەکانی دەکاتەوە و لە ئامێزیان دەگرێت، مرۆڤەکان بەگشـتی چەند خۆشـییەکانی تاراوگە لەدەوریدا باڵا بکەن و بەرزببنەوە لەئاکامدا دڵخۆشـی ناکەن و نابنە جێگرەوەی ئەو ئارامیەی لەنیشـتمانی دایکدا بوونی هەیە، لەدیوانی کوردی دا شـیعرێکی زۆری خەمی دووری و غەریبی و غوربەت و دوورە وڵاتی دەبنیدرێت، کە هەموویان هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرن کە لەئاستیدا بریندارە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شـیعرانەی پەیوەست بەغەریبی و غوربەت و دووری لەنیشتمان ئەو پارچە شیعرە دیاریدەکەین کە دەڵێت:

**شـۆری ئەمجارەم لە جۆری بەزمەکەی (شـیرین) نییە**
**نەوعی سـەودای کاکە مەم و یاشـەوقی (خاتوو زین) نییە**
**مەسـخەرەی دەهرەکە (بەندی هیجرەتە) دێوانەتان**
**والەبار و مەملەکەت بووم، خاکی ڕووی دونیام بەسەر**
**بۆیەکا ئێسـتاکە کارم: بێ لەگریە و شین نییە**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۹۰]

دیاره پێشتر شین و شیوەنی کوردی بۆ بەزمی عەشق و ئەڤین و دڵداری بووه، هەروەکو بەزمی داستانەکەی شیرین و فەرهاد و مەم و زین، بەڵام ئێستا جیاوازه ئەم بەزمه و مەسخەرەی زەمانه دەوری کوردی داوه و دەیهێنێت و دەیبات، ئەمەش بووەته هۆکاری ئاوارەیی و غوربەت و دابڕانی لەیار و مەملەکەتەکەی، بۆیه ئێستاکه بەردەوام شین و گریانیەتی بۆ ئەو ڕۆژانەی پێش ئێستا که بارودۆخی ژیانی بەم شێوەیه شێواو و نەگۆڕا بوو.

هەروەها له چامەیەکی تردا مستەفا بەگی کوردی حاڵ و پەرێشانی خۆی لەغەریبی و غوربەت دا دەردەبڕێت و ناخی دەروونی پاك دەکاتەوه، که تێیدا دیسان لەتاراوگەدا بووه لەتاران ئەم چامەیەی بۆ سلێمانی ناردووه ((لەدوای روخاندنی فەرمانڕەوایی بابان و کۆچکردنی "کوردی" خوالێخۆشبوو – بۆ تاران و هەست بەنامۆیی کردنی، ئەم چامه ئارەزوو نامەیەی بۆ یەکێ لەدۆستانی خۆی لەخانەوادەی بابان بۆ سلێمانی هەناردووه)) [کوردی : ۲۰۱۰: ۳۰۸]، ئەم چامەیەشی سەرتاپای خەم و ئازار و ناخۆشی غوربەت تەنگی پێ چنیووه و دووبارەی نائومێدی کردووه بۆ نموونه دەڵێت:

**عەزیزم نووری عەینەینم غەریبم**
**صەبووری بەخشی جانی ناشەکیبم**
**لەکوچەی شاری تارانا بەبێ ناز**
**لەهەر باب و له ئەربابێ سەلیبم**
**وەره ڕەحمێ بەحاڵم که بەقوربان**
**لەیار دوور و لەمەسکەن بێ نەصیبم**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۳۰۷]

ئاشکرایه کوردی ئەو چامەیەی بۆ کەسێکی نزیکی لەخانەوادەکەی خۆی

نووســـــیوه و شـــــەرحی حاڵ و بارودۆخی خۆی بۆ دەکات کە چی لێ بەســەرهاتووە لەغوربەتدا ،چۆن لە کوچەی شاری تاران بەبێ نازی کەس و کار و نیشتمان کەوتووە و دوور لە یارو وڵاتەکەی حاڵی پەرێشانە و هیچ ئومێدێکیشــی نەماوە بۆ دووبارە گەیشتن بەیار و گەڕانەوەی بۆ مەسکەن و مەفتەن، مەگەر ئەو ڕەحمەتە نەبێ کە خۆی دوعای بۆ دەکات، کوردی لەو دەقەدا جگەلە خەم و حەســـەرەت و تاســـەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، هەســت بەنائومێدی و ڕەشـــــبینیەکی یەکجار زۆر دەکرێت کە تا کۆتایی چامەکە بەردەوام دەبێت لەم بارە ناجێگیرەی دەروونی، بۆ نموونە:

**فەلەك ڕەحـــمـــێ بەحـــاڵـــم کە،**
**بەغـــــــایەت دڵ پەرێشـــــــــــانە**
**ڕەهەندی زێد و مەســــکەن، دوور،**
**لەیـــار و قەوم و خـــۆیشـــــــــانـــم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٢٥]

**عەزیز و خۆشـەویستی کوللی**
**عـــالەم بـــووم ئەمـــێســــــتـــاکە**
**غەریـــب و بـێ کەس و تەنـــهـــا**
**نـــوشـــــــینـــی کـــونـــجـــی ئەحـــزانـــم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٢٥]

کەواتە کوردی ئەو هەســتە پڕ لەغەریبی و غوربەتیەدا تێکەڵ بەهەســتی نیشــــتمانپەروەری لە دوو توێی دەقەکانیدا دەردەبڕێت و باری دەروونی تێکچڕژاو ئـاڵۆزی بەم شـــێوەیە خـاڵی دەکـاتەوە و تەنهـاییەکەی ڕامـاڵ دەکاتەوە، بەم کـارەشـــــی کوردی بەرهەم و دەقی جۆراوجۆری لێوان لێو لەخاسیەت و نیشانەکانی نۆستالۆژیا بەرهەم دەهێنێت و دەیکاتە بنەمایەك بۆ سەلماندنی نۆستالۆژی بوونی خۆی.

**-7-1-1-1-2 نۆســــتـــالۆژیـــای داهـــاتوو/ ئایندەسازیی:**

هەمیشە مرۆڤەکان حاڵەتەکانی خەم و ترس دڵەڕاوکێ سەبارەت بە داهاتووی خۆی و کارەکانی بووە بە بەشێك لەژیانی، هەر لەوکاتەی هەستدەکات و تێ دەگات،بیر لە دواڕۆژ و داهاتووی خۆی دەکاتەوە. خەمەکانی مرۆڤ لەدونیای واقیعدا گەورەترن لەخەون و خەیاڵ، بەردەوام

بەدوای ژیان و ژینگەیەکی باشتر دەگەڕێت و لەپێناویدا دەجەنگێت، شاعیر و نووسەرانیش ئەمڕۆ نییە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە بووەتە هۆکارێکی گرنگی هەوڵدان وتێکۆشان لە کارەکانیان، بەڵکو ئەوانیش هەر لە کۆنەوە لەخەمی فەراهەمکردنی ژیان و مەنزڵی خۆیان هەوڵ دەدەن و بەشێوەیەکی ناوازە و نایاب لە مرۆڤی ئاسایی گوازارشتی لێ دەکەن، ئەوانە کە نوقمی خەمی ڕابردوون و لەناویدا تواونەتەوە لەگەڵیشی خەمبار و دڵتەنگی داهاتوویەکی نموونەیین و دەیانەوێت دۆزەخی ئێستا بگۆڕن بۆ بەهەشتی داهاتووی سەرزەمینی، بە ئومێدی پڕکردنەوەی هەموو کونج و کەلەبەرە تەسکەکانی ژیان، بە دڵخۆشی و کامەرانی و سەرفرازی، بۆ ئەمەش بەوشەی ناسك و وردی واتا و جوانی بیر و وشەی رازاوە گوزارشت لەو ترس و خەمە دەکەن و هەندێك باری قورسی دەرونیان سوك دەکەن و بەخەیاڵ دەگەنە ئەو بەهەشتەی کە خۆیان وێنایان کردووە.

**2-1-1-1-7-1- نۆستالۆژیای داهاتوو (ئایندەسازی) لەشیعری نالیدا:**

شاعیرانی قوتابخانەی کلاسیکی کوردی سەدەی نۆزدەم، بەشێوەیەکی گشتی لەخەمی داهاتوویەکی باش و باشتردا بوون، بەتایبەت لەمەسەلەی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی و ئازادی بۆ نەتەوەکەی خۆیان، لەبەرئەوەی ئەوەتەی ئەوان هەستیان کردووە کورد لەژێر چەپۆك و دەسەڵاتی ئەم و ئەودا بووە و حوکم و دەسەڵاتیان بەسەردا کێشراوە، ئەوانیش بەردەوام بەئومێدی داهاتوویەکی جیاواز لە ڕابردووەوە ژیاون و هیوایان بۆ خواستووە. ئینجا لە شیعری کلاسیکی کوردی کۆمەڵێ وشە و پەیڤ هەن وەکو (سوبح، سوبح دەم، کازیوە، بەیان، سەبا، ... هتد) هەموویان دەلالەت لەداهاتوو دەکەن، بەخوێندنەوەی هەر دێرێك ئەگەر یەکێك لەو وشانەی تێدا بێت ئەگەر مەبەستی شیعریشیان هەر مەبەستێکی دیایکراو بێت ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکەونە ناو ئەو خانە نۆستالۆژیەوە، نالیش بەهەمان شێوە چەندین دێرە شیعری هەیە کە ئەم پرسە دەکاتە هەوێنی بەرهەمهێنان و نووسینی لەژێر باری خەم و ترس و دڵەڕاوکێدا، بۆ نموونە هەر چامە بەناوبانگەکەی کۆمەڵێك دەستەواژەی تێدایە کە ئاماژەن بۆ ترس و دڵەڕاوکێی نالی بەرامبەر بە شار و وڵاتی خۆی کە لە ڕێگای پرسیار کردنەوە دەیەوێت لە هەواڵی هەندێ شوێن و کەسایەتی ئاگادار بێت و بزانێت، بە خوێندنەوەی چامەکەی کە نیوەدێرێکی پرسیارە و نیوەدێرەکەی تر وەڵامە هەر نالی خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە، لەمەوە ناخ و دەروونی

شاراوەی ئاشکرا دەکات کە ئەو تا چ ڕادەیەك لەناو شك و گومان دەژێت و خەم بۆ لە دەستدانیان دەخوات،چونکە ((ئەو ترسەی کە نالی لەبەردەمیدا ڕاوەستاوە ترسە لە مردنی مەعنەوی، ترسە لە چارەنووس و ئایندەی خۆی ،ئایندەیەک لە کوژانەوەی دەترسێت))[قەرەداخی :٢٠٠٦:٢٣]، لەگەڵ ئەوەش بەهیوای ئەوەیە گومانەکانی ڕاست نەبن و بڕەونەوە، لەسەرەتای خوێندنەوەی چامەکە، خوێنەر تروسکایی هیوای گەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی بەدی دەکات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، نووسین و ناردنەوەی قەسیدە نۆستالۆژییەکەیە بۆ شارەزوور، لەسێ دێری کۆتاییدا هەست و دڵەڕاوکێ و بێهیوایی شاعیر دەردەکەوێت، ڕاست و ڕەوان ئایندە ڕوونەکەی شاعیر و جەخت لەسەر ((نەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی و تاکۆتایی ژیان لە تاراوگە (شام و ئیستەنبوڵ) دەکات. بۆیە باس و خواسی مردن و ڕۆژی دوایی دەهێنێتە گۆڕێ)) [پیرۆت: ٢٠١٧: ١٣٧]، ئەو کاتەی لە خەم و ترسی دڵ و دەروونی خۆیدا دەڵێت:

**لەم شـــەرحـی دەردی غـوربەتە، لەم شـــوزی هـــیـــجـــرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئـاو بەچـاوا بـــکـــا عـــوبـــوور**
**ئـایا مەقامی ڕوخســەتە لەم بەیـــنە بـــێـــمەوە،**
**یـا مەســڵەحەت تەوەققوفە تـایەومی نەفخی ســوور؟**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٠٥]

لەدێڕی یەکەمدا، نالی باسی ئەگەری گەڕانەوەی دەکات بۆ شار و وڵات، بەڵام زۆر دڵنیا نییە ((هەرچی ژان و تلانەوە و سوێی نالی هەیە لەم قەسیدەیەدا، هەمووی گوشێنراوەتە پیالەی ئەم بەیتەوە)) [نالی: ١٣٨٩: ٢٠٥]، واتە لەدیوی پێشەوە دێڕەکە هەست بە غەمباری و دڵتەنگیەك دەکرێت، بۆیە لەدێڕی دووەمدا دەست دەکات بە پرسیار کردن بۆئەوەی دڵنیا بێت لەهاتنەوە و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، هەروەها شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (یەومی نەفخی سوور) کە مەبەست داهاتنی قیامەت و دواڕۆژە و ئەو سوورڕەیە کە ئیسرافیل بۆ زیندووبوونەوەی مردوان لێیدەدات،کە وەکو

ڕەمز و ئاماژەیەکە بۆ کاتی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەش دێڕەکە هەڵگری کۆمەڵێك ئاماژەی وەکو ترس و دڵەڕاوکێ و خەم و دڵتەنگییە بەرامبەر نەگەڕانەوەی نالی بۆ زێدی باب و باپیران.

دەکرێت ئەو شیعرانەی دەچنە خانەی نۆستالۆژیای ئایندەسازی یان داهاتوو، لەڕووی دەروونیەوە بکرێت بە دوو بەش:

**١-ڕەشبینی بۆ داهاتوو:** هەموو ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە نالی بەچاوێکی ڕەشبینەوە سەیری داهاتوو دەکات و بەشیعر دەریدەبڕێت، واتە لەناو گۆشەیەکی داخراوی تاریکدا دەڕوانێتە داهاتوو، لەگەڵ ئەوەش زۆر دڵنیا نییە تەنها مەزەندە و پێشبینی خودی خۆیەتی کە ڕەنگە دروست نەبێت، بۆ نموونە لەو دێرەدا دەڵێت:

**وەکو نەهـــــاری بەهاری**
**درێـــژ و پاییــزی کـــورت**
**ئەمەل گەلێك و تەویـــل و،**
**عەمەل کەمێــک و قەسیر**

[نالی: ١٣٨٩: ٢١٧]

سەبارەت بەمانای دێرەکە ئاشکرایە کە نالی ئەمەل و ئاواتی وەکو ڕۆژانی بەهار زۆرن و درێژن بەڵام کار و کردەوەکانی زۆر کەم و کورتن، لێرەدا نالی دەکەوێتە حەاڵەتی نائومێدییەوە کە ((حاڵەتێکی کاتییە لەهەست کردن بە نائومێدی و نارەحەتی و بەهۆی تێر نەکردنی پاڵنەرەکانی)) [عزیز: ٢٠١٠: ٢١٤] هیچ ئومێدێکی نییە بۆ بەدی هاتنی ئاواتەکانی لەبەرئەوەی (( شکستی ئەم دنیا ونەتوانینی بەدیهێنانی هیواکانی ئەم دنیای وای لێدەکەن بکەوێتە باسی ئەو دنیای بەهیوای بەدەستهێنانی بە مەبەستی پڕکردنەوەی شکست و ناکردەییەکانی ئەم دنیای))[قەرەداخی :٢٠٠٦:١٩]، ئەمەش وادەکات بۆ داهاتووی خۆی جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ دایبگرێت بەهۆی ئەوەی کە هەست بەتاوان و گوناهباریەکی یەکجار زۆر دەکات بۆیە هەمیشە بەخەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی نەگەتیڤانە هەنگاو دەنێت، سەرەڕای ئەوەش خۆی لەدێڕێکدا جەخت دەکاتە سەر ئەو دوو حاڵەتە و دەبێتە ڕێبەرێك بۆ خەڵکی کە ڕوانینیان بۆ ژیان بەو شێوەیە دەبێت کە خۆیان ویستییان لەسەرە بۆ نموونە دەڵێت:

**گەر ئاب و تابی جەننەتی و دۆزەخییـــــت دەوێ**
**بنواڕە نێوچەوانی بەشوش و برۆی عەبووس**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٥١]

نالی ڕووی لە بنیادەم دەکات و پێی ڕادەگەینێت کە ئەگەر دەتەوێت دڵخۆش و کامەران بیت سەیری کەسانی دڵخۆش و بەختەوەر بکە و لەناوچاوانی بنیادەمی بەهەشتی بنوارە، بە پێچەوانەوە بە سەیرکردنی ناوچاوانی بنیادەمی دۆزەخی (عەبووس) یان کەسانی گرژ و توڕە و توند مەسیرت دڵتەنگی و خەمباری و بارگرانییە.

**٢-گەشبینی بۆ داهاتوو:** ئەو شیعرانەی کە بە وشە و دەستەواژەی پۆزەتیڤ بنیادنراون یان هیوا و ئاواتی ڕۆژانی خۆش و بەختەوەریان تێدایە و جەخت لەسەر بەدی هاتنی دەکەنەوە دەگرێتەوە، ئەو شیعرانەش لەلای نالی بوونی هەیە بەڵام بەشێوەیەکی فراوان نییە، ئەمەش لەبەر هۆکارەکانی نارەزایی و غەریبی و دوورە وڵاتی و دڵنیا نەبوونی لەسەر ئارامی و ئاسایشی خۆی کە پەراگەندە و ئاوارەی وڵاتان بووەوە و دەستی کورتە لەئاست گەڕانەوەیدا، بۆ ئەمەش دەڵێت:

**بیستم لە هەموو لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە**
**ســەودا لە ســەرمــەدایە، بـاکم چ لە غەوغایە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٥٥]

نالی ئەگەر هەواڵی هەموو جیهانی پێیە کە شەڕ و هەرا و هەڵلا یە و داهاتوویەکی باش چاوەڕێی خۆی و نیشتمان ناکات، بەوەی کە ئەگەر لە دوور ئەگەر لە نزیکەوە بێت پروشکەی ئاگری شەڕیان بەردەکەویت و لێی دەرباز نابن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو هەر پۆزەتیڤانە بیر دەکاتەوە و بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە داهاتوو، چونکە هەوای عەشقەکەی لە مێشکی داوە باکی بەهیچ شتێك نییە کاتێك خەریك و مەشغولی خۆشەویستەکەی دەبێت.

### -2-7-1-1-1-2 نۆستالۆژیای داهاتوو/ ئایندەسازی لەشیعرەکانی سالمدا:

سالم وەکو شاعیرێکی ئایندەخواز سەرەڕای بەڕێکردنی سەرتاپای ژیانی لە دەردەسەری و چەرمەسەری، قۆناغەکانی ژیانی پڕ بوون لەنەهامەتی و تـاڵاوی ژیـان تەنگی پێ هەڵچنیبوو هەم لەڕووی جەســتەیی و هەمیش لەڕووی دەروونیەوە، ئەوەتـا د. عبـداللە ئـاگرین بۆ مەســـەلەی چۆنیەتی

شــيعرەکانی ســالم دەڵێت ((چوار وەرزی تەمەنی شــیعری ســالم خەزانی خەماوی و گەڵاڕێزانی ژیانی کوردە، بیرمەندێکی هەناســە هەڵکێشــی ئەبســتراکتەری ئاواتەکانی ناخی دەروونیەتی، هزری خاوێن، هۆش و بیرکردنەوە و عەقڵانی بەدیدێکی بەرفراوانی ململانێی ژیان ئاشنا کردووە، فێری ئەوەی کردووە، تەحەدای جەوری قەدەر بکات)) [ئاگرین:؟ : ٣٧]، ســالم کۆڵ نادات و هەمیشــە بەچاوی گەشــبینیەوە دەڕوانێتە چارەنووســی خۆی و نەتەوەکەی، چونکە لەچەندین دەقی شــیعریدا چەند ئاماژەیەکی هیوا بەخش و ئومێد و چاوەڕوانی هەن کە ســالم دەخەنە نێو دەریای چاوەڕوانی داهـاتوویەکی ڕوونـاك، ئەگەرچی هەنـدێـك جـار خۆی دەداتە دەســتی چارەنووس و ئەودیوی ژیانی لێ ون دەبێت بۆیە دەڵێت:

**حەسـرەتـا دڵ غـافڵە، نـازانێ قـیسـمەت چـی دەکـا**

**ئەمڕۆ ئێرەم بوو بەمەسـکەن، ئاخۆ فەردا کـوێـم دەبـا؟!**

**بەدرەقەی میحنەت نومایە، شـاطری تەقـدیـر مـودام**

**دەسـت کەشـمە و پێشـڕەو، دەمبا بە مەنـزڵـگـای بەڵا**

[سالم: ٢٠١٥: ٤٣]

دیارە چارەنووســی هەموو مرۆڤێك نادیارە و بەدەرلەدەســەڵاتی خۆیدایە، سالمیش ئەو ڕاستیە دەزانێت و دانی پێدا دەنێت کە هەموو شتێك لەقەدەری مرۆڤدا شــــاراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو زانینەی ڕاڕاو دوو دڵە بۆ داهاتووی خۆی ،چونکە دەڵێ ئەمڕۆ من لێرە نیشــتمەوە بەڵام دڵ ئاگادار نییە ســبەی قەدەر بەرەو کوێ دەمفڕێنێت، شایەنی باسـە هەندێك زاراوە هەن لەشیعری کلاســیکی کوردیدا ڕەمز و نیشــانەی چارەنووس و ئایندەن کە لە دەوری کێڵگە واتاییەکانی وشەی بەیانی دا دەخولێنەوە، وەکو وشەکانی (بادی سەبا، بەیانی، سوبح، سوبح دەم، فەردا... هتد).

دواتر ســالم وەکو کەسێکی ڕاڕا خۆی نیشــاندەدات لەدێری دووەمدا خاڵە ڕەشــــبینیەکەش زەق دەکاتەوە ،بەوەی کە دیارە چارەنووس و ئایندەی من ڕوونە بەرەو جێگایەك خاڵی لەخۆشی و شادی پڕاوپڕ لە نەهامەتی و دەرد و بەڵای دەبات. ســالم دیســانەوە لەدێرە شــیعرێکی تردا خۆی دەخزێنێتە نێو

چاڵی ڕەشــبینی و تاریکی، بەچاوی پڕ لەترس و دوو دڵی ســەیری دونیای دووری دەکـات، هیواخوازە و دەیەوێت لەداهـاتوودا بگـات بە وەصـــــلی یارەکەی و دیدە تاریکەکەی رووناك بكات و خۆری بەرەبەیانی لێ هەڵبێت، ئەگەر تەمەن رێگای بدات، واتە ســالم لەســـەرەتا هیوا دەخوازێت لەیەکەم نیوە دێڕدا جۆرێك لەگەشـبینی دەخاتە دڵ و دەروونییەوە، بەڵام لەســەر ئەم حاڵەی جێگیر نابێت، لەنیوە دێڕی دووەمدا بارەکەی قورستر دەکات بەوەی کە زەحمەتە ئەوەی دڵ دەیخوازێ ڕووبدات، بۆیە دەڵێت:

**بەپـایین گەر نەبێ عومرم،**
**بەپایین دێ شـــەوی هیجران**
**دەبینێ صـــوبحی وەصـــڵت**
**دیـدەیی تـارم، وەلێ زەحمەت**

[سالم: ٢٠١٥: ٢٣٤]

### 2-1-1-1-7-3- نۆستالۆژیای داهاتوو/ ئایندەسازی لەشیعرەکانی کوردیدا:

نۆســتالۆژیای ئایندەســـازی لەشــیعرەکانی مســـتەفا بەگی کوردی زۆر بەکەمی دێنە بەرچاو،کە ئەویش لە دێڕێکدا ئومێدی بە داهاتوویەکی ســەلیم و رووناك هیوای بۆ دەخوازێت، ئەم ئایندەســـــازیەش لەپارچە شـــیعری "خەبەرێکم بـدەنێ" ئـامـاژە بەنـاوی مەهدی دەکـات کە لە ئـایندەدا چـاوی چاوەڕوانی دینداران رووناك دەکاتەوە ((بوونی کەســـێك وەك فریاد ڕەس لەئانوســاتی بێومێدی دینداران و هەڵگرانی، بەردەوام لەناو زۆرێکی دین و مەزهەب و تایەفەکان، بۆیە چارەسـەرێك هەم بۆ پیاوانی دینی کە لەم دۆخە شـــەرمەزارکەرە دەربازیان بێت، بۆ دیندارانیش ئاســـوودەییەکە، بەوپێیەی گەر ئەمڕۆش لەشك و ناڕەحەتی و لاوازیدا بن. ئەوا سبەی یان دووسبەی، خوابەنـدەیەکی فریـادڕەس دەنێرێـت، مرۆڤێکی دەرئـاســـــا، لەخۆیـان و ســەربەخۆیان، کاری ئەو مرۆڤە لەســەرووی توانای مرۆڤەوەیە... هەرچی ڕوویداوە لەنەخۆشی و ناخۆشـی و ناڕەحەتی و دەردو بەڵای سـەدان ساڵ، ئەو لەماوەی چەند ساتێکی کەم هەموو بکاتە بەهەشتێکی پڕ لەدادپەروەری)) [کوردی:٢٠١٠ : ١٣٨]،مســـــتەفـا بەگی کوردیش بە ئومێـدی دەرکەوتنی مەهدی و فەراهەمبوونی ئایندەیەکی دروســـت و تەندروســـت چاوەڕێی ئەفراندنی بەهەشتێکی زەمینیە، دەڵێت:

**نــووری (مەهــدی) لەطەرەف**

**مەکـــکەوە ظـــاهـــیـــر بـــووە یـــا**
**(غەلەبەی ڕۆم)ە لە بۆ کوشـــتنی**
**(کـــــن کـــــان کـــــفــــــر)**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٣٥]

جگە لەوەش کوردی لە شـــیعری(وەســـیەتنامە) چەند ئاماژەیەکی کەم بە ئایندەسازی دەکات بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

**ڕەفیقـــــــــان من وا ڕۆیـــــم لە لاتان**
**لە مەظلوومان، بلا چۆڵ بی (وەلا)تان**

لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە کوردی شـیعر یان دێڕێکی تری هەبووبێت کە تێیدا لەخەمی بارودۆخ و گوزەران و ڕۆژانی داهاتووی خۆیدا بێت، بەڵام بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ ئاماژەی بە هیچ نیشـــانە و هێما و وشـــەیەك نەکردووە، هەندێ جار شاعیر لەپشتی وشەکانەوە وێنەی شاراوەی جیاواز دەکێشـــێت کە خوێنەر توانای دۆزینەوە و لێکدانەوەی نییە لەبەرئەوەی کە ((شاعیر شیعر بۆ خەڵکەکەی دەڵێت بەڵام کاتێ ئەو خەڵکە خۆی پێنەگەیاند و نەگەیشتە ئاستی تێگەیشتنی شیعرەکانی شاعیر، خۆنابێت شاعیر ئاستی خۆی دابەزێنێت تاکو تێی بگەن، بەڵکو خوێنەر دەبێت ئاســتی خۆی بەرزبکاتەوە، بەپێی لۆژیك ئاســـتە لاوازەکان دەبێت بەرز بکرێتەوە نەك ئاســـتە بەرزەکان نزم کەینەوە)) [گەردی: ٢٠١٧: ٢٤٢]، کەواتە لێهاتووی شـــاعیر ئەوکاتە دەردەکەوێت کە وێنە و زمانی شـــیعری بەجۆرێك بێت خوێنەر هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی بۆ بدات هەتاکو لێی تێبگات و ڕاڤەی بکات، مســـتەفا بەگی کوردیش بەوپێیەی یەکێك بووە لەشـــاعیرانی کلاسیك و ئەوانیش بە پابەندبوونیان بەکۆمەڵێ دەستوور و ڕێسای وەکو کێشـــی عەرووزی عەرەبی و ســـەروا و یەکێتی دێڕ و هونەرەکـانی ڕەوانبێژی و چەند یاسایەکی تر، وایکردووە شاعیر لەژێر سێبەری ڕەمز و نیشـــانە و وێنەی شـــاراوە و وشـــەو وێنەکان دابڕێژێت، کە ئەمەش بۆ خوێنەرێکی ئاسایی ئاسان نابێت، بەتایبەتی ئەگەر بەئەزموونێکی مەعریفی و ئەدەبی تێپەڕ نەبووبێت، بۆیە لەوانەیە کوردی شـــاعیر ســـەبارەت بە نۆستالۆژی ئایندەسازی کە لە جۆری نۆستالۆژیای تاکەکەسییە جگەلەو تاکە دێڕە دێڕی تریشی هەبێت بەڵام لەژێر ئاماژە و ئاراستەی شاراوە.

**8-1-1-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ**

**سروشت:**

سروشت ئەو فەزایەی لێوان لێو لە دروستکراو و خەلقی جوانی ئیلاهی، لەلای مرۆڤ چەمکی سروشت چەمکێکە کە شایەنی وردبوونەوە و تێڕامانە بەدار و درەخت و تاڤگە و کەنار و ڕووبار و... هتد، تابلۆیەکی واقیعییە و دوور لە ڕوانین و بینینی تاکیەتیی، سروشت لەلای شاعیر و نووسەران ڕەگەزێکی گرنگی شیعریە، سروشت دەبێتە بنەما و ناوەڕۆکی ڕێبازە ئەدەبییەکان، قوتابخانەی رۆمانسیزم یەکێکە لەو بزووتنەوە دەبییانەی بایەخێکی زۆر بەسروشت دەدات و باوەشی پێدا دەکات، بەتێڕوانینی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم و گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت ڕزگاربوونە لەژیانی پڕ چەرمەسەری و هیلاکەت و جەنجاڵی ژیان و مەعیشەت، بەتایبەتی ئەوکاتەی زانست و تەکنەلۆژیا بوونە هۆکارە سەرەکییەکانی ژیان و گەشە و گۆڕانەکان خێراتر بوون، شۆڕشی پیشەسازی و ئابووری هۆکاری تر بوون کە مرۆڤ بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە لەچەقی شارەکان بەرەو گوند و دێهات و دەشتاییەکان ((کە ئەمەش دەلالەتێکی فەلسەفی لەپشتەوەیە ئەویش خەونبینینی بەردەوامی مرۆڤە بەسادەیی و هێمنی و بێگەردی و حەوانەوەی نێو ئامێزی سروشتی جوان و هێورەوە، کە هاوشێوەی هێمنی ناو هەناو، یان منداڵدانی دایکە، واتە گەڕانەوە لەشارەوە بۆ لادێ، بۆ نێو سروشت، هاوشێوەی خەونبینینە بەگەڕانەوە لەهەر قۆناغێکی ژیاندا بۆ ئامێزی دایك، ئەوەش وەك جۆرێك لە خۆشاردنەوە، یان خۆ حەشاردانە لە ئاڵۆزی و کێشەکانی ژیان)) [قەرەداغی: ٢٠١٩: ٥٩]، کەواتە مرۆڤ بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی بۆ هەمیشە لەناخی خۆیاندا گۆڕانکاری لەژیانی خۆیاندا دەکەنە بنەمای میکانیزمی کارەکانیان، شاعیران هەستیان بە بێزاری و ماندووبوون لە هەڵا و ژاوەژاو و قەرەباڵغی شارەکان کردبوو، ئارەزوویان بۆ گەڕانەوە تا دەهات پەرەی دەسەند، چونکە بە بۆچوونی ئەوان مانەوە و ژیان لە شار جگە لەڕەشبینی و نائومێدی شتێکی تر بەدوای خۆیدا ناهێنێت، ڕەنگە لەبری ئەوە ڕوو کردنە خۆشی و جوانیەکانی سروشت ببێ بەتاکە ئومێدی بەدیهێنەری هیوا و ئاوات و گۆڕینی بارودۆخە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکان، ئینجا گەڕانەوە بۆ سروشت یەکێکە لە جۆرەکانی نۆستالۆژیا بەگشتی و نۆستالۆژیای تاکەکەسی بەتایبەتی، ئەو شاعیرانەی دەکەونە بەر شاڵاوی حەزی گەڕانەوە بۆ سروشت و ژیانکردن لەناو جەرگەی سروشت، توانیویانە بەشێوەیەکی ئەدەبی و هونەری داهێنەرانە دەقی جۆراجۆری نۆستالۆژی لەداهێنانی جوانی ئەدەبیدا بەرهەم

بهێنن.

**2-1-1-1-8-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سروشت لەشعرەکانی نالی:**

سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ سروشت دیسان هەر ئەو چامەیە "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" بەناوهێنانی شوێنە سروشتیەکانی (سەرچنار، شیوەسوور، کانی با، تانجەڕۆ...) دەقێکی تەواو نۆستالۆژی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر شیعرەکانی تری ناو دیوانەکەی، لەوێدا لەڕێگەی وردبوونەوە و تێڕامان دەبینین کە چەندین شیعری پەیوەست بەبابەتی سروشت و پەیوەندیەکانی هەیە، نالی لەو شیعرانەدا، دەقێکی شیعری نایاب و پڕ لە وەردەکاری هونەرکاری جوانی دروست کردووە، سەراپای باسی سروشتی شارەزوور و سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریەتی و بەشێوازێك وەسفی دەکات، ڕەنگە خۆی لەواقیعدا بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام بەوردی و جوانی ئەندێشە و خەیاڵ شیعرێکی پڕاوپڕ لەناسکی و جوانی بەرهەم هێناوە:

**دَرُونـي لِــدارِ الــ**
**(شّــارَزوُرِ) وَ بَردْهِ**
**كَفْرِمسْــــكٍ كَرْمٍ إلى**
**آوِ سَـــــــــرْدِهِ**
**تَرى وَرْدَةَ قوتــاً وَ**
**جُوتــاً وســـــايقــاً**
**فَياقوتَتي مِن جوتـهِ**
**ثـــــم فـــــردِهِ**
**تَرى عَينَــةَ الأبـدانِ**
**مِنْ (خــاكُ خُولِ)ه**
**تَرى مَنْـدَلَ الأوْراقِ**
**مِــنْ تُــورُ كــرْدِهِ**
**تَرى دَشْـــتَهً بالْوَرْدِ**
**كــانــتْ بَهشْـــتَــهً**
**نْمُ الْوَرْدِ باران على**
**خــــاكُ بَـــــردْهِ**
**شَواني (سُلَيْماني)،**

**صـــــــبْــــاىْ**
**(ثيرْ ْمصُــورَ) كي**
**كـوانــي (قـرَةداغُ),**
**هَوايْ (دارٍ زَرْدهِ)هِ**
**كان كَنـارَ أَرضـــيه**
**آشـــــمـــــانَـــــهٌ**
**لبذيٌّ دُوريٌّ لسْبزيٌّ**
**عَـــــــــــرْدِهِ**
**أمــا (سَـــرْچنــارٌ),**
**عَيْني جـارَيـة لَـهُ**
**أمــا (تــانجَرُو) قـدْ**
**حــارَ مَجْنُونَ هَرْدِهِ**
**فَبــاعــاتُــهُ داغــانُ**
**جَرْطِ الشّـــقـائق**
**فَوا دَرَدَتي مِنْ خارْ**
**خـــاري لِـــوَرْدِهِ**
**وَكَمْ نــالَ ((نــالي))**
**مَنْ شــفَا سَــاقيانه**
**شِــفاً، هَلْ شَـفا مِنْ**
**نـــالَ ((نـــالـــي)**
**بِـــــــــدَرْدِهِ؟!**

[نالی:١٣٨٩: ٤١٢ – ٤١٥]

نالی شاعیر لەم شیعرەدا توانیویەتی ئاستی بەرزیی و باڵایی خۆی لەداهێنانی شیعریدا نیشان بدات، شیعرێك بێنێتە بوون بەدوو زمانی جیاوازی کوردی و عەرەبی، کە لەڕووی ڕێزمانییەوە بەدەستوری عەرەبی و بە وشەی کوردی جوان و پڕ واتا، کە هەتاکو ئەو سەردەمەی ئەو شیعرەی تێیدا لەدایك بوو کەسێکی تر لە پێش نالی ئەو داهێنانە پڕ وردەکاریەی ئەنجام نەداوە، ئەمە جگە لەو هەموو جوانکاری و وردەکاریە هونەریانەی دێڕ بەدێڕی شیعرەکانی لەخۆ گرتووە، کە بەشێوازێك وێنەی دەکێشێت لەتابلۆیەکی شێوەکاری زۆر جوان دەچێت، خوێنەر بەخوێندنەوەی پەلکێش دەکات، کەحەز و خۆشەویستی ئەو ناوچانەی لەلا دروست ببێت و بەتاسە و

شەوقەوە ئارەزووی بینینی بکات، شاعیر بەوردی باسی هەموو ناوچە و دێ و شوێنە گەشتیاری و سروشتیەکان دەکات، ئەو سۆزی دڵ و دەروونی بۆ داروبەردی شارەزوور و خاك و خۆڵ و کانیاوە ساف و بێ گەرد گڕی تێبەربووە، دەشتە پڕ لە گوڵ و گوڵزارە ڕەنگاوڕەنگەکانی کە هاوشێوەی بەهەشتە، کەناری خاکی قەرەداغ و سەرچنار و تانجەڕۆ و باغ و باغاتی جەرگی لەت لەت کردووە و دەردی دووری و یادکردنەوەی یان بووەتە حەسرەتی گەڕانەوە لەلای نالی، لەبەر ئەوە ئەو هەستی لەدەستچوونەی ڕابردوو بە کۆی پێکهاتەکانی لە شوێن و کەسایەتی و کۆمەڵێک کلتوور و بەهای کۆمەڵایەتی دووچاری توندی و تەنگی دەروونی کردووە، هەموو ئەو جوانی ودڵرفێنی ناوچەکە و ئاووهەوا و کەش و دیمەنە ناوازانە، ئەو ئێستا زیاتر لە جاران پێویستی بەو دیمەن و تابلۆ واقعیانەی نیشتمانی دایک هەیە، لەبەرئەوە ئەم هەموو ناوهێنانەی شاعیر ((گەڕانەوەیەکی ڕەهایە بۆ سروشت، ئەو سروشتەی کە مرۆڤ تێیدا پەروەردە بووە، ئەمەش هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی ئازادییەکی ڕەها، ئازادی پێشتر وای لەمرۆڤ کردبوو بەئارەزووی خۆی هەموو شوێنێك بگەڕێت سنورێك نەبوو واله مرۆڤ بکات گەڕانی ڕابگرێت)) [مەنتك: ٢٠٠٩: ٤٥]، واتە ئەگەر لەڕووی دەروونیەوە شی کردنەوەیەك بۆ ئەو پارچە شیعرە بکەین دەبینین نالی هەست بە دۆڕانێکی مەعنەوی دەکات و دۆڕانی سروشت بە هەموو خۆشی و جوانیە ناوازەکانی، لەدەستدانی سروشت و خاك و نیشتمان، لەدەستدانی کۆمەڵ و پێکهاتە و کلتور و داب و نەریت، کەواتە نالی بەگەڕانەوەی پڕ لەخەیاڵ و جوانی بۆ ناوچە سروشتەکانی شارەزوور و سلێمانی، ئارەزووی دووبارە بینینەوەیان دەقێکی نۆستالۆژی تەواو و تۆکمەی دروست کردووە.

### 2-1-1-1-8-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سروشت لەشیعرەکانی سالمدا:

سروشت یەکێك بووە لەسەرچاوەکانی ئیلهامی شیعری لای شاعیرانی کلاسیك، شاعیران بۆ بەرهەمهێنانی دەقەکانیان وشەکان تێکەڵ بەوێنەی سروشتی جوان و دڵرفێن بەوێنەی ڕەوانبێژی و وردەکاری لەئاستێکی ئیستاتیکی بەرزدا دەخولقێنن، سالمی شاعیر سودی لەم کەرستەیە وەرگرتووە بۆ نموونە لە پێنج خشتەکیەکی لەسەر شیعری (مەولانا خالید)دا باسی سروشت و سەرچاوەی ئاو و کانی و جوانی و دڵرفێنەکانی دەکات، سالم دەڵێت:

**چەند بەسۆزە، ئەی دڵەی سووتاو،**

**کــــزە و هـــــاواری تـــــۆ**
**دیــدە، ئەی تۆ ئەم هەمــوو ئــاوە کە**
**کـــــــردووتە بەجـــــــۆ**
**ئاوی ظەڵم و تانجەڕۆ وشـــکن لەچاوتا**
**بـــــــــێ درۆ**
**خـوێـنـی دڵ وا هــات بەچــاودا، بــوو**
**بەجـــــۆگەی (بەکـــــــرەجـــــۆ)**
**هەردوو ســـەرچاوەی چەمێکن، کردمە**
**تـــــاســــــەی (ســـــەرچـــنـــــار)**
**(شـیوەسـوور)ە ئەشکی دیدەم، پەڕەوی**
**لافـــــــــــــاو ئەکەم**
**شــــەو بــڵــێســـــەم بەرزە، وێــنەی**
**(بـــــاوەگـــــوڕگـــــوڕ) ئـــــاو ئەکەم**
**دەسـت شـکستەم، بۆیە مەیلی مۆمیای بێ**
**خـــــــــــــاو ئەکەم**
**بــاوە مردەی (بــاوەمردە)م، (ئــاڵبولافە)**
**چـــــــــــــــــــاوەکەم**
**خۆزگە ئەمبیست پێم بڵێن: وا (باوەگیڵدی)**
**گەیـــــــــــــە شــــــــــــار**

[سالم:62:1972]

ســالم بەڕێز4کردنی کۆمەڵێك وشــەی پەیوەســت بەســروشــت و دیمەنە دڵڕفێنەکانی شــیعرێکی پڕاوپڕ لەهەســت و ســۆز و گەرم و گوڕی ناخی بەرهەم دەهێنێنێت، ئەو شـعرەی سـالم گوزارشـتکردنە لەناخی کەسـێك کە ئاوێزانی خۆشـــەویســـتی و تامەزرۆی بۆ نیشـــتمانەکەی بەدار و بەرد و پێکهاتەکانیەوە ئەگەر ســـەرنج بدەین دەبینین ســـالم هەندێ وشـــەی تایبەت بەسـروشـت ڕێزکردووە بۆ نموونە (لافاو، بڵێسـە، ئاو، جۆگە، سـەرچاوە، چەم، ....هتد) بەبێ ئەوەی ناوی هیچ ناوچەیەکی سروشتی ببات بیروهۆشی خوێنەر بەلایدا گوزەر دەکات، سـالم لاسـایی هاڕەو هاژەی لافاو و بڵێسـەی ئاگری باوەگوڕگوڕ دەکاتەوە لەشیوەن و گریاندا، واتە ئەو سروشـتە لەلای سـالم دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی سـالم گوزارشـت لەناخی بریندار بکات،

ئەو کاتەی دڵ و دەروونی گڕدەگرێت و کزەی لێوەدێت دەیچوێنێ بەهاوار و هاژەی چەم و ئاو و تاڤگە سروشتیەکان، کە سەرچاوەکانی ئاو زەڵم و تانجەڕۆ لەئاست ئەو گریانە بەخوڕ و زۆرەی سالم وشکن و ئاوی چاوی ئەوە بووە جۆگەی بەکرەجۆ، ئەم گریان و شیوەنەی سالم دیار نییە بەهۆی چییە و بۆ کێیە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە لەبەرئەوەی شاعیر باسی هەندێ شوێنی سروشتی ناوچەکەی دەکات وێنەی واقیعی نیشاندەدات بۆ ئەوە دەچێ کە ئەو شیعرەشی لەغەریبی و تەنیایی دا نووسیبێت، چونکە هەم سۆزی غەریبی دەجولێ بۆ نیشتمان بەناوهێنانی چەند شوێنێکی سروشتی، هەمیش لەبەرانبەر ناوهێنانیان شین و ماتەم دەگێڕێ، کەواتە شاعیر بەگەڕانەوەی بۆ سروشتی نیشتمان و ناوچەکەی هەندێك لەخەم و دڵتەنگی و ناخۆشیەکان دەڕەوێنێتەوە باری گرانی ناخی کەمێك سووك دەکاتەوە..

### 2-1-1-1-8-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ سروشت لەشیعرەکانی کوردیدا:

پێشتر باسمان کرد کە سروشت سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام و داهێنانی شیعرییە لەشیعری شاعیران بەگشتی و شاعیرانی کلاسیك بەتایبەتی، دەبینین هەر لەبابە تاهیری هەمەدانییەوە سروشت وەکو بابەتێکی گرنگ ڕەنگدانەوەی هەبووە لەلای شاعیرانی کلاسیك، چونکە ئەوان دوور لەشارستانیەت و مۆدێرن پەروەردە و هەڵقوڵاوی هەموو سادەییەکی سروشت بوون و لەگەڵ یەکەم هەناسەی ژیان و ژینکردن بەسروشتی ناوچەکەی خۆیان ئاشنا بوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە مستەفا بەگی کوردی لەشیعرەکانی خۆیدا بەهیچ شێوەیەك بەهیچ ڕەمز و نیشانەیەك ئاماژە بە سروشت و بابەتەکانی سروشت ناکات، واتە دەکرێت بگوترێت کە مستەفا بەگی کوردی دوور لە باسی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری نەکەوتۆتە ژێر باری جوانیەکانی سروشت بەمانا گشتییەکەی، بۆیە ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەك کە کوردی ئەو جۆرە گەڕانەوەی بۆ سروشت ئەنجام نەداوە و هیچ دەقێکی لەم جۆرەی نییە کە ببێتە بەڵگەیەك بۆ بوونی دەقێکی نۆستالۆژی و بخرێتە ئەو چوارچێوە گشتییەوە.

### 2-1-1-1-9- نۆستالۆژیا شاری نموونەیی (یۆتۆپیا – المدينة الفاضلة):

یوتۆپیا ئەو شارەی کە بیرمەند و فەیلەسوف و شاعیران لەبەرهەمەکانیاندا

وێنای دەکەن بۆ ژیانێکی باشتر و خۆشتر لەوەی ئێستا ((ئەم وشەیە، وەکو بابەتێکی فەلسەفی، بۆ یەکەمجار لەلایەن نووسەر و سیاسەتمەداری ئینگلیز (سێر تۆماس مۆر)ەوە بەواتای (نموونەیی) بەکارهێنراوە. بەوەی لەسەدەی شانزەدا کتێبێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، بەو ناوە بڵاوکردەوە سێر تۆماس مۆر، لەو کتێبەدا باس لەچیرۆکی شارێکی نموونەیی دەکات، کە کورد وتەنی، دەبێت گورگ و مەڕ پێکەوە ژیانی ئاسوودەیی تێدا بەرنەسەر)) [کەرکوکی: ٢٠١٠: ١٣]، یۆتۆپیا کە لە بنچینەدا بەواتای شاری نموونەیی یان شوێنێکی باشتر دێت، لەڕووی زمانییەوە ڕەگ و ڕیشەکەی زۆر کۆن نییە ئەگەرچی لە رووی ناوەرۆکەوە لەدەقە ئایینی و ئەدەبی و فەلسەفییە زۆر کۆنەکانیش باسی لێوەکراوە((جگەلە تێکستە ئاینییەکان کە هەریەکەیان بەهەشتێکی جیا و تایبەتی بۆ ئیماندارانی خۆی بەرهەم هێناوە، چەندین تێکستی فەلسەفی و ئەدەبیشمان هەیە کە سەرەتای موغامەرە و فەنتازیای عەقڵی ئینسانن بۆ دامەزراندنی یۆتۆپیایەك لەسەر زەوی، لە کۆمارەکەی ئەفلاتونەوە سەرەتای ئەم وێنا کردنی یۆتۆپیایەی مرۆڤ بۆ مۆدێلێکی تری کۆمەڵگا و دەسەڵاتدارێتی دەستپێدەکات))[فەتاح: ٢٠٠٩] ،کەوابێ ئەم خەیاڵ و خەونبینیە بەدونیایەکی باشتر و گونجاوتر زۆر کۆنە و لەدەقە ئاینی و فەلسەفیە زۆر کۆنەکانیشدا هەبوو، ئەفلاتون بۆ دروستکردنی شارێکی نموونەیی سەرجەم شاعیرانی بەدەر ناو داوای کۆمارێکی نموونەیی دەکرد، یان هەوڵی ئیماندار و باوەڕداران بۆ گەیشتن بەو بەهەشتەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لەچەندین شوێن باسی کردووە و لەبەرامبەریشدا پشتگوێخستن و ڕاکردن لەم دونیایەی کە ئێستا تێیدا دەژین، هەموو ئەوانە دەمانگەیەنەتە ئەوەی کە هەموو مرۆڤێك لەهەوڵی دروستکردنی شارێکی نموونەییە بەڵام هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز لەوەی تر.

ئەگەر هەر بابەت و دیاردەیەکیش لەواقع و سەردەمی مرۆڤایەتی دا بوونی هەبێت بێ گومان لەئەدەبیشدا بەهەمان سەنگ و بەها بوونی دەبێت، ئەگەر بەهۆی ژیانی زەحمەت و ئاڵۆزی و تێکچڕژاوەی بارودۆخەکان، شاعیرانیش هیوایان بەدوارۆژێکی یان شارێکی نموونەیی هەبووە، بەشێوازێك زۆر جیاوازتر بێت لەو دنیایەی ئێستا و بەشێوەیەك بەدیهێنەری هەموو ئومێد و هیواو ئاواتەکانیان بێت، دونیایەك بێت نادادپەروەری و زوڵم و ستەم حوکم نەکات و تێیدا یەکسانی و خۆشبەختی و بەختەوەری بۆ هەموو تاکێك بەئەندازەی یەك بێت، شارێك بێت بناغەکەی مرۆڤ بێت جا لەهەر پلە و پایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییدا بێت، واتە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی

دروستکرابێت و دوور بێت لەبیروباوەڕی فکری و فەلسەفی و ئایینی، شارێك بێت بە هەموو شێوەیەك جیاوازبێت لەوەی ئێستا، بێ گومان هەموو ئەوانەی ئەوان داوایدەکەن و وێنای ئەو شارە نموونەییەی کە دەیکەن لە واقیعی هیچ کۆمەڵگا و میللەتێکدا بوونی نییە و نەبووە، بەمەش هانا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا دەبەن و ئەندێشەی هەموو ئەو شتە نایاب و ناوازانە دەکەن و لەو ڕێگەیەوە دەگەن بەو شارە نموونەییە، کەواتە لێرەدا ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەندێك جار دەبێتە چەقی دروستبوونی حەز و خەون و هیواو بەدیهێنان ((کە تیایدا لایەنە شاراوە و چەپێنراوەکانی دەروونی نووسەر دەردەکەون بە هەمانشێوەی ڕەنگدانەوەی گشت چەپاندن و ویستە خنکاوەکانی هەر مرۆڤێک لە خەون و زیندەخەونیدا))[عەلی؛عەزیز:٢٠١١:١٧٧]، شاعیرانیش شیعر دەکەنە هۆکارێک بۆ ئەو گەیشتنە و لەو رێگەیەوە بەخەیاڵ بەو شارە دەگەن، کە لە هۆش و هزری خۆیاندا نەخشەیان بۆ داناوە، ئەدەبی کوردیش بەتایبەتی ئەدەبی کلاسیك بەهۆی ژێر دەستەیی و نادادپەروەری و زوڵم و ستەم و نادادپەروەری و کۆمەڵێك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی نەگونجاو، شاعیران بەدوای ئەو شارە نموونەییەدا گەڕاون و لەبەرهەم و نووسینەکانیاندا ماندووی دەستی خەون و حەز و ئارەزووەکانیان بوون کە هۆکارێك بووە بۆ دامرکاندنەوەی کڵپە و گڕی ئەو ئاگرەی لەدەروونیاندا دروست بووە.

## 2-1-1-1-9-1- نۆستالۆژیای شاری نموونەیی (المدینة الفاضلة) لەشیعرەکانی نالیدا:

سەبارەت بە نۆستالۆژیای یوتۆپیا لەشیعرەکانی نالیدا تاکە بەڵگەیەك هەبێت بۆ ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا بوونی چامەکەی "قوربانی تۆزێ رێگەتم"ە، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی ئەم چامەیە بەتەواوی ناوچەیەکی خەیاڵی و سەرانسەر جوانی و بەخششی خواییە کاتێك ((باسی شاری سلێمانی دەکات لەدوای ڕووخانی شارستانیەتی بابانەکان، کە ئەم شارستانیەتەش وەکو یۆتۆپیای نائاگایی مرۆڤی کورد خۆی دەنوێنێت)) [سیوەیلی: ٢٠٠١: ٤]، چامەکە لە باسی ورد و درشتی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری نەچووەتە دەرەوە و نالی خەیاڵی نیشتمانێکی ئایدیاڵی و یۆتۆپیایەك دەکات بۆ رزگار بوونی لە تەنگی و تاریکی نیشتمانی دووەمی، هەندێك وێنەی نموونەیی دەداتە پاڵ گۆشە و چەشم و عەین و هەواو مەکان و خاکەکەی سولەیمانی، کە تەنها بووێکی بەهەشتین و دروستکراوی خەیاڵێکی ئایدیایی شاعیرن، بەم

شێوەیە نالی دەیەوێت لەڕێگەی شیعرەوە داهاتووی خۆی لەو شارەدا جێگیر بکات سیوەیلی دەڵێت:((بەئاشکرا دیارە، نالی دەیەوێت لەڕێی بەشیعر دروستکردنەوەی شاری سلێمانییەوە، پەی بە (ماندالا)ی بوون بەرێت و شوێنی شیاوی خۆی لەوێدا دەستنیشان بکات)) [سیوەیلی: ٢٠٠١: ٤٨]، دەتوانرێت چەند دێڕێکی چامەکە وەربگرین کە لەگەڵ ئەوەی نکۆڵی لەشەوق و حەسرەتی دیداری نالییە بۆ گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لەگەڵیشی خەیاڵ و ئەندێشەی دروستکردنی شارێکی نموونەییشە" نالی دەڵێت:

**داخل نەبی بە عەنبەری**
**ســـــارایی (خـاك و خۆڵ)**
**هەتـــا نەکەی بەخـــاکـــی**
**(ســــولەیمانی) یاعوبوور**
**یەعنی ریـازی رەوزە کە**
**تــێـیــدا چەن دەمــێ**
**موشـــکین دەبی بەکاکۆڵی**
**غیلمـــان و زوڵفی حوور**
**خـاکی میزاجی عەنبەر و،**
**داری رەواجـــی عـــوود**
**بەردی خەراجی گەوهەر**
**و، جۆبـاری عەینی نوور**
**شـــــامی هەموو نەهار و،**
**فوســـــولی هەموو بەهار**

[نالی: ١٣٨٩: ١٩٠ – ١٩٢]

نالی کە دێت وەسفی ئاو و هەوا و ژینگە و خاکی سولەیمانی دەکات، بەرزتر و ناوازەتر لەدیمەنی ڕاستەقینەی خۆی وێنای دەکات ((بەپلەی یەکەم ناوەڕۆکی ئەم چامەیە کە تێمی سەرەکی مەنفایە و وەسفی جیهانێکی لەدەستچوو ئاشنا دەکا، کە شوێنی جیهانی منالّی و گەورەبوون و لەدایکبوونە، شاعیر ئەوندە بەجوانی باسی ئەم شوێنە دەکا وەك جیهانێکی بێوێنە و یۆتۆپیایەك دێتە بەرچاو)) [عومەر: ٢٠١٧: ٨٢]، ئەو کە باسی سلێمانی دەکات بەشێوەیەک وێنای دەکات و دەیچوێنێت بە باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت ، ئەوەش بۆ کەسێکی وەکو نالی ئاساییە لەبەرئەوەی شوێنی ئێستای نالی ئەو دیسۆتۆپیایەیە کە دەست و قاچی بەندکردووە تاجی کۆیلایەتی لەسەرناوە،

لەبەرامبەریشدا سلێمانی لەلای نالی ئەو یۆتۆپیایەیە کە مرۆڤ بەباشترین سیستەمی ڕێکخراوی ژیان و خۆشبەختییەکان گوزەر دەکەن، کەوابێ نالی لەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆی شارێکی نموونەیی لەسەردەمی ڕابردووەوە دەگوازێتەوە بۆ سەردەمی داهاتووی، لەوێوە هیوای دووبارەبوونەوەی ژیان دەخوازێت و حەسرەت بۆ خۆشییە لەبن نەهاتووەکانی دەکێشێت، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت نالی لەدەقێکی نۆستالۆژیدا ئەو شارە نموونەییە دروست دەکات و هەنگاوی بۆ دەنێت.

### 2-9-1-1-1-2- نۆستالۆژیای شاری نموونەیی (المدینة الفاضلة) لەشیعرەکانی سالم دا:

سالم بەو پێیەی کە لەناو جەرگەی ڕووداوی داگیرکردنی سلێمانی بوو و بەچاوی خۆی ئەو هەموو کوشتاری و ماڵوێرانی و کاولکاریەی دیووە، وەکو کەسێکی ئاسایی نارەزایی هەبوو بەرامبەر بەم هەموو زوڵمە بۆیە هەر زوو هەوڵی ڕۆیشتن و جێ هێشتنی شار دەدات، لەپێناو گەیشتن بەشاری نموونەیی خۆی لەبەرئەوە ((ڕۆژگارێك بەناچاری و بەنا دڵی پشتی لەشارەکەی کردووە و بۆ ئێران سەری هەڵگرتووە ماوەیەك لە سنە گیرساوەتەوە و لەوێش هەر ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە، ماوەیەکیش ڕەهەندەی تاران و دەشتی ڕەی بووە)) [دەشتی: ٢٠٢١: ١٥]، ئەو شارەی سالم لێی ڕادەکات شاری باوك و باپیرانە و ئەو شارەی سالم هانای بۆ دەبات شاری بێگانانە، بەڵام سالم مکوڕە لەسەر ڕۆیشتن، کەواتە هەموو ئەو شیعرانەی دەربارەی جێهێشتنی شارە و ڕووکردنە شارێکی ترە، دەخرێتە قاڵبی ئەم جۆرە نۆستالۆژیایە و بەدەقی نۆستالۆژی هەژمار دەکرێت، بەتایبەتیش شیعرەکەی"الوداع"، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت سالم لەجێ هێشتنی سلێمانی هەوڵی داوە بگات بەشارێکی نموونەیی پڕاوپڕ بێت لەدادپەروەری و جێگای بەدی هێنانی هیواکانی بێت بەڵام بەپێچەوانەوە تاران نەبوو بە یۆتۆپیای سالم بۆ ئەوەی تا کۆتایی تەمەنی تێیدا بحەسێتەوە، سالم لەشیعرێکیدا دەڵێت:

**لە ظولمی چەرخی چەپگەر دەش درێغا،**<br>
**حەسرەتا، دادا!**<br>
**بەمیثلی "سالم"ی بێ کەس، کە بێ کەس**<br>
**وێڵی شارانن**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٨٨]

حەســـرەت و دادی ســـالم بۆ شـــارێکی نموونەیی دەگاتە ئەوەی دەور و زەمانە گوناهبار بکات و گلەیی بێ بەختی و دەربەدەری خۆی لەو بکات، نەك هەر بۆخۆی بەڵکو ئەو کەسانەی بەمیسلی سالم وێڵی شارانن لەپێناو گەیشتن بە یۆتۆپیای خۆیان، لەلایەکی تر سالم سەرەڕای ئەوەی کە بەدوای شارێکی بەهەشت ئاسادایە لەگەڵیشی وێڵە بەدوای مەعشوقەکەی شار بە شار، واتە ئەو دەخوازێت مەعشوقەکەی لەناو شارە نموونەیەکەدا بوونی هەبێت بۆی گرنگ نییە بەدوای گەڕانی چەندین شـــاردا ڕابکات، تەنها بۆ ئەوەی بگات بەو شارەی مەعشوق بۆیە دەڵێت:

**وێڵ و فیراری عیشقی تۆم، شەهر**
**بەشەهر سوبەسوو**
**پوشتە بەپوشتە، تەل بەتەل، دەشت**
**بەدەشت وکووبەکو**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٥٥]

### 2-1-1-1-9-3- نۆستالۆژیای شاری نموونەی (یۆتوپیا – المدینة الفاضلة) لەشیعرەکانی کوردیدا:

مستەفا بەگی کوردیش وەکو شاعیرانی تر هەوڵی دۆزینەوەی شارێکی نموونەیی دەدات، کە لەناویدا هەموو بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی تێدا جێگیرکرابێت، بەتایبەت کوردی کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتی ئێران بووە و لەشـــاری خۆی دوورکەوتۆتەوە بەهۆی حوکمی نـاڕەوای عوســمانی لەشـــارەکەیدا، بۆ ئەمەش ڕووی کردووەتە تاران بەمەبەسـتی ژیانێکی باشتر و شارێکی باشتر لەوەی خۆی بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەگەر شاعیرانی تر بەخەیاڵ شارێکی نموونەیی پڕ لە وێنەی جوان دروست دەکەن هەوڵی دۆزینەوەی بۆ دەدەن، ئەوا هەر یەک لە نالی و ســالم و کوردی لەڕاســتیدا و بەکردارەکی ئەم هەوڵەیان داوە و گەڕاون بۆ شـــارێکی نموونەیی، کوردی لەشـــیعری "چاو ئەگەر بارای ڕوانینی نەبێ" لەدێڕێکدا دەڵێت:

**جەمعـــــی ئەهلـــــی دڵ ئەمێســــــتە**
**لێــــــرە بــــــوونە بەفـــــری پــــــار**
**لانەواز و دەربەدەر، وێڵـــــــــــــــن**
**لەکــــــــــوچەی شـــــــــــارەکان**

**(کــوردی) تــۆش یابــاری ســەختی نەگبەتــــــی هەڵبگــــــرە یـــــا تەرکـــــــــی ئەم شـــــــارەکە، ســــەرهەڵگرە ســــەد ئەلئەمــــان**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٩٧]

کوردی لەم دێڕەدا گلەیی و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت، کە پیاوی ئایینی و شــێخانی تەریقەت و ئەوانەی دڵیان ڕووناك و پاکە وەکو بەفری پار تواونەتەوە و وێڵ و شــەیدای کون و کوچەی شــارەکانن، دواتر دوو هەڵبژاردە لەپێش خۆی دادەنێت، ڕوولەخۆی دەکات و دەڵێت یا ئەوەتا بەرگەی ئەم هەموو ناعەدالەتی و ناڕەواییە بگرە و بمێنەوە یانیش ئەم شارە جێ بهێڵە و ســەری خۆت هەڵگرە بۆ شــارێکی تر، کەواتە کوردی بە هەڵبژاردەی دووەمی کە جێهێشتنی شارە و گەڕانە بەدوای شارێکی باشتر و نموونەیی دەکاتە بنەمای دەقێکی نۆســتالۆژی، لەبەرئەوەی کوردی بەخەیاڵ بەدوای شــارێکی نموونەیی وێڵ و ســەرگەردان نییە بەڵکو لەواقیعیشــدا ئەم کارەی کردووە، لەبەرئەوە مســتەفا بەگی کوردی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی هەست ناسك و ئەهلی دڵ ئەو دەقانەی لەژێر چەتری نۆســتالۆژیا بەرهەم هێناوە و چووەتە ژێر باری ئەم دیاردەیە، لەلایەکی تر دەڵێت:

**هەزار خۆزگەم بەخۆت دووری لەشــاری پڕ بەڵاو میحنەت لەفرصــەتدا منیش هەڵدێم لەتەڵخی شــاری شیرینم**

]

کوردی: ٢٠١٠: ٣٣٨]

ئەم دێڕە شیعرەی کوردی لە نامەی شیعری "ڕەفیقی کونجی میحنەت"ە کە بۆ سالمی هاوڕێ و ئامۆزای ناردووە لەئێران، کوردی باسی دڵتەنگی و غەمگینی خۆی بۆ دەکات کە لەدوای جێهێشتنی شار لەلایەن "سالم"ەوە، کوردی خۆزگە بەســالم دەخوازێ کە لەم شــارە وێرانەدا نییە و ئەویش هەڵێکی بۆ بڕەخســێت ڕادەکات و ئەو شــارە جێ دەهێڵێت، دیارە ئەو ڕاکردنەی کوردیش بەهۆکاری بێزاری و بێ ئومێدییە لەدەستی دەسەڵات و دەوروبەرەکەی، ئینجا هانا بۆ شارێکی تر دەبات کە باشتر و شیاوتر بێت

لە شارەکەی خۆی کە شارێکی نموونەییە.

## 2-1-1-1-10- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبوو و گەڕان بەدوای ژیانی هەتا هەتایی:

مرۆڤ بەسروشتی خۆی بەردەوام لەهەوڵ و گەڕاندایە بۆ ڕەخساندنی بارودۆخ و ژیانێکی ناوازە و نایاب، بەردەوام ڕاکە ڕاکەی ئەو بۆ دروستکردنی بەهەشتێکی زەمینییە بە هەموو نیعمەتەکانیەوە، ئەوان عەودالّی ژیانی هەتا هەتایین و شەیدا و وێڵی ئاوی زیندەگین، ئارەزوویانە بەئاوی حەیات بۆ ئەبەد لە بەهەشتی دونیادا گوزەر بکەن و بژین و بەشەوق و تاسەی ئەو بەهەشتەن کە ونیان کردووە،((لەم جۆرە نۆستالۆژیایەدا شاعیر زیاتر بەدوای ڕووحی خۆیدا وێڵ و سەرگەردانە و هەموو کات هەست بەنامۆیی و تەنیایی و نیگەرانی دەکات، وادەزانێ لەسەر ئەم زەمینە نامۆیە و لەشوێنی ئارام و بەهەشتی خودایی دوورە و لە غەریبستانی ئەم زەمینەدا ژیان بەسەر دەبات))[عەبدوڵلا: ٢٠١٥: ٣١٣]، ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا نووسەر و شاعیر لە ناخەوە هەستی غەریبی و نامۆیی بەسەر ڕۆح و جەستەیدا زاڵ بووە و بیرو هۆشی بەدوای خۆشی و نیعمەتەکانی بەهەشت و دیداری خوای گەورەیە، عارفێکی دونیایی پەنهانییە و بەردەوام بەدوای ئاشکرا کردنیەتی، لەبەر ئەوە ئەم جۆرەی نۆستالۆژیا زیاتر لەشیعرە سۆفیگەری و شاعیرە سۆفیگەریەکاندا بە زەقی دەبینرێت، چونکە ئەوان بە هەموو شێوەیەك دەست لە دونیای کاتی هەڵدەگرن و ژیان و زیندەگی خۆیان تەنها بۆ خودای خۆیان تەرخان دەکەن، ئاشکراشە ئەم جۆرە شیعرە، لەشیعری کلاسیکدا بوونی هەیە.

## 2-1-1-1-10-1- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبوو و گەڕان بەدوای ژیانی هەتاهەتایی لە شیعرەکانی نالیدا:

گەڕان بەدوای بەهەشتێکی هەمیشەیی لەلای نالی هەمان گەڕانە بەدوای خاك و وەتەن و شاری سلێمانی و گەڕانەوەیە بۆ ئەو بەهەشتە، نالی لە شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و خۆشیە نەبڕاوەکانی کە بەتێڕوانینی ئەو هاوشێوەی بەهەشتە، ئەگەر شاعیر و نووسەرانی تر وێڵ و عەودالّی بەهەشتێکی خەیاڵی بن و تینووی ئاوی نەمری و ژیانی هەتاهەتایی بن، ئەوا نالی سەرەڕای جەور و ستەمی حوکمڕانییەتی عوسمانی و شەڕ و شۆڕ و باری ناهەمواری سلێمانی

و بێ ئومێدی و نامۆیی و هەڵکشانی تەمەنی و زەحمەتی گەیشتن و گەڕانەوەی، عەودالّی بەهەشتێکی واقیعی و نموونەییبیە کە سلێمانییە، لەلای ئەو سلێمانی ئەو بەهەشتەیە کە تادوا هەناسەکانی عومری بەدوایدا گەڕاوە و لەئاستی دا دەستکورت بووە، لە چەندین شوێنی دیوانەکەیدا نالی لەدوای ئەو بەهەشتەدا دەگەڕێت و دەڵێت:

**یەعنی ریازی رەوزە کە تێدا**
**بەچەن دەمێ**
**موشکین دەبێ بەکاکۆڵی غلیمان و**
**زوڵمی حوور**

[نالی: ١٣٨٩: ١٩١]

نالی سلێمانی بەبەهەشت و کچە شۆخ و شەنگەکانیشی بە حۆری دەچوێنێ، وشەکانی (ریاز، رەوزە) لەم دێڕەدا کە هەردووك بەواتای بەهەشت دێن بوونەتە بەڵگەیەك بۆ نۆستالۆژی بوونی دەقەکە ،چونکە ئەو بەهەشتەی نالی بەدوایدا دەگەڕێت و لێی ونە لەواقیعدا بوونی هەیە، بەڵام دەستی نایگاتێ و دەیەوێت بەهۆی خەیاڵ و ئەندێشەوە لەڕێگەی نووسینەوە بگاتە ئەو بەهەشتەی کە سەراپای ژیان و هۆش و بیر و دڵ و دەروونی هێناوەتە جۆش بۆ تەنها دیدارێکی.

نالی لە موستەزادێکی خۆیدا بەدەم نزا و پاڕانەوەوە، حەسرەت و ڕەنجکێشانی خۆی دەخاتە ڕوو و بێ ئومێدی خۆی نیشان دەدات لە بەرامبەر بە گەیشتن بەژیانی هەتا هەتایی و بەهەشتە هەتا هەتاییەکەی دونیاکەی تر، دەڵێت:

**ئـــەی مەتڵەعی ئەنواری هەموو قاسی و دانی شەمســـی سەمەدانی**
**وەك زەڕەیی بێ جیلوە نە مەوجودد و نە مەعدووم جۆیایی بەراتم**
**لەم خاکی دەری رەحمەتی بێ زەحمەتە، ((نالی))فیردەوسە مەئـــالی**
**حـــاشاکـــە لەمـــێدا ببـــمە سائـــیلی مەحـــرووم هەرچـــەند لە**
**عوساتم**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٨٠ – ٢٨١]

لەم پارچەیەدا نالی ڕووی خۆی لەپێغەمبەر (د. خ) دەکات و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، باسی بێ ئومێدی و نامۆیی و ڕەشبینی خۆی دەکات لەئاست

گەیشتن بەبەهەشت، بە هۆی ئەو گوناهـ و تاوانە زۆرانەی کە ئەنجامی داون، ئەوا بەگوتەی نالی خۆی کە لەوانەیە لەڕاستیشدا وانەبێت، بەڵام نالی بەهۆی غەریبی و ئاوارەیییەوە دوور لەوڵات و کەس و کاری و ئازیزانی دووچاری کۆمەڵێك حاڵەتی ناخۆش و شوم و تاریك هاتبێت و لە خەیاڵی خۆیدا ئەو باس و خواسانەی دروست کردبێت، ئەگەرچی ئیشەکەی ئێمە لەسەر دەقەکانیەتی نەك لەسەر ژیانی واقیعی ئەو، بۆیە لەدێڕی یەکەمدا لەڕێگەی وشەی (جۆیا) کە بەواتای گەڕان بەدوای شتێك دێت، وادەردەخات کە نالی شتێکی لێ ون بووە و دەیەوێت بەدەستی بهێنێت ئەویش لەڕێگەی کەسێکەوە کە ڕێگای دۆزینەوەکەی ئاسان دەکات و ڕێنمایی دەکات، بۆیە لەدێڕی دووەمدا ئاماژە بە ڕەحمەت و بەرەکەتی پێغەمبەر (د. خ) دەکات کە هەرچەندە یاخیبووە لە فەرمانەکانی خوای گەورە، بەڵام لە کۆتاییدا بەو بەهەشتە شاد دەبێت کە بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانە، لەبەرئەوە ئەگەر سەرنج بدەین تەواوی ئەو پارچە شیعرەی نالی هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەڵگری ڕەمز و پەیامی نۆستالۆژین و لە باس و خواسەکانی حەسرەت و داخ و ڕەنجکێشان دوور ناکەونەوە، کە بووەتە هۆکاری سەرەکی ئازار و ناخۆشی و بێ ئومێدی و شکستهێنان ئەگەرچی لە کۆتایشدا ئومێدێك بەدڵی خۆی دەدات و لە دوورەوە تروسکاییەك بۆ تەنگی و توندی دڵی بەدی دەکات و دڵخۆشی و گەشبینی دەبێتە جێگرەوەیەك بۆ دڵتەنگیەکەی.

### 2-1-1-1-10-2- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبوو گەڕان بەدوای ژیانی هەتاهەتایی لەشیعرەکانی سالمدا:

گەڕان بەدوای بەهەشتی ونبوو لەشیعرەکانی سالمدا هەر ئەو گەڕانەوەیە کە لە شیعرەکانی نالیدا بوونی هەیە، چونکە هەم نالی و هەم سالمیش ژیانی تـاراوگە و مەینەتییەکـانی تەنگی پێ هەڵچنیون و دەیـانەوێـت بگەن بەو بەهەشـــتەی ســـلێمانی، ســـالم بەرەو تاران بەڕێکەوت بەهیوای بوونی بەهەشـــتێکی هەمیشـــەیی دونیایی و گوزەرکردن بەناو ژیانی هەتاهەتایی، نالیش بەرەو تورکیا، بەڵام ئەو خاڵەی ســـالم لەنالی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ســالم گەیشـتن بە مەعشـوق و خۆشـەویسـتییەکەی تەریب دەکات بەگەیشـتن بەبەهەشت و خۆشی و جوانییە بێ وێنەکەی، چونکە دەڵێت:

**تا مەحرەمم بە بەزمی**
**ویصـــالـت لەخەڵوەتـا**

## ناکەم هەوایی قەصــــری
## بەهەشت و لیقایی حوور

[سالم: ٢٠١٥: ٣١٥]

سالم لەم پارچە شیعرەدا ئەوەندە بەتاسەی ویساڵ و گەیشتنە بەیارەکەی ئەوەندە حەسرەتی گەیشتن نییە بەبەهەشت و خۆشییەکانی، لەبەرئەوەی دەڵێت هیوای کۆشکە ئاڵتون و ناوازەکانی بەهەشت و پەری (حوور)یە جوان و قەشەنگەکانی بەهەشت ناکەم ئەگەر بگەم بە مەحرەمی تۆ و بەزمی ویساڵت، لەشیعرەکانی سالمدا حەسرەت و ئارەزووی گەیشتن یان هەر چەمکی گەیشتن و ویساڵ بۆ دووسێ شتی دیاریکراوە بەشێوەیەکی بەرچاو، یەکەمیان حەسرەت کێشانە بۆ گەڕانەوەی شاری سلێمانی بۆ سەردەمی بابانەکان و دەسەڵاتداریەتی کوردان لەشارەکەدا دووەمیان گەیشتنە بەمەعشوق و مەحرەمبوونی لەگەڵیدا. سالم هەندێك جار ئاوی بەقا دەکاتە سەرچاوەیەك بۆ گەڕان بەدوای ژیانی هەتاهەتایی، بۆ نموونە دەڵێت:

**ئابی حەیاتی منە، بۆسەیی لێوی حەبیب**
**حاڵی مە ماتی منە، دیدەنی ڕووی ڕەقیب**

[سالم: ٢٠١٥: ١٥٩]

ئاوی حەیاتی بەکۆی واتا کێڵگەییەکان (ئابی بەقا، اب حیات، چشمە زلال...) ئەو زاراوەیەی سالم لەچەندین شوێنی دیوانەکەیدا بەکاری هێناوە و کردوویەتی بە بناغەی داهێنانی شیعری ((سەروچاوە و کانیاوێکی ئەفسانەییە لە ناوچەیەکی باکوور و لە شوێنێک لە تاریکیدایە.... هەر کەسێک لەو ئاوە بخواتەوە ژیانی جاویدان و نەمری پێ دەبەخشرێت))[دەشتی: ٢٠٢١: ١٦٢]، سالم دەیەوێت بە نۆشکردنی ئاوی بەقا بەدیوەکەی تری دەیەوێت بۆ هەتاهەتا لە نەمریدا بمێنێتەوە واتە بەماچی لێوی یارەکەی دەگاتە ئاوی بەقا و ژیانی هەتاهەتایی، لەگەڵ ئەوەشدا دەگاتە حاڵەتی مردن بەدیدەنی ڕەقیب یان ئەو بەدکارەی دەبێتە مایەی فیتنە بۆ سالم و یارەکەی لێرەدا سالم ژیانی هەتاهەتایی وە دەست دێنێ بەلێوی یار و دەگاتە کۆتایی ژیانیش بە بینینی ڕەقیب، کەواتە لەشیعرەکانی سالمدا دەردەکەوێت کە ژیانی نەمری و بەهەشتی ونبوو لەلای سالم گەیشتنە بە

مەعشوقەکەی.

### 3-10-1-1-1-2- نۆستالۆژیای خەم و حەسرەتی بەهەشتی ونبوو و گەڕان بەدوای ژیانی هەتا هەتایی لەشیعرەکانی کوردیدا:

شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە ژینگەیەکی تێکەڵ بە تەریقەت و مەزهەبی سۆفیگەری گەورە بوون و دەستوور و یاسای ئەو مەزهەبانە کاریگەری لەسەر خۆیان و بەرهەمی ئەدەبیان هەبووە، ئەم جۆرەی نۆستالۆژیاش بەو پێیەی گەڕانە بەدوای بەهەشت و ژیانی نەمرییە، بەزۆری لەڕۆحی شاعیرانی کلاسیکدا پەنگاوی خواردۆتەوە بەتایبەتیش لای شاعیرە سۆفیگەر و زاهید و عاریفەکان لێوان لێو بووە، مستەفا بەگی کوردیش بەهەمان شێوە لەدیوانەکەیدا چەندین چامە و پارچە شیعری هەیە کە لەم چوار چێوەیەوە نەچووەنەتە دەرێ، بەتایبەتیش لەباسی ئاوی حەیات کە زۆربەی شاعیران ئەم وێنەی یان ئەم دەستەواژەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، ئینجا کوردی بۆ گەڕان بەدوای ژیانی هەتاهەتایی پەنا دەباتە بەر ئەو ئاوەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی بوولبولی موشتاقەوە و دەڵێت:

**دڵ دائیمە وەك بولبول موشتاقی دەهەن وازە**
**تائابی حەیات نۆش کا لەو غونچەیی پەیکانت**

[کوردی: ٢٠١٠: ٩١]

مستەفا بەگی کوردی هاوشێوەی بولبول کە پەرێشان و موشتاقی کرانەوەی خونچە دڵخوازەکەیەتی، دڵی ئەویش موشتاقی دەم و لێوی مەعشوقەکەیەتی، کەلەو ڕێگایەوە ئاوی حەیات دەنۆشێ و ڕۆحی نەمری پێدەبەخشرێت، کوردی دەم و غونچە بەهۆکاری ژیان و نەمری دادەنێت و بەدوایدادەگەڕێت، ئەم گەڕانەش دەبێتە هۆکارێك بۆ هەستکردن بە دیاردەی نۆستالۆژیا، ئەمەش نەك هەر ئەو دێڕە بەڵکو کوردی لە چەند دێڕی تریش ئاوی حەیات و خدری زیندە دەکاتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری و داهێنانی شیعر بۆ نموونە دەڵێت:

**قاصید نییە ئەم پەیکە مەگەر**
**خضـــــــری نەجـــــاتە**
**بەخشـی بەمنی موردە حەیاتێ**
**بەســــــــــەلامــــــــت**

[کوردی: ٢٠١٠: ٨٠]

گەڕان بەدوای بەهەشــتی دونیاکەی تر لەبەشـێکی شـیعرەکانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و بوونیان هەیە، بەڵام ئەو بەهەشـــتە لەلای شـــاعیران هەندێك جار لەسەر زەمینیش بوونی هەیە ئەویش یان گەیشتنە بەیار و یان باوەش و پەیکان و دەم و لێوی یارە، کە لەلای ئەوان هاوشێوەی بەهەشتە، ئەوەتا کوردی ڕووکردنە قاپی یارەکەی و گەیشـــتن بەیارەکەی لەبەهەشـــت بەچاکتر دەزانێت و تاکە چارەسەری دەردیەتی، چونکە سەبر و ئارامی پێ دەبەخشێت و لەم حاڵەی رزگاری دەکات، بۆ نموونە دەڵێت:

**غوبـــــاری خاکـی(وامیق)گەربەهەشـــتە**
**کە قاپی تۆ صەبووری دەرمە ئەمشەو**

[کوردی: ٢٠١٠: ٥١١]

یان دەڵێت :

**بەهەشتە، چونکە تۆی**
**تێدای، لەلای من،**
**چەهەننم بێ، ئەگەر؟ ئەم**
**شارخۆشە**

[ کوردی: ٢٠١٠: ٥٠٥]

مســـتەفا بەگی کوردی لەچامەی بە بەرگی خونچەییدا" ڕووی گفتوگۆی لەیارەکەی دەکات و سەرەتا بە وەسف و ستایش و سەنای دڵدارەکەی دەست پێدەکات، چاوی مەســـت و وردەخاڵی دەم و لێو و قەد و باڵا و دڵ و دینی شـــاعیری ڕفاندووە و عەقڵ و هۆشـــی لەدەســـتداوە و بەردەوام لەشـــین و گریەدایە، هەم بەهۆکاری بێ ڕەحمی و دڵڕەقی یارەکەی هەمیش بووەتە جێگای قســە و باس و خواســی خەڵکی چواردەوری، ئینجا کوردی لەدوای کۆمەڵێك پێداگوتن و مەتح و ســـەنا شـــارەکەی بە بەهەشـــت دەچووێنێ کە پێدەچێت مەبەستی شاری سلێمانی بووبێت، چونکە یارەکەی لەوێدایە ئەگەر ئەو لەوێ نەبێ ئەو شـــــارە دۆزەخە و خۆش نییە بەبێ بوونی یارەکەی،

کەواتە کوردی بەهەمان شێوەی شاعیرانی پێش خۆی بەدوای ئەو بەهەشتەدا دەگەڕێت، کە لە سەر زەوییە و پێش ژیانی کۆتاییە نەك ئەو بەهەشتەی لەدوای کۆتایی هاتنی دونیاوە دێت دیارە ئەویش گەیشتنە بەیار، هەموو ئەو بابەتانە هۆکاری دروستبوونی دەقی نۆستالۆژین و شیعری کوردی دەکەنە دەقێکی نۆستالۆژی لەجۆری نۆستالۆژیای تاکەکەسی.

## 2-2-نۆستالۆژیای گشتی (جمعی):

نۆستالۆژیای گشتی یان جەمعی جۆرێکە لە جۆرەکانی کاردانەوەی تاك بەرامبەر هەموو درکپێکراوەکانی دەوروبەری، بەواتای ئەوەی ئەو بارودۆخە گشتییانەی پرژاونەتە سەر هەموو تاکێك، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەرتر لەسەر خودی شاعیر یان نووسەر دروست دەبێت، لەم جۆرە نۆستالۆژیایەدا شاعیر هەستی پڕ حەسرەت و شەوقی دیداری خۆی پەخش و بڵاو دەکاتەوە سەر هەموو بەهاو هەیبەت و کلتوور وموركێکی نەتەوەیی و غەیری نەتەوەیی، ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی جیهانی، کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕووداوە گرنگ و مێژووییەکان، جەنگ و شەڕ و شۆڕە شومەکان، کەسایەتی جیاوازەکانی نەتەوەیی و جیهانی... هتد، دەبن بەکرۆکی دەقەکانیان و لەنێو وشە و دێڕ و دەستەواژەکان مەلە دەکەن، دەبن بەخاڵی جەوهەری نۆستالۆژیای گشتی و پێ جودا دەکرێنەوە، چونکە نۆستالۆژیای تاکەکەسی پەیوەستە بە خودی تاك یان شاعیر و نووسەر بەتەنها هەموو خاسیەت و ڕواڵەتە تایبەتیەکانی ژیانی خۆی و کەسە نزیکەکانی دەبنە بنەمای سەرەکی بۆ دەقە نۆستالۆژیاکە، بە پێچەوانەی نۆستالۆژیای گشتی کە خەسڵەت و مۆرکێکی گشتی هەڵگرتووە، واتە شاعیر تەواوی مرۆڤەکان لە هەموو شوێن و کات و سەردەمە جیاوازەکان لە شیعرەکەدا بەشداری پێدەکات، لەبەر ئەوە((ئەم جۆرە نۆستالۆژیەی شاعیران گەڕانەوەیە بۆ مێژووی نەتەوەیی و ئەفسانە کۆنەکان و کلتوور و کەلەپووری کۆنی نەتەوەیی، شوێنەوار و کەسایەتییە ئایینی و سیاسی و مێژووییەکان و شاعیرانی نەتەوەیی و ڕووداو و بەسەرهاتە سیاسیەکانی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت)) [عەبدوڵلا: ٢٠١٦: ٣٤٤]، بۆ نموونە ئەوکاتەی شاعیر ئاگاداری داستان یان شاکارێکی جیهانییە و زانیارییەکی تەواو و تۆکمەی دەربارەی ڕووداوە بچووک و گەورەکان، کەسایەتی، کات و شوێنەکان هەیە، بەشێوازێکی هونەری و ئەدەبی زۆر ورد ئاوێزانی شیعرەکەی دەکات، دەقەکەی خۆی لەنۆستالۆژیادا دەئاڵێنێت، کەواتە ڕۆڵی سەرەکی ئەم جۆرە نۆستالۆژایە ئاوێتە کردنی بارودۆخە جیاوازەکانی نەتەوەیی و جیهانییە لەگەڵ شیعر لەلایەك، لەلایەکی تر نیشاندان و ناساندنە بە کۆمەڵگەی نوێ و سەردەم لەڕێگەی داهێنانی شیعریەوە.

### 2-2-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان:

ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتییە، سەرچاوەی بەهێز و یەکەمی بیر و خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤەکانە، ئەفسانە کە میتۆلۆژیاشی پێ دەگوترێت،

دەرئەنجامی تێفکرین و تێڕامان بووە لە کۆندا، مرۆڤ بەهۆیەوە چەندین پرسیاری وروژاندووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خۆی لە ئەفسانەکاندا وەڵامەکان دابهێنێت و بخولقێنێت، لەبەرئەوە بەپێی پێویستی ژینگە و ژیانیان ئەفسانەکانیان داهێناوە، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك دیاردەکانی ژیانیان لێکداوەتەوە، ئەوەتا هەندێك دەڵێن ((گۆیا ئادەمیزادی زۆر کۆن نەیتوانیوە لەحەقیەتێکی وەکو ڕۆژ یا هێزێکی تری تەبیعی بگا، لەترسانا پەرستوویەتی و هێناویە بە چیرۆك و ئەفسانە ڕازاندویەتەوە)) [سەججادی: ١٣٨٩: ١٢١]، کەواتە بۆچوونی جیاواز دەربارەی سەرچاوەی دروستبوون و گەشەکردنی ئەفسانە لەئارادا هەیە، زۆربەی بۆچوونەکانیش بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤە سەرەتاییەکان لەئەنجامی ترس و نەزانین و نزمی ئاستی بیرو هۆشیان بەشێوازێکی هونەری و وردەکاری جوان ئەم چیرۆکانەیان داهێناوە، ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئەو دەقە قورئانیە یەکدەگرێتەوە کە لە سورەتی انعام خوای گەورە دەفرموێت: ((فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْآفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّآ رَأَى ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَماَّ رَأَى ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ))[سورة الانعام: آية: ٧٥ - ٧٨]، واتە کاتێک شەوی بە سەردا هات ئەستێرەیەکی بینی، وتی ئەمە پەروەردگاری منە، بەڵام کاتێک ئاوا بوو وتی من هەرچی ئاوا بێ خۆشم ناوێ، ئنجا کاتێک مانگی بینی هەڵهات، وتی ئەمە پەروەردگاری منە، بەڵام کاتێ ئاوا بوو وتی خوا ڕێنمونیم بکات، بەهەمان شێوەکە خۆر دەرکەوت وتی ئەوە خوای منە و دواتر کە خۆرئاوا بوو پەشیمان بوویەوە، کەواتە ئەفسانە ((بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتییە و بەرهەمێکی هەمەلایەنەیە و لەئەنجامی پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووە لە بن نەهاتووەکانی مرۆڤ کەڵەکەی کردووە و کۆبووەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوی کراوەتەوە و بیری کردۆتەوە و زمانی پژاوە، ئەفسانەش لەشێوە سەرەتاییەکەی خراوەتە ناو بیرکردنەوەی)) [حەسەن: ٢٠٠٧: ٥٠]، ئینجا بەکارهێنانی هەموو هێما و رەمز و نیشانە ئەفسانەییەکان لەشیعری کلاسیکدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت و شاعیرانی کلاسیك پەییان بۆ ئەم شێوانە بردووە، ئەگەر تەماشا بکەین نەك تەنها لە شیعر بەڵکو لە پەخشانیش هەندێ ڕەمز و وێنەی

ئەفسانەیی هەن لە دوورەوە ئاماژەن بۆ چیرۆك و حەكایەتی ئەفسانەیی كە خۆیان بەوێناكردنی خەیاڵ و چڕی ئەندێشە و بڕینی سنورەكانی خەیاڵ و فەنتازیا و سیحر و جادوو خەریك دەكەن، بۆ نموونە ((وێنەگەلێكی ئەندێشەیی هەن لەكۆنەوە لەگەڵ مرۆڤدان. بۆ نموونە، وێنەی پەریزادەی دەریا یاخود داستانەكانی باكوری ئەوروپا یان وێنەی ئەژدیها)) [ئەحمەد: ٢٠١٥: ٥٠]، هەموو ئەوانە بوونە هێما و نیشانەی زەق بۆ ناسینەوەی دەقێكی ئەفسانەیی یاخود بوونی ڕەمز و نیشانەی ئەفسانەیی لەنێو دەقێكی شیعریدا، كە بەجۆرێك دەتوانرێت ئەو دەقانەی بەم بابەتانەوە پەیوەندیدارن بخرێتە ناو چوارچێوەی دەقێكی نۆستالۆژی.

## 2-2-1-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە كۆنەكان لەشیعری نالیدا:

نالی یەكێكە لەو شاعیرانەی لە دیوانەكەیدا كۆمەڵێك ڕەمز و نیشانەی ئەفسانەیی بەكارهێناوە، ئەفسانە لەشیعرەكانیدا سەرچاوەیەكی گرنگی بەرهەمهێنانە، بەشێوەیەك كە بەهۆی ئاگاداری و شارەزایی زۆری لە بەرهەمە ئەفسانەییە كوردی و جیهانییەكاندا هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆكاری گەڕانەوەی بۆ ئەفسانەكان بەگشتی، لەبەر ئەوە لەئاستێكی بەرزی هونەری و شیعری وێنە و خەیاڵە سیحراویەكانی ئەفسانە بەناوبانگەكان ئاوێتەی وشە و دێڕەكان كردووە، بەجۆرێك لەگەڵ خوێندنەوەی خوێنەر هەست بە لێهاتوویی شاعیر دەكات، ئینجا لەبەرئەوەی ((ئەفسانەكانیش لەڕووی ژینگەیی و دروستبوونیانەوە، دوو جۆرن، یان ئەفسانەیی خۆماڵین و هی نەتەوەی شاعیرە، یان ئەفسانە جیهانییەكانن و لای ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك ئاشكرایە و دیارە)) [عەبدوڵلا: ٢٠١٥: ٣٤٥]، نالیش داهێنەرانە هەردوو جۆری ئەفسانەی لەشیعرەكانیدا بەكارهێناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

**كە دیتم شەكـــلی سەد ڕەنگی،**
**گوتم: بابایـــی عەییـــارە**
**كە بیستم لەفزی بێ دەنگی، گوتم:**
**شەیپووری شاپوورە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤١٩]

ئەفسانەی جیهانی "بابابی عەییار" یەكێك بووە لە دار و دەستەكانی ئەسەكەندەری مەكدۆنی و بەپێی حەز و ویستی خۆی خۆی بۆ شێوەكان

دەگۆڕی و ئارەزووی چی شێوەیەکی کردبێ خۆی گۆڕیوە، نالی بەگەڕانەوەی بۆ ئەم ئەفسانە جیهانیە دەقێکی نۆستالۆژی تەواو و تۆکمەی بەرهەم هێناوە، یان لەلایەکی تردا دەڵێت:

**نالی کە غوڵامی وەدەدی زوڵف و برۆتە**
**شێیاهێکە لە بن سایەی باڵی دوو هومادا**

[نالی: ١٣٨٩: ٨٣]

**برۆت باڵــی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوســنت بوو**
**خــەتت هــات و وتــی مــن نــاسیخی توغرایی خونکارم**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٨٤]

ئاشکرایە باڵندەی هوما باڵندەیەکی ئێسقان خۆرە، بەگوێرەی سەرچاوەکان لە کۆندا باوەڕیان وابووە ئەم باڵندەیە بە سەری هەر کەسێك بنیشێتەوە دەبێتە پادشا، دیارە ئەوەش تەنها پێشبینی و خەیاڵێکە زۆر دوورە لەراستییەوە، سەرەرای ئەفسانەی جیهانی، نالی لە چەند دێڕێکدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەفسانە خۆماڵییەکان (کوردیەکان) و ئاماژەی پێ کردوون، کە هەندێکیان بوونەتە ڕەمز و نیشانەیەك بۆ ئەفسانەی کوردی و پێی دەناسرێنەوە، بۆ نموونە (زوحاك) کە ئاماژەیە بۆ دڕندەیی و بێ بەزەیی و مۆرکێکی نەتەوەیی وەرگرتووە و خەسڵەت و نیشانەکانی ئەفسانەی کوردی زەق دەکاتەوە، نالی بە گەڕانەوەی بۆ ئەم ئەفسانانە دوو شت ڕوون دەکاتەوە یەکەمیان زاڵمی و زۆرداری ئەم کەسایەتییە، دووەمیان لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و هونەری لێکچواندن نیشاندانی دڵرەقی و بێ بەزەیی یارە، کە زولفەکانی سەرشانی هاوشێوەی ماری ئەژدیها زوڵم و ستەمی لەنالی کردووە، بۆیە دەڵێت:

**دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرارداوە**
**لەسەر شانی، وەکو زەححاك و، ناوی ناوە زولفەینی**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٨٢]

### 2-2-1-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان لەشیعرەکانی سالمدا:

هەروەکو دەزانرێت کۆمەڵێك رەمز و نیشـــانەی ئەفســـانەیی هەن کە لە

ئەدەبیاتدا بوونەتە کەرستەی هونەری و شاعیران وەکو ڕەگەزێك سودیان لێ وەرگرتووە، هەموو وشـــەکانی (ئەژدیها، هوما، جەم، زوحاك، عەنقا، مەریەم... هتد) ئاماژەن بۆ جۆرێکی ئەفسانەی جیاوازی میللەتان، سالمیش هاوشـێوەی شـاعیران چەند ڕەمزێکی ئەفسـانەیی بەکارهێناوە لەشـیعر و چامەکانی دا کە بەپێی کۆنتێکسـتی دەقەکە دەردەکەوێت کە سـالم لەم بەکارهێنانەدا چ مەبەسـتێکی هەبووە، بۆ نموونە لەپارچە شـیعرێکی مولەمەعدا دەڵێت:

**جیهان "سالم"، وەکو مارانی**
**ضەححاك**
**((کە مغزت میخورد، چندین**
**مخورغم))**

[سالم: ٢٠١٥: ٤٥٥]

هونەری شـیعری سـالم لەم دێڕەدا ئەوەیە کە مارەکانی زوححاك و گەردوون دەخاتە یەك تای تەرازووێکەوە، وە هەردووکیشـیان بۆ مرۆڤ یەك سیفاتی لەناوبردنیان هەیە، بە تایبەتی بۆ سالم گەردوون بووەتە مایەی نەهامەتی و سەرگەردانی، ئەو نیوە دێڕەی کەوا فارسییە و هی "سەعدی شیرازی" یە وەکو مامۆستا عبدالکریمی مودەڕس و کوڕەکانی ئاماژەیان پێ کردووە، مەبەستی ئەوەیە کە سالم چیتر خەم مەخۆ و خەمی دونیا بدە بەملاوە لەبەرئەوەی جیهانیش هاوشـێوەی مارەکانی زووحاك کۆتایی پێ دێت، هەر لەدەوروبەری ماری زووحـاك و ئەژدیها دەخولێتەوە لەم شیعرەدا، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە سالم کەرستەکانی تری ئەفسانەیی لەشـیعرەکانی بەکارنەهێنابێت، بەڵکو مەبەسـتمان لێرەدا دوو بابەتی پەیوەندیدار بەم جۆری نۆستالۆژیایەدا بخەینەڕوو، لەبەرئەوە سالم دیسان لەوەسفی ماری ئەژدیهادا دەڵێت:

**زولفی حەی پەروەردەیە**
**"سالم" ئەبەد ئەیمەن مەبە**
**بـەم قەرارە، شێـتە بازی**
**بە حەلقـەی ئەژدەهـا**

[سالم: ٢٠١٥: ٢١]

سـالم لە ئەفراندنی وێنەی هونەری جوان و بەچێژ وەسـتایانە کاری

کردووە، ئەوەتا زولف و مار و ئەژدیها لەسەریەك کێڵگەی واتایی و تێکەڵی یاری کردن بە زولفی یار و ماری ئەژدیها وەکو یەك وایە، بۆیە دەڵێت سالم نەکەی خۆت لەم یاریکردنە بدەیت لەبەرئەوەی جێگای ئەمن و ئەمان نییە و شێتیە، سالم بە وێنەی زیندوو لەپشتی وێنەی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێزەوە دەکاتە کەرستەیەکی چالاکی شیعر بۆ بزواندنی هەست و هۆشی خوێنەر، کەواتە سالمیش بە سوودوەرگرتن لە چەندین جۆر و ڕەمز و هێما ئەفسانەییەکان توانیویەتی چەندین دەقی نۆستالۆژی جیاواز بەرهەم بهێنێت.

**2-2-1-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:**

مستەفا بەگی کوردیش بەهەمان شێوە لەشیعر و چامەکانیدا چەندین نیشانە و ڕەمزی ئەفسانەیی بەدی دەکرێت، کە بەخوێندنەوەیان خوێنەر هزری بۆلای ناوەڕۆکی و چیرۆکی ئەفسانەکە دەچێت، بەڵام کوردی بەشێوازێکی جیاواز تر لەوانی تر ئەفسانەکانی بەکارهێناوە، بۆ نموونە ئەفسانەی (مەریەمە) ئەفسانەیەکی بەناوبانگە بەڵام شاعیرانی تر زۆر بەدەگمەن ڕەمز و نیشانەکانی ئەو ئەفسانەیان ئاوێزانی شیعرەکانیان کردووە، کوردی دەڵێت:

**شکاندی قیمەت شەککەر، نەباتی**
**لێوی شیرینت**
**گەیاندییە مەریەمەی مەریەم خاڵی**
**ڕووی نیگاریت**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٢٣]

ئاشکرایە ناوەڕۆکی ئەفسانەی مەریەمە کە لە کوردەواری پێی دەگوترێت شەوە چییە و چۆنە، کە لە کوردەواری کۆندا لەدایك بوونی کۆرپەیەکی تازە باوەڕیان وابووە شەوە دێت و دەیبات ئینجا لەگەڵ یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونی هەتاکو دوای چلەی یان چل ڕۆژ قورئانیان لەژێر سەری دادەنا بۆ ئەوەی دەستی شەوەی نەگاتێ، شاعیریش ئەم ئەفسانەی کردۆتە سەرچاوەی دروستبوونی ئەم دەقە و بەیارەکەی دەڵێت، خەیاڵی ڕووی جوانی تۆ لەجوانی و ناسکیدا گەیشتۆتە جوانی حۆری ناو ئاو کە مەریەمەیە(*)، کوردی داهێنەر و بەتوانا دوو ئەفسانەی تێکەڵ بەیەکتر

(*) مەریەمە: کیژی ناو ڕووبار و دەریا، هەروەها ناوی گیاندارێکی ئەفسانەییە.

کردووه که هەردووکیان یەك ناویان هەیە مەریەمە هەم بەواتای شەوەدێت و هەمیش لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا پێی دەڵێن حۆری ناو ئاو، ئەمە جگەلەوەی ئەو ناوەی بەناوی "مەریەم" دایکی حەزرەتی عیسا لکاندووە و کردوویەتی بە وێنەیەکی شیعری ناوازە، هەروەها مستەفا بەگی کوردی لەپارچە شیعری "بەئەبرۆ و خاڵ و خەت" لەدێڕی دووەمدا چوار ئەفسانەی کوردی و جیهانی تێکەڵ بەیەك کردووە و تێیدا لێهاتوو وەستایانە ناوی کەسایەتی و ئەو شتەی پێی ناسراون لەدوو توێی یەك دێڕدا باس دەکات، دەڵێت:

**بەئاییەنەی ڕوخ؛ (ئەسکەندەر)، بەجامی دیدە، (جەمشید)ێ**
**بەتەختی سینە، (پەروێز)ی، بەماری زوڵف (ضوحاك)ی**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٧٩]

کوردی شاعیر چوار ئەفسانەی بەیەکەوە لەیەك دێڕی شیعردا بەکارهێناوە، کە هەر ئەفسانەیەك بەشتێك ناوبانگی دەرکردووە، کوردی هۆکاری بەناوبانگیەکەشی خستۆتە دوو توێی دێڕە شیعرەکەوە، بۆ نموونە ئاوێنەی ئەسکەندەر، جامی جەمشید، سینەی پەروێز ماری زوحاك، لەدێڕێکدا بەکارهێناوە، کوردی بەم کارە پڕ هونەرییەی توانیویەتی گەڕانەوەیەکی ڕێك و ڕەوان بۆ ئەفسانە کۆنەکان دروست بکات، کە ئەویش جۆرێکە لە گەڕانەوە یان نۆستالۆژیای تاکەکەسی، جگەلەو دێڕانەی سەرەوە، چەندین دێڕی تر هەن کە ئاماژەن بە چەند ئەفسانەی کۆن، بۆ نموونە:

**هی وەکو کۆهی دەماوەندە سەری پڕ شۆڕشم**
**قەت ئەمی هیجران و خەم، ساتێ لەدەوری ناڕوێ**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٠٢]

### 2-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ داستانە کۆنەکان:

نۆستالۆژیا بەگشتی پڕاوەتە سەر هەموو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری

بەداستانیشەوە، هەروەکو پێوەرێکی زانستی دەقەکەی پێ دەپێورێت بۆ ڕادەبوونی نۆستالۆژیا لەودەقەدا، گەڕانەوەی شاعیر و نووسەر بۆ ژانری داستان جۆرێکە لە داهێنانی ئەدەبی و ئاوێزانی دەقەکان بەم جۆرە ئەدەبییە ودەوڵەمەند کردن و بەپێز کردنی دەقەکەیە لە ڕووی ناوەرۆکەوە ، چونکە باڵادەستی شاعیر لەو کاتە دەردەکەوێت کە بپرژێتە سەر هەموو جۆرە ئەدەبییەکان و ئاوێتە کردنیان لەگەڵ شیعر، ئەگەر جۆرەکانیش لەگەڵ یەکتر جیاواز بن.

دەتوانرێت بگوترێت کە نالی بەشێوەیەکی گشتی شارەزای هەموو داستانە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتییەکان بووە کە لە داستانەکانی وەک (مەم و زین، شرین و فەرهاد، گلگامش، هەزار و یەك شەوە، خەجێ و سیامەند، قەڵای دمدم، رۆستەمی زاڵ... هتد) پێکدێن، ئەو داستانانە موڵکی هەموو میللەتێکە و لە شیعر و ئەدەبیاتی خۆیان وەکو ژانرێکی ئەدەبی سوودیان لێ وەرگرتووە، واتە مۆرکێکی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە.

**٢-٢-٢-١- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ داستانە کۆنەکان لەشیعرەکانی نالیدا:**

نالی شارەزا و ئاگاداری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و ڕۆژهەڵاتی بووە، گەڕانەوەی نالی بۆ داستانە کۆنەکان بە دوو جۆر شی دەکرێتەوە یەکێکیان بەوەی کە نالی لێهاتووی و دەستڕۆیشتوویی خۆی نیشانداوە لە دروستکردنی دەقێکی ئەدەبی زۆر ناوازە و نایاب بەتێکەڵکردنی رەمز و هێما داستانیەکان، دووەمیان لەجۆری داستانی دڵداری خۆی بە کەسایەتییە جیاوازەکانی داستانە خۆماڵی و رۆژهەڵاتیەکان شوبهاندووە، کە چۆن ئەوان لە دووری و نەگەیشتن بە مەحبوبەکانیان داستانی گەورە گەورەیان خولقاندووە نالیش بەهەمان شێوەی فەرهاد، مەجنون، سیامەند...هتد نەیتوانیوە کۆتایی بە دووری و حەسرەت و شەوقی خۆشەویستییەکەی بهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**هەم واریثی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون**
**واتێ مەگە، قوربان، کە گـەدا، بـولهەوەسێکم**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٩٣]

نالی لەڕێگەی سود وەرگرتنی لەهەردوو داستانی رۆژهەڵاتی و نەتەوەیی (شیرین و فەرهاد، لەیلا و مەجنون) گەڕانەوەیەکی دروستکردووە لە

نۆستالۆژیای گشتی و نۆستالۆژی بوونی دەقەکەی بەتەواوی دەسەلمێنرێت، مەبەستی لەناو هێنانی "فەرهاد، مەجنون"یش ئەوەیە کە نالیش درێژە پێدەری هەمان ڕێگەی ئەوانە و میراتگری سامان و موڵکی مەجنون و فەرهادە بەجۆرێک باری چەپێنراوی دەروونی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو((نالی لە بارێکی نائاگاییانەی خۆیدا سود لە کەسایەتییە ناودارەکان وەردەگرێت، خۆی ئەخاتە شوێنی ئەو جۆرە کەسایەتیانە تا بە هۆیانەوە شتە چەپێنراوەکانی ناخی دەربڕێت و گوزارشت لە خەسڵەت و گرێیەکی دەروونی بکات ، بۆ ئەمەش ئیقتیباسی ڕەهەندە مەبەستدارەکەی کەسایەتییەکە دەکات ))[مەلازادە ٢٠١٦:٣٦٠]، لەبەرئەوەی نالیش لەئاست گەیشتنی مەعشوقەکەی دەستی کورتە و ناتوانێت پێی بگات لەدووری یارەکەیدا ئاگر لەدڵ و دەروونی هەڵدەستێت،هەروەها نالی لەچەندین دێڕی تریش ئەم جۆرە گەڕانەوەی ئەنجام داوە واتە جۆری نۆستالۆژیای گشتی لەڕێگەی بەکارهێنانی ناونیشانی داستانەکە یان پاڵەوانەکانی داستانەکە، کە وا دەکات ڕاستەوخۆ خوێنەر بیروهۆشی بۆ مەبەست و ناوەرۆکی داستانەکە بچێت و زانیارییەك لەبارەیانەوە وەربگرێت، بێگومان ئەوەش بەهۆی بوونی پاشخانێکی مەعریفی و ئەدەبییەوە بووە لەلایەن نالییەوە، بۆ نموونە لەو دێڕەی خوارەوەدا لە باسی شیرینی مەعشوقی فەرهاد و عەزرای مەعشوقی وامیق دەیەوێت هەمان مەبەستی دووری و بەیەکەوە گەیشتنی ئەوان دووبارە بکاتەوە، ئەگەرچی ئەو دوو مەعشوقە لەجوانی و نازداریدا ناگەن بە حەبیبەی نالی و خۆشەویستەکەی، دەڵێت:

**لــەدنــیا جــەنــنـەتی بـــاقی تـــەلاری شـاهییە، ساقی!**

**(حەبیبە) توڕەیی تەوقی ملی (شیرین) و (عەزرا)یە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٧٤]

به خوێندنەوەی دیوانەکەی نالی چەندین دێڕە شیعری وا دەکەونە بەرچاو کە بەشێوازێکی هونەری و ئیستاتیکی زۆر ورد ئەم جۆرە نۆستالۆژیایە دەخاتە ڕوو، ئەم گەڕانەوەشی بۆ ڕابردوو بەگشتی و بۆ داستان و بەرهەمە فۆلکلۆریەکان بەتایبەتی دوور نییە بەبێ ئاگاداربوونی خۆی بێت لەم دیاردە و ئارەزوو هەست و حەزە، بەڵام وەکو جوانکاریەك یان لێهاتووی خۆی هانای بۆ بردبێت و بەکاری هێنابێت.

### 2-2-2-2- نۆســـتالۆژیای گەڕانەوە بۆ داســـتانە کۆنەکان لەشیعرەکانی سالمدا:

سالمی ساحێبقڕان بایەخێکی زۆری بە داستانە کۆنەکان داوە و بەبەکارهێنانی کەسایەتی و چیرۆك و بابەتە داستانیەکان دووبارە داستانەکانی زیندوو کردۆتەوە، ((داستانە کۆنەکانی قارەمانی و سوارچاکی ئەدەبی کۆنی ڕۆژهەڵات بەنموونەش چیرۆک و داستانەکانی شانامەی فیردەوسی و پاڵەوانەکانی وەکو (پووری دەستان، ڕۆستەم، سام و نەریمان، ئەفراسیاب، کەیخوسرەو، هەفتخوان، ڕووبین تەن، پیل ئەفگەن، شێرئەوژەن، سیاوەش.....) هەمیشە وێردی سەرزمان و ناودێرەکانی شیعرەکانی سالم بوون))[دەشتی :٢٠١٢:٢٦٦]، جگەلە داستانە ئاینییەکانی وەکو یوسف و زولەیخا و یارانی ئەشکەوت (اصحاب الکهف)... هتد بێ گومان بەم کارەشی سالم توانیویەتی شیعریەت بەدەقەکانی خۆی ببەخشێت و لەپلەیەکی بەرزی ئیستاتیکی دا دایبڕێژێت، واتە مامەڵەیەکی شارەزایانەی لەگەڵ وشە و وێنە واقیعی و سیحر ئامێزەکان بە ئاوێزانی وشە و دەستەواژە و دێرەکان کردووە، ئەوەتا چیرۆکی داستانێکی دڵداری لە دوو توێی تەنها تاکە دێرێکدا دەخاتەڕوو:

**حەدیثی کوشتنی "فەرهاد"ی بێ کەس، پێت بڵێم چۆن بوو؟**
**لەشەوقا دای بەسەریا تیشە، وەختێ دەنگی "شیرین" هات**

[سالم: ٢٠١٥: ١٥٥]

هەموو کەسێك دەزانێت داستانی شیرین و فەرهاد ناوەڕۆکێکی دڵداریانەی هەبووە و ئەوانە عاشقی یەکتر بوونە و قەدەری خوا بەیەکتری نەگایندوون و لەیەکدی دابڕاون، بەڵام هەموو کەس بەچیرۆك و بەسەرهاتەکانیان ئاگادارنین، سالم لێرەدا دێت بە شێوەی دیالۆگ سەربوردەی کوشتنی فەرهاد دەگێڕێتەوە، واتە بە تەکنیکێکی چیرۆك ئامێز دێڕێکی شیعری و ناوەرۆکێکی شیعری دادەڕێژێت، ئەمەش لەگەڵ ئەدەبی کلاسیك و شێوازی نووسینی شیعرکارێکی ناوازەیە، چونکە تایبەتمەندیەکانی شیعری کلاسیك لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە سنوردارە و خاوەنی خەسڵەت و خاسیەتی تایبەتی خۆیەتی، هەروەها لەدێڕێکی تردا ئاماژە بەداستانی (شێخی

سەنعان)(*) دەكات و دەڵێت:

**تووشـــی دەردێ هاتووم (ســـالم) لە عەهـــدی چـــاوی یـــار**
**(شـێخی ســەنعان) بەم سـیاقە شـیفتەیی (تەرســـــــا) نەبـــــوو**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٤٧]

كەواتە ســالم لەژێر كاریگەری هەســت و ســۆزی نۆســتالۆژیانەدا چەند دەقێكی نۆسـتالۆژی بەشـێوە و ناوەڕۆك جیاواز لەوەی تر بەرهەم دەهێنێت كە بە كۆی هەموویان سالم دەخەنە ژێر چەتری نۆستالۆژیا.

**3-2-2-2- نۆســـتالۆژیای گەڕانەوە بۆ داســـتانە كۆنەكان لەشیعرەكانی كوردیدا:**

مستەفا بەگی كوردی لە بەشێكی شیعرەكانی ئەم جۆرە گەڕانەوەیەی تێدا

---

(*) پوختەی داستانی شێخی سەنعان وەكو لە (منطق الطیر)ی (عەطار)دا هاتووە بەم جۆرەیە: شێخی سەنعان لە مەككە (٤٠٠) موریدی هەبوون، شەوێك لەخەودا دەبینێ كەوا سوژدە بۆ بتێكی ڕۆمی دەبات. تێگەیشت كەخوا ئەوی خستۆتە بەردەم تاقی كردنەوەیەكەوە، لەگەڵ موریدانی ڕوودەكەنە وڵاتی ڕۆم، لەوێ عاشقی كچێكی گاور دەبێت، موریدەكانی هەرچی دەكەن و دەكۆشن بێ سوود دەبێت، شێخ لەدەوروبەری گەڕەكی ماڵی كچەكەدا لێی دەكەوێتە ئەزمونكردنی و پێی دەڵێت: ئەگەر راست دەكەیت، سوژدە بۆ بت بەرە، قورئان بسوتێنە و دەست لەئیمان و باوەڕی خۆت هەڵبگرە. شێخ لەبەر خاتری كچەكە هەموو ئەوانە دەكات، خەرقەكەی ئاگر تێ بەردەدات و زوننار دەبەستێت و ساڵێكیش بەرازەوانی دەكات موریدەكانی بێ هیوا دەبن و بەناچاری دەگەڕێنەوە بۆ مەككە و چیرۆك و ماجەرای شێخ بۆ یەكێك لەخەلیفەكانی شێخ دەگێڕنەوە، خەلیفە سەرزەنشتیان دەكات، كەوا بۆ چ شێخیان بەتەنیا هێلاوە و داوایان لێ دەكات بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ڕۆم. مورید و یارانی شێخ دێنەوە بۆلای شێخیان لە چۆلەوانی و لەبەر بەرزان، شێخ شەرم دایدەگرێت و دێتەوە سەرەخۆ، بەگەڵ یارانی دەكەوێتەوە و خەرقەكەی دەپۆشێتەوە و وێكڕا بەرەو حیجاز دەبنەوە، ئەو سەفەرە كچەكە خەون دەبینێت و دەگۆڕێت، وە دوای شێخ دەكەوێت، دەیگاتێ و لەسەر دەستی ئەو ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و مسوڵمان دەبێت.

سالمی ساحێبقڕان، عوسمانی دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٢١، هەولێر.

بەرچـاو دەکەوێـت، واتە کوردی بە سـود وەرگرتن لەجۆراوجۆری داسـتانەکان دەقی جۆراوجۆری نۆسـتالۆژی دروسـت کردووە، لە هەندێك دێڕدا تەنها وەکو گێڕەڕەوەیەك دەردەکەوێت، بەڵام لەهەندێکی تردا خۆی دەخاتە جێگای پاڵەوان یان کەسـایەتی سـەرەکی داسـتانەکە و بارودۆخ و حاڵی خۆی بەوان دەچوێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**من وەکو فەرهادی بێچارەم**
**ئەتۆش**
**(خوسرەو)ی عەصری بەشیرین**
**مەنظەری**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۱۵۸]

کوردی لەم دێڕەدا خۆی شـوبهاندووە بەفەرهاد لە بێچارەیی عەشـق و خۆشـەویستیدا، هەروا یارەکەشی بە (شیرین)ی خوسرەو چواندووە، لێرەدا کوردی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئاماژە بە نەگەیشـتن بە مەعشـوقەکەی دەکات ، ئەم نەگەیشتنە و ئەم لێکچواندنەی کوردی دروستیکردوون لەڕووی دەروونییەوە ئاکامەکەی حەسـرەت و ژان و داخ و پەژارەیە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی خودی داستانەکە وەکو گەڕانەوەیەك بۆی چووە. لە شیعرێکی تردا بەناونیشانی "ناوی عەشق" کە سەرتاپای شیعرەکە خۆزگە خواستن و حەسرەت هەڵکێشانە، دیسانەوە کوردی دەگەڕێتەوە بۆ داستانە کۆنەکان، ئەم جارەیان داسـتانێکی ئاینیشـی تێکەڵ دەکات، کە داسـتانی عەشـق و خۆشـەویستی بێ سنوری زولەیخایە بۆ یوسفی کوڕی یەعقوبی پێغەمبەر (د. خ)، هەروەها داستانە بەناوبانگەکەی لەیلا و مەجنون، کوردی دەڵێت:

**کەسلە: (ڕەویە)ی عەشق و ڕێگەی**
**عاشـقی (موخەبیر) نییە**
**شـێت و شـەیداتر ببوایە، (زولەیخا)**
**کاشـکی**
**(حاڵ)ی (مەجنون)، خۆ، لەڕێی عەشقا،**
**ئەبوغەیرەزستەم**
**عومری، (صـەرف)ی (بوت) دەکرد،**
**لەجیاتی (لەیلا) کاشـکی**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۱۹۷]

ئەم شـــیعرەی کوردی لەدێڕی یەکەمەوە هەتــاکو کۆتــایی خۆزگە و ئاواتخواســتنە بۆ نەبوونی عەشــق و خۆشــەویســتی، بەم پێیەی کوردی لە عەشـــقەکەیدا ســـەرکەوتوو نەبووە و بەردەوام وێڵ و ســـەرگەردان بووە لەبەرئەوە خۆزگە دەخوازێت کە لە بنەڕەتەوە عەشق بوونی نەبووایە، بۆیە ڕووی خۆی دەکاتە زولەیخا و دەڵێت خۆزگە شـــێت و شـــەیدا تر بووایە، بەڵام ئەو هەڵەی عاشـــقبوونەی ئەنجام نەدایە، یان مەجنون تەمەنی خۆی لەبوتپەرســتی ســـەرف کردایە، بەڵام عاشـــقی بێ ئاکامی لەیلا نەبووایە، هەموو ئەوانەش دەلیلن بۆ عاشقی کوردی و بەناکام گەیشتنی، کوردی بەم کارەشـــی دەروونی خۆی لە ڕێگەی دەقە ئەدەبیەکەوە بۆ خوێنەر ئاشـــکرا دەکات چونکە (( لە ڕوانگەی ڕەخنەی شـــیکاری دەروونییەوە ئاوەز و جەســتەی دەق پێکەوە، قســە بۆ ئاوەز و جەســتەی خوێنەران و گوێگرانی دەکات))[عەلی؛عەزیز :٢٠١١:١٧٥]، لەبەرئەوەش کوردی ئەوەندە دڵ پڕ لەحەسرەت و ژانە و ئازارە بۆیە بەم شـێوەیە لەعەشـق و خۆشـەویسـتی دەڕوانێت و تێڕوانینی خۆی لەبارەوە نیشـاندەدات، کەواتە بەکارهێنانی ئەم داســـتانە کۆنە جیاوازانە لەلایەن کوردی شـــاعیر دەبێتە بەڵگەیەك بۆ گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو و ســـەردەمانی زوو، یان گەڕانەوە بۆ داســـتانە کۆنەکان.

## 2-2-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان:

فۆلکلۆر ئەدەبێکی نەنووسراوی پاشماوە و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیرییە شارستانیەتە جیاوازەکانە، ئەدەبی هەر میللەتێك لەسەر تۆوی ئەدەبی فۆلکلۆری بنیات دەنرێت و گەشە دەکات ((بەو بەشەی زانست و هونەر کە بەشێوەیەکی سەرزارەکی و لەسەر زمانێك بۆ زمانێکی دیکە و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە دەوترێت ئەدەبی فۆلکلۆر)) [حوسێن: ٢٠١٥: ٥]، لە ئەدەبی نووسراودا شاعیر و نووسەران وەکو چینێکی رۆشنبیری کۆمەڵگا هەوڵیان داوە ئەدەبی فۆلکلۆری بەشێوەیەکی تازە و لەگەڵ سەردەمی تازەی خۆیاندا زیندوو بکەنەوە لە توێژاڵ و قالبێکی جیاواز لەوەی پێشتر، ئینجا بە هەموو بەشەکانیەوە لەدەقەکانی خۆیاندا وەکو کەلك وەرگرتن لەڕووی روخسار و ناوەڕۆکەوە،

ئەویش بە بەکارهێنانی پەندێکی پێشینان بۆ پتەوکردنی ناوەڕۆکی دەقەکەیان یان وەرگرتنی ناوەڕۆکی قسەیەکی نەستەق و بەکارهێنانی بەیت و بەند و بالۆرە و هونەرەکانی لێکچواندن لەنێو دەقەکاندا، لە ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کلاسیك بەتایبەتی پاشخانێکی مەعریفی گەورەیان هەبووە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان و دەستڕۆشتوویی خۆیانیان نیشانداوە، ئەویش بەبەڵگەی شیعر و چامەکانیان، بەردەوام لەهەوڵی تازە کردنەوەی ئەدەبەکەدا بوون، ئینجا شاعیر بەگەڕانەوەی و سود وەرگرتنی لەئەدەبی فۆلکلۆری گەڕانەوەیەکی تەواو تۆکمە دروست دەکات، هەم بۆ ڕابردوو هەمیش بۆ شارستانیەت و رۆشنبیری نەتەوەکەی خۆی بەگشتی، چونکە نەتەوەکەی لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردوو بەچەندین شارستانیەت و ئەدەب و رۆشنبیری تێپەڕبووە لە هەموو بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان، بۆ ئەمەش شاعیرانی کلاسیك لەم لایەنەوە و لەڕووی سود وەرگرتن لەئەدەبی فۆلکلۆری بە هەموو بەشەکانیەوە دەستەوەستان نەبوون و هەر یەکێکیان بەشێوازێك و جۆرێك جێ پەنجەیان دیارە، لەبەرئەوەی ئەم ئەدەبە ئەدەبێکی دەوڵەمەندی خاوەن سامانێکی گەورەی هونەری و رۆشنبیرییە وادەخوازێت بکرێتە سەرچاوەی گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونی ئەدەبی سەردەم.

**1-3-2-2 گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان لە شیعرەکانی نالیدا:**

نالی بەشێوەیەکی گشتی لەبابەت وبەشە جیاوازەکانی ئەدەبە فۆلکلۆریەکان نزیك نەبۆتەوە، چونکە بەخوێندنەوەی دیوانەکەی و سەراپا شیعر و چامەکانی تەنها یەك تا دوو دێڕ بەرچاو دەکەوێت، کە خۆی لەقەرەی ئەم ئەدەبە دابێت ئەمەش بۆ بابەتە داستانی و ئەفسانەییەکان بۆچوونەکە ئاوەژوو دەبێتەوە، بەڵام وەکو قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئیدیۆم....هتد، ئەویش بەکارهێنانی قسەی نەستەقە کە بەشێکە لەئەدەبی فۆلکۆر لە چەند دێرێکی شیعرەکانی، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە نالی بێ ئاگا و ناشارەزا لەئەدەبی فۆلکۆری نەتەوەیی و بەرەو ئاراستەیە ڕۆیشتبێت، بەڵکویەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ڕێبازی کلاسیك لەسەر بنچینەی هەندێك تایبەتمەندی و پێوەری تایبەت کارەکانی خۆی تێدەپەڕاند و نالیش لەسەر هەمان و قوتابخانە هەنگاوەکانی خۆی چڕ دەکردەوە.

قسەی نەستەق ژانرێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆریە، تێڕوانین و بۆچوونی دڵ و دەروونی کۆمەڵێکە دەربارەی هەموو کایەکانی ژیان و دیاردەکانی، بەشێوازێکی بەرز و زمانێکی سادەوە لەڕووی ڕوخسارەوە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری پەیام و واتایەکی قووڵە، د. نجم ئەڵوەنی لەبارەی

جیاکردنەوەی قسەی نەستەق لەگەڵ پەندی پێشینان دەڵێت:((قسەی نەستەق هەموو کارێك بە ڕاستەوخۆیی دەرناخات، بەڵام پەند وەکو لەوەوپێش وتمان دوو مانای هەیە ئاشکرا و شاراوە و بەئاسانی واتای دووەمی نادات بەدەستەوە)) [ئەڵوەنی: ۲۰۰۸: ٥٥]، واتای قووڵی قسەی نەستەق شاراوەیە و دیارنییە، ئەگەر تەنها لە ڕێگەی ڕۆچوون بەرەو ناوەوەی دەقەکەدا پەردە لەسەر مانا ومەبەستەکەی لابدرێت، ئینجا لە واتا و ناوەڕۆکەکەی بگەین، نالی لەم دێرەدا دەڵێت:

**لەسەد جێ کلکی ئوشتـــرگەییە ئەرزی مەهلەکــە، هێشتا**
**یـــەمــی فـــەجــجی عـــەمیقی ئاڵی هەر بێ عەقر و پایانە**

[نالی: ۱۳۸۹: ٤۹۷]

لەم دێرەدا "کلك" بووەتە دەروازەی قسەی نەستەقەکە کە مەبەستی لە گیانکێشان و کۆتا هێنانە، ئەوکاتەی دەگوترێت (فڵان لەکلکی گەڕاوە ئەگەر نا مرد بوو)، چونکە دیارە کلك کۆتا شوێنی جەستەی هەموو گیانلەبەرێکە، بۆیە نالی لەڕێگەی سود وەرگرتن لەم جۆرەی یان بەشەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەقێکی نۆستالۆژی گشتی بەرهەمهێناوە و بەهۆش و خەیاڵ گەڕاتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر زوو و پێش ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی کلاسیکی، کە دیارە ئەوەش یەکێکە لەنیشانە و خاسیەتەکانی دیاردەی ئارەزووکردن یا حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی شاعیرانی کلاسیکی بەگشتی و نالی بەتایبەتی کەمتر خۆی لەبابەتە فۆلکلۆریەکانی داوە، لەبەرئەوەی ئاشکرایە کە ئەدەبی فۆلکۆر بەگشتی داڕشتنێکی سادەی زمانین و هیچ ڕەمزو ئیشارەتێکی شاراوەیان تێدا نییە، نالیش پابەندی بەلاغە و کێشی عەروزی عەرەبی و زمانی پڕ نهێنی شیعر بووە و نەیویستووە کاریگەری بخاتە سەر زمان و ناوەڕۆکی شیعرەکە، ئەمەش بۆ بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی نالی ناگەڕێتەوە بەڵکو ئەو تایبەتمەندیانەی شیعری ئەو سەردەم وایدەخواست کە بەو شێوازە بێت، ئەگەرچی سودێکی زۆری لە ئەفسانە و داستانەکان وەرگرتووە بەڕادەیەك زۆربەی زۆری ئەفسانەکانی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

### 2-2-3-2- نۆســـتالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان لەشیعرەکانی سالم دا:

ســـالمی ســـاحێبقڕان ســـودێکی زۆری لە ئەدەب و بەشـــە فۆلکلۆریەکان وەرگرتووە، فۆلکلۆر بەهەموو بەشـــەکانیەوە بوونەتە ســـەرچاوەی بەرهەم هێنانی شـــیعری لای ســـالم، واتە گەڕانەوە بۆ جۆر و ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری لە بەشـــێکی زۆری شـــیعرەکانی ســـالمدا بوونی هەیە، هەندێك جار بەکارهێنانی چەند وشـــە و دەســـتەواژەیەکی فۆلکلۆری لە نێو دێڕە شـــیعریەکاندا وەکو ئاماژەیەکی زەقن بۆ ئەم ئەدەبە کۆنە، هەروەها بەکارهێنانی چەندین پەند و ئیدیۆم و قســـەی نەســـتەق... هتد، ئەمە جگەلە داستان و ئەفسانە کۆنەکان کە پێشتر بەنموونەی شیعریەوە ئاماژەمان پێ کرد، بۆ نموونە پەندی پێشـــینان کە یەکێکە لەجۆر یان بەشـــەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری، بریتییە لەدەســـتەواژەیەکی کورت و پوخت و واتادار بڕیاردانە دەربارەی زۆربەی دیاردەکانی ژیان بەشـــێوەیەکی کاریگەر، توێژینەوەی زۆر دەربارەی پەندی پێشینان ئەنجام دراوە، ئەمەش بووەتە هۆی جیاوازی ڕاوبۆچوونەکـان، بەشـــێوەیەك هەریەك لە توێژەر و ڕەخنەگران بەپێی تێڕوانینی خۆیان پێناســـەی ئەم بەشـــەی فۆلکلۆریان کردووە، یەکێك لەو پێناســـانە پێی وایە پەندی پێشـــینان بریتییە لە ((فەلســـەفەی ژیان و، دەنگی تـاقی کردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژی ڕەوانبێژانە، کە بـاو و باپیران لەهەزاران ســـاڵەوە بە کەلەپورێکی وێژەیی، بۆیان بەجێهێشـــتووین، تا بیانکەین بە ئاوێنەی باڵا)) [خاڵ: ٢٠٠٧: ٨]، واتە ئەزموونێکە وبە ئەزموونی تـاقی کردنەوەیەك تێپەڕبووە و بووەتە بنـاغەی دروســـتبوونی پەنـدەکە، لەمبارەیەوە سالم لەم دێڕەدا پەندێکی پێشینانی وەکو کەرستەیەکی هونەری وەرگرتووە و دەڵێت:

**لەگەڵ زاهیـد، بەتەقـدیری**
**فەلەك، هەرگـــیـــز جـــودا نــــابـــم**
**لەقـوری غەیـرە ڕەغـبەتـدا**
**بەمـــیـــثـــلـــی ســــــڕ و مـــارێـــکـــیـــن**

[سالم: ٢٠١٥:٥٠٧]

سالم پێی وایە هەرگیز لەزاهید جیانابێتەوە ئەگەر ئەوان چارەشیان لەلای یەکتر قورس بێت و وەك ســـیر و مار وایین هەر پێکەوەن و جیانابنەوە، بەکارهێنانی دەســـتەواژەی ســـیر و مار بۆ ئەو پەندە دەگەڕێتەوە کە دەڵێت:

مار حەزی لەسـیر نەبوو سـیریش لەسـەر دەرگای كونەكەیدا شـین بوو، دیووی قووڵی پەندەكە ئەوەیە كە كەسێك بەسروشت و ئاكاری خۆی حەز بە كەسێكی تر نەكات و لەگەڵیدا هەڵنەكات، بەڵام دەستی قەدەر هەردووكیان بەیەكەوە گرێدات و ڕێگری لەجیابوونەوەیان بكات، لەلایەكی تر سـالم لەچەندین شـوێندا دەگەڕێتەوە بۆ بەكارهێنانی ئیدیۆم (دركە) بەمەبەسـتی دیاریكراو وەكو هونەرێك ئاویزانی دەقەكەی دەكات و جوانكاریەك دەداتە ریتم و مۆسـیقاكەی شـیعرەكە و لەڕووی ڕەوانبێژیشـەوە خۆش و ڕوون دەخوێندرێتەوە ((زۆربەی شـیعرە دڵداریەكانی سـالم یەكێتی، ماناو بابەتی چیرۆكیان تێدا نییە و، هەر دێرە شـیعرێك لەمانادا سـەربەخۆیەو، وەك قسـەیەكی نەستەق و پەندی پێشینانێك و ئیدیۆمێك و رستەیەكی ڕەوانێژی جوان خۆی دەنوێنێ)) [خەزنەدار: ٢٠٠٣: ١٣٢]. بۆ نموونە دەڵێت:

**نییەتی وابوو بینای عەیش**
**و نیشاط ئامادەكا**
**پیرەژن، مردووی مرێ، هات**
**گێچەڵی بۆخۆی كڕی**

[سالم: ٢٠١٥:٩٠٣]

دەسـتەواژەی "مردووی مرێ" ئیدیۆمێكە بەكاردێت بۆ حاڵەتێكی نەخوازراو لەناو خەڵكی یان هەندێ جار ئاماژەیەكە بۆ ئامۆژگاری كردن بەكاردێت، فۆڕمی ئیدیۆمەكە ئەوەیە كە مردووەكەی تۆ بمرێت، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆكەوە دەسـتەواژەكە ئەوەیە كە مردوو هەر مردووە، بۆیە دەگوترێت بمرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سـەر چۆنیەتی بەكارهێنانی باو، دەبینین دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاسـتی رۆشـنبیری و تێگەیشـتن لەلای خەڵكانی سـادە و كوردەواری كۆن، لەبەرئەوەی تازە مردووەكە هەر مردووە بۆیە پێی دەڵێن بمرێت بۆئەوەی پێچەوانەكەی بەكارنەهێرێت، وەك ئەوەی بە كەسـێكی زیندوو بگوترێت بمرێت، ئەمەش زیاتر بۆ چەسـپاندنی ڕێز و حورمەتە لە ناو خەڵكدا كە ئەوەش یەكێكە لە خەسـڵەتە تایبەتەكانی تاكی كوردی لە كۆندا و هێشتنەوەی پەیوەندی كۆمەڵایەتییەكان لەئاسێكی باڵادا، ئینجا بەكارهێنانی ئەو ئیدیۆمە و ئەوانی تریش لەلای سالم هەموو ئەو مەبەسـتانەی هەیە كە باسـكران ئەمە جگە لەو مەبەسـتەی گەڕانەوە بۆ بەرهەم و بەشـە فۆلكلۆریەكان و چونەژێر باڵی حەسـرەت و تـاسـەی ڕابردوو بە هەموو بـارودۆخەكـانیەوە و ئـارەزووكردن بۆ

دووبارەبوونەوەیان لەئێستادا.

### 3-3-2-2- نۆســــتالۆژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:

مستەفا بەگی کوردی بەڕێژەیەکی بەرچاو ئەدەبی فۆلکلۆری لەشیعرەکانی خۆیدا بەکارهێناوە یان بەشــێوازێکی تازە و ســەردەمیانە دووبارە دایڕشــتوونەتەوە، کوردی توانیویەتی بەلێهاتوویی و زۆر بەوردی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بکاتە هەوێنی دارشــتنی پارچە شــیعر و چامە و غەزەلەکانی، بەشێوەیەك لەگەڵ هەر بەکارهێنانێك خوێنەر بەئاسانی هەستی پێ دەکات و توانای جیاکردنەوەی دێڕەکە و وەرگرتنەکەی کوردی دەبێت، بەتایبەت هەندێك بەشــی فۆلکلۆری هەیە کە دیار و باون لەناو خەڵکی، بۆ نموونە هەندێك پەندی پێشینان هەیە کە بەردەوام لەسەرزاری خەڵکیدا هەن و دووبارە دەبنەوە، کوردی وەریدەگرێت و تێکەڵی دەقەکەی خۆی دەکات یان قســەیەکی نەســتەق یاخود ئیدیۆم و مەتەڵێك، هەموو ئەوانە کوردی داهێنەر بە بەرگێکی تازە خەســڵەتێکی جیاواز ڕژاندوویەتییە نێو شــیعر و چامەکانی، پەنا بردن بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری لەلایەن کوردییەوە زیاتر خۆی لەبوونی بــاکگراونــدێکی مەعریفی و هونەری و ئەدەبی دەبینێتەوە، کە کوردی شــارەزا و ئاگادار بە فۆلکلۆری نەتەوەکەی تاچ ئاســتێك هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەش دیوانەکەی خۆی وەڵام دەداتەوە.کوردی لەدیوانەکەیدا لەچەندین دێڕی شیعری دا ئاماژەی بە چەند پەندێکی پێشینان کردووە، بۆ نموونە دەڵێت:

**من کە کوشتە و، شێفتە و سەودازەدەی**
**یەك دولبەرم**
**(پەندی پێشین)، نەخشی بەردە، دڵ یەکە،**
**مەیدە هەزار**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٣١]

لەم دێڕەدا کوردی دوو پەندی پێشــینانی ئاوێتەی یەك لەتە دێڕکردووە، هەم نەخشــی بەرد پەندێکی کۆنی ئەدەبی فۆلکلۆرە، هەمیش ئەو پەندەی کە دەڵێت دڵ یەکێکە مەیدە بەهەزار، کە ئەویش یەکێکە لەو پەندانەی لەنێو خەڵکیدا بەناوبانگە، لەپشتی هەڵهێنجانی هەر پەندێك چیرۆك یان ڕووداوێك هەیە کە بووەتە هۆکاری چرۆکردن، ئەویش بەدارشتنی وشەی جوان و پڕ

مانا و واتای ورد و بیری تیژ و ڕیتمێکی ســــەرنج ڕاکێش، کە کوردی لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە و دەستی خۆی لەم بابەتە وەشاندووە بۆ ئەوەش دیوانەکەی بەشێکی زۆر لەپەندی پێشینان هەڵدەگرێت.

ســــەرەڕای پەندی پێشـــینان ئیدیۆمیش جۆرێکی تری ئەدەبی فۆلکلۆرییە لەلای کوردی جێگای گرنگی پێدان بووە، مەبەستیش لەئیدیۆم ((ئەوەیە کە ڕاسـتە و ڕاسـت ناوی شـتێك نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شـتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆئەوەی پیاو لەمانا باسـکراوە بۆ هێما بۆ کراوەکە بچێ)) [عەلی: ۱۹۸۲: ۱۱]، پەنابردن بۆ بەکارهێنانی ئەم هونەرە زیاتر بەمەبەسـتی کورتبڕییە، کە زۆرترین مەبەسـت بە کەمترین وشــە و دەســـتەواژە دەردەبڕدرێـت، لەلایەکی تریش زینـدووکردنەوەی بـابەتێکی فۆلکلۆرییە بەڕێگای وردەکاری هونەر و جوانکاری، کوردی دەڵێت:

**وتم بابەس لەخوانی وەصـــلی تۆ**
**نەویـــــد بـــێ بەش بـــم**
**وتی: مردووت مرێ، عاشـــق بە**
**دائـــــیـــــم زار ومەحـــــرroومە**

[کوردی: ۲۰۱۰:۵۷]

کوردیش بە هەمانشـێوەی سـالم لەم دێڕەدا ئیدیۆمی (مردووت مرێ)ی کردۆتە کەرسـتەیەك بۆ داڕشـتنی دەقەکەی، ئەگەر دیوانی کوردی پۆلین بکەین دەبینین لەڕووی فۆلکلۆرەوە زۆرترین پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و حەکایەتی بەکارهێناوە، بەرادەیەك لەهەر شـیعر و چامەیەکدا سـودی لەیەکێك لەجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری وەرگرتووە، کەواتە کوردی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی گەڕاوەتەوە بۆ کاتی رابردوو و هەروا ئەدەبیاتی کۆنی نەتەوایەتی، بەم کارەشـــی چەندین دەق و بەرهەمی ناوازەی نۆسـتالۆژی بەرهەم هێناوە.

## 4-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژوویی و نەتەوەییەکان:

سەرەتا تەنها ڕووداوێک بوو بە هۆکاری دروستبوونی ژیان و دونیا ، کە ئەویش لادانی ئادەم و حەوا بوو لە فەرمانی خوای گەورە، پاشان دەرکردنیان لەبەهەشت کە هەمووومان چیرۆکەکە و ڕووداوەکانی دەزانین، ڕووداو یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکیانەی ژیان کە بەهۆیەوە بەردەوامی دەبێت، جا گرنگ نییە ڕووداوێکی گەورە و گرنگ بێت، چونکە ڕووداوی بچووکیش

کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دروست دەکات لەسەر ژیانی هەموو تاکێك، لەبەرئەوە ژیان پێك دێت لە کۆمەڵە ڕووداوێکی یەك لەدوای یەك کە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری دەخەنە سەر هەڵوێست و ڕەوشت و ڕەفتار، لەو بارەیەوە د. شکریە ڕەسوڵ دەڵێت: ((ڕووداو بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێك کردنینا لەگەڵ ئەو شوێنەی تێدا دێن و دەچن)) [ڕەسوڵ: ١٩٨٩: ٥١]، ئەگەر ڕووداو بۆ کەسێکی ئاسایی کاریگەری بکاتە سەر ڕەوشت و پەیوەندی بەدەوروبەر و کۆمەڵگا، ئەوا لەلای شاعیر ئەو کاریگەرییە چڕتر دەبێتەوە، چونکە شاعیر و نووسەران بەدیوێکی تر لەڕوانگەی دونیا بینی خۆیانەوە دەڕواننە شتەکان و لێکیان دەدەنەوە، بۆ ڕووداویش هەمان تێڕوانینیان دەبێت، کەوتنی دەسەڵات یان کۆچی دوایی فەرمانڕەوایەك یان هەر ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەیی بۆ هەمووان تەنها ڕووداوێکە و ڕوویداوە، بەڵام بۆ شاعیر جگەلەوەی کاریگەری لەسەر دڵ و دەروون و هەست و هۆشی دەبێت بەهەردوو لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، لەگەڵ ئەوەش کاریگەری لەسەر نووسین و دەق و بەرهەمەکانی دەبێت و بەبیری جوان و وشەی ناوازە و خەیاڵ و ئەندێشەی ئاشکرا لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بەهێمایەك یان ڕەمز و نیشانەیەکی بچوك بۆ ڕووداوێکی دیار و بەناوبانگ لەدەقەکەیدا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕوودانی ڕووداوەکەوە دەقەکەی دەخاتە نێو چوارچێوەی تابلۆیەکی نۆستالۆژی، بۆ ئەوەش شاعیران بەگشتی لەنێو وشە و وێنە شیعرەیەکانیاندا سەرنجی خوێنەر بۆ لای ڕووداوە گرنگ و مێژووییەکان ڕادەکێشن و بۆ ئەم لایەنە ئەوان ڕاکێشەری بەهێزی ئاراستە سەرەکیەکەن، لەبەرئەوەی خاوەن سۆز و هەڵچوون و ئەندێشەیەکی بەهێز و تایبەتن و بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی، تەواوی ورد و درشتی ڕووداوەکە دەگێڕنەوە دوور لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی و زمانێکی سادە و ساکار.

## 2-2-4-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژوویی و نەتەوەییەکان لە شیعرەکانی نالیدا:

لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعروئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی پێویستی بەزانیارییەکی ورد و وردبینییەکی تەواو هەیە، کلاسیك بەهۆی بوونی کۆمەڵێك وشە و زاراوە و دەستەواژەی بێگانە وێنەی شیعری و چیرۆك و خەیاڵ و بیری فراوان، لەپلەیەکی ئیستاتیکی وەهادایە دەست بۆ بردنی کارێکی سانا نییە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەوە کۆتایی هەوڵەکان بێت

و لەئاستیدا دەستەوەستان بین، بۆیە ئەگەر لەڕێگەی سەرنج و تێڕامانێکی وردەوە بڕوانینە تەواوی شیعر و چامە و دێرەکانی نالی، ئەوە دەبینین کە ڕووداوگەلێکی سیاسی و نەتەوەیی و مێژوویی هەن کە بەشێوەیەکی هونەری و بەرز ئاماژەیان پێ دەکات، ئینجا مەرج نییە تەواوی ڕووداوەکانیش نالی یان هەر شاعیرێکی تر ئامادەگی تێدا هەبووبێت و لەناو چرکەساتی ڕووداوەکەدا بوونی هەبووبێت، وەک ئەوەی لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن ئەو کاتەی مێرنشینی بابان لەدەسەڵات کەوتوون و پاشاکانی بەدیل گیراون و سلێمانی داگیرکراوە، نالی لەو کاتەدا لەسەفەری حەجدابووە و لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا نەبووە، بەڵکو لەڕێگەی کەسانی ترەوە بۆی گێڕدراوەتەوە و هەواڵەکەی زانیوە، کەچی لەچەندین شیعردا باسی ئەو ڕووداوانە دەکات و ورد و درشتی دەگێڕێتەوە وەکو ئەوەی خۆی یەکێك بووبێ لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی، لەبەرئەوە نالی ئەو جۆرە شیعرەی واتا شیعری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەجۆری نۆستالۆژیای گشتی و گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و نەتەوەیی و مێژووییەکان زۆرە، بەڵام لێرەدا شیعرێك هەڵدەبژێرین کە باس لە کۆچی دوایی سلێمان پاشا دەکات ((نالی ئەم پارچە شیعرەی بەبۆنەی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەختی بابان دانیشتنی ئەحمەد پاشاوە وتووە، ئەم پارچە شیعرە بایەخێکی تایبەتی هەیە چونکە تاقە پارچە شیعرێکی نالییە ئیشارەتی بەمێژووی ڕووداوێك تێدا کردبێ)) [نالی: ١٣٨٩: ٣٨١]، نالی لەو پارچە شیعرەدا دەڵێت:

**تا فـــەلەکدەوری نەدا ــ سەد کەوکەبـــی ئاوا نەبوو**
**کەوکەبەی میهری موبارەك تەلعەتـــی پەیدانەبـــــوو**
**تا نــــەگریا ئاســـــمان و تـــەم وڵاتـــــی دانـــــەگرت،**
**گوڵ چــــــەمـەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچەوانەبوو**
**تـــا چەمـــەن پیـــرا لەسەر، ئەســـڵی درەختی لانەدا،**
**فەرعی تـــازە، خوڕڕەم و بـــەرز وو بوڵەند باڵا نەبوو**
**تـا (سولەیمانان) نەبوونە سەدری تەختـــی ئاخـــیرت**
**(ئەحمەدی موختار)ی ئێمـــە شاهی تەخت ئارا نەبـــوو**
**قیســــە بـێ پەردە و کینایەت خۆشە، شاهی من کەوا**
**عــــــادیلێ بــــوو قــەت عەدیلی ئـــــەو لەدنیـــادا نەبوو**
**بـــۆنیشنگەی مورغـــی رۆمی ئەوکـــە عالی نفیترەتـە**
**جێـــگەیی خۆشتر لەڕەوزەی (جنـــة المأوی) نەبوو**
**وەك قیاسێکـــــــی کە موسبەت بێ، نەتیجەی بێتەجێ**

**حەمـــد و لیلا شەهـ کەعالی جابوو، خالـــی جانەبوو**
**شـــاهی جـــەم جا "نالیــــا" (تاریخ جـــەم) تەئریخیە**
**دانەڵێن لـــەم عەسرەدا ئەسکەندەری جـــەم جانەبوو**
[نالی: ١٣٨٩: ٣٨١ – ٣٨٢]

دیارە لەباسی ئاوابوونی کەوکەب و دەرکەوتنی کەوکەبێکی تر باسی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و دەرکەوتنی ئەحمەد پاشایە، لەگەڵ کۆچی دوایی سلێمان پاشا ئاسمان فرمێسکی خەماوی دەڕژێت و وڵات خەم دایدەگرێت، نالی دێتە سەر باسی ئەحمەد پاشا دەڵێت سلێمان پاشا عادیلێکی بێ هاوتا بووو لە دونیادا چونکە ئەویش پیاوێکی وەها بەهەیبەت و کەرامەت و بەقیمەت بووو لەدوایی خۆیشی جێگاکەی هەر بەو شێوەیە مایەوە کە ئەحمەد پاشا جێگاکەی پڕ کردەوە. نالی لەو پارچە شیعرەدا بەناوهێنانی کەسایەتی وەك (سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا) و گرێدانیان بە حەزرەتی سلێمان و ئەحمەد موختار (پێغەمبەر د. خ) چەند ڕووداوێکی لاوەکی و سەرەکی باس دەکات ((نالی وەک هەر تاکێک لە ژێر فشاری کۆمەڵێک پاڵنەر و غەریزە ڕووبەڕووی دەوروبەر دەبێتەوە و وەڵامی بۆ وروژێنەرەکان دەبێت،لە ڕێگەی پاڵنەری سۆزەوە شاعیر بە نیشتمان و هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەست بە مەوتەن گرێدراوە.....لەم دەقە شیعریەدا پاڵنەری سۆزی خۆشەویستی شاعیر دەبینین هەم بۆ سلێمان پاشای بابان هەمیش ئەحمەد پاشا))[مەلازادە:٢٠١٦:٤٤٥]، لە هەمانکاتدا ڕووداوەکان پەیوەستن بەبیری سیاسی و نەتەوەیی کە زۆر جار تەنها لە ڕێگەی وشەیەک یان ئاماژەیەکی بچووک دەزانرێت کە شاعیر مەبەستی کام ڕووداوە، چونکە هەندێك جار شاعیر لەباسکردنی ڕووداوەکاندا ناچێتە بنج و بناوان و ((مەرجیش نییە شیعری سیاسی هەموو مەبەستەکان بەدوور و درێژی دەر ببڕێ و بیدا بەدەستەوە، بەڵکو ئەکرێ هێمایەك، ئاماژەیەك بێت، ئیدی ئەوانی تر بۆ خەڵکی بەجێ ئەهێڵێ، چونکە شیعر داهێنراوی سۆز و ئەندێشە و گوداز و خەیاڵی شاعیرە)) [جەباری: ٢٠١٥: ٣١].

## 2-2-4-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژوویی و نەتەوەییەکان لەشیعرەکانی سالمدا:

ئاشکرایە ژیانی سالم دەستە و یەخەی لەگەڵ شەڕ و شۆڕ و ئاوارەیی و

چەندین کارەساتی گەورە بووە، کارەساتەکانی ژیانی سالم بەشێوەیەك کاریگەر بوون کە کار بگاتە ئەوەی سالم سەر و ماڵ و نیشتمانەکەی لەسەر دابنێت، هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لەژیانی سالمدا ڕوویانداوە وەکو مێژوونووسێك لەپەڕاوی مێژوویدا و لە وشە و واتای کاریگەر و پڕاوپڕ لە زاراوەکانی خاکپەرستی و شانازی کردن و سۆزی لاواندنەوە تۆمارکراوە، بەتایبەتیش ئەو جەنگانەی میرەکانی بابان لەگەڵ عوسمانییەکان بەرپایان کردووە، چەندین پارچە شیعر و چامەی نووسیوە، بەتایبەتی لە چامەکەیدا باسی جەنگی عەزیز بەگی بابانە لەگەڵ پاشای عوسمانی، سالم لە دوو توێی دەقێکی چەند دێریدا تەواوی ڕووداوەکانی جەنگەکە دەگێڕێتەوە هەر لەسەرەتاوە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان میرەکانی بابان و پاڵپشتی بەشێکیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئینجا هەر لە یەکەم دێڕەوە بە نەگبەتی و نەهامەتی شاری سلێمانی و گۆشەگیری و دۆشدامانی خۆی و خەزانی بەهاری سوتانی خەرمان و بەرەکەتی دەوڵەتی بابان و بەردەبارانکردنی و بەدکاری و ناڕەوایی و زوڵم و ستەمی عوسمانییەکان، هەر لەسەرەتاوە بەوە دەست پێ دەکات:

**لێم گەڕێن باگۆشەگیر بم، دەستە و ئەژنۆ، کەفزەنان**
**گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٢٤]

دواتر دەڵێت:

**نەوبەهاری من خەزان و فێنکی صوبحم تەمووز**
**پەرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەك کەتان**
**تورکی قورصی خۆر کە طالیع بوو، طولووعی کرد بەڕەقص**
**کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی (بابان) بوو نیهان**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٢٥]

سالم بەهاری سەوز و پڕ گوڵ و گوڵاڵەی لێ زەرد بووە، شنەبای فێنکی

بەیانیانی گەرم بووە بەهۆی هەڵاتنی خۆری تورکان و ئاوابوونی مانگی پڕ شـــەوقی بـابـانـەکـان، ســـــالم دڵ و دەروونـی جۆش دەکـات لـەتـاو خـەمی لەناوچوونی بابان و داگیرکاری عوسمانی و دەڵێت:

**حاکمە ڕۆمی لەسەرتەختی (سولەیمانی)، دریـــــــــــــــــــــــــــــــــغ!**
**کەوتە دەســـــتی دێوی دوون، موهری ســــــولەیـــمـــان، ((الامـــان))**
**مەجلیســـێ وابێ، موشـــەخخەص، دووری گـــۆگـــرد عـــوودە بـــۆی**
**"دەروێش ئاغا" بوو لەجێی "مستۆ" هەموو شـــــەو نەغـــــمە خـــوان**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٢٩]

داخی گرانی سالم بۆ ئەو ئەنگوستیەلەی حەزرەتی سولەیمان کە دەستی تورکـان کەوتووە کە بەکەیفی دڵی خۆی دەیهێنێـت و دەیبـات و حوکمی کوردانی پێ دەکات هەروا مەجلیسی خۆشخوانی و نەغمەخوانی دەگۆڕێت بۆ دەروێش و ئاغای دەنگ دڕ و ناخۆش، ســـالم لەناوەڕاســـتی چامەکەیدا بەڕوونی وێنەی شـــەڕوشـــۆڕەکە دەکێشـــێت و باســـی ئازایەتی و چەلەنگی کوردان و بێ هێزی و هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەوان دەکات و دەڵێت:

**شێری بیشەی موڵکی (بابان)، مەردی مەیـدان ظـاهـیـرە**
**گەر کەسێ بێنێتە خاطر دەست و بـــردی گەرمـــیـــــان**
**مەرگی تورکانی جەفاجۆ صـــەد قەدەم پـــێـــش گـــوللە کەوت**
**تا پلە ئەنگوشـــتێ بۆ ســێ، ئەو گەیشـــــتە ســـــەرێشـــــان**
**ئـــیـــخـــتـــراعـــی تـــورك لەدڵـــدا مەشـــــقجۆی شـــــێوە شـــــوغال**
**یەککە تـــازی کورد لە دونبـــالی وەکـــو شـــــــێـــری ژیـــان**
**خۆ لەبیمی تیغی جان فەرســـــای**

**مــيــــر، ئەو ڕۆژە تـــورك**
**میثلی کەوباڕی هەڵۆ بین شـەش**
**جـیــهەت لـێـك هەڵـوەشـــــان**
**هەرکە شـوعلەی ماهیچەی تیغی**
**بــوڕەهــنـە، بــوو ظـوهــوور**
**وەك قولـنـگی شـــەوچرا بین**
**تــێــکەڵاو بـــوون ڕۆمــیـــان**
**گوللە تۆپ وەك تۆپی قـایش بوو**
**لەئـــاقـــار غـــیـــرەتــــی**
**طەبعی جۆیای بەزمی شلگ بوو**
**لەجــێــی ســـــینەی کەمـــان**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٣٨]

سـالم کە ئەم قەسـیدەیەی تایبەت کردووە بە شـەڕوشـۆڕەکانی میرنشـینی بابان و عوسمانی داگیرکار کە لە (١٠١) دێر پێك هاتووە، قەسیدەکە وردو درشـــتی جەنگەکە باس دەکات، بەتایبەت لەو دێڕانەی ســـەرەوەدا دەڵێت ئەگەر بپرســـی یان بکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە شـــێری بیشـــەی بابان پیاوە مەردەکانی بابانن و تورکەکان بەبێ دەســـەڵاتی و بێ هێز لەقەڵەم دەدات، ئەوان لەترسـی ئازایەتی و بەغیرەتی عەزیز بەگی بابان سـەرنگوم بوون و بەرامبەر تیشـــکی بـابـانەکـان وەکو قـاز و قولـنـگ یەکداهـاتن و هەڵاتن، لەبەرامبەریشدا گوللە تۆپی تورك بەرامبەر ئازایەتی بابانەکان وەکو تۆپێکی چەرمی وابوو هیچ کـاریگەریەکی نەبوو بەڵکو وەکو مۆســـیقـا و ئـاوازی کەمان حەزیان بە دەستڕێژی گوللەکان دەکرد هەر لەبەرئەوەشە (( مامۆستا قەرەداغی خۆی پێمـانـدەڵێ،ڕۆشـــنبیری ســـــالم ئـاوێنەی ئەو ســـەردەمە مێژووییەیە کە تێیدا ژیاوە))[دەشتی:٢٠١٢:٢٦٥]، ئینجا سالم بەگێڕانەوەی تەواوی ڕووداوەکە و تێکەڵکردنی بە دونیـایەك هەســـــت و ســـۆزی نیشـــتمانپەروەری و هەســـتی قووڵی نەتەواییانەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژوویی و نەتەوایەتیە، کە لەوێدا حەسـرەت و داخ و ژانی سـالم دێر بەدێر دەبنە ئاوێنەی ناخ و دەروونی و تابلۆیەکی تۆکمەی نۆســـتالۆژی دەخاتە بەردەستی خوێنەر.

### 3-4-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:

شــــاعیران بەگشـــتی لەمێژووی ژیان و نەتەوایەتی خۆیاندا دووچاری

چەندین ڕووداو و کارەسات دەبنەوە و کاریگەری لەسەر خودی خۆیان و بەرهەمەکانیان جێ دەهێڵن، مستەفا بەگی کوردی لەڕێگەی شیعرەوە ئاماژە بە چەند کارەساتێکی ژیانی خۆی و ڕووداوی گەورە گەورەی نەتەوەکەی دەکات، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی بەسەر شاری سلێمانی و میرنشینی بابان هاتوون و لەچەندین شیعردا باسی کردوون، بۆ نموونە دەڵێت:

**خودا ئەم ماجەرایەت چۆن قوبووڵە**
**لەزێد ناکام و ناشادی حەبیبم**
**ئەمەی دەیڵێم ئەگەر ئیغراقە(هیجری)**
**هیلاکی دۆستی مەینەت قرمزی بم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٠٨]

کوردی ئەم چامەیەی بەنامە نووسیوە و لەئێران ناردوویەتی بۆ دۆستێکی خۆی لەشاری سلێمانی، کە تێیدا باسی چۆنیەتی دەربەدەربوونی لەشار و وڵات و ئاوارەبوونی لەتاران دەکات، هەروەها لەڕێگای وشەی ماجەرا(*) باسی ڕووداو و کارەساتی ڕووخانی میرنشینی بابان دەکات، کە بووەتە کارەساتێکی خەمناك لە ژیانی واقیعی خۆیدا، چونکە باوردۆخی ئەوسای سلێمانی کەوتبوە بارێکی ناهەموار و کێشمەکێش و بەردە و بکوژ و پیلانگێڕی ناوخۆیی و دەرەکی، کە بەهۆیەوە کوردی دوچاری ئاوارەیی و غەریبی وڵاتان دەبێت، ئەم دێڕەی سەرەوە ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەوەی پێوستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە کوردی تەنها ڕووداوی مێژووی ناکاتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری، بەڵکو لەشیعرێکدا باسی ڕووداوێکی کەسی دەکات کە بەسەر خۆیدا هاتووە و دووچاری هیلاکەت و شەکەتی کردووە، دەڵێت:

**ئەرکی عەشقی تووشی وام تووش نەبووە، هەرگیز بۆیەکا**
**لازمە تەئریخەکەی بەم مەصرەعە بۆ دانرێ**

---

(*) ماجەرا: ڕووداو.

[کوردی: ٢٠١٠: ١٥١]

ئەو دێڕە شیعرەی کوردی لەپارچە شیعرێکە کە باس لەبەسەر هات و ڕووداوێك دەکات کە بەسەر خۆیدا هاتووە، ئەویش بەو بەڵگەی قادر بەگی حەمید بەگی ساحێبقڕان لەنامەیەکدا بۆ کوڕی مامی دەنووسێت کە لە هەوارگەیەك بەیەك بگەن و یەکتر ببینن، واپێدەچێ کوردی شاعیر ڕێگای لێ ون دەبێت و زۆر هیلاك و ماندوو دەبێت تەنانەت هیوای خواستووە دەنگی سەگ و ئاژەڵی دڕندە ببیستێت بەڵکو تروسکەی ڕووناکی و ئاوەدانیەك بەدی بکات، دواتر دەدۆزرێتەوە و دەگەیەندرێتە هەوارگەکە ((ئەو ڕێ گومبوون و ماندوویێتیەی بەو پیرییە کە ئەوەندە کاری تێ کردووە کە کارەساتەکەی بەڕووداوێکی دانسقە و دەگمەن زانیوە لەژیاندا، بۆیە ویستویە لەم تاهەڵبەستە وا بەپێی (نەریتی ژمارە)ی پیتە (ئەبجەد)یەکان ساڵی ئەو ڕووداوە جێگیر بکات)) [کوردی: ٢٠١٠: ١٥٥]، لەبەرئەوە مەرج نییە شاعیر تەنها بە ڕووداو و کارەساتی گەورە کارتێکراو بێت، هەندێك جار ڕووداوێکی بچوکی ژیانی تایبەت دەبێتە هەوێنی شیعرێکی دانسقە، کوردی شاعیریش دیوانەکەی کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهات و سەرگوزشتەی تێدایە، کە لێکۆڵەران بەپێی پیتی ئەبجەدی ساڵی ڕووداو و هۆکارەکەیان بەشێوەیەکی ڕوون دیاریکردووە، ئەمە جگەلە کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی کە بە کۆمەڵێك وشەی پڕ لە ڕەمز و واتای نهێنی و وێنەی ناڕوون شاردراونەتەوە، بۆ نموونە لەپارچە شیعری "مەگەر ناڵینی من" لەدێڕی کۆتاییدا لێکۆڵەر (حەمەبۆر) دەڵێت ئەم دێڕە نیشانەیەکە کە لەو ساڵە کۆچییەدا کە بەرامبەر (١٨٤٢ز) دێت کارەساتێك ڕوویدابێت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی کوردی کردبێت لەبەرئەوەشە ئەو دێڕە شیعرەی داناوە، کە دەڵێت:

**غەرەض بۆ فەوتی (کوردی) بوو کەفەوت**

**ئیــــتــــر بۆکـــێیە ناز و خــــــود فــــرشـــی** [کوردی : ٢٠١٠: ١٠٤]

### 5-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کلتور و داب و نەریتە باوە کۆنەکان:

کەلچەر یان کەلتور(Culture) کە لە بنەڕەتدا لە وشەیەکی یۆنانییە و بە واتا و مانای چەند شتێک یان سیفەت و خوڕەوشتی میللەتێک بەکاردێت لە فەرهەنگە جیاوازەکانی میللەتان، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەسیفەت و خووڕەوشتی کۆنی کۆمەڵێك یان کۆمەڵگایەك و بەردەوام بوونیان و

پەیڕەوکردنیان لە کۆنەوە هەتاکو سەردەمی ئێستا، بەشێوەیەکی گشتی کەلتور لە کۆمەڵێك پێکهاتەی جیاوازی وەك (ئاین، داب و نەریتی زمان، بیروباوەڕ، بەها کۆمەڵایەتییەکان.. هتد) پێك دێت، کە هەر یەك لەو پێکهاتانە لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی جیاوازی دەبێت، میللەتی کوردیش وەکو میللەتان لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ژیان خاوەنی داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵایەتی جیاواز بووە ((بەیت و داب و نەریتی لەژیانی کوردەواری دا هەر لەسەرەتای مێژووی کوردەوە تا ئەمڕۆ شان بەشانی بەسەرهات و ژیانی کوردەواری دەوری گێڕاوە و ئەم بەیت و باوە پێوەندی گیانی بەگیانی بەژیانی کوردەوارییەوە هەبووە)) [سمۆ: ٢٠٠١: ١٧]، هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بوونە بەشێك لە بنیاتی کۆمەڵایەتی میللی و مۆرکێکی نەتەوەیەتیان پێوەدیارە، ئینجا لەبەرئەوەی ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگایە و نیشاندانی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کەلتوریش بەهەموو بەشەکانیەوە بووەتە بەشێکی گرنگی ئەو ئەدەبە و لەڕێگەی ئەدەبەکەوە گوزارشت لە بیروباوەڕ و بەها و کلتورە جیاوازەکان دەکرێت. بۆ ئەم مەسەلەیەش نووسەر و شاعیرانی کورد بە ستایلی جیاواز سودیان لەم چەمکە کۆمەڵایەتیە بە هەموو بەشەکانیەوە وەرگرتووە و لایەنە جیاوازەکانی کەلەپوور و داب و نەریت و بیروباوەڕەکانیان ئاوێزانی بەرهەمەکانیان کردووە، بەشێوەیەکی گشتی زانیاریان دەربارەی بابەتەکانی کەلەپوور و کەلتورە کۆمەڵایەتیە کوردەواریەکان هەبووە و بەدەر نەبوون لە کۆمەڵگا و باروۆدخە جیاوازەکانی، لەبەرئەوەی لە واقیعی ژیانی هەموو کەسێکدا ((شتێك هەیە پێیدەڵێن (لەدەرەوە بوون)، بەمانای لەدەرەوەی شتەکانی پێگەی کۆمەڵایەتیت، لەدەرەوەی بەکۆمەڵ ژیان و دەستە جەمعی ژیانیت. تۆ لەنێو خۆتدایت بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تاکڕەوییەی خۆت، ئەو شێوازە ژیانەی بەجیاواز لەتەقلیدی گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، خۆی پێکدەهێنێت)) [ئەمین: ٢٠٠٨: ١٧]، بەڵام شاعیرانی کورد بەگشتی لەناوەوەی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیە بوون و بەتایبەتیش شاعیرانی کلاسیك تێکەڵی بەها و قیەمی نەتەوایەتی خۆیان بوون و درێژە پێدەری بوون، هەتاکو کۆتایی هەناسەکانی ژیان دەستا و دەست بووە بە میراتێکی مەعنەوی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.

### 2-2-5-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کلتور و داب و نەریتە باوە کۆنەکان لەشیعرەکانی نالیدا:

نالی وەکو شاعیرێکی نەتەوە پەرست دەق و شیعرەکانی هەمەڕەنگ بە

بابەت و دیاردە کۆمەڵایەتی وداب ونەریتە جیاوازەکان، وەکو شاعیرێکی هۆشیار بە هەموو کەلەپوورە جیاوازەکانی میللەتە جیاوازەکان لەشیعرەکانیدا پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی کلتوری بێگانە و کلتوری نەتەوەیی، ئەویش بەئاماژەکردن بە نیشانە و هێما کلتوریە بەناوبانگەکان، کە بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت، بەم گەڕانەوە جۆراوجۆرەشی بەرهەمێکی نۆستالۆژی لەجۆری گشتی بەرهەم هێناوە، بەیادکردنەوە و وەبیرهێنانەوە ویستویەتی دووبارە ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و کلتورە ناوازانە زیندوو بکاتەوە لەلایەك، لەلایەکی تر نالی وەکو شاعیرێکی غەریب و دوورە مەفتەن ویستویەتی یادکردنەوەی هەموو ئەو خەسڵەت و سیما نەتەوەییانە بکاتە شنەبایەکی ئارامی بۆ تەنگی و توندی رۆحی و دەنك دەنك مێرووی موحیبەت و خۆشەویستی وڵات بکاتە ملوانکەی ژیان ولە خۆی بئاڵێنێت، بەڵکو بەم کارەی سۆزی غەریبی و حەسرەتی دووری نیشتمان و خاك دامرکێنێتەوە، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی نالی وەردەگرین و شرۆڤەی دەکەین، بۆ نموونە لەو دێرەدا دەڵێت:

**دامەنی پاکی مەداری دائیرەی خامەك نییە**
**خــوێنی مەقتولانە وا دامێنی یاری گرتووە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٤]

لەشیکردنەوەی ئەم دێرە مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: ((سەیری ڕستەی "دامێنی یاری گرتووە"، بکە کە ئەمیش ئیشارەتە بۆ نەریتێکی کۆمەڵایەتی ڕێز لێگیراوی "دەستە و دامەن بوون و هانا بردنەبەر" نالی بەم تەعبیرانەی، دەربڕینی واتای شاعیرانەی تەڕ و پاراو پڕ سۆز و هونەرەوە، هاموشۆیەکی شارەزایانەش دەکا لەمەیدانەکانی دەستووراتی کۆمەڵایەتیدا نالی وشکە مەلە لەهەوایێکی ژوورووی کۆمەڵدا ناکا، گەلێك پتر لەپسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی مووچە خۆری ئیمڕۆ، بەناو پەند و نەریت و گفتوگۆ و دڵ و دەروونی کۆمەڵدا دەگەڕێ)) [محەمەد: ٢٠٠٧: ٥٥]، نالی بەگەڕانەوەی بۆ ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەی کە باس لە گیانی هاوکاری و یارمەتیدان دەکات، دەقێکی تەواو نۆستالۆژی و پڕاوپڕ لەهەست و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دروست کردووە، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد نالی ویستویەتی لەسەر بناغەی کەلەپوور و کەلتوری نەتەوایەتی ڕابردوو ئەدەبێکی تازە و مۆدێرن بنیات بنێت، دیسانەوە مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت ((چاکە و خراپەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و گۆڕان و بەرەو پێش چوون دەدەمە بەر حوکمی

واقیع و تاقی کردنەوە، دەبینم بەردەوام بوونی حورمەت و ڕێزگرتن لەنرخە میراتیەکانمان، یەکێکە لەو دیمەنە سازگارانەی کە هەنگاوی سەرەو ژووریان تێیدا خێراتر دەبێ، چونکە دیارە هەڵبەزینەوە لەبەرزایی ڕابردووەوە پتر تێ هەڵدەکشێت نەك لەسەر تەختایی حازرێکی تازە دەست پێ کراوەوە. سەرەڕای ئەم سوودمەند بوونەی بەسەر بەرزایی ڕاوەستانەوە، جارێکی تریش لەحورمەت گرتنی ڕابردووی بەنرخمان سوودمەند دەبین)) [محەمەد: ٢٠٠٧: ١١]، نالی لە دێڕێکی تردا کە ئاماژەیەکی واتایی بۆ داب و نەریتێکی کۆنی کۆمەڵایەتییە دەڵێت:

**گوێ درێژێ بار و کورتان بەرز و، باڵانی بەزێن**
**چــوست و وریا تر لەگوێ کورتانی پاڵانی و گێژ**

[نالی: ١٣٨٩: ٢٣٨]

ئەو دێڕەێ نالی لەو پارچە شیعرەیە کە بۆ گوێ درێژەکەی نووسیوە، لەوەسف و باسی گوێدرێژەکەیدا کە وشەیەکی کۆنی ناو هۆز و عەشیرەتە کۆنەکانی کوردەواری بەکارهێناوە، کە بەمانای (ئەسپی کۆتەك) دێت لە شیکردنەوەی ئەم دێرەدا مەلا عەبدولکەریم و فاتیحی کوڕی دەڵێن: ((ئەسپێ کۆتەك جاران لەهەندێ ناوچەی کوردستان کە گەورە پیاوێك بمردایە ئەسپێکی تابڵێی شۆخ و جوانیان ئەهێنا ئەیانڕازاندەوە، جل و بەرگی مردووەکەیان ئەدا بەسەردا و بەگۆرانییەکی تایبەتی ئەیانلاواندەوە و خەڵکیش بۆی ئەکەوتنە شین و شەپۆر)) [نالی: ١٣٨٩: ٢٣٨] دیارە شین و شەپۆر و لەخۆدان و پرچ ڕنینەوە کە بەزۆری لەلایەن ئافرەتان و کەس و کاری مردووەکەیە نەریتێکی کۆنی کوردەوارییەوە لەلای زۆربەی میللەتانیش بوونی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێستا ئەم نەریتە ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات و خەڵك هۆشیار بووەتەوە بەوەی ئەوەی ئەنجامی دەدات جگەلە ماڵوێرانی و کاولکاری هیچی تری لێ بەدواوە نایەت، نالیش هۆشیار و بەئاگای داب و نەریتە کۆنەکان ئەم زاراوە یان ئەم وشەی خستۆتە دوو توێی دێرەکەیدا هەم بۆ وەسفی گوێدرێژەکەی هەمیش وەکو یادکردنەوەیەکی ئەم نەریتە کۆنە، بەم کارەیشی دەقێکی نۆستالۆژی بەرهەم هێناوە.

### 2-2-5-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کلتور و داب و نەریتە کۆنە باوەکان لەشیعرەکانی سالم دا:

سـالمیش هەروەکو نالی هەندێك داب و نەریتی کوردەواری و دیاردەکانی

دەکاتە بناغە بۆ داهێنانی شیعری، گەڕانەوەی سالم بۆ کلتورە جیاوازەکان داب و نەریتە باوەکان تام و چێژی هونەری شیعرەکە لەڕێگە گوزارشت و دەربڕینەوە دەڕازێنێتەوە، شیعر تەنها پەیامێکی مولکداری خودی شاعیر نییە، بەڵکو پەیامی کۆمەڵگایەکە بۆ دەبڕینی تەواوی دیاردە و بارە جیاوازەکان کە لە ڕێگەی شاعیرەوە دەگات، ئەو گەڕانەوەی سالم و تێکەڵبوونی لەگەڵ نەتەوە جیاوازەکان گەیشتووەتە ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەدەبەکەشی بکات، ئەمەش شتێکی ئاساییە و تا ڕادەیەك لە قازانجی ئەدەبەکەیدا شکاوەتەوە، ڕێناخ دەڵێت: ((هونەرێك تەنیا لەڕێگەی پەیوەندییەکی سادەوە ناتوانێ کاریگەری لەسەر هونەرێکی دیکە ببێ، بەڵکو هونەری دووهەم پێویستە بەهرەی گۆڕانی ئاسایی و سروشتی خۆی گەیشتبێتە قۆناغێك کە لە هەمبەر هونەری یەکەمدا هەستیاری بنوێێ)) [سوڵتانی: ٢٠٠٩: ١٧٧]، ئەم هونەرەی سالمیش ئەوکاتەی ئاوارەی وڵاتان دەبێت گەیشتۆتە قۆناغی هەستیاری و وەرگرتنی خەسڵەت و سیما جیاوازی ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان، نموونەیەکی زەقیش بۆ ئەم قسانە ئەوەیە هەندێك جار هانا بردن و دەستەودامان بۆ کەسی بەرامبەر نەریتێکی کۆنی هەم کوردەواری و هەم عەرەبیشە سالمیش بەهۆی ئەوەی بەشێکی تەمەنی لە ناوچە عەرەبیەکان بەسەربردووە، بەشێوەیەك لەشێوەکان شارەزای کلتور و داب و نەریتە عەرەبییەکان بووە، لەبەر ئەوە دەڵێت:

**بێتە سەردامانی نازت، تاسەری**
**ڕەشـــــــــماری زوڵـــــف**
**بۆ نیازم کەی بەدامانت دەگات،**
**دەســــــــتی خەیـــــاڵ؟!**

[سالم: ٢٠١٥: ٤٢٠]

هەروەها سالم لەدێڕە شیعرێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتێکی ژیانی ئابووری جوتیارانە، کە هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستاش بووەتە نەریتێك لەنێو جوتیاراندا بۆ پاراستنی گەنم و جۆ و خەرمان پەنایان دەبردە بەر دروستکردنی بوکەڵەیەك لەشێوەی مرۆڤ لە دار و پۆش و پەڕۆ و ئاڵاندنی لە دار و چیلکەیەك و هەندێك جار بەبەردا کردنی جلێکی ئافرەتانە، هەتاکو لەگەڵ جوڵانەوەی بەهۆی باوە چۆلەکە و تەیر و باڵندەکان واهەست بکەن کە کەسێك لەنێو خەرمانەکەدا بوونی هەیە" ئینجا سالم لەدێڕە شیعرێکدا ئەم "داهۆڵ"ە دەکاتە سەرچاوەی شیعر و وێنەیەکی بچوکی لەدرەختێکی

جوانکاریانەدا دەخاتە ڕوو بۆ نموونە دەڵێت:

**مەلەخ طەبعن لەهێشـــوی**
**دەغـــڵـــی دیـــهـــقـــانـــی بەهەر لادا**
**لەنـــاو جـــاڕی گەنم هەریەك**
**وەكـــــو داهـــــۆڵـــــی خەرمـــــانـــــن**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٨٥]

## 2-2-5-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:

مستەفا بەگی کوردی یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوا شیعرەکانی تەژین لە هەمەڕەنگی کلتور و بۆنە و داب و نەریتە باوەکان، تەنانەت لەزۆربەی شـــیعرەکانیدا بەتاکە وشـــەیەکیش بێت دەگەڕێتەوە ســـەر نیشـــانە و هێما کلتوریەکان، پەیوەســـت بوون بە کۆمەڵگا و داب و نەریتەکانی یەکێکە لە شـــێوزی خۆشـــویســـتن و بۆ (( پێداویســـتییەکی تاک دەگەڕێتەوە کە خۆشەویستیەتی بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگا و خۆشویستی کۆمەڵگا بۆی ئەمە پاڵنەری کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ دەکات، تێرنەکردنی ئەم پاڵنەرە دەبێتە هۆی یاخیبوون ))[قەرەچەتانی :٢٠٠٦:١٠٥]، بەو واتایەی خۆشـــەویســـتی کۆمەڵگا و کلتورەکەی وەکو پێداویســـتیەکی گرنـــگ لە ژیانی هەموو تـاکێکـدایە، ئینجـا زۆربەی گەڕانەوەکـانی کوردیش بۆ کلتور و داب و نەریتی کوردەوارییە، ئـاشـــکرایە پێکهـاتەی کلتوری کوردیش بریتیە لە (هونەر، موزیـك، ئـاین، جـل و بەرگ، بۆنە... هتـد)، کوردی هەروەك لەمانەی بەشـــێوازێکی هونەری تێکەڵ بەدەقەکانی کردووە، بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوەدا کوردی دەڵێت:

**پەنـــجەت لەحەنـــا مەگـــرە،**
**ســــــــوورێـــکـــی تەڵـــخ ڕەنـــگە**
**خـوێـنـی دڵـی مـن ئـــاڵە بـیـکە**
**خەنەبەنـــــــــــــــدانـــــــــــــت**

[کوردی: ٢٠١٠: ٨٢]

لە کلتور و داب و نەریتی چەند میللەتێکی ڕۆژهەڵاتی و کورد بەتایبەتی، کچان شـــەوێك بەر لە گواســـتنەوە بۆ ماڵە تازەکەیان کۆمەڵێك لە دۆســـت و کەس و کار کۆدەکەنەوە، وەکو ئاهەنگێکی بچووکی پڕ لەکەیف و خۆشـــی

بەڕێوەدەچێت، ئینجا دەست و پەنجەی بووك لە خەنەدەگرن و بەشداری ئەو خۆشــییەی دەبن، بەم بۆنەیەش دەگوترێت خەنەبەندان، کوردی شــاعیریش بەگەڕانەوەی بۆ ئەم داب و نەریتە کۆنە بەیارەکەی دەڵێت لە خەنەبەندانەکەی خۆت دەستت بەخەنە سور مەکە ئەوەتا خوێنی سووری منە بیدە لە دەست و پەنجەت و خەنەبەندانەکەتی پێ بەڕێوەببە، دیارە مەبەســتی کوردیش نەگەیشتنە بەمەعەشوقەکەی و لەدەستدانیەتی کە لە بەرانبەریدا دەرچوونی گیان و کۆتایی ژیانیەتی، بۆیە خوێنی خۆی پێشــکەشــی یارەکەی دەکات، هەروەها لەهەمان پارچە شیعردا و لەدێڕی کۆتاییدا کوردی باســی داب و نەریتێکی ئاینی دەکات کە جەژنی قوربان و قوربانی کردنە لەپێناوی خوای گەورە، دەڵێت:

**ڕەنگینە بەگوڵ دونیا،**
**وەکو خوێنی شەهیدانت**
**(کوردی)یش، بکە قوربانی،**
**(بەم جەژنە) لەزیندانت**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۸۲]

ئاشــکرایە جەژنی قوربان کە جەژنێکی ئاینییە هەندێك داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەیە،کە مسوڵمانان لەهەر شوێنێك بن پێویستە لەسەریان پەیڕەوی بکەن، یەکێك لەو داب و نەریتانەش قوربانی کردنە بەئاژەڵێك، بەتایبەت بۆ ئەو کەســانەی ســەردانی حەج دەکەن ئەم قوربانی کردنەیان وەکو ئەرک لەســەر دانراوە، ئینجا بەخشینەوەی گۆشتی ئاژەڵەکە بەسەر خزم و کەس و هەژاران کە ئەمەش دووبارە زیندووکردنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانە لەنێوان خەڵکی، کوردی تەنها لەڕێگەی وشــەی (قوربانی) گەڕاوەتەوە بۆ داب و نەریتێکی ئاینی و لەپشــتی دا چۆنیەتی ئەنجــام دانەکەی دەگێڕێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە خۆی کەســێکی خواپەرست بووە و شارەزا و ئاگاداری هەموو بنج و بناوانی دەستورەکانی ئاینی ئیسلام بووە، ئەم گەڕانەوەی کوردیش دەمانگەیەنێت بەو خاڵەی کەوا ئەو دێرە شیعرە بخەینە چوارچێوە و قاڵبی شیعری نۆستالۆژی.

### 6-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان:

کەســــایەتی ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنەری دەقە ئەدەبیەکــانە لەکۆن و ئێستادا، کە هاوشێوەی ڕەگەزەکانی تری شوێن و کات و ڕووداو ڕۆڵ و

ئەرکی خۆیـان دەبینن ((کەســــایەتی هۆکـارە جیـاوازەکـانی ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتی و دەروون و ڕۆشــنبیرییە، کە دەتوانرێت بناســرێت لەڕێگەی ئەو زانیـاریەی کە گێڕەرەوە بەدەســـتی دەدات یــان لەڕێگەی خودی کەســـایەتییەکە خۆی یانیش لەڕێگەی لێکدانەوەی خوێنەرەوە دەبێت بەهۆی ڕەفتــار و هەڵس و کەوتی کــارەکتەرەکــان)) [الحمیـداني: ٢٠٠٦: ٧٥]، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا کەســایەتی بۆ چەندین شــێوە و جۆر پۆلین کراون و هەریەکەیان بەبێ ئەو ئەرکەی پێی دەسـپێردرێت پلە و سـەنگ و بەهای بۆ دیـاریکراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا و لەم توێژینەوەی خۆمـانـدا بۆ دیـاریکردنی کەسـایەتییە جیاوازەکان لەشـیعر و لە دەقە نۆسـتالۆژییەکانی نالی و سـالم و کوردی چۆنیەتی و ڕادەی نـاوداریـان بەپێی کـات و شــــوێن دەکۆڵینەوە و پۆلینیان دەکەین:

## 2-2-6-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان لەشیعرەکانی نالیدا:

### أ-2-6-1-1- نۆســتـالۆژیـای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە نەتەواتییەکان لەشیعرەکانی نالیدا:

ئەم جۆرە نۆستالۆژیایە کە شاعیر لە نێو شیعرەکانیدا یان لەدێرێکیدا باسی کەســـــایەتیەکی دیـارو بەنـاوبـانگی نەتەوەکەی دەکـات، کە لە ئەنجـامی قـارەمـانیەتیەك یـان هەر کردەوەیەکی تر ئەم نـاوبـانگەی پەیدا کردووە، ئەم جۆرە دەقەش دەخرێتە نێو چوارچێوەی شـــیعرێکی نۆســـتالۆژی، نالی لە چەند شـــیعرێکی نێو دیوانەکەیدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت و کۆمەڵێك نـاوی ناســـراو دەهێنێت کە بوونەتە ڕەمز و نیشـــانەی ئازایەتی و بوێری لەلایەن خۆیەوە شانازیان پێوە دەکات، بۆ ئەوەش هەر دەکرێت ئەو شیعرەی باسـی حەزرەتی سـولێمان و سلێمان پاشـا، ئەحمەد پاشـا و پێغەمبەر (د. خ) دەکات بە نموونە بهێنینەوە:

**تا (سولەیمانان) نەبوونە**
**ســـەدری تەخـتــی ئــاخــیــرەت**
**(ئەحمەدی موختـار)ی ئێمە**
**شـــــاهــی تەخــت ئــارانەبــوو**

**[نالی: ٣٨٢:١٣٨٩]**

### أ-2-6-1-2-2- نۆســـتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی مێژووییەکان لەشیعرەکانی نالیدا:

لەم جۆرەیاندا شـاعیر دەگەڕێتەوە بۆ کەسـایەتیەکی مێژوویی بەناوبانگ، کە مەرج نییە لە هۆز و نەتەوەکەی خۆیدا بووبێت، بەڵکو ئەم کەســـایەتیە بەهۆی قـارەمـانیەك یـان بەپێچەوانەوە بەهۆی زوڵم و زۆرداری زۆر ناوبانگێکی پەیداکردووە بووەتە ناوێکی مێژوویی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا و بووە بەموڵکی گشـــتی، نـالیش لەدیوانەکەیـدا کۆمەڵێـك نـاوی وەکو (کەیخوسرەو، جەمشید، رۆستەم و ئەسکەندەر... هتد) ریز دەکات و باسیان دەکات، بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆیان دەگەڕێتەوە بۆنموونە:

**لەززەتـی دنیـا کە هیـچ و پـــووچە لای ئەهـــلـــی ئەدەب**
**ئەووەل و ئـاغـازی جەور و دەردە، ئەنـــجـامـــی ســـــتەم**
**تۆزی ئـایینەی ســـکەنـدەر وا بەدەم بـــــاوە، وەلــــێ**
**گەردی دامـانـی غەریـبـانە بـــلـــووری جـــامـــی جەم**

**[نالی: ١٣٨٩: ٣١٨ ــ ٣١٩]**

لەسەرەتادا نالی ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە دنیا بۆ کەسێکی عاقڵ و ژیر و دنیا دیدە و هونەر دۆســـت هیچ بەهایەکی نییە ژیانێکی کاتییە و کۆتایی پێ دێت، دواتریش لەدێڕی دووەمدا باســـی ئەســـکەندەر پاشـــا و ســـەروەت و ســـــامانەکەی دەکات، کە بوونە تۆز و بەدەم باوە رۆشـــتن و جامەکەی جەمشـــیدیش کە دونیـای تێدا بینیووە بووەتە تۆزی دامەنی بێگـانەکـان، مەبەسـتی نالی ئەوەیە کە بڵێ دونیا کاتیە و هەموو خۆشـی و ناخۆشـیەکانی کۆتایی دێت و دەبڕێنەوە، یان لەدێڕێکی تردا ناوی کەیخوسـرەو دەبات، کە یەکێکە لەپادشـــاکانی دەوڵەتی ماددەکان و بە بەهێزترین پاشـــای ماددەکان دادەنرێت، نالی بەناوهێنانی ئەم کەسـایەتییە مێژووییە دووبارە کەسـایەتیەکە زیندوو دەکاتەوە و ناوەکەی لەدەقەکەی خۆیدا زەق دەکاتەوە ئەگەرچی ئەو مەبەستی خودی کەسایەتی کەیخوسرەو نییە بەڵکو مەبەستی نالی سیفەت و سروشتی کەسایەتییەکەیە، دەڵێت:

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لەتاوی خوسرەوی خاوەر**

**بـــەڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، ئەرچی بێدارم**

**[نالی: ١٣٨٩: ٢٨٢]**

### أ-2-6-1-3- نۆســـتـالۆژیـای گەڕانـەوە بۆ کەسایەتی ئایینیەکان لە شیعرەکانی نالیدا:

ئەم جۆرەی نۆســـتـالۆژیـا گەڕانەوەیە بۆ نـاودارە ئـاینییەکـان لەهەردوو ڕەگەزی بـاوەڕدار و بێ بـاوەڕەکـان، واتە شـــاعیر لەڕێگەی نـاوهێنـانی کۆمەڵە کەســـایەتییەکی نـاوبـانگی وەکو پێغەمبەر (د. خ) و هـاوەڵان و پیاوچاکەکان و پێچەوانەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەم و شــوێنە کۆنەکان، بەم کارەشی دەقێکی نۆستالۆژی دروست دەکات، ئەم جۆرە نۆستالۆژیایەش بەم شێوەی خوارەوە پۆلین دەکرێت:

### 2-2-6-3-1- نۆســـتـالۆژیـای گەڕانـەوە بۆ کەســـایەتییە ئایینیە باوەڕدارەکان لە شـــیعرەکانی نالیدا:

**أ- پێغەمبەران:**

نالی ناوی چەندین پێغەمبەر دێنێت لەشــیعرەکانیدا، ئەو پێغەمبەرانەی کە لە قورئـانی پیرۆزدا نـاویـان هـاتووە و لەڕێگەی موعجیزە و چیرۆکێکی تایبەتەوە ناسراون، ئەو پێغەمبەرانەی نالی ناویانی بردووە (ئادەم، ئیبراهیم، یوسف، موسی، عیسی، محەمەد (د. خ) ... هتد).

**گەر ئەشـــرەف و مەحـبووبە یـوســف کـوڕی یەعـــقـــوبە**
**کچ بوو بەفڕێداری یەعنی کە زولەیـــخـــا کـــچ**
**ســیدیق و عەزیز هەروەك یـوســف کەنـدی بـوو کـوڕ**
**سـیدیقەیی مەعسـومە وەك داکـی مەســـیـــحـا کـــچ**
**بـابێکـی هەیە دونـیـا بـۆ عەشـــقـی مەجـازی، بەس**
**"نالی" چییە ئەو بابە: ئادەم**

**کـــــوڕ و حەوا کــــچ**

[نالی: ١٣٨٩: ١٥٧]

**ب- فریشتەکان**

ئاشکرایە کە فریشتە بوونەوەرێکی نادیارە و سەرچاوەی دروستبوونیان نوور و رووناکیە، کە خاوەنی چەندین سیفەتی پاك و بێ گەرد و ڕەفتار و کرداری چاکن، فریشتەکانیش لەڕووی ئەرکەوە جیاوازن و هەریەکەیان بۆ کار و ئەرکێکی تایبەت دروستکراوە، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیان زۆرە و خوای گەورە زانا و دانایە بە ژمارە و جۆری ئەرکەکانیان، نالی ناوی هەندێك لەفریشتەکان دەهێنێت لەنێو شیعرەکانیدا کە ڕوون و ئاشکرا و دیارن لەنێو کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەم کارەشی دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی دەقێکی نۆستالۆژی، بۆ نموونە لەو دێڕانەی خوارەوەدا لەباسی گۆڕ و یەکەم شەوی مەرگ و فریشتەکانی خراپە و فریشتەکانی چاکە دەکات و دەڵێت:

**دوومینە ئلتیجام**
**ئەمەتە ئەو دەمەی**
**دەبێ**
**ئەلواحی ئەلحەدم بە**
**زەنابیلی مەعتەڕە،**
**تەنگە ئەوا دەبێ کە**
**لە ئەو جێگە و**
**تەنگەدا**
**سائیل نەکر و**
**عاریف ومەعرووف**
**و مونکەرە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤٤٥]

**یان لە دێڕێکی تردا دەڵێت:**

**لایەك (زەبانیە)**
**لەسەر و کاری**
**نارە، نار**

**(هـل مـن مـزيـد)**
**زوبانيه وەك مارى**
**ئـەژدەرە.**

[نالی: ۱۳۸۹: ٤٥٠]

زەبانیه ناوی فریشـــتەکانی بەرپرســـی ئاگری دۆزەخن، نالی لەم دێرەدا باســـی ڕۆژی لێپرســـینەوە و بڵێســـەی دۆزەخ و دۆزەخیەکان دەکات و وێنەیەکی ئەو مەشـــهەدەمان بە وشـە و دێر و بیر و ئەندێشـەیەکی کاریگەر بۆ نمایش دەکات ناوی فریشە و ئەرکەکەشی لەم دەقەدا دەخاتە ڕوو.

**ج- هاوەڵانی پێغەمبەر:**

ژمارەی هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) بەشـــێوەیەکی ڕوون دیار نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەری و لەسەردەمی خۆیدا دەکرێت بەهاوەڵانی دابنرێت، کە هەموویان لە کەسانی ڕەوشت و ڕەفتار و کردەوەوە پـاك و چـاك پێکهـاتبوون و کە هەنـدێکیـان لەگەڵ ســـەرەتـای پەیامەکەیدا باوەڕیان پێهێناوە و پشـتگیریان کردووە، ئینجا نالیش دیسـانەوە نـاوی کۆمەڵێك لەهاوەڵان لەنێو شـــیعرەکانیدا ڕیز دەکات و ســـیفەت و سروشتە بەرزەکانیان بەشێوەی رەمز و نیشـانە ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوەدا نـاوی (ئەرقەم) دەبـات کە یەکێکە لەو هـاوەڵانەی پێغەمبەر (د. خ)، کە لە قۆناغی نهێنیدا لەماڵی ئەودا شـــەوان پێغەمبەر (د. خ) و هاوەڵانی کۆ دەبوونەوە:

**کوفری زوڵفەقار و، ماری ئـەرقەمن**
**سفری خاڵە، حەڵقەیی هیند و سیان**

[نالی: ۱۳۸۹: ۳۳٤]

**یان دەڵێت:**

**سـەعادەت بوو بەنوور و سـاعیدی زەروەی هیدایەت بوو**
**عەلامەت نـووری ئـیـمـانـی (بـیـلال) و (وەیـس) و (سەلمان)ە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥١٣]

**2-2-6-3-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی بێ باوەڕەکان لە شیعرەکانی نالیدا:**

بێ باوەڕان ئەو کەسانەن لە هەر قۆناغ و سەردەمێکی پەیامی خودایی و پەیامبەرەکانی باوەڕ ناهێنن و گومڕان بە هەموو شێوەیەك، دیارە ئەویش لەهەر سەردەمێکدا بەرپەرچی پەیامبەرانیان داوەتەوە و خەڵکیان لێ هانداون بەوەی کە باوەڕیان پێ نەکەن بە ساحیر و جادووکەر ناویان بردوون، نالیش کە خۆی خواپەرستێکی پەیڕەوکار بووە، بۆیە لە چەند شیعرێك لە دیوانەکەیدا باسی ئەو بێ باوەڕانە دەکات و لەوەسف و باسیاندا وێنەیان بەشێوەیەکی ناشرین و ناڕەوا نیشان دەدات، بۆ نموونە دەڵێت:

**خۆی کردووە بەگەورە و قەڕڕانی موڵکی تەن**
**پشت و وەزیری ئەو سەگە دەججالی ئەعوەرە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤٤٢]

هەروەها دەڵێت:

**بەناوی عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەك حەزرەتی موسا**
**تەریقی: بەحری فیرعەون و، ڕەفیقی ئاتەشی تووره**

[نالی: ١٣٨٩: ٤١٧]

نالی ناوی دەجال و فیرعەون دەهێنێت لەچەند دێرێکی تریش ناوەکانی (سامیری و مەجوسی و هارووت و مارووت) دەهێنێت، دیارە ئەوانەش لەنێو هەموو خەڵکی دا کەسانی بێ باوەڕ و گومڕان، ئینجا بەگەڕانەوەی بۆ ڕابردوو هەروا بۆ کەسایەتییە دیارەکانی قۆناغە جیاجیاکانی ڕابردوو دەقی جۆراوجۆری نۆستالۆژی دروست دەکات و بەرهەم دەهێنێت.

**أ-2-6-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان لەشیعرەکانی سالمدا:**

**أ-2-6-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە نەتەوایەتییەکان لە شیعرەکانی سالمدا:**

گەڕانەوە بۆ کەسایەتیە نەتەوایەتییەکان واتە ئەو کەسانەی لەنەتەوەی شاعیرن و ناوداریەکی تەواویان لە نێو میللەت پەیدا کردووە، زۆربەی

جاریش ئەو کەسایەتیانە لەڕیزی سەرکردە و پاشا و کەسایەتیە نەتەوە پەرستەکانن، سالمیش وەکو خۆی کە شاعیرێکی نەتەوە پەرست بووە درکی بەهەموو ئەو کەسایەتیانەی سەردەمی خۆی سەردەمی ڕابردووی کردووە و لەهەندێك لەشیعرەکانیدا ئاماژەی پێیان کردووە، بۆ نموونە لە قەسیدەیەکدا شانازی بە ئازایەتی و چەلەنگی عەزیز بەگی بابان دەکات ((شاعیر باس لەسەکردەی جەنگەکە عەزیز بەگی بابان دەکا، بەشێری ناودارستان وڵاتی بابانی دادەنێ، لەدواییدا ئاخ و داخی بۆ هەڵدەکێشێ لەبەرئەوەی لەم شەڕەیدا سەرنەکەوت، ئینجا شاعیر دەکەوێتە بزواندنی سۆز بەداهێنانی وێنەی شیعری)) [خەزنەدار: ۲۰۰۳: ۱۵۵] سالم دەڵێت:

**شێری بێشەی مولکی (بابان) بوو "عەزیز"، ئەمما درێغ**
**وەك گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زووهەڵوەشان**
**دیدە نابینایە وەك "یەعقوب" لەهیجرانی "عەزیز"**
**تۆی خودا! صاحێب مەکان و تۆی خودایا! لامەکان**

[سالم: 2015: 548]

## 4-6-2 -نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان لە شیعرەکانی سالمدا:

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەندێ کەسایەتی هەن ناویان لە دەفتەری تۆماری مێژوویدا تۆمارکراوە ئینجا ئەوانیش بریتین لەپاشا و سەرکردە و میرەکان کە ناوبانگیان لەڕێگای سیاسەت و جەنگ و شەڕوشۆڕەوە بێت، یان وەکو کەسایەتیەکی بەرژەوەندیخواز و شێوازە جیاوازەکانەوە بێت، لەشیعرەکانی سالمدا لە دوو سێ دێری ئەو کەسایەتیانە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**ئەی، لەناڵینا، چ گوستاخانە**
**بۆ ئەربابی سەمح**
**بەمثلی ئەیامی گوزەشتەی**
**"کەیقوباد" "کەی"دەکا**

[سالم: ۲۰۱۵: ۱۰۵]

**شـێری بێشـەی مولکی (بابان)**
**بـوو "عەزیـز"، ئەمـا درێـغ**
**وەك گرێی داموسـکی بێ، ئاو قەومەکەی**
**زووهەڵـوەشـان**
**دیدە نابینایە وەك "یەعقوب" لەهیجرانی**
**"عەزیـز"**
**تۆی خودا! صـاحێـب مەکـان و تۆی**
**خـودایـا! لامەکـان**

[سالم: ٢٠١٥: ٥٤٨]

## 2-2-6-2- گەڕانەوە بۆ کەسـایەتیە ئایینیەکان لە شیعرەکانی سالمدا:

### 2-2-6-2-1- گەڕانەوە بۆ کەسـایەتییە باوەڕدارەکان:

سـالم لەشـیعرەکانیدا ناوی چەندین کەسـایەتی جیاواز لەڕووی مێژوویی و ئاینی و نەتەوەییەوە دەبات، هەندێکیان وەکو ئەفسـانە تەنها ناویان هەیە و هەندێکیان بوونەتە کەسـایەتی زیندووی ناو کۆمەڵگا، بەتایبەت کەسـایەتییە ئاینی و مێژووییەکان، کەسـایەتییە باوەڕدارەکان لەشـیعرەکانی سـالم دا جۆراوجۆرن و ڕەگەز و بوونیەی دروستبوونیشیان جیاوازە وەکو فریشتە و پێغەمبەران و کەسایەتی ئاینی و ... هتد.

أ- **فریشـتەکان:** شـاعیران بەگشـتی فریشـتەکانی چاکەی وەکو (جبرائیل، عزرائیل، (قابیض) مەلەکلمەوت...) و فریشـتەکانی خراپە وەکو (ابلیس، شـەیتان، عززایل... هتد) دەکەنە سـەرچاوەی دروسـتبوونی شـیعرەکانیان، سـالمیش بەشـێوەیەکی ڕوون لەچەند دێرێکی دیوانەکەیدا ئاماژە بەناوی فریشـتەکان دەکات چ لەڕێگای ناوهێنانی خۆیان بێت یان لەڕێگای ئەو سـیفاتەیان ئەو ئەرکەی پێی ناسـراون لە دوو توێی دێیکدا بەبیرێکی ورد و واتادار لەگەڵ چەند تەکنیکێکی هونەری و جوانکاری بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**ڕوو هەر لەمن دەپۆشێ،**

**واحــــالّــــيــــيه كه جـــبـــريـــل**
**هەر خاصصه بۆ من و ئەو،**
**ئـــايەی حـــيـــجـــابـــی هـــێـــنـــا!**

[سالم: ٢٠١٥: ١٣٥]

ب- **پێغەمبەران:** پێغەمبەران چەندین کەســـایەتی جیاوازی ئـاینی جیاوازن کە هەریەکەیان بۆ هۆز و نەتەوەیەکی بێ باوەڕ نێردراون، ســالم بەرێژەیەکی یەکجـار زۆر نـاوی پێغەمبەران بە هەموو نـاوەکـانیـان و نازناوەکانیان دەهێنێت، واتە هەریەك لەپێغەمبەران چەند ناوێکیان هەیە و هەر یەکەشـــیان بەســـیفەتێك ناوبانگیان دەرکردووە، بۆ نموونە پێغەمبەر ئەیوب بەســـەبر و ئارامی، حەزرەتی ســـولەیمان بە قســـەکردن لەگەڵ گیانداران، یوســف پێغەمبەر بەجوانی و ڕاســتگۆیی... هتد، پێغەمبەرانیش وەکو هەر کەرســـتەیەکی تری هونەری لەلای ســـالم بەشـــێوەیەکی ورد و کاریگەر بەکارهاتووە، بۆ نموونە ســـالم لەم دێڕەدا بەم شـــێوازە باســـی حەزرەتی عیسا دەکات:

**جێی هیندووی خاڵت کێیە،**
**جـــوز خـــورشـــيـــدی جەمـــالـــت**
**ئەم مەرتەبەیەقـابـيـلە بـۆ**
**حەضـــــــرەتـــــی عـــــیســــــا**

[سالم: ٢٠١٥: ٨٥]

پێغەمبەر عیســـا وەکو کەســـایەتی و هەروەها چیرۆکی لەدایك بوون و لەخاچدانی بووەتە ناوەڕۆکێکی کاریگەر لەشـــیعری کلاســـیکی کوردیدا، بەتایبەت ((لەشـیعری سـالمدا نزیکەی (١٤) جار ناوی حەزرەتی عیســا و وەسف و ئاماژە پێناسراوەکانی هاتوون، وەکو: موعجیزەی عیسـا، مورغی عیســا، ئەنفاســی عیســا، تەرســای عیســەوی، مەسـیح – مەسـیحا، عیســا، روخســاری مەسـیحایی تۆ، مادەری عیســا، عیســای مەریەم، لەبی دولبەر مەسیحایە، عیسا نەفەس، جەلیبیا)) [دەشتی: ٢٠٢١: ١٩١].

ج- **خەلیفەکان:** ئەوانیش چەند کەســـایەتیەکی جیاوازی ســـەردەمی جیاوازی ئایینی ئیســـلامن، کە هەموویان لەژێر چەتری ئاینی ئیســـلامدا ژیاون و باوەڕیان بە ئاینەکە هێناوە، خەلیفەکان جێنشـینی پێغەمبەر (د. خ) بوون و لەســـەر پەیڕەو و بەرنـامەی ئەو ڕۆیشـــتوون، ئەو خەلیفـانەش

لەشیعردا بەگشتی و لەشیعری کلاسیکدا بەتایبەتی کەرستەیەکی گرنگی پێکهاتەی شیعری بوون و شاعیران سودیان لە بەکاربردنیان وەرگرتووە، سالمیش وەکو شاعیرێکی کلاسیکی ناوی چەند خەلیفەیەکی لەشیعرەکانیدا هێناوە:

**ڕەنجشی عوثمانە بۆ**
**تۆ، ڕەنجشی شێری خودا**
**تۆ بەیادی باغی جەننەت!**
**مەنزڵت ناری سەقەر**

[سالم: ٢٠١٥: ٣١٩]

## 2-2-6-2-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە بێ باوەڕەکان:

هەروەکو پێشتر باس لە کەسایەتی بێ باوەڕ و چەندێتی و چۆنیەتیان ڕوونکرایەوە کە هەموو ئەو کەسایەتیانە دەگرێتەوە باوەڕیان بە پایەمە جیاوازەکانی پێغەمبەران نەبووە و بەرپەرچیان داوەتەوە، سالمیش ناوی چەندین کەسایەتی بێ باوەڕی وەکو (ئازەر، هامان، فیرعەون، سامری... هتد) دەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**جەوری**
**یارم وەکو**
**"فیرعەون"ە**
**، ڕەقیب!**
**تۆش لە**
**پەهلوویی**
**ئەوا**
**"هامان"ی!!**

[سالم: ٢٠١٥: ٩١٨]

### 2-2-6-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:

### 2-2-6-3-1 نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە نەتەوایەتییەکان لەشیعرەکانی کوردیدا:

دیوانەکەی مستەفا بەگی کوردی شیعر و چامەکانی بۆ میرنشین و پاشاکانی بابان، بەتایبەتی دوای ڕووخانی میرنشینەکە و لەناوچوون و دوورکەوتنەوەی پاشاکان، دەبینین لەچەند شیعر و دێڕێکدا ناوی چەند کەسایەتی جیاواز دەهێنێت، کە هەموویان ڕۆژێك لەڕۆژان لەخزمەتی نەتەوایەتی خۆیاندا بوون، کوردیش بەپێداگوتن و مەتح و سەنا و ستایش ناویان دەهێنێت، دەڵێت:

**ئەگەر (هیجری) دەپرسن مەزهەب و پیری طەریقی من**
**(عەلی) مەولامە (قادر) پیرمە (مەحمود)ە سوڵتانمە**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٢٥]

دەبینین کوردی جگەلە چەند کەسایەتیەکی ئاینی و مەزهەبی ناوی مەحمود پاشای بابان دەبات و بەگەورە و سوڵتانی خۆی دادەنێت، مەحمود پاشا کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان بووە کە ڕێز و حورمەتێکی زۆری لەلای کوردی هەبووە.

### 2-2-6-3-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتیە مێژوویەکان لە شیعرەکانی کوردیدا:

کەسایەتی سیاسی یەکێکە لەو کەسایەتییە دیار و مێژووییانەی کە لە ناو خەڵکیدا ناو و ناوبانگی دیاریان هەیە، ئینجا مەرج نییە ئەو کەسایەتیانە کورد بووبن، بەڵکو هەندێ جار لەڕەگەزی نەتەوەکانی تردا بوون بەڵام ناوبانگیان بەجیهاندا بڵاوبووەتەوە کوردی بەهەمان شێوە ناوی چەند کەسایەتیەك دەبات کە یەکێك لەوانە "بەهرام"ە ((بەهرام: بەم ناوە شەش پاشای کۆنی ئێرانی هەبووە، یەکێکیان سەر فەرماندەیەکی سپایی ئازا بووە دوای لەفەرمانڕەواییەکەی هەڵگەڕاوەتەوە و پاشتر کوژراوە)) [کوردی: ٢٠١٠: ١٥٠] کوردی بەم شێوەیە ناوی بەهرام دەبات:

**تۆی نەوەی بەهرامی شێر ئەفگەن کەوا**
**لائیقی تاج و نگین و ئەفسەری**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٥٨]

بەم شێوەیە دەبینین کوردی بە خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و بۆ لای چەند کەسایەتیەکی ناوداری جیاواز کە جۆرێك لەجوانکاری و وردەکاری ناوازە بەدەقەکە دەبەخشێت، ئەمە جگەلەوەی ئەو دەقە بەتەواوی دەکەن بەدەقێکی نۆستالۆژی و کوردیش بە نۆستالۆژ.

**2-2-6-3-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ کەسایتیە ئایینیەکان لە شیعرەکانی کوردیدا:**

**2-2-6-3-1-1- گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە باوەڕدارەکان:**

مستەفا بەگی کوردی بەو پێیەی سەر بەئاینی ئیسلام و یەکێ بوو لەپەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە، لەبەرئەوە باوەڕی بەهەموو نێردراو و فریشتە و کەسایەتییە جیاوازەکانی ئاینی هەبوو، بەشێك لەو کەسایەتیانەشی بەشێوازی ڕاستەوخۆ واتە لەڕێگای ناوهێنانی کەسایەتییەکە و بەشێوازی ناڕاستەوخۆ واتە سیفەت یان ئەرکی یان چیرۆك و بەسەرهاتی کەسایەتیەکە بەبێ ناوهێنان ئاماژە پێ کردووە، بۆ دیاریکردنی ئەو کەسایەتیانەی کە کوردی لەشیعرەکانیدا ئاوێتەی کردوون پێویست دەکات بەم شێوەی خوارەوە پۆلین بکرێت:

أ- **فریشتەکان:** کوردی شارەزا و خواپەرستێکی یەکتاپەرست بەهۆکاری ئەوەی زمانزانێکی زۆرباشی عەرەبی بووە و شارەزاییەکی باشی قورئان و فەرموودەکان بووە، زۆر بەوردی باسی فریشتەکان دەکات کە هەریەکەیان بەپێی ئەرك و بەرپرسیارەتیان لەنێو دێرە شیعرەکەدا دادەنێت و لەگەڵ سیاقی دێڕەکەدا دەیگونجێنێت، ئەو فریشتانەی کە کوردی ناوی بردوون لەشیعرەکانی پێك دێن لە (جبرائل، ئیسرافیل، پەری مەلەکلمەوت، عزرائیل)، بۆ نموونە لەودێرەدا باسی ئەرك و پەیامی فریشتەی پەیامهێنەر "جبرائیل" دەکات:

**تینووی نەزعی**
**فیراق و یادی**
**جوللابی لەبت**
**جبرەئیل یارم بێ، یاز**
**ئیشکا لەڕۆح**
**دەربردنم**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۳۳۵]

ب- **پێغەمبەران:** پێغەمبەران چەندین کەسایەتی جیاوازی ئاینی جیاوازن کە هەریەکەیان بۆ هۆز و نەتەوەیەکی بێ باوەڕ نێردراون، مستەفا بەگی کوردیش لەدیوانەکەی خۆیدا بەچەندین شێوازی جیاواز ناوی پێغەمبەرانی هێناوە و باسی کردوون، هەندێك جار ناوی ڕاستەقینەیانی بردووە و هەندێك جاریش ئەو نازناوە یان ئەو ڕێگایەی پێی ناسراوان دەبات کە ڕاستەوخۆ ئەو شك و گومانە لەلای خوێنەر دەڕوێتەوە، کە تێکەڵ بووە لە هەست و هۆشیدا، لەبەرئەوە کوردی داهێنەر و بەتوانا لە چۆنیەتی دارشتنی وشە بە وشەی دێڕەکان بەپێی واتاکای ئەفرێنەر بووە هەروەها ڕێزکردنی کەسایەتییە ئاسمانییەکانیش بەپێی ئەو زانیارییەی خۆی بووە لە ئاینی ئیسلامدا، ئینجا ئەو پێغەمبەرانەی کوردی لەشیعرەکانیدا باسی کردوون زۆرن کە بەشێکیان ئەوانەن (ئیبراهیم، یەعقوب، یوسف، اسماعیل، عیسا، موسا، محەمەد (د. خ)... هتد)، کوردی لەم دێرەدا دەڵێت:

**دەڕۆی قوربان،**
**ڕەفیقی ڕات خودا بێ**
**ئەنسیت، ڕەهبەرت،**
**شای ئانبیابێ**

[کوردی: ۲۰۱۰: ۹۹]

ج- **خەلیفەکان:** ئەوانیش چەند کەسایەتییەکی جیاوازی سەردەمی جیاوازن، کە هەموویان لەژێر چەتری ئاینی ئیسلامدا ژیاون و باوەڕیان بە ئاینەکە هێناوە، خەلیفەکان جێنشینی پێغەمبەر (د. خ) بوون و لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامی ئەو دەڕۆیشتن، ئەو خەلیفانەش لە شیعردا بەگشتی و لەشیعری کلاسیکدا بەتایبەتی کەرستەیەکی گرنگی پێکهاتەی شیعری بوون و شاعیران سوودیان لەبەکاربردیان وەرگرتووە، کوردیش وەکو شاعیرێکی کلاسیکی ناوی چەند خەلیفەیەکی لەشیعرەکانی هێناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

**نیم نیگای دولبەری من،**
**دڵ دەڕفێنێ، بە عەلی**
**نوکی پەیکان موژەی،**
**خوێن دەتکێنێ، بەعەلی**

[کوردی: ٢٠١٠: ٢٠٢]

د- **هاوەڵان:** هاوەڵانی پێغەمبەر ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) ژیاون و باوەڕیان بە پەیامەکەی هێناوە، هەندێك لەزانایانی ئاینی ئیسلام دەڵێن ئەوەی تەنها یەك جار پێغەمبەر (د. خ)ی بینیبێت بەهاوەڵان دادەنرێت، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت کە ژمارەی هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) زۆر زۆرە و ڕەنگە ناوەکانیشیان زۆر دیار و بەناوبانگ نەبێت. مستەفا بەگی کوردی لەچەند دێڕێک ناوی هاوەڵانی وەکو (زەیدی کوڕی حارث، عەمری کوڕی عاص، بلال حەبەشی...) دەهێنێت دەیانکاتە کەرستەی هۆنینەوەی شیعرەکەی، بۆ نموونە لەو شیعرە فارسیەدا دەڵێت:

**در رکاب**
**مـــحمدی خـــود**
**را**
**هندو ئی چون**
**بلال می بینم**

[ کوردی: ٢٠١٠: ٥٢٨]

یان لەدێرێکی تردا دەڵێت:

**زەید و عەمری، بۆ نییە (ســەر) گەر، لەڕێی حەق دەرنەچـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــێ**
**ئەم وەجـاخی کۆنە وا بێهودە ئیختمـادی مەکە**

[کـــوردی: ٢٠١٠: ١٥]

## 2-2-6-3-1-2- نۆســـتـالـۆژیـای گەڕانەوە بۆکەسایەتییە بێ باوەڕەکان:

مستەفا بەگی کوردی وەکو هەردوو شاعیرەکەی ترلەشیعرەکانیدا ناوی چەند کەســـــایەتییەك دەهێنێت کە بەردەوام دژایەتی بیروبـاوەڕی ئـاینیـان کردووە، یانیش لەســــەردەمی نێردراوانی خودا بەرەنگاریان دەبوونەوە و خەڵکیان لێ هاندەدان، دیارە هەر نێردراوێکیش کەسێك هەبووە یان پاشـای وڵات بووە یان خۆی بەخوا زانیوە، بۆ نموونە (فیرعەون، هامان، سامری، ئازەر،... هتد) کوردی دەڵێت:

**بۆ فریبی عاشـقان و، جەزبی**

**دڵ، وا ماهیری**
**ڕەنگە شاگردیت بکەن،**
**میهتەر: (نەسیم) و (سامیری)**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٥٢]

کوردی قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات کە چۆن دەتوانێت عاشقان بەم شێوازە کاریگەرە بۆخۆی ڕابکێشێت، دەڵێت (نەسیم، سامیری) هێشتا ناگەن بە تۆ لەزیرەکی و فێڵبازی، مەبەستی لەم دوو کەسایەتیە ئەوەیە کە هەردووکیان زیرەك و شارەزابوون سامیری جادووکەری سەردەمی موسا پێغەمبەر (د. خ) کە خەڵکی لەموسا هانداو بەقسەی لوس و زمانپاراوی خۆی خەڵکی باوەڕیان پێ دەکرد، هەروەها نەسیمیش کەسایەتییەکی دیاری سەردەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بووە لەناو خەڵکیدا بەقسە خۆشی و زیرەکی بەناوبانگ بووە.

## 2-2-6-2-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان :-

هەروەکو ئاشکرایە شاعیرانی کورد پەیڕەوکاری ڕێبازی ئیسلامن و لەسەر ئەو ئاینە ڕۆیشتوون کە میراتی باب و باپیرانیانە، لەبەرئەوەش بووەتە نەریتێکی خودی کە لە هەر دیوانێکدا یان کۆمەڵە شیعرێکیدا چەند پارچە و دێرێك تایبەت دەکەن بەو بابەتەوە ((بۆیە پەیوەندییەکی پتەوی لێکنەپچڕاو لە نێوان شیعری کوردی و عەقیدەادا هەبووە. لەهیچ کاتێکیشدا بەرهەمەکانی شاعیران لەکۆنەوە هەتا ئێستا بێ بیر و عەقیدە نەبووە ....واتە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان شیعر و بیروباوەڕدا هەیە))[کەریم:٢٠٠٥:١٢٢].

## 2-2-6-2-3-1- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان لە شیعرەکانی نالیدا :-

### 2-2-6-2-3-1-1-گەڕانەوە بۆ کتێبە ئاینییەکان:

ئاشکرایە لە چەند قۆناغێکی پەیامداری و لەسەردەمی هەر پەیامبەرێك خوای گەورە کتێبێکی ئاسمانی تەرخان کردووە بۆ ئەو میللەت و نەتەوەیەی پەیامبەرەکەی بۆ ناردووە، بۆ نموونە قورئانی پیرۆزی بۆ ئومەتی محەمەد (د. خ) وئینجیل بۆ حەزرەتی عیسا و تەوراتیش بۆ موسا و قەومەکەی،

دیارە نالیش شـــارەزا و ئاگادار بەمێژوو و پەیڕەو و بەرنامەی ڕێبازی ئیسلامی وەکو کەسایەتیەکی ئایینی و دەرچووی حوجرە و مزگەوت درکی بە هەموو بنەما ئاینی و مێژوو و کتێبەکانی کردووە، چونکە لەچەندین شـــوێنی دیوانەکەی بە ئاشـــکرا و هەروا لەژێر ئاماژە ڕەمزی و شاراوەییەکاندا ناوی کتێبەکان دەهێنێ و بەلای روونکردنەوەیەکی بچووکدا دەچێت،لەگەڵئەوەش ((نالی دەیان وشـــەی قورئانی کوردانداوە بەجۆرێك فەرهەنگی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە)) [ناوخۆش: ٢٠٢٠: ٤٧]، بۆ نموونە دەڵێت:

**بــۆ قــوربانی عولوومی ئەوەلین و ئاخیریت بم**
**لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلتافی رەحمانە**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٢٣]

دیارە نالی گەیشتووە بەوەی کە زانستی قورئان ئەوەندە قوڵ و چڕ و پڕ نهێنی و شـاراوەیە، لەگەڵیشــی دان بەوەدا دەنێت کە هەموو وشــە و دێڕ و ئایەتێکی ئەم قوڕئانە لوتف و ڕەحم و ســـۆزی ڕەحمانە، نالی لەم دێڕەدا و لەباسی قوڕئانی پیرۆزدا بەتەواوی خۆی دەخاتە ژێر چەتری نۆستالۆژیا و بۆ ســـەردەمێك کە بەر لە هەزار و چەند ســـەدەییێك ئەو کتێبەی بۆ هاتۆتە خوارێ.

### 2-2-6-2-3-1-2-گەڕانەوە بـــۆ مەزهەبە (تەریقەت)ە جیاوازەکان:

خواپەرست و عاریفی لە دوو توێی ئاینێکی گەورە و فراوانەوە دروست دەبێت، لەبەرئەوەی خوای گەورە بۆ هەر ئاینێك و قۆناغێکی ئاینی پێغەمبەرێکی ناردووە و پێشـــکەشـــی مرۆڤایەتی کردووە ، ئینجا لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیســـلام محەمەد (د. خ) و دوای خەلیفەکانی چەندین مەزهەب و تەریقەت دروست بووون، کە هەر یەکەیان بەشێوازێك حوکم لەســـەر یەکتاپەرســتی و رێگاکانی دەدەن، شـــایەنی باسکردنە ئەم مەزهەب و تەریقەتانەش بوونەتە بەشێك لە ژیان و بەرهەم و ئەدەبی شاعیر و نووسەران و لەدەقەکانیاندا کەم تا زۆر بۆ ناوەڕۆك و بنەماکانیان چوون، نالی لەچەندین دێڕی شـیعریدا باسی تەریقەتەکان دەکات جا یان لەڕێگەی ناو هێنانی تەریقەتەکە بێت یان پەیڕەو و پرۆگرامی تەریقەتەکەوە بێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ**

**جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ**

[نالی: ١٣٨٩: ٥٠٥]

مەبەستی نالی شێتی مەجنون بۆ لەیلا و خۆشەویستی و مەیلی عاریف بۆ خوای گەورە هۆکاری ژیری و زانا و دانایی ئەوانە نەك لەشێتی و نەزانی ئەوان، نالی بەگەڕانەوەی بۆ تەریقەتی نەقشـــبەندی دێڕێکی نۆســـتالۆژی دروســت کردووە، کە دەتوانێت ببێتە بەڵگەیەك بۆ بوونی ئەو حەســرەت و حەزەی کە لەپێشـــتر و لەســـەردەمی گەنجێتی لە حوجرە و مزگەوتـدا بەشـــێوەیەك لە شـــێوەکان بەلای ئەم تەریقەتەوە تێپەڕ بووە و ئاگاداری بارودۆخ و یاسا و رێساکانی تەریقەتەکە بووە، بۆنموونە دەڵێت:

**عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و ئـــــیـــــفـــــکـــــی حەســـــــودان**
**دونیایە، سەگ بوەڕێ، شیعە بـــــکـــــا ســـــــەب**

[نالی: ١٣٨٩: ١٣١]

**2-2-6-2-3-1-3- گەڕانەوە بـــۆ شـــــــوێـــنـە پیرۆزەکان:**

لەئاینی ئیســـلام و ئاینەکانی تریشـــدا، هەندێ شـــوێن هەن تایبەتن بۆ ئەم ئـاینە، واتە شـــــوێنێکی بەرز و پیرۆزن لەلای پەیڕەوکەرانی ئـاینەکە، کە زۆربەی جار شـــوێنەکە پەیوەســـت دەکەن بە کەســـایەتی یان پێغەمبەر و نێردراوێکی خواییەوە، بۆ نموونە لەئاینی ئیسـلام شـاری مەککە و شـاری مەدینە یان کێوی توور یان مزگەوتی ئەقسـا لە فەلەسـتین یان مزگەوتەکان بەگشـــتی پیرۆزیەتی دەگـاتە پلەیەکی بەرز((لەم جۆرە نۆســـتالۆژیـایەدا شـــاعیران لە ڕێگەی چامە ئاینییەکانەوە گوزارشـــت لە لە شـــوێن و جێگا پیرۆزەکان دەکەن ))[غمیضـی::٢٠١٥:٥٤]، شـاعریش لەشـیعرەکانیدا ئەم شـــوێنانەی کردووەتە ســـەرچاوەیەک بۆ داهێنان بەتایبەتیش شـــاعیرانی ســـۆفیگەری و ئەوانەی ڕۆحی زاهیدی و عاریفانە لە جەســـتەیاندا پەلی کێشـــاوە، نالیش بەحوکمی ئەوەی حەجی کردووە و ســـەردانی مەککە و مەدینەی کردووە قەسـیدەیەکی لەسـەر شـوێن و ناوچەکە و مەککە و مەدینە نووسیوە، بۆ نموونە دەڵێت:

**بەقییەی عومری زایع گەر**

**موورادت بێ تەدارەك بێ**
**حەیاتی مەککەت و مەوتی**
**مەدینەت جەبری نوقسـانـە**
**چ مەککە؟ دار و بەردی**
**قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە**
**چ تەبیبە؟ ماء و خاکی مائیدەی**
**ئەنواری ئیمانە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤٩٢]

## 2-2-6-2-3-1-4-گەڕانەوە بۆ مەراسـیم و داب و نەریتە ئاینییەکان:

مەراسـیم و داب و نەریتە باوەکان هەموو ئەو کردەوە و خووانەن کە لە پێشتر ئەنجام دراون و لەسەری بەردەوام بوون، پێ بە پێ هەتاکو نەوەکانی ئێستاش دووبارەی دەکەنەوە، بێ گومان ئاینی ئیسـلام کۆمەڵێك مەراسیمی هەیە کە زۆربەی جار تاك ناچار دەکات کە پەیڕەوی بکات و پابەندی بێت، بۆ نموونە حەجکردن یان جەژن و داب و نەریتەکانی جەژنەکان یان شەوی قەدر و هەندێ داب و نەریتی هاوسەرگیری و لەدایك بوون و چەندین شتی تر، کە پەیوەسـتە بەخودی ئاینەکەوە، بۆ ئەمەش شـاعیران سـوودیان لە بنەمای ئەم داب و نەریتانە وەرگرتووە و بەچەند وشـە و دەسـتەواژەیەك ئاوێتەی شیعرەکانیان کردووە، نالی دەڵێت:

**جێ بـازی مەقدەمی شەوی**
**قەدر و مەعاریفـی**
**سەربانی عەرش و کورسی و**
**جوبریلی شەهپەڕە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤٣٤]

شەوی قەدر ئەو شەوەی کە لە مانگی رەمەزاندا قورئانی تێدا دابەزیوە و بەرزڕاگرتن و مانەوەی ئەو شـەوە لەلایەن هەر تاکێکی ئیسـلامی بووەتە عادەتێکی هەمیشـەیی، یان شەوی میعراج ئەو شەوەی کە پێغەمبەر (د. خ) لەزەوییەوە بەرز کرایەوە بۆ ئاسـمان زۆربەی مسـوڵمانان لەو رۆژ و شـەوەدا شیرینی و نوقڵ و خواردن دەبەخشنە دەر و دراوسێ و خەڵکی،

ئەمەشیان بووەتە نەریتێك كە تاكو ئێستاش لەسەری دەڕۆن و بەردەوامن، نالیش ئەو نەریتانەی خستۆتە دوو توێی دەقەكانیەوە و دووبارە زیندووی كردۆتەوە، بەم كارەشی دەقێكی نۆستالۆژیای دروست كردووە، ئەوكاتەی دەڵێت:

**ڕوومەتت شەوی**
**قەدرە، دڵم پەروانەیە**
**نەمری مینای ڕۆژی**
**عیدە، ڕۆحەكەم**
**قوربانیە**

نالی: ١٣٨٩:

[٥٩٥

**2-2-6-2-3-1-5- گەڕانەوە بۆ دەق یان ئایەتە قورئانییەكان:**

نالی ئایەت و دەقە ئاینییەكان لەشیعرەكانی خۆیدا بەكارهێناوە، ئنجا لەڕێگەی وەرگرتنی ئایەتەكە بێت دەقا و دەق یانیش وەرگرتنی مەبەست و تەفسیری ئایەتەكە بێت، واتە بە هەردوو شێواز ئەم كارەی ئەنجام داوە، بۆ نموونە لەو دێرەدا دەڵێت:

**بەم كاسە لەسەر پەنجە**
**دەڵێن: نوری علی نوور**
**ڕەخشانە لەمیشكانی قەدەمدا**
**وەكو میسباح**

[نالی: ١٣٨٩: ١٧٠]

نالی دەقاو دەق گەڕاوەتەوە بۆ سورەتی "النور" و ئایەتی (٣٥) لەسەرەتای ئایەتەكە تا دەگاتە "نور علی نور" و ئەم دەستەواژەی كردۆتە بنچینەی مەبەستی شیعری كە دڵدارییە، واتە نالی بەسود وەرگرتنی لە ئایەتە قورئانییەكان كە سەردەمی دابەزینی دەگەڕێتەوە بەچەندین ساڵ، هەروەها فێربوون و خوێندنی نالیش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵی ڕابردوو و پێش دانانی ئەو شیعرە، بەمەش توانیویەتی دێرێكی نۆستالۆژی بەرهەم بهێنێت. هەروەها دەڵێت:

**هەرچی مەحبوبەم دەبینێ وا تەحەییور و دەیگرێ**
**سوێن دەخوا بەخوا دەڵێ: "بالله ماهذا بشر"**

[نالی: ١٣٨٩: ٢١٣]

### 2-2-6-2-3-1-6-گەڕانەوە بۆ چیرۆکە قورئانییەکان:

قورئانی پیرۆز جگەلەوەی هەندێك ئایەتی دەچێتە خانەی ئامۆژگاری و ڕێنمونی کردنەوە، هەندێکی هەڕەشە ئامێز و هەندێکیش مژدە بەخشە، بەڵام زۆربەی سورەتەکان بەگشتی چیرۆکێکیان لەپشتەوەیە کە بۆ مرۆڤایەتی دەبنە پەند و عیبرەت، بۆ ئەم بابەتەش بەهەمان شێوەی ئەوانی تر نالی چیرۆکە قورئانییەکان دەکاتە بناغەی دروستبوونی چەند دێڕە شیعرێکی، یان بەواتایەکی تر چیرۆکە قورئانیەکان بە ئاماژەیەك یان بە وشەیەك دەداتە بەر گوێی خوێنەر و خوێنەری لێ ئاگادار دەکاتەوە، بۆ نموونە لێرەدا دەڵێت:

**(کهف الانام)ی هیجرەت ئەسحابی روقوود!**
**بیکەیە خاکی خادیمی قیتمیری ئەو دەرە**

[نالی: ١٣٨٩: ٤٣٢]

هەر لەگەڵ خوێندنەوەی "کهف الانـام" خوێنەر زەینی بۆ لای چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت دەچێت، کە لە سورەتی کەهف خوای گەورە بە وردی باس لە چیرۆکەکە و کەسایەتییەکان دەکات، کە سێ سەدە زیاتر لە ئەشکەوتێکدا خەویان لێ کەوتبوو، ئینجا زۆربەی جار تەنها بە ناوێك یان ئاماژەیەک تەواوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی ورد و درشتی چیرۆکەکە بەزەین و بیری خوێنەردا چەسپاوە و جێگیر بووە، بەم کارەی دەکرێت بڵێین نالی دەستی بۆ زۆربەی چیرۆکە قورئانییەکان درێژ کردووە، هەر لە چیرۆکی عەشقی زولەیخا بۆ یوسف و چیرۆکی ئیبراهیم و باوکی و ئادەم و حەوا چیرۆکی عیسا و مەریەمی دایکی... هتد.

### 2-2-6-2-3-1-7-گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ):

نالی بەهەمان شێوەی ئایەت و چیرۆکە قورئانیەکان پرژاوەتە سەر

فەرموودەکـانی پێغەمبەر (د. خ)، واتە لەچەنـد دێڕێکیـدا دەقـا و دەق لە ڕێگەی دەقئاوایزانی خودی فەرموودەکە وەردەگرێت و ئاوێزانی دێڕەکەی دەکات، بەمەش شـــارەزایی و لێهاتووی خۆی دەربارەی بەســـەرهات و رووداوەکـانی ژیـانی پێغەمبەر (د. خ) دەســـەلمێنێ، کە ئەوەش جۆرێکە لەگەڕانەوەی شاعیر بۆ سەردەمی ڕابردوو و ئەو سەردەمە و ئەو شوێنەی ئەو زاتەی لێوە فێربووە، کە ئەوەش دەبێتە جۆرێکی نۆســـتالۆژی، نـالی دەڵێت:

**هەرچەندە کە عومری خزرو جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو**

[نالی: ١٣٨٩: ٣٧٨]

مەبەسـتی نالی بۆ هەموو کەسێکە کە ئەوەی لەژیانی خۆیدا هیواو ئاواتی زۆرە ئەگەر تەمەنیشـی زۆر بێت لەئاسـت هیواکانی دا کورتە، بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ): ((ئەم بەیتە ئیشارەتە بە حەدیسێکی پێغەمبەر کە ئەفەرموێت: "یشیب ابن ادم ویشب فیه خصلتان: الحرمی و طول الامل)) واتە: بنیـادەم پیر ئەبێ، بەڵام هەنگـاو بەهەنگـاو لەگەڵ پیربوونەکەیدا دوو خەســـڵەتی تیا گەنج ئەبێتەوە: تەمـاع و هیوای دوور و درێـژ)) [نـالی: ١٣٨٩: ٣٧٨]، کەواتە لەدوای بەدوا داچوونـمـان بەســـەرتاپای دیوانەکەی نالی ســـەبارەت بە گەڕانەوە بۆ ئاین و مەزهەبە جیـاوازەکـان چەنـدین شـــیعرو چـامەی هەیە کەدەکەونە نـاو ئەو خـانە نۆستالۆژیەوە.

## 2-2-6-2-3-2- نۆســـتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ ئایینە جیاوازەکان لەشیعرەکانی سالمدا:

### 2-2-6-2-3-2-1- گەڕانەوە بۆ کتێبە ئاینییەکان:

گەڕانەوە بۆ کتێبە ئاینییەکان لەلای ســـالم هەندێك جار بەشـــێوازێکی راســـتەوخۆ ناویان دەبات و هەندێك جاریش بەهێما و ئاماژە کردن، زۆر جاریش ناوی قورئان بە (مەصـحەف) هاتووە لەشـیعرەکانیدا، بەکارهێنانی ئەو کتێبە ئاینیانەش بەمەبەستی پاك و ڕەوانی دەق و ئایەتەکانیەتی کە وەکو ســەرچاوەیەکی زانسـتی لە ڕووی ڕەوانبێژی و جوانکارییەوە سـوودی لێ وەرگرتووە سالم لە وەسف و پیاهەڵدانی یارەکەی و بەتایبەتیش خالی ڕووی

ســـــوێند به چەند ئاین و کتێبی ئاین و ئایەتی کتێبەکان دەخوات، ئەمەش بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوە و جەخت کردنە لەسەر قسەکانی کە دەیکات و بۆ ئەوەی یارەکەی ڕازی بکات و قەناعەتی پێ بهێنێت، لەپاشـــانیش دەڵێت ســـوێند به گەورە و ڕابەری نەقشـــبەندیەکان ڕووخســـــاری جوان و ڕازاوەت وەکو نەخش و نیگار وان لەجوانیدا، هەموو ئەو بەکارهێنانە جیاوازانەی ســــالم دەبنە بەڵگەی گەڕانەوە بۆ کتێب و ئاینە جیاوازەکان بەڕێگای جیایجا بۆ نموونە:

**تاقــــــە خاڵی ڕووت بەتجــــریدی مەسیح**
**ســــاحـــــرە چـــــاوت بـــــە اعجازی کلیـــــم**
**نەقشە ڕووت بۆ دڵ بــــــەشاهـــــی نەقشبەنـــد**
**یـــــــاری دێـــــرینە بە قـــــــورئـــــانی قدیـــم**

[

سالم: ١٩٧٢: ٨٧]

## 2-2-6-2-3-2-2-گەڕانەوە بـــــۆ مەزهەب (تەریقەت)ە جیاوازەکان:

هەردوو مەزهەبی (شـیعە سـوننە) لەشـیعرەکانی سـالمدا بەکارهاتوون و ســــــالم پەی بە پرۆگرامی ڕێبــازەکــانیــان بردووە ئینجــا کردوویەتی بەســــەرچـاوەی داهێنـان بۆ شـــیعرەکەی، جگە لەتەریقەتە جیـاوازەکـان (نەقشـبەندی، قادری....) هەموو ئەوانە سـالم زۆر زانا و شـارەزا لەڕووی بنەما ئاینییەکانی ئەو مەزهەبانە و کەسـایەتیەکانیشـیان لەنێو دەقی شـیعریدا ڕێکدەخات، وەکو ئەوەی خۆی یەکێك بووبێت لەپەیڕەو کەرانی مەزهەبەکە و لەژێر ڕێنمایی پیر و گەورەکانیان گوزەر بکات، لەبەرئەوە دەڵێت:

**بەعلی سوێندت ئەدەم شیعەی ئەگەر رەحمت بێ**
**خۆ ئەگەر سونی ئــــەی شۆخـــی زەمانە بەعمر**

[ سالم:

١٩٧٢: ٧]

سـالم ئاگادارە کە شـیعە مەزهەب ئیمامی عەلی (ڕ. خ) بەگەورە و پیرۆز دادەنرێت لەلایان و مەزهەبەکەیان بە پەیڕەوی ڕێبازەکەی عەلی بەناوبانگە، هەروەها ئیمامی عومەر (ڕ. خ) لەلای ســـونەکانیش هاوشـــێوەی عەلییە و لەلای ئەوان لە پلە و پـایەکی بەرزی ئـاینییـدایە وە چەنـدین فەرمودە و چیرۆکی ئاینی تەرخان کراوە بۆ ئەو کەسـایەتییە، لەبەرئەوە سـالم بۆ هەر

مەزهەبێـك رابەرەكەی خۆی دەكـاتە پێوەری سـوێنـد خواردنەكە و بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ناویان دەهێنێت.

**2-2-6-2-3-2-3-گەڕانەوە بـۆ شـوێـنە پیرۆزەكان:**

ئەو شـوێنە پیرۆزانەی كە سـالم ناوی هێناون لەشـیعرەكانیدا بریتین لە (مەككە، مەدینە، كێوی طور، مزگەوت... هتد) كە هەموو ئەو شـوێنانە مۆركێكی ئـاینی و پیرۆزیـان پێوەدیـارە و هەڵگری كۆمەڵێـك چیرۆك و سـەربردەی ئایینین، لەبەرئەوەشـە لەلای مسـولمانان لەپلەیەكی بەرزی پیرۆزیدان و لەڕوانگەیەكی بەرزەوە سـەیری دەكرێن، سـالم لەدیمەنی چیرۆكی موسا و كێوی توور و دەركەوتنی نووری خوای گەورە و سوتانی كێوەكە وێنەیەكـی هونەری لەسـەر بنەمـای لێكچوانـدن و ڕووی لێكچوونەكەشـی كە سـوتان و ئاگر تێبەربوونیەتی هاوشـێوەی كێوەكە لەئەنجـامی بەدەركەوتنی یـارەكەی دروسـتكردووە، كە هەموو وێنەكـان لەسـیاقی چەند وشـەیەك و دەسـتەواژەیەكن بەڵام دیووی پشـتەوەی دێڕەكە نیشاندانی چەند وێنەیەكی هونەری و ئیستاتیكی بەرزە، سالم دەڵێت:

**لەوەلا هەر كە یارم دی، شەوی تار**

**بەڵەد بووم داستانی موسە و طوور**

[سالم:

٢٠١٥: ٣١٢]

**2-2-6-2-3-2-4-گەڕانەوە بۆ مەراسـیم و داب و نەریتە ئاینییەكان:**

گەڕانەوە بۆ مەراسیم و بۆنە ئاینییەكان لەشیعرەكانی سالمدا بەڕێژەیەكی یەكجـار زۆر بەدی دەكرێـت، كە هەر مەراسـیمێـك لەگەڵ دیـدار و بەیەگەیشتنی یارەكەی دەگونجێنێت و دیمەنێكی خەیاڵی و سیحر ئامێزی لێ دروسـت دەكات، ئەو مەراسـیمانەی سـالم بۆ داهێنانی شـیعر سـوودی لێ وەردەگرێـت بریتین لە (جەژن، میعراج، شـەوی قەدر، قوربـانـی، حەجكردن...) كە بەكارهێنانی هەریەكەیان دەكاتە كۆڵەگەی دێڕە شـیعرەكە و ناوەڕۆكی شیعرەكەی پێ دەوڵەمەندتر دەكات، بۆ نموونە دەڵێت:

**ویصالت**

**پـایەیـی**

**مـیـعراجە**

**بـــۆ مـــن**
**لەڕووتــــا**
**گەر لەبــم**
**شــــــەق**
**القەمەرکـا**

[ســــالــم:
١٩٧٢: ٣٠]

ســـالم دەڵێت بەماچکردنی ڕوومەتت بە لێوم و دوولەت بوونی ڕوومەتت بەهۆکـاری ئەو مـاچەوە دەکەمە موعجیزەی دووکەرت بوونـی قەمەر (مـانـگ) و بەو هۆیەوە دەگەم بەپلە و پـایەی میعراج، ئەو شــــەوەی کە پێغەمبەر (د. خ) هەتاکو ئاسمانی حەوتەم بەرزکرایەوە و هەردوو دوونیای وەکو دیمەنێکی شـانۆیی بۆ پەخشـکرا کە میعراجە و لەئێسـتادا مسـوڵمانان لەپیرۆزی ئەو ڕۆژە و ئەو پێغەمبەرە بۆ یـادی ئەو رۆژە دەکەنەوە، بە بەخشـینی خواردن و شـیرینی و بەڕۆژووبوون، سـالمیش وەکو مسـوڵمانێك ئەو بۆنەیەی کردووە بەکەرستەی شیعری و شیعرەکەی پێ داهێناوە.

**2-2-6-2-3-2-5-گەڕانەوە بـۆ دەق و ئـایەتە قورئانییەکان:**

شـاعیرانی کلاسـیك بەگشـتی دەق و ئایەتە قورئانییەکان وەکو وێنەیەکی هونەری تەوزیفی شیعرەکانیان کردووە، زیاتر لەسەر بنەمای خوازە و خواسـتن ئـایەتەکـان وەردەگرن و ئـاوێزانی دەقەکەی دەکەن، سـالمیش بەهەمـان شــێوە ســودی لە چەنـد ئـایەتێکی قورئـان وەرگرتووە و وێنە هونەریەکانی لەســەر بنەمای وێنە هونەرییەکانی قورئان داناوە، بۆ ئەمەش بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بەرەو ئەم ئاراســتەیە هەنگاوی ناوە ((دیارە لەحاڵەتی وادا بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئەو وێنانە وەرگیراون بەتایبەتیش لەناو شیعری پێشوو بەشێوەی ڕاستەوخۆش گەلێ وێنەی هونەری قورئان وەرگیراون یـاخود ئیحـایەکی لەچیرۆکەکـانی نـاو قورئـانەوە وەرگرتووە)) [گەردی: ٢٠٠٤: ٣٤٨]، ســالم نەهـاتووە دەقـاودەق ئـایەتێك وەربگرێت و ئاوێزانی دەقەکەی بکات و خودی ئایەتەکە بخاتە بەردەستی خوێنەر، بەڵکو لەڕێگای بەکارهێنانی چیرۆکە قورئانییەکانی (یارانی ئەشـکەوت، خدری زیندە) چیرۆکی پێغەمبەران (ئادەم و حەوا، یوسـف، ئیبراهیم، ئیسـماعیل، ... هتد) و نەیارەکانیان وەك (فیرعەون، ئازەر، سامیری، ابو لهب،... هتد)

وکەســــایەتیە جیاوازەکانی وەکو (ذالقرنین، بلقیس...) بەدەروازەکەدا تێپەڕ بووە، یان هەندێك دەســــتەواژەی ئاینی کە بووەتە پێناســــە یان نازناوی کەسـایەتییەکە لە قورئاندا وەرگرتووە و کردوویەتی بەوێنەیەکی هونەری و دەقەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە، بۆ نموونە لەم دێرەدا دەســتەواژەی (ثعبان مبین) کە دەســتەواژەیەکی ئاماژەپێکراوە بۆ حەزرەتی موســا لەســورەتی (الاعراف) و ئایەتی (١٠٧) دەڵێت:

**زەمزەمەی عیشـقە لەناو**
**میصــری وجوودم هەمەجا**
**ئــــاتەش ئەفــــشـــانە**
**هەناســــەم وەکــــــو**
**(ثوعبانی کەلیم)**

[سالم: ٢٠١٥: ٤٩١]

## 2-2-6-2-3-2-6-گەڕانەوە بــۆ چــیــرۆکە قورئانییەکان:

ئەگەرچی ژیاننامەی پێغەمبەران و بەسەرهاتەکانیان بەشێوەیەکی کورت و پوخت لەقورئـانـدا بـاســـکراون و لەگەڵ نـاوی هەریەك لەپێغەمبەران لەئـایەتێکدا بۆ بەڵگە و دەلیـل ســـەبـارەت بە بـارودۆخێکی پەیوەنـدیـدار بەپێغەمبەرەکەوە هاتووە کە هەموو ئەوانە دەکرێت ناویان بنرێت چیرۆکی قورئانی، بەڵام ســەرەڕای ئەوەش هەندێ چیرۆکی تر هەن جگە لەوانە کە باســی بەســەرهات و رووداوەکانی قەومێك یان کۆمەڵێك و چەند هاوڕێیەك دەکات، ئەمانەش هەموویان لەشــیعرەکانی ســالم دا هەســتی پێ دەکرێت و جیادەکرێتەوە، کە شـاعیر توانیویەتی لەوێنەیەکی هونەری ناوازەدا ئاوێتەی شیعرەکانی بکات و بیکاتە سەرچاوەیەکی داهێنان و رازاندنەوەی شیعری، سالم دەڵێت:

**منزلی اصحابی کهفه**
**مسکنی معشوقی من**
**هەرکە دیم درگا نەبوو**
**لەوسەر کەدیم درگانەبوو**

[سالم: ١٩٧٢: ١٠٧]

## 2-2-6-2-3-2-7-گەڕانەوە بـۆ مـوعـجـیـزە (پەرچوون) راستیەکان:

ســـــالم بەهەمــان شـــێوەی هەموو وێنە قورئــانیەکــانی تر لەچیرۆك و پێغەمبەران و دەق و ئایەتەکان ســـودی لە موعیجزەکان وەرگرتووە وەکو وێنەیەکی هونەری موعیجزەکە دووبــارەی داڕیشـــتۆتەوە، لەتەواوی دیوانەکەیدا لە چەند شـــوێنێك موعیجزە دەکاتە بنەمای دروســـتبوونی شیعرەکە، ئەمە جگەلەوەی پێغەمبەران هەموویان بەبوونی موعجیزەیەکەوە پەیامەکەیان گەیاندووە، سالم دەڵێت:

**تاقە خاڵی**
**ڕووت بە**
**تەجریدی**
**مەسیح**
**ساحــیرە**
**چــــاوت،**
**بەئیعــجازی**
**کەلیم**

[ سالم: ٢٠١٥: ٤٩٥]

### 2-2-6-2-3-3- نۆســـتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ ئاینە جیاوازەکان لە شیعرەکانی کوردیدا :

مستەفا بەگی کوردی لەشیعرەکانیدا بەشێواز و ڕێگای جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ســەرەکییەکانی ئاینی ئیســلام و بەداڕشــتنێکی ئیســتاتیکی ڕوونیان دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

### 2-2-6-3-3-1- گەڕانەوە بۆ کتێبە ئاینییەکان:

کوردی لەچەند دێڕێکی جیاواز وشـــەی (قورئـان) ئەو کتێبە ئــاینییەی بۆ پێغەمبەر محەمەد (د. خ) دابەزی بەشـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**یاخودا دووربێ لەچاوی بەد تەماشاکەن، کەوا**
**هێندە باریکە قەدی، قورئان دەخۆی تارمی(موو)ە**

**[**کوردی: ٢٠١٠: ٧٣]

سوێندخواردن وەکو دیاردەیەکی باو لەئاینی ئیسلام تەنها بۆ خوای گەورە

و قورئانی پیرۆز ڕەوایە و ڕێگەپێدراوە، کوردیش بۆ سەلماندنی قسەکەی سوێند بەقورئان دەخوات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، هەروەها کوردی لەدێڕێکی تردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ناوی کتێبە ئاینییەکانی (قورئان،تەورات، ئینجیل) بەقەولی قەدیم دەبات، چونکە دیارە ئەو کتێبانە قەولی خودان و تەمەنیشیان زۆر کۆنە، کوردی دەڵێت:

**بەجان و دڵ، وتم: نازت ئەکێشم،**
**تووڕە بوو، بەسیە**
**قسەی نوێ بێتە ئەم قەولە قەدیمە**
**و شەرحی مەعلوومە**

[کوردی: ٢٠١٠: ٥٧]

### 2-2-6-3-3-2- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ تەریقەت و مەزهەبە جیاوازەکان:

شاعیرانی کلاسیك بەهۆکاری خوێندنیان لە حوجرەو مزگەوتەکان و هەندێك جار پەروەردەی دەستی شێخ و پیری مەزهەبەکان جۆرێك لەگیانی سۆفیانە و زاهیدانەی تێدایە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی ئەدەبیات و لەبەرهەمەکانیان دا ڕەنگی داوەتەوە، کوردیش ئەو شاعیرەیە کەوا لەبەشێك لەشیعرەکانیدا باسی سۆفی و پیر و تەریقەت و مەزهەبە جیاوازەکان بەشێوازی جیا دەکات و هەڵس و کەوت و ڕەفتار و کرداریان هەڵدەسەنگێنێت، بۆ نموونە دەڵێت:

**بە (عەلی) من سوێندت ئەدەم (شیعە)ی ئەگەر، ڕەحمەت بێ!!**
**خۆ ئەگەر (سوننی)ی، مەی (شۆخی زەمانە)، بەعومەر**

[کوردی: ٢٠١٠: ١٤٥]

### 2-2-6-3-3-3- نۆستالۆژیای گەڕانەوە بۆ شوێنە ئاینییە پیرۆزەکان:

هەندێك شوێن هەیە لەئاینی ئیسلام و ئاینە جیاوازەکانی تر پلەیەکی باڵای پیرۆزی هەیە و لەلای پەیڕەوکەرانی پیرۆزن، بۆ نموونە لەئاینی ئیسلامدا شوێنەکانی وەکو (مزگەوت و مەککە و کەعبە و قودس... هتد) لەلای مسوڵمانان جێگای بایەخن و گرنگی تایبەتی پێدەدەن، ئەویش بەسەردانکردن

و سـەفەرکردن بۆ ئەو شوێنانە بەمەبەستی بەجێ گەیاندنی هەندێك ئەرك و واجبی ئاینی، ئەو شـوێنانەش لەشـیعرەکانی کوردیدا بەسـەر چەندین دەقی شـیعریدا دابەش بووە و بووەتە بنەمایەکی داهێنان بۆ شـیعرەکە، بۆ نموونە کوردی دەڵێت:

**لەبت**
**خـانەی**
**عەشقد**
**ا**
**بوویتە**
**قیبلەم**
**لەتـــاو**
**هیجرە**
**کەمەی**
**نۆشینە**
**بـێ تـۆ**

[کوردی: ٢٠١٠: ٤٤٨]

## 4-3-3-6-2-2- نۆســـتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ مەراسیم داب و نەریتە ئاینییەکان:

مستەفا بەگی کوردی لەشیعرەکانیدا باسی هەندێك بۆنە و مەراسیمی ئاینی دەکات کەوا هەموو مسـولمان و پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسـلام پێیەوە پابەندن و لەسـەری بەردەوامن بە پێیەی (( پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان شیعر و بیر و بـاوەڕدا هەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ چاوکردنەوەی لە دەوروپشـــتی خۆیـدا پێگیری بە بنەمـاکـانی ئـایین کردووە و ڕێو ڕەســـمەکـانی ئـاینی جێبەجێکردووە))[کەریم:٢٠٠٥:١٢٢]، مەراسـیمەکانی ئاگنی ئیسـلامیش زۆر و جۆراوجۆرن بۆ نموونە: (جەژن و پیرۆزبایی جەژن، مەراسـیمی تازیە و سەرقەبران و تەلقین، مەراسیمی قوربانی کردن... هتد)، بۆ نموونە لەدێڕێکدا باسی شوشتن و کفن و دفن و تەلقین دەکات و دەڵێت:

**شـــەهیدی عەشـــق و مەمشـــۆن کفنم بۆ مەکەن یـــــــــــاران**
**گەواهی حەشـــرە بۆ دەعوای شـــەهادەت**

**بەرگـــــی خـــــوێــــنــــیــــنـــــم**
**لەپردەی (طـاهیری) گەر بێ صـــەدای ئەو**
**عــــــاشـــــــقەی پـــــــارەم**
**ئیتر حـاجەت نییە بێنن، مەلا بۆ وەعظ و**
**تەڵـــــــــقـــــــــیــــــنـــــــم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٣٨]

## 2-2-6-3-3-5- نۆســــتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ دەقە ئاینییەکان:

شاعیرانی ئەدەبی کۆن و ئەدەبی نوێ بەگشتی سوودێکی زۆریان لە کتێبە پیرۆزە ئـاســــمـانییەکـان وەرگرتووە و دەق و ئـایەتەکـانیـان کردووەتە ســــەرچاوەی ئیلهامی شـــیعری، هەندێك جاریش وەکو بەڵگەیەك ئاوێزانی دەقەکانیان دەکەن، کوردیش یەکێکە لەو شـاعیرانەی لەچەندین دێردا ئایەتی قورئانی دەکاتە سەرچاوەی داهێنانی شیعرەکەی:

**لەیـــلەکەی چـــاو مەســــــتەکەی، دڵ**
**بەســـــــــتەکەی، نەوڕەســــــــتەکەم**
**حـــووریـــی، (جەنـــــاتـــو، تەجــری**
**تەحـــــتەهــــــالـــــئەنــــــهـــــار)ەکەم**

[کوردی: ٢٠١٠: ٣٥٠].

## 2-2-6-3-3-6- نۆســــتالۆژیـای گەڕانەوە بۆ چیرۆکە قورئانیەکان:

کوردی زۆربەی چیرۆکەکـانی پێغەمبەرانی کە لە قورئـان هەمووی بە وردی بـاس کراوە و گێڕدراوەتەوە، وەکو چیرۆکی دەرکردنی ئـامـادەم و حەوا و چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم و شکاندنی بتەکان و چیرۆکی موسا و فیرعەون و بەســـەرهاتی یوســـف لەگەڵ زولەیخا و ... هتد، هەموو ئەوانە بوونەتە کەرستەی پێکهێنانی شیعری لەلایەن شـاعیران بەگشـتی، کوردیش بەهەمان شێوە سودی لەم چیرۆکانە وەرگرتووە و لەشیعرەکانی خۆیدا باسی

کردووه بەڵام لێرەدا پارچە شیعرێکی فارسی بەنموونە دەهێنینەوە کە تیایدا باسی قورئان و چیرۆکەکانی ناوی دەکات نەك ئەو چیرۆکانەی کە لە قورئاندا باسکراون:

**ایەء قران، کە جانا**
**دلکش است**
**شش هزار و ششهصد**
**و شصت وششاست**
**یك هزارش، (وعد)**
**ویکی دگر (وعید)**
**یك هزارش، (امر)،**
**یك نهی شدید**
**یك هزارش، قصەهایی**
**جانفزا ست**
**یك هزارش نعت پاکی**
**مصطفی است**

[کوردی: ۲۰۱۰: **۳۲۳]**

ئەو پارچە شیعرەی کوردی کە لە چواردەوری قورئان دەخولێتەوە و باسی چەند ئایەت و ژمارەی ئایەتەکانی قورئان دەکات، لەگەڵیشدا دەڵێت کە قورئان هەڵگری چەندین چیرۆك و بەسەرهات و داستانی واقیعییە، هەندێك جار تەنها یەك ئایەت چیرۆکێك دەگێڕێتەوە و لەخۆ دەگرێت.

## 2-2- تەوەری دووەم :

### 2-2-1- پێوانەکردنی زمانی شیعری لە دەقە نۆستالۆژیەکانی نالی و سالم و کوردی :

خاڵی جیاکاری زمانی شـیعری کلاسـیک لەگەڵ زمانی شـیعری نوێ و هـاوچەرخ لە پێوانەکردنی چونـد خـاسـیـەتێکـدایە، کە خۆی لە چەنـد تـایبەتمەنـدیەک دەبینێتەوە بە تێکەڵبوون بە وشـە و زاراوەی عەرەبی و فارسـی و تورکی و پابەندبوون بە دەسـتور و بنەما شـیعریەکانی کلاسـیک، لە هەموو قۆناغێکدا شـاعیر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زمانێکی بەرزی هونەری و ئەدەبی و دوور لە زمانی ئاسـایی لە پێناو بەرجەسـتەبوونی خەیاڵ و ئەندێشـە شـیعریەکەی لە چوارچێوە و قاڵبێکی مەزندا "ابو هلال العسكري" دەڵێت : (( ڕێگای شیعر ئەوەیە کە گوتەکان وەک (وحی) بن و واتاکانیشی وەک (سیحر و جادوو) نزیک بن لە تێگەیشتن و ئەوەی پێویستە کە لە شـیعردا بێتەدی جوانی خسـتنەڕوو و وە ڕوونی مەبەسـتەکەیە)) [ محمد : ٢٠٠٦ : ٣٠٣ ]، ئەم بۆچوونە لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوەی پلە باڵایە لە زمانی ئاسـایی بەکارهێنان، بە جۆرێک تەکنیکی ڕێکخسـتن و دانانی وشـە لە بنیاتی دەقەکەدا بۆ ئەوپەڕی ئیسـتاتیکا و چێژبەخشـین و کاریگەری بێت، کە خۆی لە هەژاندنی سۆز و جوڵاندنی هەست ببینێتەوە، ئەگەرچی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی "العسـكري"یش لە ئارادا هەیە بۆ نموونە "وردزۆرس" لەگەڵ بەکارهێنان و ڕازاندنەوەی وشـەییدا نییە (( وردزۆرس جەختی لە بنەمای سـادە و سـاکاری و ڕەوانی زمانی شـیعر کردەوە بە جۆرێک، پێی وایە ئەوەی کە بەها و جوانی بە دەقی شـیعری دەبەخشـێت بریتی نییە لە خۆمـانـدووکردن بە ڕازانـدنەوەی زمـان و وشەکارییەکانەوە، بەڵکو ئەوە دەوەستێتە سەر بابەت و هەست و سۆزەکانی شـاعیرەوە )) [ مەلا زادە : ٢٠٢٠ : ٤٤٠ ]، کەوابێ هەسـت و سـۆز بابەتێکی گرنگی داهێنانە لە شـیعردا نەک زمان و بەکارهێنانەکانی، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە خودی هەسـت و سـۆزەکە گرنگترە، لەبەرئەوەی تاکە ئامرازی گواسـتنەوەی هەسـت و سـۆز زمانە، بوونی هەسـت و سـۆز بەبێ بوونی زمان بەهایەکی ئەوتۆی نابێت، زمان فاکتەری گەیاندنی ناخ و دەروونە لە نێوان کەسـەکاندا، لێرەدا شـاعیریش دەبێتە هۆکاری ئەو گەیاندنە، هەروەها فۆڕمالیسـتە ڕووسـەکانیش زمان دەکەنە بنەمای پێشـەنگی کارە ئەدەبییەکان ئەوان ((لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا شـیعریان وەکو زمان تەماشـادەکرد، کە لە جۆرێکی دیاریکراو لە

پەیوەندی خود ئاگایی لەگەڵ خۆیدایە، شــیعر لای ئەم ڕەخنەگرە پێشــەنگە چاوقاییمانە کە لە ســـەردەمی خۆیـاندا <<پێشـــەنگی ئەدەبی بوون>>، پێکنەهاتبوو لە وێنە، ئایدیا، هێما، هێزە کۆمەڵایەتییەکان یان ئامانجەکانی شاعیر، بەڵکو لە وشە پێکهاتبوو ))[ حسێن : ٢٠٠٨ : ٩٢ ]، کەواتە زمان تەنها ئامرازێکی گەیاندن نییە لە دەقی شــیعریدا و ئەرکەکەی ئەو ســنورە تێـدەپەڕێنێـت ئەویش بە فراوانبوونی واتــای وشـــەیەکی فەرهەنگی و درووســـتکردنی چەند واتایەکی هاوبەش لەگەڵ واتا ڕەســـەنەکەی خۆی و خستنە بەردەمی خوێنەر یان وەرگر.

شاعیر بەبێ ویستی خۆی خاوەنی فەرهەنگێکی فراوانی شیعریە، وشە و دەســتەواژەی کۆن و نوێ، ئاوازدار و بێ ئاواز لەگەڵ هەســت و ســۆزی ناخی ئاوێتە دەکات، وشـــەیەکی زمانی ئاســـایی لە کۆنتێکســـتی وەهادا بەکاردەبات بەشـــێوەی چڕینی ئاوازێکی نەرم و ناوازە (( چونکە زمانی شــیعر زمانی هەســت و ســۆزە و جیاوازە لە زمانی پەخشـــان کە زمانی بیرە))[عەزیز:٢٠١٩:٤]،  شاعیرش بەم کارەی لەگەڵ ئاخێوەرێکی ئاسایی زمانی ئاســـایی جیادەکرێتەوە و دەدرێتە پاڵ ئەدیب یان نوســـەرێکی زمانە تایبەتەکە، ئینجا شاعیرانی کلاسیکیش بە حوکمی ئەوەی لەژێر کاریگەری زمان و کەلەپوری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی دا شـــیعریان دەنووســـی پابەندی هەموو ئەو دەســـتور و ڕێســـایانە بوون، کە ئەوان لە شـــیعرەکانی خۆیاندا پێوەی پابەندبوون، ئەگەرچی لەلای نالی لە هەندێ شوێندا سنور شکاندن و دەرچوون لە هەندێک یاسای نوسین هەستی پێدەکرێت.

پەیوەندی زمان و شیعر لە ئاستێکی گەشەکردنی بەردەوامدایە، زۆرجار شیعرەکە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی زمانەکە، هەندێک بابەتی شــیعری هەیە لە بنەڕەتدا  ســنورداره، ئاســتەکانی زمان (دەنگ – وشـــە – واتـا ... ) ئەم لایەنە یان دیاردەیە لەو بەندەدا ڕزگاردەکات و دەریدەهێنێت، دیاردەی نۆســتالۆژیا لە خودی خۆیدا دیاردەیەکە تەنها ئەوانە هەســتی پێ دەکەن کە شـــەوق و تاســـەی ڕابردوو و گەڕانەوەیان هەیە بۆ ڕابردوو، ئەوەیان تەنها هەســـتکردنە هەتا ئێرە، بەڵام دەربڕین بە ئاســـتە جیاوازەکانی زمان ســـنوری ئەو هەســـتکردنە و ئەو دیاردەیە فراوانتر دەکات، کە لە نێو شــیعردایە و ســەربەخۆییەکی ڕەهاش دەبەخشــێتە خودی شـــیـعـرەکە، هەمـوو ئەو شـــیـعـرانەی بە وشـــە و دەســـتەواژە زۆروجۆراوجۆرەکانی غەریبی وغوربەت ودابڕان و ..... هتد، پەیوەندیان لەگەڵ دیاردەی نۆســتالۆژیا چڕتر دەکەنەوە و دەبن بە هەڵگری ئەم چەمکە

به سـنوره فراوانەکەشـیەوه، ئەوەی لێرەدا ئێمه دەمانەوێ تیشـکی بخەینه سـەر وەکو زمانی شـیعری و پەیوەندی به دەقی نۆسـتالۆژیاوه هەموو ئەو واتا و ئاماژانەن که گوزارشـت له چەمکی نۆسـتالۆژیا دەکەن به گشـتی، لێرەوه بایەخ و گرنگی زمانەکه ئاشـکرادەبێت که لەشـێوەی گوتاری راسـته وخۆ و ناراسـتەخۆ له ناو شـیعردا دەردەکەوێت، چونکه ئەگەر له شـیعردا بەرجەسـته نەبێ و بەدەربڕینی ئەدەبی و هونەری و به زمانی شـیعری له شێوەو فۆڕمێکی ڕوانبێژی و جوانکاریانەی شیعریدا گۆنەکرێت له جێگای خۆیدا قەتیس دەمێنێت و هەسـت به بوونی ناکرێت لەبەرئەوه ((پێکەوه بەستراوی زمان و شیعر لەو ئاسته گەشەکردن و ئەفراندنه دایه، که شاعیر لەنێو شـیعردا و لەڕێیی زمانەوه دەیئەفرێنێت. بەڵام لێکدژی ئەم دوانه پەیوەندی به لێکهەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانەوه هەیه لەلایەن شیعرەوه بۆیه شـیعر چەند خولقێنەر و دامەزرێنەری زمانێکی نوێیه، هێندەش تێکشـکێنەری ئەو زمانەیه)) [سـدیق : ٢٠١٧ : ٩]، بۆ ناسـینەوەی دەقی نۆسـتالۆژیا لەلای شـاعیران بەگشـتی و نالی و سـالم و کوردی بەتایبەتی دەکرێت لەرێگەی زمانەکەوه جەخت بکرێته سەر زمانەکه و لەو ڕێگەیەوه بەپێ ی چەند ڕەهەندێک ڕادەی نۆسالۆژیبوونی ئەو دەقانه بزاندرێت :

**-1-1-2-2 لەڕووی ڕەهەندی دەروونیەوه :**

شیعر پەیامی هەست و نەست و سۆز و خەیاڵی شاعیره، که به ناخێکی شـاراوەی دەروونیدا تێپەڕ دەبێت، شـیعر دەرهاویشـتەی کاریگەری دەروونییه له داهێنەرەوه بۆ وەرگر، لەبەر ئەوەی که خاوەنەکەی هەرچییەک بێت له سـەرەتادا مرۆڤه و دەروونێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی هەیه، بۆ رزگار بوون له حاڵەته نائاسایی و نالەبەرە دەروونی یەکان هانا بۆ نوسین دەبەن ((ئەدیب و هونەرمەندان ڕێگه و ئاراسـتەی داهێنان وەردەگرن، بۆ خۆدەربازکردن لەو هێزه دەروونییه و شڵەژاندنه دەروونییه، ئەگەر کەسانی ئاسـایی لەڕێی خەونەوه بەشـێک لەو لەو حاڵەته نائاگایانه و ململانێ دەروونیانەیان کەم بکەنەوه، ئەوا نوسـەر لەڕێگەی میکانیزمی دەروونی ( بەرزکردنەوه و سـەرخسـتن ) دا ئەو حەز و مەیله سـەرکوتکەرانەی که تێرنەکراون پـاڵیـان پێوەدەنێـت له رێگـای میکـانیزمی نـاوبراودا بێنه تێرکردن)) [ ڕەسـول : ٢٠١٢ : ٣ ]، لەبەر ئەوه هەمیشـه داهێنانی ئەدەبی نیشـاندانی ڕاسـتەقینەی بەشـێکی دەروونی نوسـەر و ئەدیبانه که لەڕێگەی

نوسینەوە نمایش دەکرێت، ئەمەش لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر یان کەسایەتییەک بۆ کەسایەتییەکی تر دەگۆڕێت، کە هەر نوسەرێک لە ڕێگایەکی تایبەتی داهێنانەوە گوزارشت لە ناخ و دەروونی خۆی دەکات و حەزە چەپێنراوەکانی دادەمرکێنێتەوە، بەم کارەش دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی لە نوسین و داهێنان لەبەر ئەوەی ((یەکێک لە هۆکاری بڕیاردان لەسەر جۆری شێوازەکە، بریتیە لە خودی کەسایەتی نوسەر و شاعیر، هەر تاکێک خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت بەخۆیەتی ئەم کەسایەتیەش پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕەهەندی بایلۆجی و فیسیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاین و فکری دەوەستێت)) [مەلازادە:٢٠١٩: ٦٠ ]، ئینجا ئەوەی لێرەدا شایەنی باسکردنە دەستنیشانکردنی دەقە نۆستالۆژیەکانی هەرسێ شاعیری کلاسیک (نالی - سالم - کوردی)یە لەڕووی دەرونیەوە و بەکارهێنانی هەموو ئەو وشەو دەستەواژانەی کە پەیوەندیەکی دیالێکتیکیان لەگەڵ ناخ و دەروون و هەست و نەستەوە هەیە، هەندێک جار شاعیر بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی جیاوازی سۆزداری دەروونی و کۆمەڵێک دەربڕینی حەز و خۆشەویستی و ئاشقانە جۆری دەقەکەی دەخاتە ڕوو،ئینجا (نالی – سالم – کوردی) هەریەکەیان بە شێوازێک گوزارشت لە ناخ و دەروونی هەڵقرچاو و سوتاوی خۆیان لەتاو لەدەستچوونی ڕابردوو و بەسەرچوونی تەمەنیان دەکەن.

**زمان لەڕووی ڕەهەندی دەرونییەوە لەلای هەرسێ شاعیری کلاسیک (نالی – سالم – کوردی):**

- **نالی :**

جیهانبینی شاعیرو تێروانینی بۆ دەوروبەر و بارودۆخە جیاوازەکان لە ئاستێکی بیرکردنەوەی بەرزدایە، بەکارهێنانی وشەکان بە واتای فەرهەنگی لەلای نالی لەوپەڕی هۆشمەندی و هۆشیاریدا بووە، کە تێیدا گەورەترین و گرینگترین دەستکەوت بنیاتنانی قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو لەو سەردەمە و لەو بارودۆخە دژوارە لەسەر دەستی نالی و پەرەپێدانەکانی زمان و ئەدەبی یەکگرتوو چونکە ((نالی لەو سەردەمەوە سەیری دواڕۆژی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی کردووە و هەوڵی پێکەوەنانی داوە و، وەک پەپوولە و هەنگێک بووە، بەناو گوڵزاری وشەی جوان و ڕەسەنی کوردی کەوتووە و لە هەرگوڵە هەڵاڵەی شیرینی وەرگرتووە و هەنگوینی شعرەکانی پێ دروست کردووە)) [شارەزا : ١٩٨٤ : ٢٧ ] ئەوەیان

بەگشـــتی بۆ زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەش بەکارهێنانی چەندین وشـــە و دەســـتەواژە و زاراوەی دەروونـی و هەڵگری واتا و دەلالەتی جۆراوجۆری هەڵقوڵاوی ناخ و دەروون لەڕێگەی وشـە و دەستەواژەکانی وەکو (جۆش - سـۆزشـی گریان - بیت الحزن - ئاور - ئاتەش - کوڵبەی ئەحزان - ماتەم - ئەشـــک..... هتد) وەکو شـــاعیرێکی دەروونناس خۆی دەنوێنێتت، کە لە دیوانەکەیدا چەندین دێڕ و شیعری ئەم چەشنە بەدی دەکرێت، کە لێوان لێوە لەگەڵ بارە جیاوازە دەروونییەکان، بۆ نموونە دەڵێت :

**شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار**
**ئـەسـەری سـۆزشـی گـریـانـە لـە ئـەفـغـانـمـدا**

[ نالی : ١٣٨٩ : ٨٧ ]

هەروەها دەڵێت : **جـۆشـش و تـابـە لەنـێـو دیـدەیـی گریـانـمـدا**
**چ تـەنـدورێـکە لـە تـەنـدوورەیـی تـۆفـانـمدا**

[ نالی : ١٣٨٩ : ٨٦ ]

ڕەهەندی دەروونی لە شـیعرەکانی نالیدا جۆراوجۆرە کە هۆکاری گرنـگ و ســـەرەکی دووری نالی لە وڵات و نیشـــتمانی دایک، ئەمەش جگە لە نەگەیشتن و دابڕانی لە مەعشوقەکەی، بێ ئومێدی و غەمگینی و دڵەڕاوکێی نالی لەتاو جیابوونەوەی لە نیشـــتیمان و کەس و کار و ئەهلی لە ســـلێمانی وەکو بابەتێکی دەروونی خۆی دەنوێنێت و لە داڕشتنێکی هونەری و ئەدەبی خۆی دەبینێتەوە، بە خەیاڵ و ئەندێشـــەیەکی بەرزی ئەدەبی، ((هەتا ئەو جێێگەیەی کە بتوانرێ هێما بۆ سایکۆلۆژییەت و بیرکردنەوەی نالی بکرێت هەر کاری نامۆیی و دوورە وڵاتی لە شـــیعرەکانیدا دەبنە هەوێن و بەردی بناغەی))[ئاشنا:٢٠٠٧:١٢]، لەبەر ئەوە ریزکردنی ئەو کەرستە هونەریانە و دانەپاڵی ئەو وشـە و زاراوانە لە سـەردەمی نالیدا شـتێکی تازە بووە، ئەو لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین وشـە و دەسـتەواژەی نوێ و بەواتای قوڵ و شـــاراوە هەم خســـتنەڕووی لایەنە شـــاراوەکانی دەروونی و هەمیش لە داهێنانی زمانیدا خۆی دەنوێنێت، کەواتە هەموو ئەو بەکارهێنانانە لەلای نالی کە نوقمی دەریای سۆزداری و هەست و عاتیفەی بەهێز و ئەندێشـەی جوان و ناوازەن لە هەمان کاتیشدا دەقێکن لێوان لێو لە شەپۆل و ئاراستە و جوڵەی نۆستالۆژی.

- **سالم :**

زمانی شیعری سالم زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی تورکی و عەرەبی و فارسییە، بە ڕێژەیەکی زیاتریش زمانی فارسی بەسەر زمانی شـــیعریەکەیدا زاڵە ئەوەش دیارە بە هۆکاری زیاتر تێکەڵاوبوون و هاتووچۆی زۆری بووە بۆ ئێران، هەندێک مەبەستی شیعری هەن لەلای سالم زیاتر خۆی لە وشە و دەستەواژە دەروونییەکانی ڕەشبینی و بێ ئومێدی دەبینێتەوە، فاکتەری سەرەکی ئەم ڕەشبینیەی سالمیش بۆ هۆکاری ئاوارەبوون و غەریبی و ناهەمواری بارودۆخی سیاسی ودەسەڵاتی بابانەکان دەگەڕێتەوە ((سالم لەڕوخاندنی میرنشینی باباندا ئازارێکی گەورەی ڕۆحی و دەروونی پێ دەگات تا سەر ئێسقان هەست بە شکست دەکات، شکستێک کە ئومێدی مانەوە و خۆدروستکردنەوە لە هیچ ئاستێکدا بەرچاو ناکەوێت، ئازاری ئەو شکستە هێندە سەختە سالم لەڕووی دەروونیەوە دەیەوێت ڕووبەری شکستەکە فراوانتر لە سنوری میرنشینی بابان نیشان بدات بەو ئامانجەی ئەوانی دی بکاتە هاوبەشی خەمخواردنی خۆی )) [قەرەداغی : ٢٠٠٦ : ٤٩]، لەبەر ئەوە دەبینین چەندین وشە و واتا بەکاردەهێنێت کە هۆکاری برین و زامەکانیەتی و سەرچاوەی دروستبوونەکەیان دەپێکێت، کە وەکو پەڵەیەکی ڕەش بەردەوام دڵ و دەرونی تەنگ و تاریک و دەقە شیعریەکانیشی دا پۆشیوە (( هەروەکو لە هەڵبەستە بەرز و ئاسمانیەکانی دا دەریبڕیوە بە جوانترین شێوە لە بابەت خەفەتی تێکچوونی دەوڵەتی بابان و سەبارەت بە پەرێشانی و برسیەتی و دەربەدەریەتی و گیران و کوژران و خنکاندنی کوردان و سوتاندنی شار و دێهاتەکانیان قوڕێکی وای پێوە هەتا هەتایە وشک نابێتەوە )) [ سەعید :١٩٩١ : ٣٧ ]، ئەگەرچی زمانی سالم زمانێکی تا ڕادەیەک سانا نی یە و بە ئاسانی ناگاتە لای خوێنەر بەهۆی زۆری وشە و زاراوەی بێگانە لەنێو دێرە شیعرەکاندا، بەڵام خوێنەرێکی هۆشیار دەتوانێت ڕەهەندە جیاوازەکانی زمان (دەروونی - کۆمەڵایەتی - مێژوویی - ئایدۆلۆژی ..... هتد) لەیەک جیاکاتەوە و لە زمانە دەروونی یە تێکچڕژاوەکە تێبگات، چونکە وشە و دەستەواژەکانی وەکو ( ئەندووە - جۆشش – کورەیی شیشە - ئەفغان - ئاشفتەگی - ئەشکی گوڵگون .... هتد ) چەندین وشەی سۆزداری و دەروونی بە ئاسانی پەردە لەسەر شاراوەیی لایەنی ناخ و دەروونی شاعیر لادەبات و ڕادەی تێگەیشتنی خوێنەر ئاسانتر دەکات، سالم دەڵێت:

**شام و سەحەر، وەکو و خاک، پامالی پایی خەلقم**
**ئەز بەس بە یادی لوطفت کەوتم لە ڕەهگوزاران**

**صەد بار ئەگەر لە گوڵشەن گوڵ چەتری ژەر لەسەرنێ**
**دڵ تەنگە، خونچە ئاسا، بێ ڕوویی گوڵعوزاران**
**شێواوە دڵ لە هیجرا، ناگاتە شامی زوڵفت**
**پەیوەستە ئینتیظارە وەک چاوی ڕووزەداران**
**بێهودەیە لەگوڵزار، ئەفغانی بولبولی زار**
**ناگاتە گۆشی یاران، ئەندووهی بێ قەراران**

[ سالم : ٢٠١٥ : ٥٠٥ ]

شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو زمانە، کە زمانی کەسێکی شارەزا و بەهرەمەندە، هەروەها زمانێکە بە قوڵایی ناخ و دەروون ڕۆچووە و پەیوەستە بە ڕۆحی سەرگەردانی شاعیرەکە بەهۆی جوڵەپێکردنی وشە و کەرستە و وێنە هونەریەکان دەگاتە هەڵڕژانی هەست و سۆزی دەروونی، سالم کە زمانزانێکی دەوڵەمەندە لە دووتوێی دەقێکی وەهادا چەند واتایەکی پەیوەست بەیەک کێڵگەی واتایی ڕیزکردووە کە لەهەر سنورێکی جوگرافی دێرەکەدا دابنرێت خۆی دەگونجێنێت و یەک واتا و دەلالەت دەبەخشێت، هەروەها هەموو دەستەواژەکانی ( دڵ تەنگ، شێواوە دڵ، ئینتیظارە، بێهودەیە، ئەندووهی بێ قەراران) لە چوارچێوەی بێ ئومێدیی و بێ هیوایی دەخولێنەوە گوزارشت لە ناخی پڕ ئازار و ئاڵۆزکاوی سالم دەکەن، کەواتە سالم لە ڕێگەی زمانی کوردی و بە سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی بێگانە زیاتر زمانی فارسی ئینجا زمانەکانی تری تورکی و عەرەبی چووەتە ژێر باری دەرخستنی بارودۆخە دەروونییە جیاوازەکان و نیشاندانیان، لەگەڵیشی دەقەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕژاونەتە نێو دەریای نۆستالۆژیا.

- **کوردی :**

مستەفا بەگی کوردی پێچەوانەی سالم شعرەکانی زیاتر خۆی لە جۆرێک لە جۆرەکانی سادەی و سانایی خۆی دەنوێنێت، وشە و دەستەواژە هونەری و ئەدەبییەکان لە پێکهاتەی دەقدا ڕاستەوخۆ دێنە بەرچاو بەبێ بوونی هیچ لێڵی و تەم و مژاویەک، شاعیر لە هەموو وشە و دەستەواژە سادە و ساکارەکانی نەتەوەکەی توانیویەتی چەندین وێنەی جۆراوجۆری هونەری پڕاو پڕ لە هەست و سۆز و حەز و ئەندێشەی شاعیرانە بەرهەم بهێنێت، لەڕێگەی گەمەپێکردنی وشە لە سیاقی ڕستەدا و لە یاسا و دەستوری زمانی کوردیدا و جێگۆرکێ کردنی بکەر و بەرکار و کار و بەشەکانی تری ئاخاوتن چەندین دەقی ناوازەی بەرهەم هێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی

ڕەمز و ئاماژەی شــاراوە و نادیار لە شــیعرەکانی کوردیدا زۆر بە کەمی دەکەوێتە بەرچاو ئەگەرچی ((ڕزگار کردنی دەق لە مردن و توانەوە لەناو (سـیاق) دا لە ئەسـتۆی نوسـەرە نوسـەری زیرەک بۆ پاراسـتنی دەق پەنا دەباتە بەر ڕەمز وەکو ( کلیل - شفرە) دەقەکە دەپارێزێ و تایبەتمەندییەکانی زەق دەکـاتەوە)) [ئیبراهیم : ٢٠١٢ : ٤٦]، ئینجـا لە ڕووی دەروونیەوە کوردییش بە هەمان شـێوەی نالی و سـالم ئەو شـیعرانەی هەڵقوڵاوی ناخ و دەرونیەتی بە ئاشــکرا دیارن، لەبەر ئەوەی ((شــاعیر لەشــیعرەکانیدا دەروونی خۆی دەدوێنێ و ئەو شـتانەی کە دەینوسـێت لە ناخی دەروونیەوە هەڵدەقوڵێن، بۆیە کەم و زۆری ڕەنـگ و بۆنی بـابەتی دەروونیـان لێ دێ، لەبەر ئەوە ڕەهەندی دەروونی بوونی بەردەوامی لە شیعردا هەیە)) [ سعید : ٢٠١٥ : ٨٨ ]، لەبەرئەوەی بەکـارهێنـانی هەنـدێـک وشــە و واتـای هەڵقوڵاوی دەروونی و ســۆزداری و هەڵچوونە جیاوازەکانی خۆشــی و شــادی یـان خەمبـاری و دڵتەنگی و ترس و تۆقین دیوی قووڵی دێڕە شیعرەکان بە شـێوەیەکی سـانا و ئاسـان نیشـاندەدات، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە کوردی لە ئاســت بەکارهێنانی وشــە و دەســتەواژەی وشــک و قورسی و تەم و مژاوی دەستکورت بووە و لە بێ توانای و بێ دەسەڵاتییەوە بووە، بەڵکو کوردی خـاوەن زمـانێکی پـاراو و گەنجینەیەکی فەرهەنگی زمــانی میللی و فۆلکلۆری بووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەرزی ئــاســتی مەعریفی شــارەزایی و زمانزانی تەنانەت چەندین شــیعر و قەســیدەی بە زمانی فارســی نوسـیووە، لە هەموو ئەوانەشـدا شـیعرەکانی کوردی بووەتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانی دەروونی و هەڵڕشتنی هەست و نەستە شاراوەکان لە نێو خودی زمانەکەیدا، کوردی لە ناوخۆی زماندا بەرەو بیرکردنەوەیەکی مەعریفی هەنگاو دەنێت لە پاڵ بەکارهێنانی چەندین وشــە و دەســتەواژەی پەیوەســت بە دەروونی بە هارمۆنیا لەگەڵ ســەدر و عەجز ئیپیتیدای دێڕەکان، کوردی دەڵێت :

**وەهــا ســوتــاوم ئـەصلا تـابی فریـادم نـەما سـادەی**
**ڕەفیـقـان نـیـوە سووتـن ئـێـوە،نـامـەرد عـەرزە هـاوارێ**
**لە کونجی سینە دەنـگی ئای و ئۆی دڵ دێ بە مەحزوونی**
**وێـران بێ نـەم دی ساتێ، لێـی نـەیێ نـاڵـەی بریـنـدارێ**
**ئەلای هــەر کـەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕسواکرد**
**درێــخ کـوا حاڵـزانێ؟ ڕەببـی تـووشـم بـێنـێ بـیمـارێ**
**لـەژێـر بـاری غـەمـا وا شـانی صـەبرم ڕێشـە ئـێستاکە**

**فیراقــی یـار، لەبەر ئـاخر شەڕی لێم بووەتـە سـەربـارێ**
[ کوردی : ٢٠١٠ : ١٣٧ ]

مسـتەفا بەگی کوردی بە ریزکردنی کۆمەڵێک وشـەی سـادە و سـاکاری وەکو (سوتاو ، هاوار، دەنگی ئای و ئۆی دڵ ، مەحزوون ، وێران ، ناڵەی بریندار، حاڵزان، بیمار، باری غەما، فیراقی یار، سـەربارێ ) باری دەروونی و حاڵەتی ڕەشـبینی خۆی ڕادەگەیەنێت، کە ئەویش حاڵەتێکی دەرونییە و ((ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤێـک دەبێتەوە و لە قۆنـاغێـک لە قۆناغەکانی ژیانیدا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، مرۆڤ لە ژیاندا لەنێو خۆشی و ئازاردا دەژێت، مرۆڤی گەشبین ئەو کەسـەیە پێشوازی لە شتە خۆشـەکانی جیهان بکات و شتە ناخۆشەکان لای خۆی ڕەتبکاتەوە یاخود وانە و پەندیان لێوەربگرێت و ئایندەی خۆی پێ جوان بکات، کەسـی ڕەشـبین ئەو کەسـەیە تروسکایی و ڕوناکی لەنێو ژیاندا نابینێ و هەمیشە بیر لە مردن دەکاتەوە و هیچ بڕوایەکی بە داهاتوو نییە ))[ صـلێوە : ٢٠١٣ : ١١٠ ]، ئەو دەقە شـعریەی کوردی هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی ڕەشـبینییە و کوردی تێیدا نوقم بووە، هەر لەبەر ئەوەشـە داوای حاڵزانێک دەکات کە بەواتای دەروونناس یان دەرونزان دێت بگات بەو حاڵەتەی کوردی و چارەسـەری ئەو دەردەی بکات، کەواتە کوردی لەژێر چەتری دەقێکی سـۆزداری و غەمباری لەگەڵ پەنابردن بۆ چەندین وشـە و دەسـتەواژەی دەروونی باری دەروونی خۆی دەدوێنێ و دەیداتە بەر دەستی خوێنەر.

**2-2-1-2- لە ڕووی ڕەهەندی ئایدۆلۆژییەوە :**

ئەگەر شیعر دەربڕی هەست و سۆزێکی دەروونی و هەڵقوڵاوی خۆشـی و خەم و ئێش و ئازاری ناخی کەسـەکان بێت، لە هەمان کاتیشـدا زۆرجار شـیعر دەبێتە هەڵگری پەیـام یـان بیر و بـاوەڕێکی ئـایدۆلۆژی لەلایەن نووسـەرەوە دەنێردرێت، (( گومانی تیا نییە کە ئایدۆلۆژیای نووسـەر کـاریگەری دەکـات لە بیر و بۆچوونـی بۆ ئەدەب و ڕۆڵـی ئەدەب و ڕەنگدەداتەوە لە کاری ئەدەبیدا لە ڕووی بابەت و نـاوەڕۆک و بنـایەتەوە، وەک بینیمـان بڕوا هێنـان بە تـاکی بلیمەتی داهێنەر ئەدەبێکی بەرهەم هێنـا جیاواز لە ئەدەبی کلاسـیکی ناونرا ئەدەبی ڕۆمانسـی، هەروەها بڕواهێنان بە سـۆشـیالیسـتی زانسـتی ئەدەبێکی بەرهەم هێنا بە ئەدەبی ڕیالیزمی سـۆشـیالیسـتی ناوزەدکرا ))[ گەردی : ٢٠١٠ : ١٣٧ ]، کەوابێ بیر و ئایدۆلۆژیا لە یەکێک لە پایەکانی ئەدەبدا دزەدەکات و ئاشـکرا دەبێت، ئینجا شـیعریش ڕۆڵـی سـەرەکی لە گەیاندنی ئەو بیر و باوەڕەدا دەبێت لە ڕێگەی

بەکارهێنانی زمانی شـــیعریەوە دەبێتە بابەتێکی ئەدەبی و ڕوخســـار و ناوەرۆکێکی هونەری پێدەبەخشێت و بە بەکارهێنانی کەرستەی هونەری و وشـــەی کاریگەر، چونکە ((شـــاعیر بۆ ئەم جۆرە شـــیعرە پەنا بۆ چەندین ئامراز لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە جۆش و وروژاندن و هاندان و زاڵبوون بەسەر هەست و سۆز و خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە و بیر و باوەڕ بۆ گەیشتن بە مەبەست دەبات، تا زیاتر گیانی ئازایەتی و لەخۆ بردن و قوربانی لە دەروون بچێنێ بە جۆرێکی ئەوتۆ کاربکاتە ســـەر بەرانبەر، شـــاعیر لەوکاتە پەنا بۆ بەکارهێنانی وشـــە و ڕســـتەی ئاگرین دەبات)) [صالح؛عبدالله : ٢٠١٦ : ٣٣-٣٤ ]، لەبەر ئەوە دەبینین شاعیرانی کلاسیک لە ڕێگای کەرستە زمانیەکانی شـیعرەوە هەسـتی نەتەوایەتی و نیشـتیمان پەروەری و بیر و باوەڕی سیاسی و بیری کۆمەڵایەتی خۆیان گەیاندووە بە نەوەی ســـەردەمی خۆیان و دوای خۆیان، لەبەر ئەوەی ئەوان بە درێژایی مێژوو بارودۆخی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی ناوچەکانیان لە گۆڕانکاریە گەورەکان بەردەوام بووە و کۆتایی بە قەیرانەکانی داگیرکاری و کاولکاری و ژێردەســـتی و شـــەڕ و شـــۆڕ نەهاتووە، بێگومان ئەمانەش کاریگەریان لەســەر خودی شـاعیر و شـیعرەکانیان کردووە وەکو بابەتێکی شـیعری یان مەبەســـتی شـــیعری لێهاتووە و هەریەکەیان بە گوێرەی جیهانبینی خۆی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بیر و باوەڕی خۆی شیعری نووسیوە.

**زمان لە ڕووی ڕەهەندی ئایدۆلۆژیاوە لەلای هەسێ شاعیری کلاسیک (نالی – سالم – کوردی)**

**- نالی :**

ســـەبارەت بە تێگەیشـــتن و زانینی بیر و باوەڕی نووســـەر دەکرێت لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکانییەوە بێت، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا نوســـەران دەبنە بەڵگە و شایەتیەک بۆ بوونی ئەو پەیوەندییە، نوسەر دەبێتە خاڵی گواستنەوە لە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا و لەوێوە هەڵوێســـتی ئایدۆلۆژیای نوســـەر لە پشـــتی ئەدەبەکەوە بە شێوازی هونەری ناوازە دەردەکەوێت، بیر و باوەڕی نالی و هەموو بارودۆخە سـیاسـی و گۆڕانکارییەکانی سـەردەمی نالی بە زەقی لە شـــیعر و چامەکانیدا دەردەکەون، بە تایبەت دامەزراندنی قوتابخانەی کرمانجی خواروو کە زۆرینەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەران نالی بە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنێن و پێشـــیان وایە ((نالی لە ڕوانگەی هەڵســـەنگاندنی بێ سـنووری دیالێکتی ناوچەکەی خۆیەوە، پێیوابوو توانای

تەقـانـدنەوەی زۆری لە هەنـاوی خۆیـدا هەڵگرتووە.... لە لایەکی ترەوە دەرکیشـــی بە هەبوونی دەســـەڵاتی میرنشـــینی ئەردەلان و شـــاعیرانی هەورامان کردبوو لە هەوڵێکی فەرهەنگی و زمانیدا بوو بۆ ئەوەی کە ئەو دەســەڵاتە سـیاسـی – ئەدەبییە کە لەمێژە سـەقامگرتنی بەخۆیەوە بینیبوو لە ئەردەلان و گۆران بســـێنێتەوە و هەم وێنـای هێژموونی ســـیـاســـی و دەسەڵاتدارییەتی بە بابانەکان ببەخشێ و هەمیش دیالێکتی سۆرانی ناوچەی ســـلێمـانی ببوژێنێتەوە ))[ محەمەد پوور : ١٣٩٩ : ٤٦ ]، ئەزموونی ئایدۆلۆژیای نالی و تێڕوانینەکانی هەر لە ئاسـتی ناوخۆیدا نەماوەتەوە نالی بیروبـاوەڕی ئـایـدۆلۆژیـانەی خۆی لە دەرەوەی ســـنووری نـاوچەکەیـدا تێپەڕاندووە بەرامبەر بە زمان و دەســەڵاتە سـیاسـییە بێگانەکان، بۆ نموونە ئەو تـازەگەریەی لە بنچینەوە دەســـتوری زمـانی عەرەبی داکردووە لە قەسیدەی "درونی لدار شارزوور و بردە" یان بەکارهێنانی چەندین وشـە و دەسـتەواژەی نەتەوەیی و سـیاسـی و بە بەرگێکی نوێخوازییەوە هێنایە نێو دەقی شـیعری (( نالی بە تەنیا و بەبێ پشـتیوانی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بەبێ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی شـــیعری پێش خۆی، بەڵکو لە ناو فەرهەنـگێـکی هەژار و زمـانێـکی دیـالێـکتـدا، ســـەری هەڵـداوە و درەوشـــاوەتەوە))[ محەمەد پوور : ١٣٩٩ : ٤٧ ]، نـالی جگە لە چامە بەناوبانگەکەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" کە پڕاوپڕە لە هەسـت و سـۆزی بیر و باوەڕی کوردانە و هەسـتی نەتەوایەتی بە تێکڕای ڕسـتە و وشـە و واتاکانی گوزارشـت لە هەسـت و ناخ و دەروونی نالی دەکەن بەرامبەر بە نیشـــتیمان و دەســـەڵاتدارییە کۆنەکەی ئەوەش لە کاتێکدایە کە ((هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێـت لەســـەر بنەمـایەکی فیکری و ئـایـدۆلۆژی سـەرهەلبدات .تەنانەت ئەو ئەدەبەی کە هەڵوێستێکی دیاریکراوی تێدا دیار نییە و دەچێتە چوارچێوەی (لانەگیری ـــاللامنتمی) خۆی لەخۆیـدا وەکو هەڵوێسـتێکی ئایدۆلۆژی دەژمێردرێت))[کەریم :٢٠٠٥:٦٥]، جگە لەوەش چەند شـیعرێکی هەیە کە بە ئاشـکرا پشـتگیری خۆی بۆ فەرمانڕەوایی و دەسـەڵاتداریەتی و ئەحمەد پاشـای بابان و دارودەستەکەی دەکات کە لەوێوە ڕەهەندی ئایدۆلۆژیایی نـالی لە نێو دەقەکەیدا ئاراســـتەکەی دەردەکەوێت، نالی لەم پارچە شیعرەدا دەربارەی غوڵامە تایبەتەکانی ئەحمەد پاشـای بابان دەڵێت:

**ئـەم تـاقـمـە مـومـتـازە کـەوا خـاسـسـەیـی شـاهـن**
**ئـاشـوبـی دڵـی مـەمـلـەکـەت و قـەلـبـی سوپـاهـن**

**سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن**
**حەڵقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن**
[ نالی : ١٣٨٩ : ٣٥١ ]

هەروەها دەڵێت:

**سەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادی ئەیمەن**
**قامەت شەجەر و، مەزهەری ئەڵتافی ئیلاهن**
**گەھ تاوس و، گەھ گەبکن و، گەه بۆ قەلەموونن**
**گەھ ئاتەش و، گەھ شوعلە، گەهێ دووری سیاهن**
[ نالی : ١٣٨٩ : ٣٥٢ ]

لە کۆتاییدا دەڵێت:

**بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەروقەدانە**
**شۆخی لە تەڵەبدان و هەموو سالیکی ڕاهن**
**بۆ زوڵف و ڕوخ و ئەبرووی چوون زوڵفی سیاتان**
**عەلەم وەکو ((نالی)) هەموو بە ناڵە و ئاهن**
**((نالی))! بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت**
**ئەم تاقمە مەخسوسە هەموو ساحێبی جاهن**
[ نالی : ١٣٨٩ : ٣٥٤ ]

نالی ئەم پارچە شیعرەی بۆ پیاهەڵدان و شانازیکردن بە دەسەڵاتداریەتی بابانیەکان نووسیوە، بەم پیاهەڵدانەی دوو ڕووی شاراوە ئاشکرا دەکات، هەم ئایدۆلۆژیا و بیر و باوەڕی نالی لەو سەردەمەدا هەمیش پەیوەندی ئایدۆلۆژیا بە ئەدەبەکەی، چونکە نالی لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە هەڵوێستی سیاسی خۆی دیاری دەکات ئەو وشە و دەستەواژانەی نالی بەبێ دانەپاڵی جێناوی سەربەخۆی ( من ) و بەبێ هیچ دانپێدانانێکی زارەکی نالی بەرەو ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی دەپەڕێنێتەوە ئەمە جگە لەوەی نالی (( لەگەڵ ئەو هەموو فارسی زان و عەرەبی و تورکی زانینەدا ڕێگای شیعر وتنی بە کوردی گرتووەتە بەر وەک هەویر یاری بەو وشە و ڕستەی کوردی وشەی زمانە دراوسێکان کردووە قوتابخانەیەکی بۆ شیعری کوردی داناوە )) [ نالی: ١٣٨٩ : ٦٠٤ ] .

- **سالم:**

لە تەواوی هەردوو بەرگەکەی دیوانی سالم ئەوە دەخوێندرێتەوە کە سالم خاوەن هەڵوێستێکی سیاسی و بیر و باوەڕی نەتەوایەتی بەرزبووە،

تەنانەت لە هەردوو شـاعیرەکەی تریش زیاتر جەخت لەسـەر بیروباوەڕی بابانەکان و پشتگیری خۆی بۆ بنەماڵەکەی بابان و دەسەڵاتەکانیان دەکاتەوە، کە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە دیوی یەکەمی مانای بەشـێک لە شـیعر و چامەکانیدا دەردەکەوێت، مەرجیش نیە سالم لەو سەردەمەدا چوبێتە ژێر باڵ و لایەنی هیچ دەزگا و پارتێکی سیاسـی لەبەرئەوەی (( زۆر لە شـاعیران هەڵوێسـتی ڕوون و ئاشـکرایان هەبووە و نەچووینە پاڵ هیچ پارت و ڕێکخراوێکی سـیاسـی بەڵکو وەک ئەرکێکی نیشـتیمانی بەشـداربوون لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و خستنەڕووی نادادپەروەری و ستەم و نارەوایی )) [ساڵح؛عبدالله : ٢٠١٦ : ٣٤ ]، لەبەرئەوە ئەوەی لەبەردەستدا هەیە ئەوەیە سـالم پشـتگیری خۆی بۆ کەسـایەتی نەتەوایەتی و دەسـەڵاتداریەتی کورد بە شیعر دەربڕیوە، بۆ نموونە ئەو پارچە شیعرە بە بۆنەی هاتنەوەی عەبدوڵا پاشـای بابان نووسـیوە کە یەکێک بوو لە فەرمانڕەوای میرنشینی بابان کە تێیدا سالم (( لە پارچەیەک شیعری (٤٢) بەیتیدا باسـێکی گەڕانەوەی عەبدوڵلا پاشـا لەلای ڕۆمەوە بۆ سـلێمانی دەکات، باسەکە هەرچەند بە شیعرە و بۆ پیاهەڵدانی عەبدوڵلا پاشای گوتووە لە شـیعردا لایەنی ئەدەب زاڵە بەسـەر لایەنەکانی تردا ))[ قەرەداغی : ٢٠١٠ : ٩٩ ]، سالم دەڵێت:

**تیروەشی دیمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە**
**بولبولی بێ دڵ لەدەوری گوڵ بە ئەفغان هاتەوە**
**سەختگیری کرد سەرما ئەگەر وەکو ئەفرا سیاب**
**بادی نەورۆزی بە میثلی (بوردستان!) هاتەوە**
**لەشکری گوڵ جوملە خەندانن دەڵێن: سەرماشکا!**
**تا سولەیمانی صەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە**

[ سالم : ٢٠١٥ : ٨٣٠ - ٨٣١ ]

یان ئەو شـیعرەی بۆ عەزیز بەگی بابانی نوسـیووە باس لە ئازایەتی و سـوارچاکی عەزیز بەگی بابان دەکات، کە تێیدا مێژوویەکی پڕ شـکۆداری و سـەربەرزی تۆمـارکردووە و بووە بە سـیمبوولێکی نەتەوایەتی سـەرکردایەتی میرنشـینی بابان، بێگومان ئەوەش لە فراوانی ئەندێشـە و تێڕوانینی ئایدۆلۆژیانەی سـالمە کە بەو شـێوازە و بە کۆمەڵێک کەرسـتەی زمانی و هونەری گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆی و پشتگیری میرنشینەکە و دەسەڵاتەکەی دەکات، سالم دەڵێت :

**(سەن سەن)ی سواری نیزام و (گەل ئولان)ی تورک ئوشاغ**
**بـگـرە بـگـرەی کــورد زمــان و ئــاخ ئـاخـی تــورکـمــان**
**قەهـرنــاک و ســەربــو رەهـنـە ئـاتەش ئەفشـان حـەلفــەوەر**
**جـەنـگ جـۆبوون یەک بە یەک هەر سوو وەکو بەبری بەیان**
**بەخـتێ سوتێ سـالەوێی حـەق، حـەق حـەقی لێ وەردەگـرێ**
**بـەد نــمـەک گیـری نـمـەک بێ وەک ئـەوان دایـان بــەوان**
**بۆ مــەداری نــان عــەشیـرەت قــەت مــەداریـکـی نـەبــوو**
**ئــاشـەکــەی تـەبعی بـەنــاوی کــەیـدی ڕۆمــی هـاتـە دان**

[ سالم : ٢٠١٥ : ٥١٢ ]

**- کوردی :**

شـــاعیران لەماوەی ژیانیاندا دووچاری چەندین کارەســـات و ڕووداوی بچووک و گەورە دەبنەوە کاریگەری لەسەر ژیانی خۆیان و ژیانی ئەدەبیان دەبێت، لەبەر ئەوەی شـــــاعیریش وەکو هەر تـاکێکی کۆمەڵ بە هەموو کـاریگەرییەکـان کـارتێکراو دەبێت، ئەو کـاریگەریـانەش زۆربەی جـار لە ئەنجامی گۆڕانکاری سـیاســی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە دەبێت، مستەفا بەگی کوردی کە ئامۆزای ســالم بووە شــایەتی چەندین ڕووداو و شــەڕ و شۆڕی گەورەدا بووە، کە هەموویان بە شێوازی جۆراوجۆر لە شیعرەکانیدا بـاســـکراون و خراونەتە ڕوو، کوردیش لایەنگیری خۆی بۆ لایەنێکی دیاریکراو کە پاشــا وبنەماڵەی بابانەکانە دەرخســـتووە بۆ ئەمەش چەندین نموونەی شـــیعری هەن کە دەتوانرێت بکرێن بە بەڵگە بۆ ئـایدۆلۆژیا و باوەڕی کوردی، ســـەرەڕای ئەوەش کوردی وەکو کەســـایەتیەکی ئاینی و شــاعیرێکی خاوەن بیرو ئایدۆلۆژیای ئاینی بە چەندین شــێوە و لە چەندین شیعردا ئەم ئەم بیروباوەڕی خۆی دەسەلمێنێت، کە لە هەموویاندا بە وشە و دەســتەواژەی جیاوازی ســۆفیگەری و عاریفیەکانی وەکو ( زاهید، خانەقا، پیر، حەق، بارەگای جەلال ،حەبیب، قادر، یەدی بەیضــا، ئیعجاز، شــەوی هیجرەت ..... هتـد) و چەنـدین کەرســـتەی زمـانی جیـاواز خۆی وەکو پەیڕەوکارێکی تەریقەت دەناسێت، بۆ نموونە لەو دێڕەدا دەڵێت :

**گەرچی فەیض ئێوە تەعطیری دڵ و گـوێ وچـاو دەکا**
**بۆ دەمـاغ و جـانە نەشئـە و قــووتی ئاسمـانـی فیـراز**
**بانگ کەنە (زاهید)، نەمان ڕەندانی گۆشەی (خانەقا)**
**بێـن کە وازە دەرکـی مەیـخـانان و خەڵـوەتـگـاهی ڕاز**

[ کوردی : ٢٠١٠ : ١٥٧ ]

**هەروەها دەڵێت :**

**(قادر)ە (قادر) بە چارەم ئەیپەرستم (قـادری)م**
**بۆیە (کوردی) قەت لەناو ئەم داوەدا نابێ قوتار**

[ کوردی : ٢٠١٠ : ١٣١ ]

هاتنی ناوی " قادر" لەشیعرەکانی کوردیدا هۆکاری جیاوازی لە پشتەوەیە کە هەریەک لە لێکۆڵەر و ئەدیبان بە تێڕوانین و بۆچوونی تایبەتی خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن یان بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک دەستی تاوانی بۆ درێژ دەکەن، باسەکەی ئێمە لێرەدا نییە، ئەوەی گرنگە لێرە هاتنی ناوی (قادر)ە کە کە چەندین جار لە شیعرەکاندا دووبارە بووەتەوە و کوردی چۆن و بۆچی بەکاری هێناوە؟ حەمەبۆر کە سەرجەم شیعرەکانی کوردی لێکیداوەتەوە لە کۆتایی بەرگی یەکەمدا هۆکاری ئەم ناوهێنانە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە و لە یەکێک لە هۆکارەکاندا دەڵێت : ((قادرێکی تر لە ژیانی (کوردی)دا بە مەبەستی پاک بە پێی باری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ئاینی و ڕەوشت بەرزی کوردەواریمان، هێرشی شەپۆلێکی صۆفیگەری لەناوچەی بابانی سەرێنی (کوردی)دا بەندیوارییەکی توند و تۆڵ و تۆکمە لەگەڵ یەکێ لە گەورە پیاوانی کوردمان (شێخ عبدالقادری گەیلانی – واتە غەوسی گەیلانی ، یاغەوسی بەغدا ) داهەبووە وە هەر ئەویش (واتە غەوس - غەوث) کوردێکی زانا و هونەرێکی لێهاتووی بەتوانا و صۆفیەکی سەرۆکی (طەریقەت = ڕێباز)ی (قادری) یە ....... ئەو بەندیوارییە گیانییە و بەدڵ خۆشەویستییەی لە چەند هەڵبەستێکی خودی (کوردی) دا سەریان هەڵداوە ))

[حەمەبۆر : ٢٠١٠ : ٥٦٤ - ٥٦٥] .

## 3-1-2-2- لە ڕووی ڕەهەندی مێژووییەوە :

هەر کارێکی ئەدەبی سەرچاوە و هەڵقوڵاوی سەردەمێکی مێژوویییە و نمایشکردنی واقیعە مێژووییەکە بە دارشتنێکی هونەری و ئەدەبی و بە پەیوەندییەکی ئیستاتیکی و داهێنەرانەدا بنیاد دەنرێت لەبەرئەوە ((بەشێکی گەورەی میراتە ئەدەبییەکان لە ڕووی ئەو ناوەرۆکە تایبەتییەی، کە هەیانە بە شێوەیەک پەیوەست بە ژیان و ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی نوسەر یان شیعر دەبن، بۆیە گرنگی و پێویستی لێکۆڵینەوەکاری لەم بابەتانە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە کۆنەوە جێگەی سەرنج بووە ئەم گرنگییە کاتێک هەستی پێدەکرێت، کە هۆنراوەی شاعیر

ڕەنگدانەوەی وردی ڕۆژگار و ژیانی ئەو))ە [ نازم و حوسێن : ٢٠١٨ : ٢٩٣ ]، ئەو کاتە زیاتر ڕەخنەگر یان خوێنەر بە لای مێژوو یان قۆناغی لەدایکبوونی و بەرهەمهێنانی دەقەکەدا دەڕوات و دەبێتە جێگای بایەخدان، ڕەهەندی مێژوویی یەکێکە لە ڕەهەندە ڕەخنەییەکان کە لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی ئەدەبی میکانیزمی کارەکانی تێدەپەڕێنێت و دەقێکی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت، کە تێیدا بە شێوەیەکی ئەدەبی کار لەسەر ( نێرەر – دەق – وەرگر ) دەکات، ئاشکرایە شاعیرانی کلاسیک هەڵکەوتەی قۆناغێکی مێژوویی گەورەن بە تایبەت هەرسێ شاعیری کلاسیک ( نالی – سالم – کوردی ) لە مێژووی ژیانیاندا جگە لە ڕووداوی لاوەکی و خودی چەندین ڕووداوی گەورە گەورە بەسەر ناوچە و ژینگە و سنووری جوگرافیایدا هاتووە، کە هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی کاریگەر لە بەرهەمەکانیان ڕەنگ دەداتەوە.

**- نالی:**

چەندین توێژینەوەی جۆراوجۆر دەربارەی نالی و مێژووی ژیانی نالی ئەنجام دراوە، کە هەر توێژەرێک لە ڕوانگەی خۆیەوە و لە گۆشەیەکی ژیانیەوە دەڕوانێتە بەرهەم و دەقە شیعریەکانی نالی، ژیاننامەی شاعیر خاڵێکی سەرەکی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدبییەکانی شاعیرە لە ڕووی ڕەهەندی مێژووییەوە "هیپۆلیت تین" ((لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی ئەدەبی ( بە شێوەیەکی گشتی نەک تایبەتی ) بە ڕەنگدانەوەیەکی بارودۆخەکان و ژیانی نوسەر داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێگایەکی بۆ هەندێک تێڕامانە هونەرییەکان هێشتۆتەوە و ئەمەش خاڵێکە، کە دەتوانێت لەسەر بنەمای چەند لایەنێک لە دیدگاکانی ( ڕەخنەی نوێ ) ڕەوایەتی بە ڕەخنەی ژیاننامەیی بدات، چونکە بە باوەڕی ڕەخنەگرانی نوێش زانیارییە مێژوویی و ژیاننامەییەکان دەکرێت لە تێگەیشتنی دروستی بەرهەمەکەدا یارمەتیدەربن)) [ نازم و حوسێن : ٢٠١٨ : ٢٩٧ ]، ئەو بارودۆخە جیاواز و کۆچ و کۆچبارییەی نالی و کۆمەڵێک بەسەرهاتی خودی ژیانی نالی بوونەتە هۆکاری خولقێنەری چامەکەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" و چەندین شاکاری مەزن، کە بە شیکردنەوەیان دەردەکەوێت هەڵکەوتەی کام سەردەم و کام قۆناغی مێژوویین، ئەوەی نالی بە ناسکی خەیاڵ و ئەندێشەی شیعری سیحر ئامێز و وێنەی داهێنراوی هونەری و زمانێکی دەوڵەمەند بە وشە و زاراوەی سەردەمی و وشە و واتا و وێنەکان لە تابلۆیەکی فرە ڕەهەند دا دەکێشێت، بە تایبەتیش زەقکردنەوەی مێژووی بەرهەمهێنانەکە و سنورە

جوگرافیەکەی بۆیە ((ئەگەر خاک و خۆڵی کوێرەدێی دوور لە شارستانیەت جێگەی لە دایکبوونی نالی نەبووایە، ڕەنگ بوو ناوی هەر نەمابایە و لەناوچووبایە.... ئەم ناوە لە زستان دا لە هەموو دونیادا دەبڕا، بەڵام هەر گەورەیە و هەر ئاوەدانە چونکە فرەزەندێکی وەکو نالی لێ بووە )) [ خەزنەدار : ١٩٨١ : ١٧ ]، ئەو چامەیەی نالی لە تاراوگە و غەریبیدا دەینوسێت و دەینێرێت بۆ سالم بە کۆمەڵێک کەرستەی جیاوازی زمانی و وشە و دارشتنی زمانی مێژوویی دەقەکە و سەردەمی بەرهەمهێنانەکەی دیاریدەکەن، کە ئاشکرایە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان و دەسەڵاتی عوسمانیەکان بووە، جگە لەوەی هەر دەقێکی نالی نواندن و نمایشکردنی ڕەهەندێکی جیاوازی ئەدەبییە و بە تایبەتیش لە چاویلکەی ڕەهەندی مێژووییەوە لە گەورەوە بۆ بچووک وردتر دەکرێتەوە، بۆ نموونە لەو شیعرەدا دەڵێت:

**هەتا تۆم ئاشنابووی ئاشنام بوون**
**ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ**
**هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ**
**تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ**
**لە حەسرەت سەرووی قەددت چاوی ((نالی))**
**دوو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ**

[ نالی : ١٣٨٩ : ٣٩٣-٣٩٤ ]

نالی ئەو دەقە دەکاتە بنەمای بەڵگەیەکی بەرجەستەکراو لە ڕووی مێژووییەوە بۆیە شیعرەکە ((وا ئەگەیەنێ کە حەبیبە تەنیا دوو ساڵ لەگەڵ نالی بووە، چونکە دەردەدڵی ئەوەئەکا ئەڵێ : تاتۆ ئاشنام بوویت هەموو کەسم بوو، ئێستە کە تۆ نەمای هەموو کەسم لێ بوو بە بێگانە.... لەبەر ئەو کۆچە کە ئیمساڵ تۆ کردت، داوای مردنی پێرار ئەکەم )) [سەججادی : ١٣٨٩ : ٢٤٥]، نالی لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوڵکارەکانی کاتی ( ئەمێستا ، ئەمساڵ ، پێرار ) قۆناغی مێژووی دەقەکە دیاری دەکات کە بۆ ماوەی دووساڵ لەگەڵ خۆشەویستەکەی بووە و بەردەوام نەبووە لەگەڵیدا و بە بەجێهێشتنی تەمەننای مردنی پێرار دەکات، ژمارەی ئەو شیعر و دێڕانەی کە هەڵگری بارودۆخ و سەردەمی مێژوویین لە دیوانی نالیدا یەکجار زۆرن کە هەندێکیان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ دەلالەتە لە قۆناغێکی دیاریکراو وە هەندێکیش لەو شیعرانەش لەژێر پەردەی ڕەمز و ئیحا مێژووەکە ڕووندەکاتەوە، نالی چەندین شیعری بۆ کەسایەتی و سەرکردەکانی وەکو

(ئەحمەد پاشــا – سـلێمان پاشــا – مەحمود پاشــا ....) یان ئاماژەکردن بە ڕووداوێکی دیاری شـاری سـلێمانی وەکو لافاوەکەی سـلێمانی و ڕووخانی میرنشـینی بابان و چەندینی تر کە پڕاوپڕن لە ئاماژە مێژووییەکان و ڕێگا خۆشـکەرە بۆ گەیشـتن بە ڕاسـتی و دروسـتی کات و سـەردەمی ڕووداوە مێژووییەکان، نالی دەڵێت:

**هود هودی دڵ حەبسی بەڵقیسی سەبـای دیوە، یەقین**
**خۆی کە دامێن گیری شـاهی ئەسـەفی سانی دەکا**
**ئەو کەسە تەحدیسی نیعمـەت بێ موراد و مەتڵەب**
**میثـلی ((نالی)) ئـیعتیسـالی ئەمـری یەزدانی دەکا**

[ نالی : ١٣٨٩ : ١٠١-١٠٢ ]

ئاماژەکانی (هود هود – بەڵقیســـی ) دەلالەت لە حەزرەتی ســـولەیمان پێغەمبەر دەکەن و گوزارشتی (شـاهی ئەسـەفی سـانی) ئاماژەیە بۆ سلێمان پاشــای بابان کە بە لێکۆڵینەوە لە دەســەڵات و پلە و پایەی سـیاســی بەڵگە مێژووییەکە بەهێزتر دەکـات زەمینەیەکی مێژوویی دەســـازێنێت، کە بە هۆکاری کۆمەڵێک ڕەهەندی هونەرییەوە هاتوتە ئاراوە.

- **سالم :**

بێگومان هەموو دەقەکێکی ئەدەبی لەدایکبووی ســەردەمێکی مێژووییە و لە دەرەوەی مێژوو هیچ دەقێک بوونی نابێت، ســالمیش بە هۆکاری ئەوەی ژیـانی بە قۆنـاغی جۆراوجۆری کـارەســـات و ڕووداوگەلێکی مێژوویی تێپەڕبووە، لەدایکبووی کۆمەڵگایەکی هاوتەریب بە گۆڕانکاری بەردەوامی ســـیاســـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییە و ئەوانەش فـاکتەری ســـەرەکی بەرهەمهێنانن وهۆکارەکانی داهێنان چڕتردەکەنەوە دەبن بە ئاوێنەی کۆمەڵ و پەیـامەکـانی، هەر لەبەر ئەوەشـــە "تین" بـاوەڕی وایە کە (( ئەدیب لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵە یاسـایەکی سروشتیدا دەژی و ملکەچی ئەو ســـیســـتەمە دەبێت و بەرهەم و داهێنـانەکـانی مەعریفی و مێژوویی ئەو سـیسـتەمەدایە.... بۆیە پێی وابوو ســێ هۆکار کاردەکەنە سـەر بەرهەمی ئەدیب و ملکەچی ویســـتی خۆیـانی دەکەن ئەوانیش بریتیین لە : ڕەگەز، ژینگە، سەردەم )) [ تاتانی : ٢٠١١ : ٢٨ ]، بە گوێرەی سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکانی شــاری سـلێمانی لە ســەردەمی میرنشـینی باباندا دووچاری چەنـدین ڕووداوی گەورە گەورە بۆتەوە کە لە بیر و زیهنی شـــاعیر و نوســەراندا کەڵەکەبووە و بووە بە دەرهاویشـتەیەک لە داهێنانە ئەدەبیەکاندا، سالم وەکو شاعیرێکی ئەو قۆناغە مێژووییە چەندین بەرهەم و دەقی ئەدەبی

هەیە کە هەڵقوڵاوی سەردەمێکی دیاریکراو و ڕۆژگارێکی پڕ لە نەهامەتی و قات و قڕی و بەدبەختیە، کە هەموویان بە ئاشکرا و بە نهێنی ئاماژەن بە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی ئەو ڕۆژگارە (( ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتیەکان و ڕووداو و هەلومەرجی مێژوویی و سیاسی میرنشینەکەدا چەند قەسیدەیەکی شاکاری هۆنیوەتەوە، کەوا یەکێتیەکی پتەو و ئۆرگانێک لەباری فۆرم و ناوەرۆکەوە لە نێوانیاندا هەیە..... وەکو شاعیرێکی باڵادەستی شیعری داستانی قارەمانی و چیرۆکی مێژوویی و سوارچاکی، گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لە توانا و داهێنانی شیعری )) [ دەشتی : ٢٠٢١ : ١٨ ]، وەڵامی نامەکەی نالی و شەڕی بابان و عوسمانییەکانیش نموونەیەکن لەو قەسیدانە، سالم لەو قەسیدەیەدا کە لە (١٠١) دێڕ پێک دێت سەرتاپای باسی شەڕەکە و چۆنیەتی ڕوودانی و باسی کەسایەتییەکان و لە هەردوو بەرەی کوردەکان و عوسمانیەکان هەروا بە شێوازێکی کاریگەر سۆز و هەڵچوونی دەروونی کە لە حاڵەتی گڕگرتن و سووتاندایە هەڵدەڕێژێت لە ڕێگەی چەندین کەرستەی زمانی و وشە و واتای هونەری، کە لەو دیوی دێڕەکانەوە دەستنیشانی کات و قۆناغە مێژووییەکەی ئەو شەڕە دەکات، سالم دەڵێت:

**چاوی عیبرەت هەڵبڕە، ئەی دڵ ! لە وەزعی دەهری دوون**
**سەیرکە ساتورکی دەڵەک چی کرد بە زومرەی کوردزوبان**
**چارەسەرکەن ئەهلی دەروێش! نانی مفتیمان بڕا**
**لوولە بوو سفرە و نەواڵە، ون کراوە ظەرف و خوان**
**ئەهلی سادات و مەلا و حاجی، بڵا شین کەن بە سۆز**
**دەفتەری ئەهلی وەظایف، دیم ـ عوموومەن ـ حەک کران!**
**عەرصەیی مەیدانی چەرخە، ئێستە جەولانگاهی بووم**
**بوو بە لانەی زاغی بەدخوو، ئاشیانەی باڵەبان**
**دڵ لە میحنەت کەیلە، تابی سەبری ناوشارم نییە**
**عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لە داغی مەردووان**
**بێ زوبان، کوکوزەنان، هەر خانەدان تێ دەفکرم**
**عەنکەبووت خوا جا نشینە و جفت جوغدن دیدەبان**
**حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سولەیمانی)، درێخ!**
**کەوتە دەستی دێوی دوون، موجری سولەیمان، ((الأمان))**

[ سالم : ٢٠١٥ : ٥٢٧-٥٢٨ ]

لە سەرووبەندی ڕەهەندی مێژووییەوە کە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر

دەگێڕێت لە شیکردنەوە ڕەخنەییە ئەدەبیەکان و هەروا دەستنیشانکردنی ئەو وشە و دەستەواژە و گوزارشتە پەیوەستانەی بە قۆناغ و سەردەم ئاڕاستە مێژووییەکە دیاریدەکەن((وەکو مامۆستا قەرەداغی خۆی پێمان دەڵێ،ڕۆشنبیری سالم ئاوێنەی ئەو سەردەمە مێژوویەیە کە تیایدا ژیاوە، ژیانی خەڵکەکەی و کلتووری سەردەم بوون بە هەوێنی شیعرەکانی بۆیە لەهۆنراوەکانی سالمدا وەکو کەسێکی تێگەیشتوو و شارەزا ناوی گوند و دێهات و ناوچەکانی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان بە چڕی لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێن ،داب و دەستوور و چینی خوارەوەی کۆمەڵگا.... ئەنجا ڕێو ڕەسم و عەنعەناتی پاشایان و بنەماڵەی حوکمڕان و چینی سەرەوە و دەسەڵاتداران بەهەمان شێوە هۆنراوەکانیان تەژی کردووە))[دەشتی:٢٠١٢:٢٦٥] بۆ نموونە لەو پارچەیەدا ئاماژەکانی وەکو (وەضعی دەهری دوون، تورکی فەلەک، کوردزوبان، مەیدانی چەرخە، عەینی چاوم خوێنی تێ زاوە، مەردومان، تەختی سولەیمانی، موهری سولەیمان) دەبنە دەروازەیەک بۆ تێپەڕبوون و ڕۆچوون بە نێو وشە و واتا پەیوەندیدارەکان و کرانەوەی دەقەکە بە ڕووی میتۆدی مێژووییەوە و دەستنیشانکردنی قۆناغەکە.

- **کوردی:**

سەبارەت بە زمانی شیعری کوردی لە ڕووی ڕەهەندی مێژووییەوە دەبێت جەخت بکرێتە سەر ئەو دەقانەی زیاتر ئاڕاستەیەکی مێژوویی وەردەگرن و لە چوارچێوەیەکی تێکەڵ بە کەسایەتی و ڕووداوی مێژوویی، کە تێیدا لە پشتی ئاماژە مێژووییەکەوە کەرستە زمانی و چۆنیەتی داڕشتنی زمانییەکە دەردەکەوێت، بە تایبەتی ئەو دەقانەی لە سەرووبەندی شەڕ و شۆڕی بابان و عوسمانییەکان یان ئەو کارەساتانەی لە سەردەمی قۆناغی ژیانی مستەفا بەگی کوردیدا دووچاری شاری سلێمانی هاتوون، جوانی گوزارشتکردن و ئاسان بەردەستخستنی داتا و ئاماژە مێژووییە تایبەتەکان، لە ڕێگەی هونەرەکانی درکە و خوازەوە کارەکانی ڕەخنەگر ئاسانتر دەکەن ((لە ڕەخنەی مێژووییدا ڕەخنەگر هەوڵی ئەوە دەدات ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئاماژە وردەکان، یا بۆ ئەو زەمینە مێژووییانەی ناو بەرهەمەکە، کە شیاوی کشان و درێژکردنەوەن کە لە ڕێگەی تێلنیشیانەوە تەنیا گۆشەیەک لێیان نێشان درابێت، بەدەستەوە بدات)) [ نازم، حوسێن : ٢٠١٨ : ٣٠٦ ]، ئاماژە ڕەخنەییەکان لە ڕەهەندی مێژووییدا لەلای کوردی ورد و ئاشکران، ئەگەر مەبەستە مێژووییەکە لە سیاقێکی هزری و

هونەریدا داڕێژرابێت، ئەوا تەم و مژی و نادیاری ئامانجە مێژووییەکە لە هەمان سیاقدا بەرجەستە نابێت، نموونەی زۆر لەبەردەستدا هەن بۆ ئەم میتۆدە ڕەخنەییە لەلای کوردی هەر لە کارەساتە جیاواز و شەڕ و ڕووداوە گەورەکان بەشێکی زۆری دیوانەکەی داگیرکردووە، بۆ نموونە لە پارچە شیعرێکدا وشە و وێنە و ئاماژە مێژووییەکان هاوتەریب لەگەڵ مەبەستێکی شیوەنیدا باسی ڕووخاندنی محمود پاشای بابان دەکات، کوردی دەڵێت:

**خەبەرێکم بدەنێ**

**خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر**
**ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتەدەر**
**نوری (مەهدی) لە طەرەف مەککەوە ظاهیر بووە یا**
**(غەلەبەی ڕۆم)ە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر)**
**ئەشکی خوێنینە لە چاوما بەگڕێ وەستاوە**
**یا غوباری ئەلەمە باعیثی عومیانی بەصەر**
**ثەبتی تأریخی لە نیو بەحری حوروفا ئەلەم**
**سەر بەسەر سەیری بکەن سەیرە هەتا سەریەکدەر**
**خەوە یان وەسوەسەیە یا کە بەرەئیولعەینە**
**ئەم عەلاماتە کەوا دێنە ئەبەمەددی نەظەر**

[ کوردی : ٢٠١٠ : ١٣٦ ]

ئەگەر لێکۆڵەری دیوانی کوردی (مستەفا حەمەبۆر)یش لێکدانەوەی دێڕ بە دێڕی بۆ ئەم پارچە شیعرە نەکردایە و چۆنیەتی داڕشتنی وشە و وێنەکانی ڕوون نەکردایەتەوە،ئەوا هەر دەزاندرا کە مستەفا بەگی کوردی باسی کارەساتێکی گەورە و دڵتەزێن و خوێناوی دەکات، لەبەرئەوەی ڕووی دەرەوەی شیعرەکە پەردە لەسەر شاراوەیی و نهێنی مەبەستی شاعیر لادەدات، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین کەرستە و وشەی فەرهەنگی بیر و هیزری خوێنەر بەلای کارەساتەکەدا دەبات، بۆ نموونە کوردی هەموو ئەو دەستەواژانەی وەکو ( خەبەر، حەشر، نوری مەهدی، غەلەبەی ڕۆم، غوباری ئەلەم، عومیانی بەصەر، خەو ) بەکارهێناوە کە دەلالەت لە بوونی کارەساتێک دەکەن و بەرەو واتای دەقەکە هەنگاو دەنێن ئەویش کە ڕوخانی مەحمود پاشای بابانە، کە لە ڕێگەی بەڵگەی مێژووییەوە دەتوانرێت ساڵ و مێژووی کارەساتەکە دەستنیشانبکرێت و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ژیان و سەردەمی شاعیر و بەپێی میتۆدی مێژوویی

لێکدانەوە بۆ ئەو دەقە بکرێت.

ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئەم تەوەرەیە و خستنە ڕووی زمانی شیعری شاعیران (نالی – سالم – کوردی) لەڕووی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە زیاتر دەرخستن و نیشاندانی هەریەك لە ڕەهەندەکانە بەپێ ی بوار و مەودای کارکردنی شاعیرانی ناوبراو لە نوسینی شیعرەکانیاندا، بۆ نموونە ڕەهەندی دەروونی لە ڕوانگەیەکی تایبەت و دیاریکراوەوە دەقی شیعری شی دەکاتەوە کەسایەتی شاعیر هەڵدەسەنگێنێت بەپێ ی ئەو بارودۆخە دەروونیەی کە لەو دەقەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەویش هەریەك لەو شاعیرانە گرفتاری دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز بوون بە هۆکاری جیاوازی غەریبی و غوربەت و دووری و کارەساتی خوێناوی شەڕوشۆڕ و کاولکاری و ماڵوێرانی، بە هەمان شێوە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و ڕەهەندی مێژووی بەپێ ی میکانیزمێکی خۆیان بەرەو لێکدانەوەی دەقەکە دەچن کە لە کۆتایشدا هەموویان پەیوەندییەکی قوڵیان بە حاڵەت و دیاردەی نۆستالۆژیاوە هەیە لەبەر ئەوەی لە هەمووحاڵەکاندا نۆستالۆژیا بە هەردوو جۆری گشتی و تاکەکەسیەوە دەبێتە خاڵی ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی زمانی دەقەکە بە پێی ڕەهەندە ڕەخنەییەکانەوە.

**ئەنجام**

**یەکەم-** نۆستالۆژیا وەکو حاڵەت و هەستکردن بە حاڵەتەکە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی بەگشتی و شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم بەتایبەتی ڕوون و ئاشکران، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو نیشانە و خاسیەتانەی پێویستە لە دەقێکی نۆستالۆژی بوونی هەبێت لە شیعری شاعیرانی ئەو قۆناغە بوونی هەیە بەتایبەتیش لەلای نالی و سالم و کوردی، قۆناغە بوونی هەیە غوربەت و تاراوگە هۆکاری یەکەم و ڕووخانی میرنشینی بابان هۆکاری دووەمی و سەرەکی بەرهەم هێنانی دەقە نۆستالۆژیاکانی لە لای نالی و سالم و کوردی، کە لەو ڕێگایەوە نیشاندابێ چەندین وێنە و دیمەنی حەسرەت و تا سەر شەوقی گەڕانەوە بۆ چەندین ساڵی ڕابردوو دەخاتە ڕوو، هەروەها کەوتنە ژێر باری چەتری نۆستالۆژی بوونی خۆیان دەسەلمێنێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی نۆستالۆژیایی غەمی غوربەت و دووری لە نیشتیمان زۆر بە زەقی لە شیعریەکانی هەرسێ شاعیر بەرچاو دەکەوێت، چونکە ئەو وشە و وێنانەی پەیوەستن بە عەشقی نیشتیمان زۆر بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە لەو کەرستانەی دیکەی نۆستالۆژیا کە پێویست بە زانیاری زیاتر دەکات دەرباری ژینگە و کات و سەردەمی شاعیران.

**دووەم-** گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە لای هەرسێ شاعیر(نالی – سالم – کوردی ) بەشێوەیەکی ڕێژەییە و ڕەهایەتی تێدا نییە، بەو واتایەی گەڕانەوە بۆ جۆرەکانی نۆستالۆژیا لە شیعرەکانیاندا وەکو یەک نییە و لە هەڵکشان و داکشاندایە لە لای یەکێکیان بە ڕێژەیەکی زۆرە و لەلای ئەوەی تریان بەم شێوەیە نییە، بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لە ژێر ڕۆشنایی دیاردەی نۆستالۆژیاوە دروست دەبێت، بە تایبەتی لە ئەدەبدا شاعیران بە ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە و بۆ هەڵهاتن لە هەموو ئاستەنگەکانی گەورەبوون و ژیان تاوێک ڕوو دەکەنە سەردەمی منداڵی خۆیان و لە وێوە شریتی ئەو قۆناغە بە خۆشی و تاڵاوی کۆنەوە لێدەدەنەوە، بەڵام شاعیران (نالی و سالم و کوردی) زۆر بە کەمی بەرەو ڕووی ئەو گەڕانەوەیە دەچن و بەرهەمەکانیان لە قەرەی ئەو قۆناغە زێڕینە نادەن، تەنانەت نالی لە سەرتاپای دیوانەکەیدا دێڕێک بەدی ناکرێت کە تێڕوانین و پێشبینی خوێنەر بگۆڕێت سەبارەت بە بوونی ئەو دیاردەیە و ئەو جۆرەی نۆستالۆژیا، هەروەها سالم و کوردیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەوەی ئەوان لە نالی جیادەکاتەوە تەنها تاکە دێڕێکە کە دەمانگەینێت بەوەی بڵێین بۆ تەنها جارێکیش بێت هەر یەک لە سالم و کوردی کەوتوونەتە ژێر باری حەز و ئارەزووی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی.

**سـێیەم-** دیسـانەوە چۆنیەتی گەڕانەوە و جۆرەکانی بەیەک ئاستی تێپەڕبوون بەردەوام نابن، بۆ نموونە نۆسـتالۆژیایی تاکە کەسـی و جۆری گەڕانەوە بۆ دۆزینەوەی شـاری نموونەیی لە شـیعرەکانی نالیدا بوونی نیە، بە پێچەوانەی سـالم و کوردی کە بەشـێکی زۆری دەقەکانیان گەڕانەوە بۆ دۆزینەوەی شـاری نموونەیی لە جۆری نۆسـتالۆژیای تاکەکەسـی بەدی دەکرێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەیە کە ئەوان شـایەتی بینینی هەموو شـەڕ و شۆڕ و ماڵوێرانی و کارەساتە گەورەکانی شاری سلێمانی بوون لە نێویدا وەکو کارەکتەرێکی بەشداربووی شـەڕ و کارەساتەکان ئامادەییان هەبووە، بەڵام نـالی لە دوورەوە و تەنیـا لە شـێوەی هەواڵ درکی بە بـارودۆخە جیاوازەکانی شارەکی کردووە، کەواتە نالی و سالم و کوردی لەسەر هەمان هەست کردن بە حاڵەتە جیاوازەکانی نۆستالۆژیا کار ناکەن و گەڕانەوەکان وەکو یەک و هەمان پێوەری یەکتر ئەنجام نادەن.

**چوارەم-** گەڕانەوە بۆ داسـتان و بابەتە ئەفسـانە ئامێزەکان لە شـیعری هەرسێ شاعیری ناوبراو لە پلەیەکی بەرزی بەکارهێناندایە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەر یەکێکیان بە ڕێژەیەکی زۆر ڕەمز و نیشـانە دیارەکانی داستان و ئەفسـانە بەناوبانگەکانیان ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە، بەڵام ئەدەبی فۆلکلۆری و بەش و بابەتەکانی وەکو ئیدیۆم و قسـەی نەسـتەق و پەندی پێشـینان .......هتد لە لای سـالم وکوردی زەق و بەرچاوترە وەک لە لای نالی.

**پێنجەم-** زمانی شیعری لای شاعیرانی ناوبراو ئاڕاستەیەکی دەروونی و ئـایدۆلۆژی و مێژوویی وەردەگرێت لە ڕووی نـاوەرۆکەوە، کە هەڵگری چەندین مانا و دەلالەتی حاڵەتە هەڵچوون و سـۆزدارییەکانن و پەیوەست بە هەسـتە جۆراوجۆرەکانی نۆسـتالۆژیا، بەڵام لە ڕووی فۆڕمی زمانیەوە هەروا کۆمەڵێـک ڕەهەنـدی نۆسـتالۆژی تێکەڵ بە وشـە و زاراوە و دەستەواژەکان دەبێت و ئاڕاستەیەکی نۆستالۆژی وەردەگرێت، بەشێوازی تایبەت لەلای هەرسـێ شـاعیری کلاسـیک نالی و سـالم و کوردی، بە شـێوەیەکی گشـتی ڕێژەیی بەکارهێنانەکان بەرز و نزم دەبێتەوە و لەسـەر یەک ئاستی بەکارهێنان هەنگاو نانێت، بۆنموونە زمان لە ڕووی ڕەهەندی مێژوویەوە لەلای هەرسـێ شـاعیر نزیکەی وەکو یەک بەکارهاتووە، بەڵام زمان لە ڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە بە یەک ئاسـت تێپەڕ نابێت لەبەر ئەوەی لای نالی ئەوشـیعرانەی شـیکردنەوەیەکی دەروونیانە دەگرنەخۆ بە ڕێژەی ٤٥٪ و لەلای سـالم ٧٠٪ و لەلای کوردی ٦٠٪ ە، هەروەها ئەو

شــــيعرانەی زیاتر ڕەهەندی ئایدۆلۆژی بەهەردوو بیرو باوەڕی ئاینی و سـیاسـی دەگرێتەوە لەلای سـالم کەمترە و بە ڕێژەی١٢٪ یە کەچی لەلای کوردی هەندێک ڕێژەکە بەرزتردەبێتەوە بۆ ٢٥٪ و لەلای نالیش بە ڕێژەی ٣٦٪ە.

## سەرچاوەكان:

**أ-كتێب:**


- ئـاغۆک ، ئـاری (٢٠٠٢). بزاڤی تەغریبی، هەولێر، چاپخانەی میدیا.
- ئاشنا،ئومێد(٢٠٠٧). شێوه وناوەڕۆك، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس..
- ئەحمەد، شـوان (٢٠١٦). هێزی ئەدەب ، سـلێمانی، ئەندێشە.
- ئەحمەدی، ساماڵ (٢٠١٤). ئەدەبیات و تەنیایی چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠٠٨). پەند و قسـەی نەستەقی شاری خانەقین، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- ئەمین، توانـا (٢٠٠٨). مەنفـا و خـوێنـدنەوە، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژ(١٥).
- پیربـاڵ، د.فەرهاد (٢٠٠٤). ڕێبازە ئەدەبیەکان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- تـاتـانی، د.محەمەد (٢٠١١). دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چاپخانەی شڤان.
- جەبـاری، کەسـاس (٢٠١٥). چەنـد لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، سلێمانی، ئەندێشە.
- حەسـەن، ئیبراهیم مەولود (٢٠٠٧). پێکهـاتەکـانی ئەفسانەی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج. حەسەن، محمد فریق (٢٠٠٨). ______ ، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- حسـین، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨). ئیسـتاتیکای شـیعری کوردی - کوردستانی عێراق (١٩٥٠ - ١٩٧٠)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- حەمەئەمین، محمد محمـد (٢٠١٤). ________ لە شیعری نالیدا، چاپخانەی چوارچرا.
- حوسـین، هیمداد (٢٠٠٧). ڕێبازە ئەدەبیەکان، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ( ئاراس).
- خاڵ، شێخ محمد (٢٠٠٧). پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، ، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

- خەزنەدار، د.مارف (١٩٨١). نالی لە دەفتەری نەمریدا، زنجیرە لێکۆلینەوە (٩)، دەزگـای ڕۆشـــنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- -خەزنەدار، مارف (٢٠٠١). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- .دەشـتی، د.عوسـمان (٢٠٢١). سـالمی سـاحێبقران، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- دەشـــتی،د.عوســـمان (٢٠١٢).لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- ڕەســـول، دکتۆر عیزەدین مســـتەفا (١٩٧٠) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، چاپخانەی (دار الجاحظ).
- ڕەســـول، دکتۆر شـــکریە (١٩٨٩). ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ،اربیل، مطابع التعلیم العالي.
- ڕەســول، هەڵمەت بایز (٢٠١٢) . ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- ســـەجـادی، عەلائەدین (١٣٨٩). مێژووی ئەدەبی کوردی، سنە،بڵاوکراوەی کوردستان.
- ســـەعید، د. ناز ئەحمەد (٢٠١٧). دەنگی مســـتەفا بەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، سلێمانی،چاپخانەی گەنج.
- سـدیق، ئارام (٢٠١٧). زمان و شــیعریەت، ســلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.
- سـمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد(٢٠٠١). کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا، دهۆک، چاپخانەی خەیات.
- سـیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠١). سـتایشـی ئەدەبدا - کۆمەڵێ وتار، و. لە ئینگلیزیەوە: شــێرزاد حەســەن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ســـیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠١). کتێبی نـالی، ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- سـیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٢). دیاردە گەرایی تاراوگە،چ٢، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- شارەزا، کەریم (١٩٨٤).نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی، شرکە مطبعة الادیب البغدادیة المحدودة.

- شـــەورۆ، فازیل (٢٠١٣)، (٢٠١٣). دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- شـــوان، ابراهیم احمد (٢٠١٢). ئەدەبی کۆنی کوردی، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- صـــــلیوە، هـاوژین(٢٠١٣). ڕەهەنـدی دەروونـی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا ، هەولێر ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- عەبدوڵڵا، پێشــەڕەو (٢٠١٣) . دەرونشـیکاری شـیعر ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند (٢٠١٦). نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونە شـیعرەکانی (عەبدوڵڵا پێشــەڕەو- ئەنوەر قادر محەمەد - سەباح رەنجدەر) چاپخانەی تاران.
- عەلی، جەلال مەحمود (١٩٨٢). ئیـدیۆم لە زمـانـی کوردیدا، بەغدا، چاپخانەی حوسام.
- عەلــی ،عەزیـز؛ د.تــاهـیـر مـحـمەمەد، د.قـومـری سەعید(٢٠١١). ڕوانین لە دەق، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- عزیز،عزالـدین احمـد(٢٠١٠). بنەمـاکـانی دەروونزانی گشتی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- فتاح، شاکر (١٩٨٣). ئەلیادە و ئۆدیسە، بەغدا، چاپخانەی (الحوادث).
- قــادر، ســـەرکەوت ســـەعـدی (٢٠١١). نــامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەڵاح عومەر)دا ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- قەرەداغی، عەتــا (٢٠٠٦). گەڕان بەدوای مــانــاکــانی شیعردا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- قەرەداغـی، مـحەمەد عەلـی (٢٠١٠). بەرکـوتـێــک لە خەرمانی شیعری سالم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- کەرکوکی، سەربەست (٢٠١٠). میرزا مەنگوڕی یۆتۆپیا جیهانیەکەی (گەشـــتی ئەســـتێرەی مەریخ)، ســـلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- کەریم،ئازاد عبدالواحید(٢٠٠٥). سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لەڕووی پێوەرە ئــاکــاریەکــانەوە، هەولێر، چــاپخــانەی وەزارەتی پەروەردە.
- گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٤). بنیاتی وێنەی

هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)،سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- گەردی، سەردار ئەحمەد(٢٠١٠). تیۆری ئەدەب، هەولێر، چاپخانەی ماردین.
- گەردی، پ.د. سەردار(٢٠١٧). ڕەخنەی ئەدەبی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.
- مەلازادە، دکتۆر ڕێبوار محەمەد (٢٠١٩). شێواز ناسی لە ئەدەبدا، هەولێر، دەزگای ئاوێر.
- مەلازادە، دکتۆر ڕێبوار محەمەد (٢٠٢٠). تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبدا، هەولێر، دەزگای ئاوێر.
- مەلازادە ،ڕێبوار محەمەد (٢٠١٦).نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- محەمەد، مەسعود (٢٠٠٧). دەستە و دامانی نالی، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- محەمەد، مەسعود (٢٠٠٧). چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- محەمەد، عەلی، زانیار، پشتیوان (٢٠٢١). شیعر ژ(١٠)، چاپخانەی کارۆ.
- محەمەد، د. بەڕێز سابیر (٢٠٠٦). ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلەکانی نوێ کردنەوەی شیعر، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- نازم، حوسین، سەنگەر، هیمداد (٢٠١٨). بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- ناوخۆش، سەلام (٢٠٢٠). نالی لە بەلاغەوە بۆ بەلاغە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- نقشبندی، غیاث الدین علي (٢٠٠٤). نامۆیی، چ دووەم (north East Print Copy center )
- وەند،محەمەد عەلی ئەحمەد(٢٠٠٩). ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی پارێزگاری دەروونی،و/حمە ڕشید حەسەن، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی سایە.
- زاراوەی ئەدەبی کوردی،کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی،لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان

(٢٠٠٦)هەولێر .
- دیشـــاری رەخنەی ئەدەبی کوردی،ئامادەکردنی لێژنەی ڕۆشنبیری،(٢٠١٤). هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

**ب-فەرهەنگ:**

- ئەسـوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، سلێمانی.
- زاراوەی ئەدەبی کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی(٢٠٠٦). لێژنەو ئەدەبی لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
- ســـوبحـانی، جەلال محمود علی (٢٠١٠). فەرهەنگی (المونجید)، هەولێر، چاپخانەی سەردەم.
- موکریـانی، هەژار (١٣٥٩). فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، کوردی – فارسی، تهران، چاپخانەی سروش.

**ج-دیوان:**

- بابەتاهیری هەمەدانی (٢٠١٠). نوســـین و ئامادەکردنی هیاس محمود کاکەیی، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
- تـاڵەبـانی، شـــێخ ڕەزا (٢٠٠٣). دیوانی شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆردنەوە و ساغ کردنەوەی : شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- -خـانی، ئەحمەدی (٢٠٠٥). مەم و زین، بەرهەڤکردن (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی)، هەولێر، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ.
- سالم (١٩٧٢). دیوانی سالم، گ.موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی کوردستان.
- ســالم.(٢٠١٥). دیوانی ســالم، ســاغکردنەوە و لێکدانەوە مەلا عەبـدولکەریمی مودەڕیس فـاتیح عەبـدولکەریم - محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، بنکەی ژین.
- ســـالم(٢٠١٥). دیوانی ســـالم، ســـاغکردنەوە و لێکدانەوە مەلا عەبـدولکەریمی مودەڕیس فـاتیح عەبـدولکەریم - محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، بنکەی ژین.
- کوردی (٢٠١٠). دیوانی کوردی، لێکۆلینەوەی محەمەد مستەفا "حەمەبۆر"، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- کوردی (٢٠١٠). دیوانی کوردی، لێکۆلینەوەی محەمەد

مستەفا "حەمەبۆر"، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- نالی (١٣٨٩). دیوانی نالی، لێکۆلینەوە و لێکدانەوەی : مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی حەوتەم، سنە، انشارات کردستان.

**د- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- ئاگرین، دکتۆر عەباس (?). سالم و وشەیەک بۆ مێژوو، گ (ڕۆڤار)، ژ ٧٧، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەحمەد، ئەحمەد مین (٢٠١٣). مستەفا بەگی کوردی لە فەرهەنگی هەڵکەوتوویی و دەرکەوتندا گ (ڕۆڤار)، ژ٧٥، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سەرباز و بینابی،حەسەن؛سەیوان محمد تاهیر(١٣٩٨).شێوەکانی نۆستالۆژیا لەشیعرەکانی پیرمێرد و بەدر شاکر سەیابدا،پژوهشنامەی ادبیات کردی،دوره پنجم ،شماره ٧.
- سوڵتانی، ڕەسول (٢٠٠٩). ئاین.... کەلتوور هونەر، گ (کاروان)، ژ (٢٣٦)،هەولێر ،چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- صالح، عبداللە، سلیم ڕەشید، احمد محمود (٢٠١٦). ڕەهەندەکانی سۆسۆلۆژیای شیعری سامی عەوداڵ بە نموونە، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ژ(٩).
- عەبدوڵلا، د.بەکر شاکر (٢٠١٨). سۆزی خاکپەرستی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، گ. ئەکادیمییای کوردی، ژ. (٤٠)، هەولێر.
- عزیز، حەمید (٢٠٠٦). نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفە، گ (ڕامان)، ژ. ١١٤، هەولێر.
- عومەر، محسن ئەحمەد (٢٠١٧). مەنفا لە شیعری سەدەی نۆزدەیی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩)، هەولێر.
- قەرەداغی، عەتا (٢٠١٩). ڕەهەندی گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە شیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانی زادە، گ (ڕامان)، ژ ٢٦٢، سلێمانی.
- مەنتک، حەمە (٢٠٠٩). نۆستالژیا، ڕێگەیەک بۆ خۆبە گەردوونیکردن، گ ئاینده، ژ ،٨٧ سلێمانی.
- محەمەد پوور، عادل (١٣٩٩). مەولەوی و نالی وەکو

دوو شێوازی جیاواز، هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی، پژوهشنامه ادبیات کردی، ژ (١).

**و-نامەی ئەکادیمی:**

- ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم (٢٠١٢). (پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نموونە) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی.
- -پیرۆت، بارزان عەلی (٢٠١٧). دیارە ناسینی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی کوردی.
- تاقانە، پشتیوان ئەسعەد کەریم (٢٠١٦).شیعر لە ڕوانگەی شاعیرانی کلاسیکی کوردەوە کرمانجی خواروو وەک نموونە ، نامەی ماستەر ،زانککۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی زمان،بەشی کوردی.
- -سعید،نوزاد وقاص (١٩٩١). شیعری نیشتیمانی سالم، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کوردی.
- عەبدولڕەحمان، محەمەد ساڵح (٢٠١٣). نامۆیی لە شیعرەکانی (ڕۆستەم باجەلان)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، بەشی کوردی.
- عەزیز،هیوا نورالدین(٢٠١٩). عەرووز لەنێوان کات و یاسا و مۆسیقادا شیعری کلاسیکی بەنموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی.

**به زمانی عەرەبی:**

**أ-کتێب:**

- الحمیداني، حمید (٢٠٠٨) . بنیة النص السردي، منشورات المرکز الثقافي العربي المغرب.
- الخفاجي،عبدالمنعم(٢٠٠٢). حرکات اتجدید في فکر الحدیث، مصر، دار الوفاء للطباعة والنشر.
- بوریدم، عبدالحفیظ (٢٠٠٢) . ینابیع الحنین، الجزائر،

مؤسسة الوطنية للفنون المطبعية دار النشائر و الاتصال.
- زامل، صالح (٢٠٠٣) . دراسة لظاهرة الاغتراب في شعر المتنبي، بيروت، المؤسسة الحرية للدراسات و النشر.
- عبدالمتعال، القاضي النعمان (١٩٦٥) . شعر الفتوح الأسلامية في صدر الأسلام، دط، القاهرة، دار القومية للطباعة و النشر و التوزيع.
- شاخت، ريتشارد (١٩٨٠) . الأغتراب، ترجمة: كامل يوسف حسين، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات و النشرة.
- شريف، عبد الستار طاهر (١٩٨٥) . قاموس علم النفس (انكليزي – عربي – كردي )، بغداد، مطبعة علاء.

**ب-ديوان:**

- المعلوف ، فوزي(٢٠١٢). الديوان، القاهرة، مؤسسة الهنداوي للتعليم والثقافة.

**ج-فەرهەنگ:**

- ابن منظور (١٩٨٨). لسان العرب، المجلد الثالث، ج 13، بيروت، دار صادر.
- الشربيني، د. لطيفي (١٩٩٩).معجم مصطلعات الطب النفسي مركز تعريب العلوم الصحية، الكويت.
- شريف، عبدالستار طاهر (١٩٨٥).قاموس علم النفس ( انكليزى - عربي - كردي )، بغداد، مطبعة علاء.

**د-گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- سبهان، جواد عودة (٢٠٠٧) . من مظاهر الحنين إلى الوطن في شعر احمد الوائلي، مجلة اهل البيت عليهم السلام، عدد ٥ ، كربلاء

**و-نامەی ئەکادیمی:**

- غميض، حنان (٢٠١٥). الغربة و الحنين في الشعر العربي الحديث فوزى المعلوف انماوزجآ، رساله ماجستير، جامعة محمد بوضياف العسلية، الجيريا.
- محمود، شريف مهني عبده (٢٠٠١). دراسة الأغتراب بمستوى المطموح لدى طلاب الثانوي العام و الفني و الصناعي، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، القاهرة.

**به زمانی فارسی:**

**أ-کتێب:**

- حسینی، رضا سید (١٣٢٢). مکتبهای ادبی ، تهران، انتشاران تیل و نیگاه).
- شاملو، سعید (١٣٧٥) . اسیب شناسی روانی، چاپ ششم، تهران، انتشارات رشد.

**ب-فەرهەنگ:**

- فیروزابادی، یوسف عالی (١٤٠٦). القاموس المحیط، بیروت، المؤسسة الرسالة.
- منوچهر، اریانپوور (١٣٨٠). فرهنگ پشیر و اریانپوور (انگلیسی)، چاپ اول، تهران.
- هدایت، صادق (١٣٥٤). بوف کور، دورة جدید، تهران، انتشارات چاویدان.

**ج-گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- حاجی زاده، مهیمنی (١٣٩٤). برسی و تعلیل نوستالژی در شعر بلند الحیدری، پژوهشی نقد ادبی معامر عربي، سال پنجم.
- روشنفکر و اسماعیلی، سبزی، سجاد (١٣٩١). برسی تطبیق نوستالژی در شعر عبدالوهاب البیاتی و شفیعی کدکنی، پژوهش های ادبیات تطبیقی، شمار ٢ .
- شریفیان، مهدی (١٣٨٤). برسی فرایند نوستالژی دراشعار نادرپوور، مولوی بژوهی، شماره ٦ نشریه ادبیات و علوم انسانی، ازربایجان.
- شریفیان، مهدی (١٣٨٦) . برسی فرایند نوستالژی دراشعار سهراب سپهری، مجلة زبان ادبیات فارسی، دانشگاه سیستان و بلوجستان، سالی پنجم.
- شریفیان، مهدی (١٣٨٦). برسی فرایند نوستالژی غم غربت دراشعار فریدون مشیری، پژوهشی علوم انسانی دانشگاه زهرا، شماره ٦٦ .
- شریفیان مهدی (١٣٨٩) . روانشناسی در شعر نادرپوور، نشریه ادب و زبان، دانشگاه شهید باهندکرمان، دورەی جدید، شمار ٢٧ .
- عباس اباد، یوسف عالی (١٣٨٧) . غم غربت در شعر

معامر، پژو هشنامه زبان و ادب فارسی، شماره ۲ .
- کامیاب و محمدی، مرجان، ســـمیه (۱۳۹۱) . برســـی تطبیقی نوستالژی در اشعار محمدامین شیخ الاسلامي (حسێنی) پژو هشنامه ادبیات کردی، شماره ۳۵ .
- ممتحن و مجیدی، مهدی، حســن و ئەوانی تر (۲۰۱۲) . تطبیق نوستالژی دراندیشه جبران و نیما، فصلنامه مطالعات ادبیات تطبیقی، شماره ۹۵، دانشگاه ازاد اسلامی، مهاباد.

**د-نامەی ئەکادیمی:**

- کلاهیچیان فاطمه (۱۳۸۲). نوســـتالژی، دلتنگی برای گذشــته در شــعر کلاســیک عرفانی، رســاله دکتری زبان و ادبیات فارسی، دانگشاه ادبیات و علوم انسانی، دانشگا تربیت معلم.

**أ-کتێب:**

- DAVIS, F. (1979). Yearing for yesterday: A Sociology of nostalgia, New York.
- J,GREEN BERG, (2004). hand book of Experiment Existential psychology, New York, Guliford publications.

**ب- نامەی ئەکادیمی**

- E,KALININA, (2014). Mediated post soviet nostalgia, PhD, sodertörn university.
- J,LASALETA, (2013). The influence of nostalgia in the Domains of many and health, PhD, university of Minnesota.
- N,SALMOSE, (2012). Towards a potics of Nostalgia: The nostalgic Experience in modern fiction, PhD English, university of Edinburgh.
- C,SIMITH, (2017). Building the future from the past: Evaluating the relationship between nostalgia and imagination, theses, Dissertations, Master projects, collage William and Mary.

**ج -گۆڤار وڕۆژنامە :**

- E,WILSEHUT, ARDNT, (2008). Nostalgia: content, Triggers, Functions, university of (Southampton – Missouri)

- FIORITO AND ROUTLEDG, TAYLOR A., CLAY, (2020). Is nostalgia a past or future – oriented Experience? Affective, Behavioral, Social, Congnitive, and Neuroscientific evidence, frontiers in phycology, Article 1133.

**بەزمانی فەرەنسی:**

- MARIE-ÈVA DE,(1988).Multi dectionari des difficultes de lalanguague franćaise.

**سایتی ئەنتەرنێت:**

-مەنمی ، دانا. (٢٠١٨) . خۆشەویستی ڕەمزی خۆشبەختیە.
www.xendan.org

فەتاح، ئاراس (٢٠١٩).
www.zamanpress.com

- العتباني، طاهر. (٢٠١٢) . الغربة و الغتراب في الشعر العربي.
www.alukan.net

- خضر ، علاءالدين محمد احمد، (الغربة عند الشعراء المهجر الجنوبي) دراسة تحليليه.
٢٠٤٨٠٩Http: yarab.yabesh.ir/yarab/handle/yad/
Http: //www.Macmilla dictionary, com.

**ملخص**

الحنين هو بعد المسافة والفراق، والندامة على ضياع الماضي، الحسرة ، والشوق، واللقاء، وتمني الرجوع الى الماضي، والتي تسربت من المصطلحات واللهجات في علم النفس الى البوابات الأدبية، وزرع جذوره في النتاجات الأدبية وصار مصطلحا أدبيا.

فضلا عن انه مصطلح جديد كمصطلح الحنين في الأدب الا أن مضمونه وغرضه يتواجدان في النصوص الأدبية القديمة وبدون معرفة الشاعر له فهو يصور الألم والحزن للعودة الى الماضي واستخدام المصطلح كتقنىة فنية خفية في الشعر.

و قد جاء البحث بعنوان (الحنين الى شعر الكلاسيكي كمثال في شعر نالي و سالم و كوردي) وهو محاولة في عرض وتقديم مصطلح الحنين بوجه عام و من ثم تحديد النصوص الكلاسيكية الضامة لمصطلح الحنين بوجه خاص. وتم تطبيق أنواع الحنين جميعها في قصائد الشعراء سالفي الذكر، وقد مارس الشعراء الذين ضمت قصائدهم احساس الحنين على الماض.

و قد ضم البحث من جزءين رئيسين يتقدمها مقدمة، الجزء الأول مخصص لعرض الجانب النظري وبيان الغرض من الحنين الى الماضي وعرض أغراضه و قد ضم محاور الاتية، في المحور الأول بيان مفهوم الحنين وتعريفه مع عرض ملخص تاريخي، أمّا المحور الثاني فهو يتناول الحنين في الادب، و تلية المحور الثالث الذي يتناول خصائص الحنين في الشعر الكلاسيكي والمحور الرابع فيه عرض الأسباب التي دفعت هؤلاء الشعراء الى استخدام النصوص المضمونة للحنين.

امّا الجزء الثاني من البحث فيتناول الحنين الى الماضي و قد قسمت انواع (الفردية والعامة) على محورين و في هذين المحورين و من خلال البحث في هذه الأنواع من القصائد اقتضت المنهجية تقديم قصائد الشعراء المذكورين سالفا في حين ضم المحور الثالث بيان اللغة في النصوص الضامة للحنين في قصائدهم.

# Abstract

Nostalgia means the sadness of distance and separation, Regret over the loss of the past, sadness, light and meeting, the desire to return to the past, which has been leaking through psychological concepts and terms into literary gates. It has rooted in literary texts and has become a literary term. Although, nostalgia as a term is new in literature, but as a purpose and content, it is an old subject in the ancient literary texts, which, without the poet's understanding, has clearly depicted the pain and sadness of returning to the past and was used as a hidden artistic technique in poetry. This research, entitled "Nostalgia in Classical Poetry, with reference to" Nali, Salim and Kurdi's poetries", is an attempt to introduce and present the concept and term of nostalgia in general and identify nostalgic texts in classical poetry with reference to the Kurdish Central Dialect poets: (Nali- Salim-Kurdi) in particular. In this way, theoretically, the types of nostalgia (individual-general nostalgia) have been mentioned, Practically, all kinds of nostalgia have been practiced on the poems of the mentioned poets, in which the poets have taken steps towards nostalgia a few centuries ago and have felt the desire to return to the past. Apart from the introduction, the research consists of two main parts, the first part is dedicated to presenting the theoretical side and explaining the purpose and objectives of nostalgia, In the first section, the term, concept, definition of nostalgia and a brief history of the term are discussed, the second section focuses on nostalgia, literature, experience, and the reaction of nostalgia in literature, and the third section highlights the characteristics of nostalgia in classical poetry and the fourth

section is concerned with  the reasons that have led (Nali - Salim - Kurdish) to writing nostalgic texts. The second part of the research is about dividing the types of nostalgia and introducing individual and general types in two sections, which are explained in the first and second sections, and by applying these types of poems, the poems of the mentioned poets are presented, and the third section focuses on language in the nostalgic texts of the poems of the three mentioned poets.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Nostalgia in Classical Kurdish Poetry
# With reference to (Nali - Salm – Kurdî)

A Thesis
Submitted to the Council of College of Educaition-Salahaddin University- Erbil in partial Fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

By

A

**Vian Abbas Ismail**
B.A Kurdish language-Salahaddin University-2014

Supervised By
**Prof. Dr. Nawzad Waqas Said**

Erbil, Kurdistan
October 2021